میرات

صالح رۆستەم صالح

بەناوی خوای بەرزو بەڕێزو تاكوبێباك بەدیهێنەری هەموو بەرزیو نزمییەكو وەهەرچی لەناو ئەو بەرزیو نزمییانەدایە وە نێرەری نوێنەرو پێغەمبەران بۆ سەر دوو نەتەوەی لێپرسراو جنۆکەو ئادەمیزاد درودی خوا لەسەر گیانی پاكو بێگەردیان بێت وە بەپەرۆشیو بەزەیی پێیاهاتنەوەی ئەو یەزدانە مەزنە هەموو گیانلەبەرێكی خاوەن باوەری لێپرسراوی فەرمانبەر بگرێتەوە وە لەسوچو تاوانیان چاوپۆشی بكات دوای ستایشو ڕێزگرتن لەخوای بەرزو میهرەبان وە دوای پاڕانەوەو لاڵانەوە لەخوای بەبەزەییو خاوەنی خۆشەویستی دەستم كرد بەلێكۆڵینەوەی میرات بەشكردن بەزمانی كوردی خۆماڵی لەگەڵ تێكۆشان بۆ ئاسانكردنی باسە ئاڵۆزەكانی میرات بەشكردن وە بەراستی زۆر مامۆستای بەرزو بەڕێز لەهەموو زمانزانەكانی كوردو هتتر كتێبیان نووسیوە لەبارەی میرات بەشكردن وە خۆیان زۆر ماندوكردووە خۆزگە سەد هێندەی كە مامۆستایان لەم باسەدا خۆیان ماندوبكردبایە تاكو هەریەكەی لەئاسانكردنی ئەم میراتو بەشەدا بەشی خۆیان لەچاوەدێریو خۆشەویستی خوای میهرەبانیان بۆ خۆیان ببردابایە پێغەمبەری خۆشەویست دروودی خوا بڕژێت بەسەر گیانی پاكیدا هەروەها ئامۆژگاری ئێمەی كردووە فەرموویەتی زۆرباش باسی میرات بەشكردن فێربن وە كەسانیتر فێربكەن من ئەمرم ئەو فەنو زانیاریەش ئەمرێ وە كەم ئەبێتەوە وە ناكۆكی لەناو خەڵكدا زۆرئەبێت وەوائەبێت دوو كەس لەزانینی ئەم بەشە میراتەدا سەرگەردان ئەبن وە كەسی تریشیان دەست ناكەوێت لەخۆیان زانا تر بێت بچنەلای ڕاستەوخۆ ڕێكیان بخات وە پێیان بڵێت ئێستاكە من دڵنیاو دڵخۆش نیم



لەسەرخۆماندووكردنەكەی خۆم تا كتێبەكەم نەخەمە بەردەستی مامۆستا ئایینیەكان وە دواكات یان ڕەخنەو هەڵەكانم ئەخەنەوە بەردەستم یان ئەڵێین دەستت خۆش بێت خۆماندوكردنەكەت بووە بەهۆی حەسانەوەی زۆركەس لەم باسەداوە لەدوایشدا هەر سوپاس بۆ خوا كە یارمەتی دام بۆ ئەو كارە باشەو هەر لەلای خوایە یارمەتیدانی هەموو بەندەكانی.

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەگەر كەسێك مرد لەشوێنێكا كەكەس نەی ئەزانی سامانو دارایی هەیە یان نییەتی وە هیچ كەسو خزمی خۆیشی نەبوو كفنكردنو لەناو گۆڕنانی لەسەر ئەركی خەزێنەی موسوڵمانانە ئەگەر خەزێنە لەشوێنێكا بەگورجی ئامادە نەبوو پێویستە خێرخوازانی موسوڵمان لەو شوێنەدا ئەركی كفنو هەموو پێویستییەكانی ناشتنو لەناو گۆڕنانی بخەنە سەر ئەستۆی خۆیان وە ئەگەر لەشوێنێكا مرد كە ئاشكرا بوو كەم یان زۆر سامانو دارایی هەیە وە ئاشكرابوو كە كەم یان زۆر هەقو مافی خۆیو هی ئەو كەسانەی كە بەخێوكردنیان لەسەر ئەوە بووە وە مافی كەسانی تریش هەموویان پەیوەندیان بەو سامانو داراییەوە هەیە كە ئەو بەجێی هێشتووە جارێ دەست لەمردووەكە نادرێت تاكو ئەو مافانەی كە هێندێكیان لەپێش هێندێكیانەوە جێبەجێ نەكرێن بەڵام ئەگەر مەترسی گۆڕانی مردووەكە مانبوو یان مەترسی گۆڕانی ئەو مردووانەمان بوو كە بەخێوكردنیان لەسەر مردووی هەوەڵەو لەگەڵ ئەودا یان كەمی لەپێش ئەوا مردوون ئەوە ئەركی كفنو لەناوگۆڕنانی ئەمانە پێش هەموومافەكانی تر ئەكەوێت وە ئەگەر مەترسی گۆڕانی لاشەی مردووەكەمان نەبو وە سامانو داراییەكی زۆری بەجێهێشتبوو بەشی هەموو ئەو مافانەی ئەكرد كە پەیوەندییان بەسامانەكەوە هەیە ئەوە ئەبێ یەك لەدوای یەك ئەو مكافانە لەو سامانە دەربكرێن ئەمجارە مافی كفنو ناشتی خۆیو ئەو مردووانەی كە بەخێوكردنیان لەسەر ئەو بووە لەگەڵ ئەوا مردوون بەپێی پلەو شانو باڵی خۆیان دەستی پێئەكرێت دوای ئەوە هەرچی مایەوە ئەو سامانە



میراتگرەكان لەناوخۆیاندا بەشی ئەكەن بەڵام ئەگەر سامانەكە كەم بو وە بەو هەموو مافانە رانەگەیشت ئەوە ئەو مافا نەی كە پێویستیان بەپێش كەوتنە ئەوانە پێش ناشتنو شاردنەوەكەیان ئەخەین جا ئەوانەی كە زۆر پێویستن ئەو قەرزانەن كە بەسەریەوە ماون وەكو قەرزی خوا كە هەرجۆرە كە فارە تێكە یان حەجەو زەكاتەو سەرفیترەیە ئەمجارە هەموو جۆرە قەرزێكی خەڵكی كەبەسەریەوەیەتی ئەمجارە وەسییەتەكانو راسپاردەكانی جێبەجێئەكەین لەسی یەكی سامانەكەی كە بەجێی هێشتووە ئەمجارە ئەوەی مایەوە میراتگرەكان بەشی ئەكەن لەناوخۆیاندا ئەگەر سامانەكەی هەر بەشی قەرزەكانی خوای ئەكرد قەرزی خەڵكی هەر بەسەرەوە ئەمایەوە ئەبێ بوەستن تا رۆژی قیامەت یان گەردنی ئازاد بكەن وە خۆیشی لەو كاتەدا ئەركی ناشتنەكەی ئەكەوێتە سەر ئەستۆی موسوڵمانان كە لەسەر ئەركی خەزێنە بینێژن یان هەر بەخێری خۆیان بینێژن جا ئەو مافانەی كە پەیوەندییان بەسامانی ئەو مردووەوە هەیە مافی خوابێت یان مافی كەسانیتر بێت كەم بن یان زۆربن ئەو مافانەن كە هێندێكیان باسیان لێوە ئەكەین بۆ وێنە وەكو ئەو كەسێك ئەمرێ هەر بیستو چوار ربە گەنمی ساڵی تازەی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە ئەگەر گەنمەكە بفرۆشرێت بۆ تەدارەكی ناشتنەكەی بەشی زەكاتەكە نامێنێتەوە ئەبێ جارێ زەكاتەكەی لێدەربكرێت جا كەیفی خۆیەتی بەشی ناشتنەكەی ئەمێنێتەوە یان نامێنێتەوە.

(وێنەیەكیتر) وەكو ئەوە كەسێك مرد هەموو سامانەكەی بەندەیەكە لەدوای مردن بەجێی ئەهێڵێ ئەو بەندە تاوانێكی بەدەنی لەگەڵ گەردنی دایە

وەکو ئەوە پیاوێکی کوشتووە یان بریندارى کردووە جاداواکارو داوالێکراو پێك هاتوون لەسەر ئەوە بەندە کە بفرۆشرێت لەنرخی بەندە کە بەهای تاوانەکە بدرێت جا ئەگەر بەندەکە بفرۆشرا یە بۆ تەدارەکی ئاشتنی مردووەکە خاوەن مافەکە کەتاوان لێکراوەکەیە یان کەس‌و کاری کوژراوەکەن مافی خۆیان دەست نەئەکەوت ئەبێ بەندەکە بفرۆشرێت لەنرخەکەی مافی تاوانباریەکەی لێبدرێت جاکە زیاد لەوەشتی مایەوە بوتەدارەکی ناشتنی مردوو بەکارئەهێنرێت وە ئەگەر نەمایەوە ئەوا هیچ (وێنەیەکی کە) وەکو ئەوە کەسێك خانوویەکی بەرەهن لای کەسێك داناوە پارەیەکی لەو کەسە قەرز کرد وە کابرا ئەمرێت بەس هەر ئەو خانووەی لێ بەجێئەمێنێ ئەگەر خانووەکە بۆتەدارەکی ناشتنی کابرا بفرۆشرێت خاوەنی قەرزەکە دەست بەتاڵ دەرئەچێت کەوابوو ئەبێ خانووەکە بفرۆشرێ‌و قەرزەکەی کابرا بدرێتەوە ئەمجارە لەوەی ماوەتەوە تەدارەکی ناشتنی بۆرێك بخەن (وێنەیەکی کە) وەکو ئەوە کابرایەك گایەکی هەیە ئەیفرۆشێ بەکابرایەکی کە کڕیار موفلیس‌و بێ شتومەك دەرئەچێت وە کە مرد تەنها هەر ئەو گایەی هەیە کە بەجێیهێشتووە پارەکەشی هێشتا نەداوە بەفرۆشیار فرۆشیار بۆی هەیە گایەکە بهێنێتەوە ماڵی خۆی چونکە ئەگەر بوتەدارەکی ناشتنی کابرا بفرۆشرێت ئەوە هیچی دەست ناکەوێت وە مافی ئەفەوتێ کەواتە ئەبێ گایەکە بدرێتەوە بەخاوەنەکەی مردووەکەش موسوڵمان بینێژن بەخێری خۆیان (وێنەیەکی‌کە) کابرایەك شتێکی قەرزکردووە کە مرد هەر ئەو شتەی لەدوای بەجێ ئەمێنێت ئەبێ لەپێشەوە قەرزی خاوەن قەرزەکان بدرێتەوە ئەمجارە مردووەکە بنێژرێت (وێنەیەکی



کە) وەکو ئەوە کابرایەك مرد وە پێویستە ژنەکەی دوای مردنی مێردەکەی جێگەو شوێنێکی ببێت بۆ ماوەی دانیشتنی تاعیددەکەی بەسەر ئەچێت جا ئەو جێگە پەیدا کردنەش پێش ناشتنی مردووەکە ئەکەوێت (وێنەیەکی کە) ئەوەیە پیاوێك سەرمایەیەکی دابوو بەکەسێکی کە کەکڕین‌و فرۆشتنی پێوە بکات وە بەشێك لەقازانجی بۆ دیاری کردبوو بەڵام کابرای سەوداگەر قازانج‌و سەرمایەکەی دایەوە دەست خاوەن سەرمایەکەو خاوەن سەرمایەکە مرد تەنها هەر ئەو ماڵەی لێبەجێما ئەبێ لەپێشەوە ئەو بەشە قازانجە بدرێت بەکابرای سەوداگەر ئەمجارە مردووەکە بنێژرێت یان کابرایەك مەڕێکی کڕیبوو لەکەسێك پارەشی دابوو بەڵام دوایی مەڕەکە ناتەواوی لێدەرکەوت جا کە مەڕەکەی بردەوە بۆ کابرا کابرا مردبوو هەر ئەوەندە پارەی لەدوا بەجێمابوو کە لەفرۆشتنی مەڕەکە وەری گرتبوو ئەوە ئەو پارەیە ئەدرێتەوە بەکڕیارەکە لەپێش ناشتنی مردووەکە یان وەکو ئەوە پیاوێك ژنێك مارە ئەبڕێت لەسەر سەد دینار پێش ئەوەی بیگوێزێتەوە تەڵاقی ئەداو ژنەکەش ئەمرێت هەر ئەو مارەییەی لەدوا بەجێ ئەمێنێ کە کابرا پێی داوە جا ئەبێ لەپێش ناشتنی ژنە مردووەکەدا پەنجا دینار بدرێتەوە بەکابرای مێرد ئەمجارە مردووەکە بنێژرێت یان کابرایەك شتێك نەزری کەسێك ئەکات وە ئەمرێت وە هەر ئەوشتە نەزر کراوەشی لێ بەجێماوە ئەوە ئەبێت لەپێش ناشتنی مردووەکەدا ئەو شتە نەزر کراوە بدرێت بەخاوەنەکەی کە لێی نەزرکراوە (یان کابرایەك) شتێکی دۆزیەوە پاش ساڵێك بۆی هەبوو هەرچی ئارەزوویەتی وەهای لێبکات هێشتا هیچی لێنەکردبوو خاوەنەکەی پەیدا بو وەکابرا کەش مردبوو ئەوە ماڵەکەی خۆی وەرئەگرێتەوە باکابرای مردوو

هێشتا نەنێژرابێت هەروەها هەر سامانێك کەمردوە کە بەجێی ئەهێڵێت دوای خۆی وەمافی هەر کەسێك پەیوەندی بەو سامانەوە بوبێت وە سامانەکەشی هەر بەشی مافی ئەو کەسە ئەکات کە پێی ئەدرێتەوە وە هیچ نامێنێتەوە یان شتێکی کەم ئەمێنێتەوە ئەو لەپێش ناشتی مردوەکە مافی ئەو کەسانە لەسامانەکە دەرئەچێت (زانینێك) پێویستە بزانرێت ئەو بەرهەمە زیادانەی کە لەسامانی مردووەکە پەیابوون وەکو بەچکە یان خوری یان شیری مەڕەکان یان میوەی کە لەرەزوباغەکان پەیابوون دوای ئەوە کە مافە پێشینەکانمان دەرکردن دروستە میراتگرەکان بۆ خۆیانی هەڵبگرن بەشی خاوەن قەرزەکانی لێنەدەن هەرکات قەرزێکی کۆن یان تازە دەرکەوت لەسەر مردووەکە پاش ئەوەی میراتگرەکان بەشی خۆیان وەرگرتەوە ئەبێ قەرزە کۆنەکەی بۆبدەنەوە وە ئەگەر نەیدەنەوە هەرکرپین و فرۆشتنێك کە بەو بەشە میراتانە کردوویانە دانەمەزراوە جادوای دەرکردنی ئەم قەرزانەش نۆرەی وسییەتەکان و راسپاردەکانی مردووەکە بەهەرچی وەسییەتی کە کردوویەتی یان شتێکی بەخشیوە بەکەسێك لەنەخۆشیەکەیدا هەمویان لەسی یەکی ئەو سامانە بەجێماوە جێبەجێ ئەکرێن ئەمجارەنۆبەی میراتگەرەکان دێت کە هەرچی ماوە لەخۆیانی بەش ئەکەن (ئەمجارە لە بارەی میراتگرتنەوە زانینی سی شت پێویستە (هو) (مەرج) (کۆسپ) بۆ میراتگرتن ئەبێ هەوەڵ و دووەم ئەبێ بێن سێهەم نابی ببێت **هۆیەکانی میراتگرتن لەمیراتگرا چوارە** بەبێ یەکێك لەو هۆیانە میراتگرتن ناگونجێ.



یەکەم:

خزمایەتییە ئەگەر یەکێك بەهیچ شێوەیەك خزمی مردوو نەبوو میراتی لێناگرێت دوو کەس بەیەکەوە کە بڵێن ئێمە خزم نین بەڵام ئەوا خومانکرد بەبرای یەکتر ئەوەکە یەکێکیان مرد ئەویتر میراتی لێناگرێت.

دووەم:

ژن و مێردایەتییە ئەگەر نیکاح واتە ژن و مێردایەتی لەنێوان ژن و مێردا بمێنێ تا یەکێکیان ئەمرێت ئەویتریان میرات لەو مردووە ئەگرێت ئەگەر لەپێش مردنی یەکێکیاندا ژن و مێردایەتی لەنێوانیاندا هەبوو بەڵام لەکاتی مردنا نەمابوو میرات لەیەك ناگرن یان کەسێك ژنێکی مارە بڕیبوو بە مارە بڕینێکی دانەمەزراوو نادروست کاتێ لێی کۆڵرایەوە کە ئەو مارە بڕینە وەختی خۆی دانەمەزراوە بەهیچ جۆرێك ئەو ژن و مێردە میرات لەیەکتر ناگرن.

سێهەم:

مافی ئازادکردنی خاوەن بەندەیە بەسەر بەندەکەدا ئەگەر کەسێك بەندەکەی خۆی ئازادکرد بەندەکە مرد خاوەنەکەی میراتی لێئەگرێت.

چوارەم:

لایەنی ئیسلامەتییە واتە ئەگەر مردوەکە کەسی نەبوو لای کەم موسوڵمانان پەیوەندی ئایینیان بەوەوە هەیە کەسێك مردو هیچ میرتگری نەبوو ماڵەکەی ئەدرێت بەخەزێنەی موسوڵمانان (بیت المال) بەو مەرجەی کە ئەو خەزێنە سەرپەرشتی ئەکرا بەدەستوری شەرع بەرێکوپێکی وە کاربەدەستی خەزێنە ئازادە چۆن ئەیبەخشێتەوە بەسەر خەڵکا با

بیبەخشێتەوە، وە ئەگەر میراتگر نەبوو خەزێنەش بەڕێکو پێکی سەرپەرشتی نەئەکرا بڕیاردراوە لەلایەن هێندێ لەزانایانەوە سامانەکەی ئەدرێت بەکەسێکی ئەمینی دەستو دڵپاك ئەویش چاو ئەگێڕێ ئەگەر لەو وڵاتەدا قازی فەرمانڕەوای باش هەبوو کە ڕێگەی درا بوو کە بەسەر ئیشە چاکەکانو شتە بەسوودەکانی خەڵك رابگات ئەو سامانە ئەدرێت بەو قازیەو ئەویش لەو شتانەدا کە سوودی هەیە بۆ خەڵك بەکاری دەهێنێ خەرجی ئەکات ئەگەر قازی نەبوو هەر ئەو ئەمینە لەو شتە بەسودانەدا بەکاری ئەهێنێ وە ئەگەر ئەو مردووە میراتگری هەبوو هێندێك لەو میراتگرانە بەشی دیاریکراویان هەبوو هێندێکیشیان عەصەبە واتە خزمی پشت بوون هەموو سامانەکە لەناو خۆیانا بەشی ئەکەن هیچ نامێنێتەوە تاوەکو بدرێت لەخەزێنە وە ئەگەر هەر میراتگری خاوەن بەشی هەبوو وە لەبەشەکانیان شتێ زیاد ئەمایەوە خەزێنەش بێسەروبەر بوو باش بەرپۆوە نەئەچوو ئەو زیادەش بەپێی بەشە دیاریکراوەکانیان بۆیان ئەگەڕێتەوە بێجگە لەژنو مێرد کە ئەوان هیچیان بۆ ناگەڕێتەوە وە ئەگەر مردووەکە کەسی لەو جۆرە خزمانە نەبوو کە باسیانکرا خەزێنەش ڕێکوپێك نەبوو بەڵام خزمی سکی هەبوو کە پێیان ئەڵێن (ذویلأرحام) سامانەکە ئەدرێت بەئەوان لەمەو دوا باسی چۆنێتی گەڕانەوە ئەکەین کە چۆن بەشە زیادەکە بۆ خاوەن بەشەکان ئەگەڕێتەوە باسی خزمی سکیش ئەکەین.

(**مەرجەکانی میراتگرتن چوارە**) ئەو چوار مەرجانە هێندێکیان ئەبێ لەمیرات لێگیراوەکە دابن هێندێکیان ئەبێ لەمیراتگرەکەدا بن هێندێکیان لەهەردووکیاندا ئەبێ بن.



یەکەم:

لەو چوار مەرجە ئەوەیە ئەبێ مردنی خاوەن سامانەکە ئاشکرا بێت بۆ کەسانیتر واتە بزانرێت فڵانەکەس مردووە لەفڵان ڕۆژاو لەفڵان ساڵا یان قازی بڕیاری مردنی کابرا بدات کە ئەویش وەکو ئاشکرا وەهایە وەکو ئەوە چەند ساڵە ئەو کەسە ونبوە دوایی قازی فەرماندەی دادگا بڕیار ئەدا کە ئەو کەسە نەماوە ئەڵێ چونکە تەمەنی گەیشتوە بەپلەیەك کە زۆربەی خەڵك لەو تەمەنەدا ئەمرێتو نامێنێ ئەوا منیش لەم کاتەدا بڕیاری نەمانی فڵانە کەسم دا جادوابڕیاری قازی بەنەمانی ونبووەکە کە میراتگرەکان میراتی لێئەگرن بەڵام هەتا لەگومانابێت نەزانرێت ماوە یان نەماوە کەس میراتی لێناگرێت.

دووەم:

بوونی میراتگرەکەیە لەکاتی مردنی خاوەن سامانەکەدا وەکو ئەوە کابرایەك بمرێتو ژنەکەی منداڵی لەسگدا بێتو باوەکو گیانیشی بەبەرا نەکرابێت.

سێهەم:

ژیانی میراتگرەکە ئاشکرا بێت لەدوای مردنی ئەو کەسەی کە ئەو میراتی لێئەگرێت ئەگەر میراتگرەکە لەپێش میرات لێکراوەکەدا بمرێت مراتی لێناگرێت چونکە دوای ئەو نەکەوتووە تاکو میراتی لێبگرێت یان دوو کەس کە میراتیان لەیەك ئەگرن بەیەکەوە سوتان یان خنکان لەئاودا یان خانویان بەسەرا رووخا یان ترومبێلەکەیان وەرگەڕا کەس نەی ئەزانی کامەیان لەپێش کامیاندا مردووە هیچیان میرات لەیەك ناگرن.

چوارەم:

پەیوەندییە ئەبێ پەیوەندی میراتگرەکە بەخاوەن سامانە مردووەکەوە روون‌و ئاشکرا بێ بەو جۆرە بەدرێژی بزانرێت پەیوەندی ئەو خاوەن میراتەو ئەو میراتگرە ئایا لەبارەی ژن‌و مێردایەتیەوە یان لەبارەی خزمایەتییەوەیە یان لەبارەی بەندەیی‌و خاوەن بەندایەتییەوەیە ئەبێ بزانرێت پلەی پەیوەندی‌و خزمایەتییەکەشیان ئەگەر شایەت لای قازی شایەتیدا کە فلانەکەس میراتگری فلانە کەسە یان فلانەکەس کوڕی مامی فلانەکەسە ئەبێ بڵێت لەفلان پلەدایە لەنێزیك‌و دووریدا لەگەڵ مردووە خاوەن سامانەکە.



**(کۆسپەکانی میراتگرتن) ئەمانەن:**

یەکەم:

(جیاوازی) ئایینییە لەنێوان میراتگرو مردووەکەدا ئەگەر یەکیان موسوڵمان بێت یەکیان کافر بێت هەرچیان مرد ئەویتریان میراتی لێناگرێ کافری وەرگەڕاو ئەوکەسەیە کە هەتاوەکو ئێستا موسڵمان بووەو ئێستا پاشگەزبووەتەوە هیچ کەس میرات لەو ناگرێت چونکە کە ئەو خۆی مرد هەموو سامانەکەی غەنیمەو دەسکەوتی موسوڵمانانە ئەخرێتە ناو خەزێنەی موسوڵمانانەوە وە خۆیشی میرات لەکەس ناگرێت لەو مردووەی کە وەکو خۆی وەهایە چونکە سامانی ئەویش هەر غەنیمەتەو دەسکەوتی موسوڵمانانە وە لەو مردوەش کە کافری راستەقینە بێت میرات ناگرێت چونکە ئەو کافرە مردووە دابین بووە لەسەرکافرێ بەڵام ئەو لەئایین وەرگەڕاوە دابین نابێت لەسەر هیچ ئاینێك وە لەخزمی مردووی موسوڵمانیش میرات ناگرێت چونکە جیاوازیان هەیە لەئایندا بەڵام کافر لەکافر میرات ئەگرێت باوەکو ئاینیشیان جیاوازبێت وەکو جولەکەو گاور چونکە ئەو ئاینانە لەبەتاڵی‌و بێ کەڵکیدا وەکو یەکن لێرەدا لەنێوان کافری شەڕکەرو کافری دانیشتوی ناو موسوڵماناندا کە میراتگری یەکتربن دووبڕیار هەیە بڕیارێکیان زۆر خەڵك باوەڕی پێئەکات کە ئەڵێن میرات لەیەك ناگرن چونکە پەیوەندی نێوانیان لەیەك پچڕاوە بڕیاری دووەم کە کەمتر باوەڕی پێئەکەن ئەڵێ میرات لەیەکتر ئەگرن کەهۆیەکانی میراتگرتنیان تییابهێتەجێ چونکە جیاوازیان نییە لەئایندا زەندیق کە لەسەر هیچ ئاینێك نییە وەکو وەرگەڕاو لەئایین وەهایە.

دووەم:

(کوشتنە) هەرکەسێك کەسێکی کە بکوژێ بەدەستی ئەنقەست یان بەهەڵە یان بەتۆڵە یان شایەتی لەسەر دراو کوژرا میرات لەو کوژراوە ناگرێت.

سێیەم:

(دانپێنان) کەسێك دانی بەوە دانا کە فلانەکەس کوڕی برامردووەکەمە بەو دان پێنانەی ئەبێت بەکوڕی براکەی بەلاّم میرات ناگرێت چونکە ئەگەر میرات بگرێت مامەکەی میرات ناگرێت وەکاتێ ئەو کوڕە بەکوڕی ئەو مردووە دائەنرێت کە میراتگری ئەو مردووە دانی بۆ پێیابنێ خۆ میراتگری ئەو مردووە کە کە مامی ئە وکوڕەیە میراتگرنییە کەوابو لەمیراتگرتنی ئەو کوڕەوە میرات نەگرتی لێپەیدا ئەبێت ئەوەش ناگونجێ لێرەدا ئەو کوڕە بەکوڕی مردووەکە دائەنرێت بەلاّم میراتی لێناگرێت.

چوارەم:

(بەندەییە) بەندە نەمیرات لەکەس ئەگرێت نەکەس میرات لەو ئەگرێت بەندە چ ژن بێتو چ پیاوبێت هەتا لەژێر یاسای بەندەییەتی دابێت وە هەتا ئازاد نەبێت میرات ناگرێت وە میراتی لێناگیرێت چونکە ئەگەر میرات لەخزمە مردووەکەی بگرێت ئەبێ بیداتەوە دەست خاوەنەکەی هەر ماڵێك ئەو دەستی ئەکەوێت هی خاوەنەکەیەتی خاوەنەکەشی بەهیچ هۆیەك میرات لەخزمی بەندەکە ناگرێت وە ئەگەر بەندەی تەواو بێت کەس میراتی لێناگرێت چونکە هەموو شتێکی ئەو بەندەیە هی خاوەنەکەیەتی وە هی خۆی نییە تا میراتی لێبگیرێت بەلاّم بەفەرموودەیەکی تازەی شافعی



بەندەیەك کە هێندێکی ئازادکرابێت وە بەهۆی ئەوەوە سامانێکی دەستکەوتبێت کە مرد میارتگرەکانی خۆی ئەو ئەندازە سامانەی بەمیرات ئەبەن بۆ خۆیان وەخاوەنەکەی لەو سامانە هیچ ناگرێت.

پێنجەم:

(پێغەمبەرایەتییە) تاکو پێغەمبەران مابوون کەس میراتی لێنەئەگرتن.

با بزانین لەپیاوانا چەند کەس میرات ئەگرن وە لەژنانا چەند کەس ئەو پیاوانەی کە بەبڕیاردانی یارانی پێغەمبەر (د) لەمردوو میرات ئەگرن کە بەدرێژیی بیانخوێنینەوە پازدەکەس وە ئەو پازدە کەسانە مافی میراتگرتنیان هەیە ئەگەر هێندێکیان ئەوانیتر بێبەش نەکەن (کوڕ) (کوڕەزا) هەرچەندە بەرەو خوار بڕوات (باوك) (باوکی باوك) هەرچەندە بەرەو ژوورتریش بڕوات (برای باوکی و دایکی) (برای باوکی) (برای دایکی) (کوڕی برای باوکی و دایکی) (کوڕی برای باوکی) (مامی باوك و دایکی) واتە برای باوکی ودایکی بێت بۆ باوکی مردوو (مامی باوکی) (کوڕی مامی باوکی و دایکی) (کوڕی مامی باوکی) (مێردی ژن) (پیاوێکیش کە خاوەنی بەندەی ئازادکراو بێت) وە بەندەکە ئەمرێت.

ئەو ژنانەش کە هەر بەبڕیاری ئەوانە میرات ئەگرن وە کە هێندێکیشیان هێندێکی تر بێبەش نەکەن کە بەدرێژی باسیان بکەین دەکەسن (کچ) (کچی کوڕ) بابەرەو خوارتریش بڕوات (دایك) (دایکی دایك) (دایکی باوك) (خوشکی باوکی و دایکی) (خوشکی باوکی) (خوشکی دایکی) (ژن) ئەو ژنەش کە خاوەنی بەندەی ئازادکراوە واتە بەندەکەی خۆی ئازادکردووەو مردووە.

**باسی ئەو بەشانەی کە لەقورئانا ناویان ووتراوەو خاوەنی خۆیان هەیە.**

ئـەو بەشـانەی کـە لـەقورئانا ناویـان بـۆ دانـراوەو جیاکراونەتـەوە بـۆ خاوەنەکانیان شەش بەشن (نیوە) (چواریەك) (هەشت یـەك) (دوو سـیٚ یـەك) (شەشیەك) (نیوە) (بەشی میردە) بەلاٚم ئەدرێت بەمیردێك کەژنە مردووەکـەی منـاڵی میراتگری(١) خـۆی نییـە نـە لـەو میـردەو نـە لـەمیردێکی کـە وەمنـاڵی میراتگری کوڕیشی نییە جا سامانی ئەو ژنە کە مێردی هەیە نیوەی تـەواوی جیا ئەکرێتـەوە بۆ مێردەکەی نیوەکـەی تـری ئـەدرێت بـەمیراتگرەکانی تـری ئەو ژنە.

(وە نیو بەشی یەك کچی مردووەکەیەکە)(٢) کە تەنها بێت وە خوشکیو برای خۆی لەگەلا نەبێت:

بەلاٚم کە برای لەگەلا بێت ئەیکات بەپشت نیوەی بەرناکەوێت وە ئەگەر خوشـکێك یـان چـەند خوشـکی خـۆی لەگـەلا بێـت بەهـەموویان دوو سـێیەك ئەگرن جا ئەگەر ئەو تـەنها کچە نیوەی سامانەکەی بەرکەوت وە میراتگری کـەی نـەبوو نیوەکـەی تـر ئـەدرێت بەخەزێنـەی موسوڵمانان ئەگەر رێکوپێك بێت ئەگـەر خەزێنـە رێکوپێـك نـەبوو خزمـی سـکی هـەبوون ئـەدرێت بـەئامان

---

[1] لێرەداو لەچەند شوێنی کە لەمەودوا وشەی میراتگر ئەنێین بەمنداڵەکەوە لەبەرئەوەیە هێندیٚ مناڵ هەیە میراتگر نییە چونکە کافرە یان بەندەیە ئەو مناڵە ببێتو نەبێت زیان بەخاوەن بەشەکە ناگەێنیٚ واتە ئەگەر خاوەن بەش نیوەی هەبوو ئەو مناڵەش هەبوو خاوەن بەش بێبەش ناکات لەو نیوەی کە هەیەتی یان لەو سیٚ یەکەی یان لەو چواریەکەی کە بۆی دانراوە وەداشی نابەزێنیٚ لەبەشە زۆرەکەی.

[2] لێـرەدا پێویـست بەوێنەهێنانـەوە ناکـات بـۆ هـەموو خـاوەن بەشـەکان وەکـو هێنـدێك کـەس وێنـەیان هێناوەتەوە وێنەهێنانەوە پەیوەندی بەزانینی هەموو باسەکانی میرات بەشکردنەوە هەیە.



ئەگەر نەبوون ئەو نیـوەش هـەر ئەگەڕێتـەوە بـۆ خـۆی بەیاسـای گەڕانـەوە کـە لەمەو دوا باسی لێوە ئەکرێت.

(نیـو ئـەدرێت بەتاقـە کـچی کـوڕی) مـردووە کەکـە خوشـكو بـرای نـەبێت وەمنـاڵی میراتگـری مردووەکەشـی لەگـەلا نـەبێت چـونکە ئەگـەر کـوڕی مردووەکـەی لەگـەلا بێـت بێبـەش ئـەبێت وە ئەگـەر دوو کـچی مردووەکـەی لەگەلا بێـت هـەر بێبـەش ئـەبێت کـە براکـەیخۆی یـان کـوڕی مـامێکی لەگـەلا نەبێت بەلاٚم کە یەکێك لـەو دوانـەی لەگـەلا بـوو دوو کـچی مردووەکـە بێبـەش ناکـەن بـەڵکو دوو کـچەکە دوو سـێیەکی خۆیـان لەمردووەکـە ئـەگرن چـی مایەوە ئەو کچە کوڕە لەگەڵ براکـەیا یـان لەگـەڵ ئامۆزاکـە یـا بـەپشت بەشـی ئەکەن بو نێر دوو هێندی مێی.

(نیـو بەشـی یـەك خوشـکی بـاوکیو دایکـی مردوەکەیـە) کـە بـرای خـۆی لەگەلا نەبێت کەبرای لەگەلا بێت ئـەیکات بەپـشت وە بەبـەش میرات ناگرێـت وەکەسی وایشی لەگەلا نەبێت کە بێبەشـی ئەکـەن وەکـو بـاوك یـان کـوڕ یـان کوڕی کوڕی مردووەکە.

(نیوبەشی یەك خوشکی باوکی) مردووەکەیە کە کچی مردووەکەی لەگەلا نـەبێت وە بـرای خۆیـشی لەگـەلا نـەبێت کـە یـەکێك لـەو دوانـەی لەگـەلا بـو ئەیکەن بەپشت وە دوو خوشکی باوکیو دایکی مردووەکەی لەگەلا نەبێت کە دوو خوشـکی ئاوەهای لەگەلا بێت وە بـرای خـۆی لەگـەلا نـەبێت بێبەشـی ئەکـەن بـەلاٚم بـرای لەگـەلا بێـت ئەیکاتـەوە  بـە پـشت وەئەگـەر خوشـکێکی باوکی و دایکی مردوەکەی لەگەڵ کچی یان کچی کوڕی ئـەو مـردوەی لەگـەلا بێت هەر ئەو خوشکە باوکی و دایکی یـەی بێبـەش ئـەکات وە هـەم لـەپیاوانا

کەسی وایشی لەگەڵا نەبێت کە بێبەشی ئەکەن وەکو باوك وەکوڕو کوڕی کوڕو برای باوکی و دایکی مردووەکە (دووەم) بەش لەو بەشانەچواریەکە.

(( چوار یەك بەشی دووکەسە )):

(یەکەم/ بەشی مێردە) کە ژنەکەی مردووەو منداڵی میراتگری هەیە لەو مێردە یان مێردێکی کە یان منداڵی خۆی نییە بەڵام منداڵیمیراتگری کوڕی یان هی کوڕی کوڕی هەیە جاچ نێربنو چ مێ بن بەڵام منداڵی کچی خۆی یان هی کچی کوڕی ببێت یان نەبێت هیچ شتێك روونادات چونکە ئەوان میراتگرنین ئەوان خزمی سکین.

(دووەم/ بەشی ژنێکە) یان هی چەند ژنێکە کە مێردەکە یان منداڵی میراتگری نەبێت وە منداڵی کوڕیو هی کوڕیو کوڕیشی نەبێت وە منداڵی کچی مێرد یان منداڵی کچی کوڕی تا خوارتریش بەمنداڵی میراتگر دانانرێن بەڵکو بەخزمی سکی دائەنرێن ئەوانە بن یان نەبن ژن چوار یەکی خۆی لەو مێردە هەر ئەگرێت.

(سێهەم/ هەشت یەکە ئەویش بەشی ژنێکە) یان زیاتر لەیەك ژن کە مێردەکەیان منداڵی ببێت کچ یان کوڕ یان منداڵی کوڕی یان منداڵی کوڕی کوڕیش بێت لێرەشدا منداڵیکچەکەی یان هی کچی کوڕی کوڕەکەی بەمیراتگر ناژمێردرێن.

(چوارەم/ دووسیٰ یەکە) واتە دووبەش لەسیٰ بەش:

(دووسیٰ یەك ئەدرێت بەدوو یان زیاتر لەدووکچی مردووەکە) کە برایان لەگەڵا نەبێت ئەگەر برایان لەگەڵا بێت دوو سیٰ یەك ناگرن بەڵکو میراتەکە بەپشت بەش ئەکەن بۆ نێر دوو هێندەی مێ (وەئەدرێت بەدوو یان زیاتر



لەدوو کچی کوڕ) لەکاتێکا کە مردووەکە هیچ کوڕی نەبێت کە کوڕی ببێت کچە کوڕەکان بێبەشئەکات وە نابیٰ دووکچی مردووەکەشیان لەگەڵا بێت کە مردووەکە خۆی دوو کچی ببێت کچە کوڕەکان بێبەش ئەبن مەگەر برای خۆیان لەگەڵا بێت یان کوڕی کوڕی مامێکیان لەگەڵا بێت ئەو کاتە براکەیان یان بن بن ئامۆزاکەیان ئەیانکات بەپشت دوای ئەوە کە دوو کچی مردووەکە دووسیٰ یەکی خۆیان برد ئەوەی مایەوە ئەمانە بەپشت بەشی ئەکەن بۆ نێر دوو هێندەی مێ.

(وەئەدرێت بەدووخوشك یان زیاتر لەدوو خوشکی باوکی و دایکی مردووەکە) کە برایان لەگەڵا نەبێت وەکە لەگەڵیانا بێت ئەیانکات بەپشت وە نابیٰ باوکی مردووەکەو کوڕو کوڕی کوڕی تاخوارتریش لەگەڵیانا بێت ئەگینا خوشکەکان بێبەش ئەبن.

(وە دووسیٰ یەك ئەدرێت بەدووخوشکی باوکی) کە برای خۆیان لەگەڵا نەبێت کە لەگەڵیانابێت ئەیانکات بەپشت وە برای باوکی و دایکی مردووەکەشیان لەگەڵا نەبێت تاکو بێبەشیان نەکات وە هەم باوك و کوڕو کوڕی کوڕی مردووەکەشیان لەگەڵا نەبێت چونکە بەئەوانەش خوشکەکان بێبەش ئەبن.

(پێنجەم/ سیٰ یەکە)

(سیٰ یەك ئەدرێت بەدایکی مردووەکە) کە مردووەکە منداڵی میراتگری خۆی نەبێت یان منداڵی میراتگری کوڕی وەهەمی کوڕی کوڕیشی نەبێت کە مردووەکە ئەمانەی بوون دایکەکەی سی یەك ناگرێت بەڵکو شەشیەك ئەگرێت وەهەم

(ئەدرێت بەدایكی مردووەكە) ئەگەر مردووەكە دوویان زیاتر لەدوو خوشكو برای نەبێت واتە ئەگەر برایەك یان خوشكێكی بوو دایك سێ یەك هەر ئەگرێ بەڵام كە لەدووەوە تاكو زۆرتر خوشكو برای بۆ دایك شەش یەك ئەگرێت.

(سێ یەكی پاشماوە(١)) ئەگرێت ئەو دایكەی كەكۆئەبێتەوە لەگەڵ باوكی مردووەكەو لەگەڵ یەكێك لەژن یان مێردا بۆ ئەوەی نێر كە باوكە دوو هێندەی مێ كە دایكە بەری بكەوێت.

(وەسێ یەك ئەدرێت بەژمارەیەك لەخوشكو برا دایكییەكانیمردووەكە) واتە لەدوو كەمتر نەبن وە بۆ زۆری قەی ناكات هەرچەندێك هەبن بەڵام ئەو سێ یەكەی وە بەرخوشكو برای دایكی ئەكەوێت لەناو خۆیانا وەكو یەك بەشی ئەكەن لێرەدا برا زیاتر لەخوشك بەشی بۆ دانانرێ (وە هەندێكجار سێ یەك ئەدرێت بەباپیرە كە لەگەڵ براو خوشكی مردووەكەدا بێت) وە خاوەن بەشەكە یان لەگەڵا بێت وەكو لەكۆبونەوەی باپیرە لەگەڵ خوشكدا باسی ئەمە ئەكرێت، بەڵام بۆئەو باپیرە كە سێ یەك بگرێت وەكو ئەوانیرابردوو كتێبی خواباسی نەكردووە بەڵكو زانایانیشەرع ئەم بڕیارەیانداوە,

(شەشەم/ شەش یەكە) ئەو شەش یەكە بۆ حەوت كەس دائەنرێت یەكەم

---

(١) وەكو ئەوەیە كە یەكێك مردو لەدوای بەجێما باوك، دایكی، مێرد مەسەلەكەیان لەشەش سێ بۆ مێرد سێ مایەوە لەو سییە یەك بۆ دایك دوو بۆ باوك ئەگەر لەدوای بەجێما ژن باوك دایك مەسەلەكەیان بەیاسای مەسەلە دروستكردن كە لەمەودوا باسی لێوە ئەكەین ئەچێت بۆ ١٢ سێ بۆ ژن نۆ مایەوە لەویش شەش بۆ باوك سێ بۆ دایك دائەنرێت



(یەكەم بۆ باوكی مردووەكەیە) كە مردووەكە مناڵی میراتگری خۆی یان مناڵی میراتگری كوڕی وە بەرەوخوار تریشی ببێت

(دووەم بۆ باپیرەیەكە) كە مردووەكە دووبارە منا‌ڵی میراتگری خۆی یان منا‌ڵی كوڕەكەیو بەرەو خوارتریشی ببێت

(سێهەم بەشی دایكێكە) كە مردووەكەی منا‌ڵی میراتگری خۆی هەیە یان منا‌ڵی كوڕی هەیە یان ئەو مردووە دوو یان زیاتر لەدووخوشكو برای هەیە.

(چوارەم بەشی نەنكێكە) كە لەو نەنكە وەتا ئەگاتەوە بەمردووەكە پیاوێك نەكەوتبێتە نێوانیانەوە وەكو دایكی باوكی باوكی مردووەكە یان لەو نەنكەوە تا ئەگاتەوە بەمردووەكە هەر پیاو كەوتبێتە نێوانیانەوە وەكو دایكی دایكی باوكی مردووەكە یان نەنكی تر ئەو نەنكە ئەگەیێننەوە بەباپیرەو باوكی مردووەكە وەكو دایكی دایكی دایكی باوكی مردووەكە بەڵام نەنكێك كەلە ئەوەوە تا دایكی مردووەكە پیاو بكەوێتە نێوانیانەوە بەنەنكی بێبەش دائەنرێت وەكو دایكی باوكی دایكی مردووەكە

(وەئەدرێت بەكچی كوڕی مردووەكە یەك بێت یان زۆربن) كە لەگەڵ یەك كچی مردووەكە دابێت (وە ئەدرێت بەكچی كوڕی كوڕی مردووەكەش) كە ئەویش یەك كچی مردووەكەی لەگەڵا بێت یان كچی كوڕی مردووەكەی لەگەڵا بێت كە پلە یەك لەكچی كوڕی كوڕ نێزیكترە بۆ مردووەكە وە بەو مەرجەش كە ئەو كچی كوڕە یان ئەو كچی كوڕی كوڕە برای خۆیان لەگەڵا نەبێت بیانكات بەپشت وەئەگەر زیادلە یەك كچی مردوویان زیاد لەیەك كچی كوڕی مردوەكەیان لەگەڵا بێت وەكو لەمەو پێش وتمان هەر بێبەشیان

ئەكات مەگەر لەوكاتەدا برایان لەگەلا بێت بیانكاتەوە بەپشت ئەوكاتە شەش یەك ناگرن بەپشت میرات ئەگرن

(وەئەدرێت بەخوشكی باوكی مردووەكە) ئەگەر زۆریش بن كەلەگەڵ یەك خوشكی باوكیداو دایكی مردووەكە دابێت وە براشی نەبێت ئەگینا ئەیكات بەپشت شەش یەك ناگرێت

(وەئەدرێت بەیەك منالی دایكی بۆ مردووەكە) جا خوشكی بێت یان برای بێت بەومەرجە كە سی وای لەگەلا نەبێت بێبەشی بكات

(**باسی خزمی پشتو عەصەبە** ) ئێمە لەزمانی كوردی خۆماندا عەصەبە ناوئەبەین بەپشت لەهەر شوێنێكا وتمان فلانەكەس پشتە یان بەپشت میرات ئەباواتە عەصەبەیە

جا با بزانرێت كە مردوو ئەگونجێ لەناو خزمە پشتەكانیدا نێرو مێ ببێت وە ئەو خزمە پشتانە بەشی دیاریكراویان نییە بەڵكو كە ئەو مردووە راستەوخۆ هەر ئەو خزمە پشتانەی هەبوو سامانەكەی لەخۆیان بەش ئەكەن وەكو یەك یان كە نێرو مێ بەیەكەوە بوون بۆ نێر دوو هێندەی مێ دا ئەنرێت وەئەگەر مردووەكە میراتگری خاوەن بەشیشی هەبوو ئەوەی ئەمێنێتەوە لەخاوەن بەشەكان لەناو خزمی پشت دا بەش ئەكرێتەوە (با بزانرێت) ئەوانەی كە خاوەنی بەندەن وە بەو هۆیەوە ئەبن بەپشت باسیان لێوە ناكەین چونكە ئێمە نین جابۆ ئەوەی خزمی پشت لەخزمەكانیتر جیا بكەینەوەو باش بیانناسین ئەڵێین پشت سێ بەشە

(پشتی بەهۆی كەسانیترەوە)

(پشتی لەگەڵ كەسانیتردا)

(پشتی سەربەخۆ)



**پشتی بەهۆی كەسانیترەوە** وەكو كچی مردووەكە كە تەنیا بێت بەشی هەیە نیوەی میرات ئەگرێت كە برای لەگەلا بێت ئەبێت بەپشت پشتی لەگەڵ كەسانیتردا وەكو خوشكی باوكیودایكی یان خوشكی باوكی مردووەكە كە تەنیا بن نیوە بەش ئەگرن كە لەگەڵ كچی مردووەكە دابن ئەبن بەپشت ئەودوو بەشە لەپشت هەر مێیەكانا دێتە جێ وە ناسراوو دیارن جا ئەو مێیانە ئەو مێیانەن كە لەهەندێ شوێنا بەشیان هەیە وەكو كچی مردوویان خوشك كە تەنیا بن نیوە میرات ئەگرن كە دوو یان زیاتر لەدوو بەیەكەوە بن دووسێ یەك ئەگرن بەلام كە لەگەڵ یەكێكی وەها دابوون كە ئەیكردن بەپشت ئەبن بەپشت وە بەبەش میرات ناگرن جا ئەو مێیانە چوار جۆرن

(یەكەم كچی مردوو) ئەو تەنیا بەبرای باوكیو دایكی یان بەبرای باوكی ئەبێت بەپشت هەركاتێ برای لەگەلا بوو میراتەكە بەش ئەكەن بۆ نێر دوو هێندەی مێ

(دوو هەم كچی كوڕ تا خوارتریش) ئەو بەبرای باوكیو دایكی خۆی ئەبێت بەپشت وە هەم بەنێرێك كە لەپلەی خۆیدا بێت بۆ دووریو نزیكی لەمردووەكە وەكو ئەوە كوڕی مامی لەگەلا بێت بۆ وێنە كە سێك مرد لەدوای بەجێما كچێك دایك كچی كوڕێك كوڕی كوڕێك كچو كوڕەكە ئامۆزای یەكترن مەسەلە لەشەش سێ بۆ كچ یەك بۆ دایك دوو مایەوە بەساغی بەشناكرێت بەسەر سێ سەرا سێ بدە لەشەش (٣ آ٦=١٨) نۆ بۆ كچەكە سێ بۆ دایك چوار بۆ كوڕی كوڕەكە دوو بۆكچە ئامۆزاكەی وە بەنێرێك لەخۆی بەرەو خوارتر نابێت بەپشت مەگەر لەجێگەیەكا كە دوو كچی مردووەكەی لەگەلا بێت جاكە دووكچەكە دووسێ یەكی میراتەكەیانگرت وە خەریكبوون كچە

کوڕەکە بێبەش کەن ئەوکاتە ئەگەر کچە کوڕەکە هەوڵیدا برازایەك یان برازازایەك کە لەخۆی بەرەو خوارتریش بێت دۆزیەوە ئەیکاتەوە بەپشت بەشی خۆیان لەو میراتە ئەگرن بەلام بەنێرێك لەژوری خۆیەوە ببێت بێبەش ئەبێت وەکو کچی کوڕەکە لەگەڵ باوکی خۆیدا بێت یان لەگەڵ مامی خۆیدا بێت وەهەم بەنێرێك کە لەخۆی بەرەو خوار تریش بێت ئەبێت بەپشت لەجێگەیەکدا کە مردووەکە دوو کچی بوو دوو سێ یەکیان ئەگرت وە ئەو کچە کوڕەیان بێبەش ئەکرد جاکە لەخۆی بەرەو خوارتر نێرێك بو وەکو برازای یان برازازای ئەیکەن بەپشت وە لەو میراتە بەشی خۆیان ئەگرن وە ئەگەر بێبەش نەبوو لەمیرات بەڵکو شەشیەکی خۆی هەبوو پێویستی بەنێری لەخۆی بەو خوارتر نییە تا بیکات بەپشت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما کچێك١/٢ کچی کوڕ١/٦ کوڕی کوڕی کوڕ مەسەلە لەشەشە سێ بۆ کچ یەك بۆ کچی کوڕ دوو ئەمێنێتەوە بۆ کوڕی کوڕی کوڕ لێرەدا ئەم کوڕی کوڕی کوڕە کەپلەیەك لەخوار کچی کوڕەوەیە کچە کوڕەکە ناکات بەپشت بەڵکو ئەو پاشماوەی بەشەکان ئەگرێ کچی کوڕیش شەشیەکی خۆی ئەگرێت

سێهەم: (خوشکی دایکی و باوکی) ئەو هەر برای باوکی و دایکی خۆی ئەیکات بەپشت بەبرای باوکی نابێت بەپشت برای باوکی ئەگەر لەشوێنێکا شتێکی بۆ مایەوە بەپشت ئەیگرێت ئەگینا کەس ناکات بەپشت.

(چوارەم خوشکی باوکی) ئەویش تەنیا لەگەڵ برای باوکی خۆیدا ئەبێت بەپشت بەبرای باوکی و دایکی ببێبەش ئەبێت.



(**باسی پشتی لەگەڵ کەسانیتردا**) ئەوانەی کە ئەبن بەپشت لەگەڵ کەسانیتردا تەنیا دووکەسن.

(یەکەم خوشکی باوکی و دایکی مردووەکە) لەکاتێ کە کۆببێتەوە لەگەڵ کچی مردوویان لەگەڵ کچی کوڕی یان لەگەڵ کچی کوڕی کوڕیدا بەو مەرجە مناڵ و مناڵی مردووەکە برایان لەگەڵا نەبێت ئەوکاتە ئەو خوشکە ئەبێت بەپشت وە لەجێگەی برای باوکی و دایکی مردووەکە دائەنیشێ لەدوو شتدا

(یەکەم) هەرچی شتێك لەبەشی کچی یان کچی کوڕی مردووەکە زیاد ئەمێنێتەوە خۆی ئەیگرێت

(دووەم) وەکو چۆن برای باوکی و دایکی مردوو برای باوکی بێبەشئەکات ئەو خوشکەش کە لەگەڵ ئەوانەدا کۆبۆوە برای باوکی مردووەکە بێبەشئەکات

(دووهەم کەس خوشکی باوکی مردووەکە) ئەویش کە لەگەڵ یەکێك لەوانەی کە باسمانکرد وەکو کچی مردوویان کچی کوڕی یان لەگەڵ کچی کوڕی کوڕیدا کۆببێتەوەو بەو مەرجەش کە برایان نەبێت لەجێگەی برای باوکی مردووەکە دائەنیشێ لەدوو شتدا

(یەکەم) هەرچی لەبەشی کچ و کچی کوڕی مردووەکە زیادمایەوە ئەیگرێ

(دووەم) هەرچی کوڕی برای مردووەکە بێت بێبەشی ئەکات جا بۆ روونکردنەوەی تەواو چەند وێنەیەك ئەهێنینەوە، پیاوێك مرد لەدوای بەجێما خوشکێکی باوکی و دایکی کچێك١/٢ برایەکی باوکی مەسەلە لەدووە، یەك بۆ کچەکە کەئەوەی مایەوە بۆ خوشکەکە برا کە بێبەشە،

کەسێکیتر مرد لەدوای بەجێما کچێک١/٢ کچی کوڕێک١/٦ خوشکی باوکی کوڕی برای باوکیو دایکی مەسەلە لەشەشە سێ بۆ کچ یەک بۆ کچی کوڕ دوو بۆ خوشکی باوکی کوڕی برا بێبەشە بەخوشکی باوکی پێویستە بزانرێت پشت بێبەش ئەبێت بەداگیرکردنی ماڵە میراتەکە لەلایەن خاوەن بەشەکانەوە وەکو کەسێک مرد لەدوای بەجێما: ٣ژن١/٨ ٢کچ٢/٣ دایک١/٦ یەک برای دایکی١/٦ ٣مامپشت مەسەلە لەبیستو چوارە لێمان زیاد کرد بۆ بیستو حەوت سێ بۆ ژن شانزە بۆ کچەکان چوار بۆ دایک چوار بۆ برای دایکی مامەکان بێبەش ماونەتەوە.

(**باسی پشتی سەربەخۆ**)

پشتی سەربەخۆ ئەوکەسانەن کە بەهۆی کەسیترەوە نەبوون بەپشت بەڵکو راستەوخۆ بەپشت دانراون ئەوانیش بریتین لەپشتە نێرینەکان ئەمانەش لەچوار ریز پێکدێن:

یەکەم:

لە منالی مردووەکە پێکدێت وەکو کوڕی یان کوڕی کوڕی.

دووەم:

ریزی بنچینەی مردووەکە وەکو باوکو باپیرەکانی مردووەکە.

سێیەم:

پارچەی باوکی مردووەکە واتە ئەو منالانەی کە نێرنو لەباوکی مردووەکە پەیابوون وەکو برای باوکیو دایکی یان برای باوکی کوڕی برای باوکیو دایکی کوڕی برای باوکی بەڵام لەمەودوا باسی ئەوە ئەکرێت کە برا لەگەڵ باپیرەی مردوودا کۆبوونەوە بڕیاری تایبەتیان بۆ ئەدرێت.



چوارەم:

(پارچەی باپیرەی مردوو) واتە ئەومناڵە نێرینانەی کە لەباپیرەیمردووەکە پەیا بوون وەکو مامی باوکیو دایکی یان مامی باوکی یان کوڕی ئەوانە کە بەپشتی سەر بەخۆ دائەنرێن وە لەباپیرەوە ئەگەنەوە بەمردووەکە هەروەها ئەگەر مردوو مامی خۆی نەبوو بەڵام مامی باوکو باپیرانی هەبوو وەکو مامی خۆی بۆی ئەژمێرێن بەخزمی پشت وەمناڵەکانیان بەئامۆزای پشت دائەنرێت جا ئەگەر لەدوو ریزدا خزمی پشت لەدوای مردوو بەجێمابوون بەگوێرەی ریزەکەیان کامیان لەپێشەوە ریزی دوای خۆی بێبەشئەکات ئەگەر کەسێک مرد کوڕو باوکی لەدوا بەجێمان کوڕ باوک بێبەشئەکات جا ئەم خزمە پشتیانە کەهێندێکیان هێندێکیان بێبەش ئەکەن بەهۆی سێ شتەوەیە:

یەکەم:

نێزیکی ریزە هەر خزمە پشتێک لەریزی نێرێکی مردووەکە کۆبۆوە لەگەڵ خزمی پشتی ریزی دوای خۆی هی دواوە بێبەش ئەبێت وەکو ئەوە هێندێک لەبرا کۆببنەوە لەگەڵ هێندێک ئامۆزا براکان چونکە لەریزی نیزیکترن لەمردووەکە ئامۆزاکان بێبەش ئەکەن چونکە دوورترن.

دووەم:

نێزیکی بەپلەیە ئەگەر دوو خزمی سکی لەیەک ریز دابوون بەڵام یەکیان بەپلەیەک نێزیکترە لەویتر دوورەکە بێبەشئەکات وەکو دوو منالی نەوەی مردووەکە یەکیان کوڕی کوڕی کوڕیەتی یەکیان کوڕی کوڕی

کوڕیەتی ئەوەی نێزیکترە لەمردوو دوورەکە بێبەشئەکات هەروەها کوڕی برای باوکی کوڕی کوڕی برای باوکیو دایکی بێبەشئەکات.

سێیەم:

هێزو پتەوی خزمایەتییە هەر خزمە پشتێك بەهێزترە خزمایەتییەکەی بۆ مردووەکە خزمە پشتە بێهێزەکە بێبەشئەکات کوڕی برای باوکیو دایکی خزمایەتییەکەی بەهێزترە بۆ مردووەکە لەکوڕی برای باوکی یان مامی برا باوکیو دایکی بۆ باوکی مردووەکە بەهێزترە لەمامی برای باوکی بۆ باوکی مردوو لەهەموو جێگەیەکا بەهێز بێهێز بێبەشئەکات وە ئەگەر ریزیان یەکێك بوو وەپلەی دوورو نێزیکیان هەروەکو یەك بوو بەڵام لەهێزا جیاوازبوو بەهێز پێشئەخرێت لەبێهێز وەکو کوڕی کوڕی برای باوكو دایکی لەگەڵ کوڕی کوڕی برا ی باوکی کوڕی کوڕی برای باوکیو دایکی پێشئەخرێت لەکوڕی کوڕی برای باوکی هەروەها لەلایەنی بەهێزیو بێهێزیشا هەر نێزیك پێش دوور ئەکەوێت بۆ وێنە کوڕی برای باوکی پێش کوڕی کوڕی برای باوکیو دایکی ئەکەوێت لەهەموو ریزەکانا هەروەها لێرەدا کە سەرنج بدەین برای باوکی بێهێزترە لەبرای باوکیو دایکی بەڵام کوڕی برای باوکی چونکە نێزیکترە لەکوڕی کوڕی برای باوکیو دایکی پێشئەکەوێت وە میراتەکە ئەو ئەیگرێت*.

---

*لێرەدا سەرنج بدەین کوڕی کوڕی برای باوکی خزمایەتی بەهێزترە لەکوڕی کوڕی برای باوکیو دایکی چونکە کوڕی برای باوکی نزیکترە لەکوڕی کوڕی برای باوکیو دایکی کەواتە کوڕی برای باوکی کوڕی کوڕی برای باوکیو دایکی بێبەشئەکات.



**( باسی بێبەشکردن )**

بێبەشکردن واتە دەرکردنی کە سێك لەکوڕی میراتگران کە مافی میراتگرتنیشی هەیە جا بەدەرکردنێکی تەواو یان داپەڕاندنو گوێزانەوەی کەسێکە لەسەر بەشە زۆرەکەی بۆ سەر بەشە کەمەکەی لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بێبەشکردن دوو جۆری هەیە تەواو ناتەواو ئێستا وای بەباش ئەزانین کە باسی بێبەشکردنی ناتەواو پێش بخەین وە درێژەی پێبدەین جا ئەڵێین بێبەشکردنی ناتەواو وێنەی زۆرە یەکێك لەو وێنانە بێبەشکردنی مێردە لەبەشە زۆرەکەی میراتی ژنەکەی ژن ئەگەر منداڵی هەبوو مێردەکەی بێبەشئەکات لەنیوەی میراتو ئەیخاتە سەر چواریەکە بەش یان ئەگەر مێرد منداڵی هەبوو ژنی ئەو مێردە لەچواریەکەوە ئەڕوات بۆ هەشتیەك یان کچی تەنیا یان خوشکی تەنیا نیوەی میراتی مردووەکەیان ئەگرن بەڵام ئەگەر لەجۆری خۆیان کچی تریان خوشکی تریان لەگەڵدا بێت هەر یەکێك لەو دوو خوشکانە یان لەو دوو کچانە ئەویتر لەنیوە بەشەوە ئەخاتەوە سەر سێیەکە بەش چونکە ئێستا بەهەردووکیان دووسێیەك ئەگرن کە لەناو خۆیانا بەشی بکەنەوە یەکی سێیەکیان پێئەدرێت کە ئاوەها نەبوایە هەریەکێك لەو دووانە نیوەی میراتەکەی ئەگرت.

**( بێبەشکردنی تەواو سێ جۆری هەیە ):**

جۆری یەکەم:

بێبەشکردنی خزمە پشتییەکانە بەداگیرکردنی میراتەکە لەلایەن خاوەن بەشەوە هەرکات خاوەن بەش بەشی خۆیان برد وەهیچ نەمایەوە خزمی پشت بێبەشە وەکو ئەوە ژنێك لەدوای مردنی بەجێما مێرد دایك برایەکی دایکی مامێك مەسەلە لەشەشە سێ بۆ مێرد دوو بۆ دایك یەك بۆ براکەی مام بێبەشە.

جۆری دووەم:

بێبەشکردنی کەسێکە لەمیراتگرتن بەهۆی یەکێك لەو کۆسپانەی کە لەباسی کۆسپەکانی میرات گرتنا باسمانکردن کە یەکێك لەو کۆسپانە کوشتنە کەسێك کەسێکی کوشت میرات لەکوژراو ناگرێت ئەگەر باوکیشی بێت.

جۆری سێهەم:

بێبەشکردنی کەسێکە بەکەسێکیتر لێرەدا پێویستە کە بزانرێت کەشەش کەس هەن لەمیراتگرەکان بەکەس بێبەشناکرێن باوك دایك کوڕ کچ مێرد ژن مردوو کە ئەوانەی لەدوا بەجێما کەس بێبەشیان ناکات میراتی خۆیان هەر ئەگرن بەڵام بێجگە لەژن و مێرد بەئەوانیتر کەسانیتر بێبەش ئەبن.

جا لێرەدا بۆ جۆری سێیەم کە بێبەشبوونی کەسێکە بەکەسێکیتر جەدوەل و خانێك دروستئەکەین تاکو بەئاسانی بێبەشکەرو بێبەشکراو بناسیت وە لەیەکیان جیابکەیتەوەوەهەرچی خزمی مردووەکەیە لەبێبەشکەرو بێبەشکراو ئەیانکەین بەسێ بەرە باب:



بەرەی یەکەم:

لەباپیرەو نەنکی زۆر بەرەو ژووریش بن بۆ مردووەکە دروست ئەکەین تا دێتە سەر باوکی و دایکی مردووەکە جا ئەو بەرە زۆر کەس لەخزمی مردووەکە ئەگرێتەوە وەکو باپیرەو نەنك و مامی باپیرەو مامی باوك و مامی مردووەکە بەڵام کچی مامەکان لەوبەرە دەرئەچن چونکە ئەوان بەخزمی سکی دانراوە.

بەرەی دووەم:

لەمناڵی مردوو بەرەو خوار پێکدێت کە بریتین لەکچ و کوڕو کچ و کوڕی کوڕ تا خوارتریش.

بەرەی سێیەم:

بەرەی ناوقەدو ناوەڕاستی پێئەڵێن کە ئەویش لەنێوان باوك و دایك و مناڵی مردووەکە پەیا ئەبێت وەکو براو خوشکی دایکی و باوکی و کوڕانی برای باوکی و دایکی و کوڕانی برای باوکی تا خوارتریش بەڵام کوڕو کچی برای دایکی لەگەڵ کچی برای باوکی و دایکی وە لەگەڵ کچی برای باوکی لەم بەرەیەدەرئەچن چونکە ئەوانە خزمی سکین وە بەرەیەکی تایبەتی بۆ ژن و مێرد دانەنراوە چونکە ئەوان کەس بەتەواوی بێبەشیان ناکات ئەوانیش کەسیتر بەتەواوی بێبەشناکەن جا بەم شێوەیە نوخشەی خان و جەدوەلەکە ئەکێشین لەهەوەڵەوە هێڵێکی درێژ لەسەربۆ خوارەوە رائەکێشین هەوەڵجار لەلای راستی هێڵەکەوە ئەنووسین (بێبەشکراو) لەلای چەپی هێڵەکەوە ئەنووسین (بێبەشە بە)

ئەمجارە لەخواری ئەو نووسراوە لەلای راستەوە ئەنووسین بەرەی یەکەم ئەمجارە یەکە یەکە ناوی بێبەشکراوی ئەو بەرە لەخوارەوە هەر لەلای راستی هێڵەکەوە ئەنووسین وە لەبەرامبەری خۆی لەلای چەپی هێڵەکەوە ناوی بێبەشکەرەکە ئەنووسین ئیتر هەر ئەوەندە ماندوو ئەبیت کە دەست بخەیتەسەر ناوێك لەناوی ئەوکە سانەی کە لەخوار بەرەکەوە لەلای راستی هێڵەکەوە نووسراوە بڵێت ئەمە بێبەشە بەوکەسەی کە لەبەرامبەری خۆی ناوی نووسراوە لەلای چەپی هێڵەکەوە.

| | |
|---|---|
| بێبەشکراو<br>بەرەی ئەکەم<br>(باپیرە) واتە باوکی باوك بەرەو ژوورتریش | بێبەشە بە<br>بە (باوك) یان بە(باپیرەیەك) کە نێزیکتر بێت بەو |
| بێبەشکراو<br>(نەنك) دایکی باوك بەرەو ژوورتریش | بێبەشە بە<br>(باوك)ی مردوو بە(دایکی) مردوو لەبەرئەوە باوك ئەیگەیەنیتەوە بەمردوو دایکیش بەو نیزیکترە لەمردوو |
| بێبەشکراو<br>(نەنك) دایکی دایك بەرەو ژوورتریش | بێبەشە بە<br>دایکی مردوو لەبەرئەوە نەنك بەدایك ئەگاتەوە بەمردوو |
| بێبەشکراو<br>(نەنك) دایکی باوك | بێبەشە بە<br>(باوك)ی مردوو یان بەدایکی مردوو |



| | |
|---|---|
| بێبەشکراو<br>(نەنك)ی دوور واتە لەلای دایکەوە وەکو دایکی دایك | بێبەشە بە<br>(نەنك)ی نێزیکتر هەر لەلای دایکەوە وەکو دایکی دایك چونکە نێزیکترە لەمردوو |
| بێبەشکراو<br>(بەرەی یەکەم)<br>(نەنك)ی دوور لەلای باوکەوە وەکو دایکی دایکی باوك | بێبەشە بە<br>(نەنك)ی نیزیکتر هەر لەلای باوکەوە وەکو دایکی باوك چونکە نێزیکترە |
| (بەرەی یەکەم)<br>بێبەشکراو<br>نەنکی دوور لەلای باوکەوە وەکو دایکی دایکی باوك | بێبەشە بە<br>نەنکی نیزیك لەلای دایکەوە وەکو دایکی دایك بەڵام پێچەوانەی ئەمە نییە دایکی باوك دایکی دایکی دایك بێبەشناکات بەڵکو شەریك‌و بەشدار ئەبن لەشەشیەکا. |
| بێبەشکراو<br>(مام) واتە برای باوکی‌و دایکی باوکی مردوو | بێبەشە بە<br>(باوك، باپیر، کوڕ، کوڕی کوڕ، برای باوکی‌و دایکی، برای باوکی، کوڕی برای باوکی‌و دایکی، کوڕی برای باوکی) مردووەکە. |
| بێبەشکراو<br>(مام) واتە برای باوکی بۆ باوکی | بێبەشە بە |

| | |
|---|---|
| مردووەکە بێبەشە بەوهەشت کەسانە کەمامی باوکی و دایکیان بێبەش ئەکرد وەهەم بێبەشە | (مام)ی باوکی و دایکی مردوو |
| بێبەشکراو<br>کوڕی مامی باوکی و دایکی بێبەشە بەو نۆ کەسانە کە مامی باوکیان بێبەش ئەکردەوە بە | بێبەشە بە<br>مامی باوکی لەبەر ئەو نیزیکترە لەمردوو |
| بێبەشکراو<br>(کوڕی مامی باوکی) بێبەشە بەو دەکەسانەی کە کوڕی مامی باوکی و دایکیان بێبەش ئەکردەوە | بێبەشە بە<br>(کوڕی مامی باوکی و دایکی) چونکە بەهێزتری لەو |
| ئەمجارە ئەگەر مرۆڤ تەمەنی زۆر درێژبێت بەم جۆرە مامی باوکی و مامی باپیرەی‌مابن یان کوڕیان مابن بێبەش ئەبن | (بەکوڕی مامی مردووەکە) یان بەکوڕی کوڕی هەتا خوارتریش |
| بەرەی دووەم<br>بێبەشکراو<br>(کوڕی کوڕ) | بێبەشە بە<br>(کوڕ) جا ئەبێت بەباوکی یان ئەبێت بەمامی |
| بێبەشکراو<br>کوڕی کوڕ هەرچەندە بەرەو خوارتریش بێت | بێبەشە بە<br>(کوڕی کوڕێک) کەنێزیکتر بێت لەمردوو |
| (بەرەی دووەم) | |



| | |
|---|---|
| | |
| (بەرەی سێیەم ناوەڕاست)<br>بێبەشکراو<br>(برای باوکی و دایکی) | بێبەشە بە<br>(باوك) (کوڕ) (کوڕی کوڕ)ی مردووکەو بەبەرەو خوارتریش لەبەر ئەوە زانایان بڕیاریان وەها لەسەر داوە |
| بێبەشکراو<br>(برای باوکی) بێبەشە بەئەوانەی کە برای باوکی و دایکیان بێبەش ئەکرد وە هەم | بێبەشە بە<br>(برای باوکی و دایکی) (وەخوشکی دایکی و باوکی) کە کچی یان کچی کوڕی مردووەکەی لەگەڵا بێت چونکە خوشکی باوکی و دایکی کە کچی یان کچی کوڕی مردووی لەگەڵا بێت وەکو برای باوکی و دایکی لێدێت برای باوکی بێبەشئەکات |
| بێبەشکراو | بێبەشە بە |

| | |
|---|---|
| (برای دایکی) | (کــوڕ) (کــوڕی کــوڕ) بــەرەو خــوارتریش (کــچ) (کــچی کــوڕ) بەرەوخوارتریش (باوك) (باپیر) |
| بێبەشکراو<br>کوڕی برای باوکیو دایکی | بێبەشـە بـە(بـاوك) (بـاپیر) (کـوڕ) (کوڕی کوڕ) بەرەو خوارتریش (برای بــاوکیو دایکــی) (بــرای بــاوکی) مردووەکە |
| بێبەشکراو<br>(کــوڕی بــرای بــاوکی) بێبــەش ئــەبێت بەئەوانــەی کــە کــوڕی بــرای بـاوکیو دایکیـان بێبـەش ئـەکردووە هەم بێبەشە | بێبەشە بە<br><br>(بـە کـوری بـرای بـاوکیو دایکـی) چونکە ئەو بەهێزترە |
| (بەرەی سێهەم)<br>بێبەشکراو<br>(خوشکی باوکیو دایکی) | بێبەشە بە<br>(بــاوك) (کــوڕ) کــوڕی کــوڕ تاخوارەوە |
| بێبەشکراو<br>(خوشــکی بــاوکی) بێبەشــە بەئەوانـەی خوشـکی بـاوکیو دایکـی بێبەش ئەکەن وە بێبەشە | بێبەشە بە<br><br>(بــرای بــاوکیو دایکــی) (دوو خوشکی باوکیو دایکی) یان زۆرتر مەگـەر خوشـکی بـاوکی بـرای خـۆی لەگـەڵا بێـت ئـەو کاتـە ئـەبێت بەپـشت |



| | |
|---|---|
| | |

لە یاساو جەدوەلی بێبەشکردنا باسی ئەوە کرا کە نەنکی دوور لەلایـەن باوکەوە یان لەلایەن دایکەوە بەنـەنکێکی نـزیکتر لەولایەنـەوە بێبـەش ئەبێت واتە دایکی دایکی دایـك بێبـەش ئـەبێت بـەدایکی دایـك دایکـی بـاوکی بـاوك بێبـەش ئـەبێت بـەدایکی بـاوك بـەڵام نەنکـە دوورەکـە کـە بەدووسـەرەبگاتـەوە بەمردووەکـە بەنەنکـە نزیکەکـە بێبـەش نابێـت وەکـو ئـەوە گەلاوێـژ دووکـچی بێت شیرینو نەسرین کوڕێکی هەیـە نەسرینیش کـچی هەیـە کـوڕی شـیرین کچی کچی پورەکەی مارە ئەکات منـاڵی ئـەبێت مناڵەکـە ئـەمرێت لەگەڵاوێـژو نەسـیرین بـەولاوە کەسـیتر نییـە لێـرەدا نەسـرین کـە ئـەبێت بـەدایکی دایکـی دایکـی مناڵەکـە گەلاوێـژ بێبـەش ناکـات کـە پلەیـەك لـەو دوورتـرە وە ئەبێتـە دایکـی دایکـی دایکـی مناڵەکـە چـونکە گەلاوێـژ لەلایـەن باوکیـشەوە

بووە بەنەنکی منداڵەکە لێرەدا هەردوو نەنکەکان شەشیەکی ماڵی ئەو منداڵە ئەگرن وە لەناوخۆیانا ئەیکەن بەدوو لەتە ئەمەش وێنەی ئەو دوو نەنکانەیە

شیرین خدر کەریم

گەلاوێژ ← →

نەسرین زارا کەژاڵ

ئەم وێنەیە وەها نیشانمان دەدات کە گەلاوێژ دووکچی هەیە شیرین‌و نەسرین خدر کوڕی شیرین کەژاڵی کچی زارای مارە کرد کەژاڵ کچی کچی نەسرینە لەو بوك‌و زاوایە کەریم بوو مردوو سامانێکی زۆری لەدوا بەجێما لەگەڵ دوو نەنکدا گەلاوێژو نەسرین لێرەدا نەنکە نیزیکەکەی نەنکە دوورەکە بێبەش ناکات ئێستا شیرین کەنەنکی نێزیکە بۆ کەریم گەلاوێژ بێبەش ناکات کە نەنکی دوورە چونکە گەلاوێژ بەدوو سەرە نەنکی کەریمە.

**(باسی جێگەی بەشە دیاریکراوەکان)**

واتە دەرچوونی بەشی هەر خاوەن بەشێك لەو جێگە بەشانە (لە پێش هەموو شتێکا ئەبێ بزانین بەش چیەو جێگەبەش چییە)

(بەش بریتییە) لەیەکێك لەو لەت‌و پارچانەی کە ناوی تایبەتیان هەیە وەکو هەشت یەك شەشیەك چواریەك سێ یەك‌و دوو سێ یەك‌و نیوە ئەم بەشانە لەکاتی میرات بەشکردنەکەدادەرئەچن بۆ خاوەنەکانیان وەشێوەی نووسینیان بەژمارە بەم شێوەیە (١/٨)، (١/٦)، (١/٤)، (١/٣)، (١/٢) جێگەبەش کەمترین ژمارە یە کە تەنیا ئەو بەشەی لێدەرئەچێت وەکو (٨، ٦، ٤، ٣، ٢) هەشتیەك لەهەوەڵ‌ژمارە شەشیەك لەدووهەم ژمارە چواریەك لەسێیەم ژمارە سێیەك‌و دووسێیەك لەچوارەم ژمارە نیویش لەپێنجەم ژمارە



دەرئەچن بۆ وێنە ئەگەر وێنەیەکی میراتگرتنمان بۆ هەڵکەوت کە میراتگرەکە لەوێدا ژنێك‌و کوڕێك بوو میراتەکە ئەکرێت بەهەشت پارچە یەك پارچە بۆ ژن جیادەکرێتەوەو ئەویتر بۆ کوڕەکە ئەمێنێتەوە کەیەکێك بمرێت دایك‌و کوڕی کوڕی لەدوا بەجێ بمێنێت میراتەکە ئەکرێت بەشەش بەش پارچە یەك بۆ دایك ئەویتر بۆ کوڕی کوڕەکە کەژنێك‌و براو خوشکێکی لێبەجێ بمێنێ میراتەکە ئەکرێت بەچوار پارچە پارچەیەك بۆ ژن‌و دووبرا یەك بۆ خوشك ئەگەر مردوەکە دووبراو خوشکێکی دایکی لەدوا بەجێمان میراتەکە ئەکرێت بەسێ پارچە یەکی یەك پارچەیان وەبەرئەکەوێت چونکە منداڵی دایکی بۆمردوو نێرو مێیان وەکو یەك میرات ئەگرن ئەگەر دووکچ‌و برایەکی لەدوا بەجێما ئەکرێت بەسێ پارچە دووپارچە کچەکان ئەیبەن پارچەیەك بۆ براکە ئەمێنێتەوە ئەگەر ژنێك مرد لەدوای بەجێما مێردێك‌و برایەك میراتەکە ئەکرێت بەدوو پارچەیەك بۆ مێرد یەك مایەوە بۆ براکە وەهەر میراتێکیش کەخاوەن بەش نیوەی لێهەڵبگرێت ئەبێت بکرێت بەدوو لەتەوە جابۆیە دایان ناوە کەجێگەی نیو هەردووە.

**(باسی نێوانی جێگەبەشەکان کەبەیەکەوە کۆببنەوە لەمەسەلەیەکدا)**

نێوانی ئەو پێنج جێگە بەشانە چوارشتە:

(هاو وێنە)

(چونە ناویەك)

(ناهەموار)

(هاوتا)

**( باسی هاو وێنه )**

هاو وێنه ئەوەیە ئەگەر دوو بەشی وەکو یەك کۆبوونەوە یان چەند بەشێك کۆبوونەوە کە ئەندازەیان وەکو یەك بوو وەکو دوو نیو ئەڵێین ئەو دوو بەشە هاووێنەی یەکترن پێویستە مەسەلەکەیان هەر لەسەر ژمارەی یەکێکیان دروستبکرێت ژمارەکانیتر وێڵ ئەکەین وەفرێیان ئەدەین بۆ وێنە ئەگەر ژنێك مرد لەدوای بەجێما مێرد خوشکێکی باوکیو دایکی ئەبێ بووترێ مەسەلە لەدووە کەژمارەی یەك نیوە بەشە لەمەسەلەکەدا گوێ نادرێتە ژمارەی نیوە کەیتر لێرەدا یەك بۆ مێرد یەك بۆ خوشکەکەی یان کەسێك مرد لەدوای بەجێما: دایکی باوك١/٦ دایکی دایکی دایك١/٦ خوشکێکی باوکیو دایکی١/٢ خوشکێکی باوکی١/٦ لێرەدا چوار بەش کۆبوونەتەوە سێیان شەشیەکن کە جێگەکەیان شەشە نیوە بەشێکیش هەیە کە جێگەکەی دووە دوو لەگەڵ شەشەکانا چوونە ناو یەکەوە واز لەو ئەهێنین هەر کەسێك شەشەکە هاووێنەن مەسەلە لەسەر یەکێك لەو شەشانە دروست ئەکرێت ئەویتری مەسەلەلە شەشە نیوەی بۆ خوشکە باوکیو دایکیەکەیە یەك بۆ خوشکە باوکیەکەیە نەنکەکانیش یەکی یەکیان وەبەر دەکەوێت چونکە خوشکە باوکیەکەو نەنکەکان هەر یەکەیان شەشیەکی مەسەلەکە ئەگرن.



**( باسی چوونە ناویەك )**

چوونە ناو یەك بەو ژمارانە ئەڵێین کەبەرامبەر بەیەك رایان بگریت یەکیان کەمەو یەکیان زۆرە بەڵام وەهارێککەوتوون کە کەمەکە بەدووجاریان بەسێ جار هێندەی خۆی لێ زیادبکەیت ڕێك وەکو ژمارە گەورەکە ئەوەستێ وەکو ژمارە چوار ژمارە هەشت ژمارە چوار یەکجار هێندەی خۆی لەسەر زیاد بکرێت لەگەڵ هەشتاو هاوسانو هاوشان ئەوستن یان سێو نۆ کەسێ دووجار هێندەی خۆی لێ زیاد بکەیت ریك هێندەی نۆ دەرئەچێت نەدەنکی زیادئەبێتو نەدەنکی کەم ئەبێت وەبەووتەیی تر ژمارە زۆرەکە بەشبکەیت بەسەر ژمارە کەمەکە ریك بەش ئەکرێت وەزیادو کەمی تییانیە جاهەرکات دووژمارەی ئاوەها کۆبوونەوە لەمەسەلەیەکدا کەمەکە فڕێ ئەدرێت مەسەلە لەسەر ژمارە زۆرەکە دروست ئەکرێت وەکو ئەوە ژنێك مرد لەدوای بەجێما کچێك١/٢ دایك١/٦ تر مەسەلە لەشەشە یەك بۆ دایك سێ بۆ کچ دوو زیاد ئەمێنێتەوە کەبۆیان بگێرینەوە بەیاسای بۆ گەرانەوە کەلەمەو دوا باسی لێوە ئەکەین بۆیان ئەگەرێتەوە لەم وێنەدا مەبەست ئەمەیە ژمارە دوو ژمارە شەش کۆبونەتەوە بەیەکەوە ژمارە دوو جار هێندەی خۆی لێ زیادبکرێت لەگەل شەشاهاوشانی یەك ئەوەستن.

**( باسی ناهەموار )**

ناهـەموار بـەدوو ژمـارەی وەهـا ئـەووترێ کەئەکەونـە نـاو مەسـەلەیەکەوە تەماشـایان ئەکـەیت لەهــەموو شـتێکا ناهــەموارن بەیەکــەوە وەکــو(٢،٣،) وەکـو(٣،٤،)و(٩) ئێـستا دوو لەگـەڵ سـێدا ناهـەموار، چـونکە لـەژمارە دوو نیوەی لـیٚ پـەیا ئـەبێت، بـەڵام سـیٚ ناکرێت بەدوو نیـوەی سـاغ سـیٚو چوار ناهـەموارن، چـونکە سـیٚ سـێیەکی تییایـە بـەڵام سـێیەك لەچواردا دەسـت ناکـەوێت هـەروەها نـۆ ئـەکرێت بەسـیٚ لـەت بـەڵام کـوا چوار ئـەکرێت بەسـیٚ لـەتی سـاغ کـەوابو ئـەو ژمارانـە ناهـەموارن بەیەکـەوە هـەرکات دوو ژمـارەی ناهەموار کۆبونەوە بەیەکەوە لەمەسەلەیەکدا ئـەبیٚ مەسەلەکە لەسەر لێدانی ژمارەیەکیان لەویتر دروست بکرێت یەکێکیان ئەدرێت لەویتر ئەڵێت مەسـەلە لەئەوەندەیـە وەکـو ئـەوە کابرایـەك مـرد لـەدوای بـەجێما دایـك؟ ٣ ژنێـك؟ ٤ برایەکی باوکی ودایکیپشت مەسەلە لـە(١٢) یەبەلێدانی٤ لـە٣ چوار بـۆ دایـك سیٚ بۆژن ئەوەی مایەوە بۆ براکە.

**( باسی هاوتا )**

هاوتابـەو ژمارەیــە ئـەڵێن کەهــەردووکیان هاوتــای یــەکتربن لــەنیودایان لەسـێیەکدا یـان لەچواریەکدا واتـە ئەگـەر هـەردوو ژمارەکـان بەرامبـەر یـەك رایـان بگریـت وەتەماشـایان بکـەیت هـەردووکیان وەکـو یـەك بـەش ئـەکرین بەسەر دوودا یان بەسەرسێدا یان بەسەر چواردا واتە هەردووکیان وەکو یەك دوونیوەی راستیان تییا هەیە یان هەردووکیان وەکو یەك سێیەکیان تێیایە یــان چــواریەکیان تێیایــە وەکــو(٤)و (٦) یــان(٩)و (٦) چــوارو شــەش هەردووکیان وەکو یەك خاوەنی نیوی تەواون بەڵام نۆو شـەش هـەردووکیان



خاوەنی نیونین بەڵکو خاوەنی سێیەکن هـەر دووکیـان وەکـو یـەك سێیەکیان تییایە جاهەرکات دووژمارەی هاوتا کەوتنە ناو مەسەلەکەوە ئەگـەر هاوتـابن لـەنیودا نیـوەی یـەکێکیان ئـەدرێت لەتـەواوی ئـەویتر مەسـەلەکە کەلەسـەر ژمارەی ئەو لەیەکدانە درووست ئەکرێت ئەگەر هاوتابن لەسێیەکدا سێیەکی یەکێکیان ئەدرێت لەتەواوی ئـەویتر ئەگـەر هاوتـابن لەچواریەکدا چواریەکی یـەکێکیان ئـەدرێت لەئـەویتریان وەکـو ئـەوە کابرایـەك مـرد لـەدوای بـەجێما دایك؟ ٦ ژن؟ ٨ کورێكپشت لەم مەسەلەیەدا(٦)و(٨) هاوتای یـەکترن لـەنیودا نیـوەی یـەکێکیان بـدە لـەویتر واتـە سـیٚ بـدەیت لەهەشـت یـان چـوار بـدەیت لەشەش مەسەلە هەر ئەچێت بۆ(٢٤) سیٚ بۆ ژن چوار بۆدایك ئەوەی مایـەوە بۆکورەکەیـە کابرایـەك مـرد لـەدوای بـەجێما دایـك ژن٢ خوشـکی بـاوکیو دایکـی لێـرەدا سـێبەش هەیـە کەجێگەکـەیان(٦)و(٤)و(٣) یـە وە(٦)و(٣) چوونە نـاویەکن زۆرەکە ئەگرین کەشەشەو سیٚ فڕیٚ ئەدرێت(٦)و(٤) هاوتان لەنیودا سیٚ کەنیوەی شەشە بیدەیت لەچوارە یان دووکەنیوەی چوار بدەیت لەشەش مەسەلە هەر ئەچێتە دوازدە بەڵام چونکە مەسەلەکە کورت ئەهێنیٚ هەموو بەشەکانی لیٚ دەرناچێت بەیاسـای لـیٚ زیـادکردن کەلەمـەو دوا باسـی لێوە ئەکەین دانەیەکی لیٚ زیاد ئەکەین مەسەلەکە ئەچێت بۆسێزدە ئەمجارە هەشـت ئـەدەین بەخوشـکەکان کەدووسـێیەکی دوازدەیـە بەشـی خۆیانـە دووئـەدەین بـەدایك کەشەشـیەکی دوازدەیـە بەشـی خۆیـەتی سـیٚ ئـەدەین بەژنەکە کەچواریەکی دوازدەبە بەشی خۆیەتی(١)

(١) لێرەدا پێویست بەلێکۆڵینەوەیەك هەیە ئەویش ئەوەیە دووژمارەی هاوتابەیەکەوەو دووژمارەی چوونە نـاویـەك لەزۆرشـت دا لەیـەك ئەچـن لـەوەدا کـەدووژمارەی هاوتـا وەکو یـەك نیویـان سـێیەکیان تێیـا هەیـە

**( باسی بنەچەی مەسەلە )**

مەسەلەو بنەچەی بەژمارە یەك ئەڵێن کەپربەپرو بەئەندازەی بەشی هەمومیراتگرەکان لەبەچاو ئەگیرێت واتە ئەووتریٚ بەشی هەمومیراتگرەکان لەم ژمارەیە دەرئەچێت بەبیٚ زیادوکەم جالەبەر ئەوەکە ئەتوانین بڵێین میراتگر سیٚ جۆری هەیە چەند بنەچە مەسەلەی جۆراو جۆریش پەیا ئەبن.

**( جۆری میراتگرەکان )**

**( یەکەم )**

ئەوەیە میراتگرەکان هەموو پشتن خاوەن بەشیان تێیانییە جائەگەر هەریەك کەس بێت هەموو میراتەکە ئەدرێت بەو ئەگەر زۆرترین لەیەك کەس وەهەموویان نێربوون ژمارەی سەرەکانیان بنەچەی مەسەلەکەیانە وەکو ئەوە کەسێك مرد پێنج کوری هەبوو مەسەلە لەپێنجە هەر کورەی بەشێکی وەربەرئەکەوێت وە ئەگەر پشتەکان هەموو هەر میٚ بن هەر بنەچەی مەسەلە لەسەر ژمارەی سەرەکانیانە وەکو ئەوە چوار ژن بەندەیەکیان هەیە وە ئازادی ئەکەن‌و دەمرێت وە ماڵیشی لەدوا بەجێئەمێنیٚ لێرەدا مەسەلە لەژمارەی سەری ئەو چوار ژنە یە هەریەکەی چواریەکێك لەمیراتی ئازادکراوەکەیان هەڵئەگرن بۆ خۆیان وە ئەگەر ئەو میراتگرە پشتانە نێرو میٚ بەیەکەوە بوون ئەبیٚ مێیەکان بەسەرێك‌و نێرەکان بەدوو سەر دابنرێن

---

دووژمارەی چوونە ناویەکیش هەروەها بەڵام لەچوونە ناویەکدا جارێك یان دووجار لەژمارە بچوکەکەدا هێندەی خۆی لیٚ زیاد بکرێت لەگەڵ ژمارە گەورەکەدا یەکسانە بەڵام هاوتاوانییە(٤)و(٦) هاوتان لەنیوەدا بەڵام ژمارە چوار هێندەی خۆی لیٚ زیادبکرێت زۆر لەشەش زیاتر ئەبێت چوونە ناویەك وانییە سیٚ‌و شەش چوونە ناویەکن دەوەرە ژمارە کەمەکە سێیە هێندەی خۆی لیٚ زیاد بکە هاوشانی شەش دەرئەچێت نەزیاد ئەبێت‌و نەکەم



ئەمجار مەسەلە کە لەسەر ژمارەی سەرەکانیان دروست ئەکرێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: ٤ کچ، ٣کوڕ مەسەلەکەیان لەدەیە چوار بۆ چوار کچەکان شەش بۆ سیٚ کوڕەکان.

**( جۆری دووەم )**

ئەوەیە کە لەمەسەلەکەدا پشت هەر نییە هەموو خاوەن بەشن جا ئەو خاوەن بەشانە یان کەمن یان زۆرن ئەگەر تەنیا یەك خاوەن بەش بێت مەسەلە لەسەر جێگەی بەشی ئەو کەسە دروست ئەکرێت وەکو ئەوە کابرا ئەمرێت تەنیا کچێکی هەیە مەسەلە لەسەر دوو دروست ئەکرێت کە دوو جێگەی نیوە نیوەی میراتەکە ئەدرێت بەو کچە نیوەکەی تریش لەوانەیە هەر بۆ ئەو بگەڕێتەوە یان خاوەن بەشەکان دوو کەسبوون بەڵام بەشەکانیان لەچەشنی یەکتربوو وەکو ئەوەمێردی ژنێك لەگەڵ خوشکێکی باوکی‌و دایکی خۆی کۆبۆوە وە هەردووکیان نیوەیان ئەکەوێت لەمیراتی ئەو ژنەدا کەوابوو مەسەلە لەسەر ژمارەی دوو دروست ئەکرێت یەك بۆ مێرد یەك بۆ خوشکەکە بەم مەسەلە ئەڵێن هەتیو چونکە هەر لێرەدا دووبەشی وەکو یەك ڕێککەوتون وەئەگەر خاوەن بەشەکان زۆربوون ئەوە تەماشای بەشەکانیان ئەکرێت وە تەماشای نێوان ئەو بەشانە بەیەکەوە ئەکرێت وە بەیاسای مەسەلە دروستکردن کە هاو وێنە بۆ مەسەلە لەسەر جێگە بەشی یەکێکیان دروست ئەکرێت ئەگەر هاوتا بوون لەنیو یان لەسیٚ یەك یان لەهەر شتێکدا نیوە یان سیٚ یەکی یەکێکیان ئەدرێت لەتەواوی ئەویتر ئەگەر ناهەمواربوون بەیەکەوە تەواوی یەکێکیان ئەدرێت لەتەواوی ئەویتر جا ژمارەی بەرهەمی

ئەو لەیەكدانە بنەچەی مەسەلەی خاوەن بەشەكانە لەسەر مەسەلەكە كۆ ئەبنەوەو بەشی خۆیانی لێوەرئەگرن.

**( جۆری سێیەم )**

ئەوەیە لەگەڵ پشتەكانا خاوەن بەش ببێت جالەم جۆری سێیەمەشدا بنەچەی مەسەلە یان مەسەلە هەروەكو جۆری دووەم دروستئەكرێت تەنیا جیاوازیان ئەوەندە هەیە لەجۆری دووەمدا میراتەكە هەر بەسەر خاوەن بەشا بەشئەكرا لەجۆری سێیەمدا چی لەخاوەن بەش مایەوە ئەدرێت بەپشتەكان جا لێرەدا بۆ ئەوەی باش تێبگەین لەمەسەلەو مەسەلە دروستكردن درێژە بەباسەكە ئەدەین وە وێنەی زۆر ئەهێنینەوە بۆ فێركردنی مەسەلەدروستكردن.

**( یەكەم )**

پیاوێك مرد لەدوای بەجێما كچێك ٢؟١و مامێكپشت لێرەدا مەسەلە لەدووە چونكە دوو جێگەی بەشی كچەكەیە جا كچ كە نیوەی خۆی گرت نیوەكەیتر بۆ مامەكە ئەمێنێتەوە.

**( دووەم )**

كەسێك مرد لەدوای بەجێما: دایك ٦؟١ برایەكی دایكی٦/١ برایەكی باوكیپشت لێرەدا دوو شەشیەك هەیە كە جێگەكەیان شەشە دوو شەشیەك بەیەكەوە هاووێنەن یەكیان ئەگرین یەكیان فرێئەدەین ئەڵێین مەسەلە لەشەشیەك بۆدایك یەك بۆ برای دایكی ئەوەی مایەوە بۆ برای باوكییە چونكە پشتە.



**( سێیەم )**

كەسێك مرد لەوای بەجێما دایك٣/١ برایەكی دایكی٦/١ مامپشت لێرەدا دوو خاوەن بەش هەیە یەك سێیەك ئەگرێت یەك شەشیەك ئەگرێت كە جێگەی بەشەكانیان سێیەو شەشە، سێ و شەش وەكو وتمان چوونە ناویەكن مەسەلە لەسەر ژمارەی زۆرەكە دروست ئەكرێت واتە دووبۆ دایك یەك بۆ برای دایكی ئەوەی مایەوە بۆ مامەكەیە

**( چوارەم )**

كەسێك مرد لەدوای بەجێما دایك٦/١ ژن٨/١ كورێكپشت لێرەدا شەشیەكو هەشتیەك هەیە كەجێگەكەیان شەشەو هەشتە شەشو هەشت هاوتان لەنیوەدا سێ بدەیت لەهەشت یان چوار بدەیت لەشەش مەسەلە لەبیستو چوارە چوار بۆ دایك سێ بۆژن هەرچی مایەوە هی كورەكەیە

**( پێنجەم )**

كەسێك مرد لەدوای بەجێما: دایك ژن٤/١ برای باوكیو دایكیپشت لێرەدا سێیەكەبەشو چواریەكەبەش هەیە كە جێگەكەیان چوارو سێیەو سێو چوار ناهەموارن بەیەكەوە یەكیان ئەدرێت لەتەواوی ئەویتر واتە مەسەلە چووبۆ دوازدە چوار بۆ دایك سێ بۆ ژن ئەوەی مایەوە بۆبرا باوكیو دایكیەكەیە.

**( باسی بنەچەی مەسەلەکە ئایا چەندێکن )**

بنەچەی مەسەلە لەلایەن زانا پێشینەکانەوە حەوتن (٢) وە (٣)یەو (٤)و (٦)و (٨)و (١٢)یەو (٢٤)ە.

بـەڵام هێنـدێ لـەزانا دوایـنـەکان دوو بنەچـەی مەسـەلەی تریـشیان زیادکردووە:

(یەکەم): هەژدەیە (١٨)یە لەمەسەلەی کۆبوونەوەی باپیرە لەگەڵ برادا کە لەوێـدا سـێیەکی پاشمـاوە بـدرێت بـەباپیرە قـازانجی زۆرتـرە لـەوە کـە پاشماوەکە بەبرابەشی لەگەڵ براکاندا بەشبکات ئەمە لەباسی باپیرە لەگەڵ براو خوشکدا باسی لێوە دەکرێت، وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: دایك٦/١ باپیرە٣/١پاشماوە پێنج برای باوکی یان باوکی و دایکیپشت مەسەلە لەهەژدەیـە چـونکە کـەمترین ژمارەیـە کـە شەشـیەکی تـەواوی لێدەربـچێت سـێیەکی پاشماوەشـی تێـدا دەسـت بکـەوێت هەرهەژدەیـە سـێ بـۆ دایـك پانزەمایەوە سێیەکی پانزە پێنجە ئەدرێت بەباپیرە، دەش دەدرێت بەبراکان یەکی دوویان بەردەکەوێت.

(دووەم) (٣٦)ە، ئـەویش لەکۆبوونـەوەی بـاپیرە لەگـەڵ بـرادا وەك دایـك و ژنیشیان لەگەڵدا بێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بـەجێما ژن٤/١ دایـك ٦/١ باپیرە٣/١پاشماوە ٧برای باوکی و دایکی یان باوکیپشت مەسەلە لەسی و شەش، چـونکە هەرسـی و شەشـەکە کـەمترین ژمارەیـە کـە چـواریەك و شەشـیەکی تـەواوی لێدەردەچێت لەگـەڵ سـێیەکی پاشمـاوە نـۆ بـۆ ژن شـەش بـۆ دایـك بیستویەك مایـەوە لـەو بیستویەکە حـەوت بـۆ بـاپیرە چواردەش بـۆ حـەوت براکە یەکی دوو.



**( باسـی عـول )** واتـە لـێ زیـاد کـردن لـەپێش چـوونمان بـۆ نـاو باسـەکە پێویستمان بەلێکۆڵینەوەیەك هەیە ئەویش ئەوەیە پێویستمان بەلێزیادکردن ئەبێت لەمەسەلەکانی لێزیادکردندا بەدوو مەرج:

یەکـەم: ئەوەیـە میراتگرەکـانی نـاو مەسـەلەکە هـەموویان خـاوەن بەشـبن پشتیان لەگەڵدا نەبێت.

دووەم: ئەوەیە مەسەلەکە تەماشا بکەین ژمارەی چەندەو ژمارەی بەشـی هـەموو خـاوەن بەشـەکانی نـاو مەسـەلەکە کۆبکەینـەوە ئەگـەر زیـاتر بـن لەبنەچـەی مەسـەلەکە لێزادکـردن دروسـتەو ئەیکـەین وەکـو ژنێـك بمرێـت لەدوای بەجێ بمێنێت مێرد٢/١ دوو خوشکی باوکی و دایکی٣/٢ دایك٦/١ برای دایکـی٦/١ لێـرەدا دوو شەشـیەك و دوو سـێیەك و نیـوە بەشـێك هەیـە کـە جێگەکەیان شەشەو سێیەو دووە، دوو شەش هاوو‌ێنـەن هەریـەکیان ئەگرین بەدەسـتەوە دوو وە سـێ لەگـەڵ شەشـا چـوونەناویەکن کـەوابوو مەسـەلە لەشەشـە، بـەڵام دوو خوشـکی بـاوکی و دایکـی لـەو مەسـەلەیەدا چـوار ژمارەیان بەردەکەوێت، چونکە دوو سێیەکیان هەیە مێرد سێ ژمارەی بەر ئەکەوێت، چونکە نیوەی هەیە دایك و برای دایکیش یەکی یەك ژمارەیان بەردەکـەوێت، چـونکە هەریەکـەی شەشـیەك ئـەگرن ئـەو ژمارانـە کۆبکـەرەوە ئەگەن بەنۆ مەسەلەکەش شەشە سێ کەمترە لەنۆ ناچارین سـێ زیـاد بکـەین لەسەر مەسەلەکە تا بگات بەنۆ ئەو کاتە سێ بۆ مێرد چوار بۆ خوشکەکان یەك بۆ دایك یەك بۆ برای دایکی هیچ نامێنێتەوە، ئەگەر ژمارەی مەسەلەکەو ژمـارەی بەشـی هـەموو خـاوەن بەشـەکان کۆبکەینـەوە وەکـو یـەك دەربـچن پێوسـت بـەلێزیادکردن نییـە، چونکە مەسـەلەکە لەگـەڵ بەشـەکان پێکاوپێـك

دەرئەچن، نەزیاد ئەبێت و نەکەم، وەکو ئەوە کەسێك ئەمرێ لەدوای بەجێئەمێنێت دایك٦/١ کچێك٢/١ دوو برای دایکی٣/١ مەسەلە لەشەشە سێ بۆ کچ یەك بۆ دایك دوو بۆ دوو براکان، ئەگەر ژمارەی بەشی خاوەن بەشەکان کۆبکەینەوەو کەمتربن لەژمارەی مەسەلەکە ئەوە لێزیادکردن پێویست نییە، بەڵکو ئەوەی کە زیادە ئەگەڕێتەوە بۆ خاوەن بەشەکان بێجگە لەژن و مێرد کە هیچ بۆ ئەوان ناگەڕێتەوە. ئەمەش لەباسی گەڕانەوەدا بەدرێژی باسی لێوە ئەکرێت، ئەگەر ژمارەی بەشەکانیان کۆکردنەوەو کەمتر کەمتربوون لەبنەچەی مەسەلەکە لەوێدا گەڕانەوە هەیە، بەڵام لێزیادکردن نییە وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما کچێك٢/١ دایك٦/١ مەسەلە لەشەشە، چونکە دوو شەش چوونەناویەکن، بەڵام لێرەدا کە ژمارەی بەشەکان کۆبکەینەوە کەمتر ئەبن لەمەسەلەکە، چونکە سێ بۆ کچەکەو یەك بۆ دایك ئەکاتە چوار هێشتا دوو ئەمێنێتەوە ئەبێ بگەڕێتەوە بەسەر خاوەن بەشەکانا[1] یەکەمجار لێزیادکردن لەسەردەمی پیشەوایەتی ئیمام عومەردا دامەزرا کە ئەو کاتە ژنێك مردبوو لەدوای بەجێمابوو مێرد٢/١ دورای دایکی خوشکێکی باوکی و دایکی٢/١ دایك٣/١ مەسەلە لەشەشە ئیمام عومەر فەرمووی ئەگەر مێردو خوشك هەریەکەی نیوەیان پێبدرێت مەسەلەکە تەواو ئەبێت و هیچ نامێنێتەوە بۆ دایك کە دایکیش سێیەکی مەسەلەکەی هەیە چاك وایە دوو زیاد بکرێت لەسەر مەسەلەکە وە لەشەشەوە بچێت بۆ هەشت واتە میراتەکە

[1] ٢ بەساغی بەشناکرێت بەسەر ٤ بەشدا ئەبێت ٤ بدرێت لە ٦ مەسەلە ئەچێت بۆ (٢٤) (١٢) بۆ کچەکە ٤ بۆ دایك ٨ ئەمێنێتەوە ئەویش هەر بەو پێیەیە ئەگەڕێتەوە بۆیان، چونکە دایك لەبیست و چوار ٤ی بەرکەوتووە کچ سێ ٤ی بەرکەوتووە لەو (٨)ە کە ماوەتەوە دایکە چواریەکی بەرئەکەوێت کە ٢ وە کچ سێ چواریەکی بەرئەکەوێت کە (٦)ە.



لەشەش کۆمەڵی گەورەوە بکەین بەهەشت کۆمەڵی بچووك سێ بۆ مێردو سێ بۆ خوشك و دوو بۆ دایك دائەندێت، ئیتر گرێکوێرەکە لەمەسەلەکەدا نامێنێت ئەو مەسەلە ناونراوە بە مباهەلە واتە لەعنەت لەیەکترکردن چونکە لەدوای مردنی ئیمام عومەر ئیبن عەباس گەورەببوو فەرمووی من ئەو مەسەلە لێرە بەدواوە وەها بەشناکەم وە لێی زیادناکەم هەر مێرد نیوەی پێئەدەم دایك سێیەکی پێئەدەم یەك ئەمێنێتەوە ئەیدەم بەخوشك. پێیان وت کەس ئەو بەشکردنەی تۆ بەباش نازانێت هەر بەشکردنەکەی ئیمامی عومەر بەباش ئەزانن ئیبن عەباس رقی هەستاو فەرمووی خەڵك حەزئەکەن بائێمەو ئەوان لەگەڵ باوك و کوڕی خۆماندا کۆببینەوەو لەعنەت لەیەکتر بکەین هەرچی درۆزن بێت لەعنەت بەرئەو ئەکەوێت.

**(باسی چۆنییەتی لێزیادکردن و مەسەلەکانی):**

لەپێشەوە ئەبێت بزانین لێزیادکردن چییەو چۆن ئەبێت لێزیادکردن بەم شێوەیە ئەبێت ئەگەر مەسەلەیەك لە (٦) بو بەڵام ژمارەی بەشی خاوەن بەشەکان کۆبکرایەوە ئەچوو بۆ دە ئەبێ چوار ژمارە لەسەر (٦) زیادبکرێت مەسەلەکە ببەین بۆ دە واتە لەیەکەم جارا ماڵەکەمان کرد بەشەش بەشە کۆمەڵی گەورە، بەڵام خۆ شەش بەسەر دەدا بەساغی بەشناکرێن ئەبێ کۆمەڵەکان بچووك بکەینەوەو هەر کۆمەڵەی شتێکی لێ دەربهێنین، ئەوەی کە دەرمان هێنا بیکەین بەچوار کۆمەڵ هەریەك بەئەندازەی یەکێك لەو کۆمەڵە بچووك کراوەکان و ئەو چوار کۆمەڵەش ئەخەینە سەر ئەو شەش کۆمەڵە ئەبێت بە دە کۆمەڵی وەکو یەك ئەمجارە بەش ئەکرێت بەسەر هەموو

میراتگرەکانداو هیچ نامێنێتەوە وەکو ئەوە ژنێك مرد لەدوای بەجێما مێرد٢/١ دووخوشك٣/٢ دایك٦/١ دوو برای دایکی٣/١ لەگەڵ ١٢٠ دینار ماڵ مەسەلە لەشەشەو لەو مەسەلەدا ئەگەر بەشی خاوەن بەشەکان کۆبکەینەوە ئەچێتە دە شەش بەشناکرێت بەسەر دەدا ئەبێت ئەو پارەیەی کە کراوە بەشەش کۆمەڵ هەر کۆمەڵەی بیست دینارە هەشت دینار لەهەموو کۆمەڵەکان دەرئەهێنین هەر کۆمەڵەی لەبیست دینارەوە دێتەوە سەر دوازدە دینار ئەوەی دەرمان هێنابوو لەهەموو کۆمەڵەکان (٤٨) دینارە ئەویش ئەکەینەوە بەچوار کۆمەڵی (١٢) دیناری جا ئەم چوار کۆمەڵە زیاد ئەکەین لەسەر شەش کۆمەڵە کە هەمووی ئەبێت بە دە کۆمەڵی (١٢) دیناری ئەمجارە لێیان بەش ئەکەین (٣٦) بۆ مێرد چونکە لەشەشدا سێ کۆمەڵی بەرئەکەوێت لە دەشا سێی بەرکەوتووە ئەکاتە (٣٦)، (٤٨) بۆ خوشکەکان کە لەشەش چوار کۆمەڵیان ئەگرت لەدەش چوار کۆمەڵیان دەگرت بوو بە (٤٨)، (٢١) بۆ دایك ئەویش لەشەش یەك کۆمەڵی هەبوو لەدەشدا هەروەهایە (٢٤) بۆ دوو برا دایکییەکان لەشەشدا دوویان هەبوو ئێستاش لە دەدا دوویان هەیە.

(باسی رێکوپێککردنی مەسەلەکانی عول و لێزیادکردن):

لەمەوپێش وتمان بنەچەی مەسەلەکانی میرات حەوتن (٢) و (٣)یەو (٤)ەو (٦)ەو (٨)ەو (١٢)یەو (٢٤)ە، زانا دواییینەکانیش دووی کەیان زیادکردووە (١٨)و (٣٦)، یەلاّم لەهەموو ئەو مەسەلانەدا هەر سێیان لێزیادکردنیان تێدا هەیە ئەوانیش بریتین لە (٦) و (١٢) و (٢٤) مەسەلە شەش چوارجار لێزیادکردنی تێیدا ئەکرێت.



(یەکەم) بۆ حەوت وەکو ئەوە ژنێك ئەمرێت لەدوای بەجێما مێرد٢/١ دوو خوشکی دایك و باوکی٣/٢ مەسەلە لەشەشە سێ بۆ مێرد چوار بۆ خوشکەکان چوارو سێ کۆبکەرەوە ئەکاتە حەوت ژمارەیەکی لەشەش زۆرترە ناچارین ژمارەیەك لەسەر شەش زیادبکرێت تاکو بۆ بەشکردنەکە بگونجێت کەواتە ژمارە شەش ئەکەین بەژمارە حەوت ئەڵێین مەسەلە لەحەوتە سێ بۆ مێرد چوار بۆ خوشکەکان یەکی دوو، جا دوای ئەوە کە میراتەکەمان لێ بەشکردن وێنە ئاوەها دەردەچێت مێرد٢/١ دوو خوشکی دایکی و باوکی٣/٢ س٧ بەش٣،٤.

(دووهەم) جار بۆ هەشت زیاد ئەکرێت وەکو ئەوە ژنێك مرد لەدوای بەجێما مێرد ٢/١ دوو خوشکی دایکی و باوکی٣/٢ دایك٦/١ س٦ مەسەلە لە (٦)ە ئەگەر سێ بدرێت بەمێرد چوار بدرێت بەدوو خوشکەکە یەك بدرێت بەدایك (٦) دەری ناهێنێ دوو ژمارە کورتی دێنێ ناچارین ئەو دوو ژمارە لەسەر (٦) زیاد بکرێت مەسەلە ئەچێت بۆ هەشت لەهەشت بەتێرو توخی بەشی خۆیان پێ ئەدرێت ئەمەش وێنەی مەسەلەکەیە کە بەشەکانیان لەخوارەوە بۆ دائەنرێت.

مێرد٢/١ دوو خۆشکی دایکی و باوکی٣/٢ دایکی٦/١

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەش | ٣ | ٤ | ١ |

(سێیەم): جار بۆ نۆ وەکو ئەوە ژنێك مرد لەدوای بەجێما مێرد٢/١ دوو خوشکی باوکی و دایکی٣/٢ دایك٦/١ برایەکی دایکی٦/١ س٦ مەسەلە لەشەشە ئەگەر ٣ بۆ مێرد ٤ بۆ دوو خوشکەکان دابنرێت دایك و برای دایکیش یەکی یەکیان بۆ دابنرێت هێشتا شەش لەو ژمارە بەشانە سێ

ژمارەی کەمتر ئەبێ ئەو ٣یە لەسەر (٦) زیاد بکرێت مەسەلە بچێت بۆ نۆ ئەمجارە کە بەشماندان وێنەکە ئاوەها دەردەچێت

میرد١؟٢ دوو خوشکی باوکی و دایکی ٢؟٣ دایك ١؟٦ برای دایکی ١؟٦ س٩

بەش ٣ ٤ ١ ١

(چوارەم) لێزیادکردن بۆ (١٠) وەکو ئەوە ژنێك ئەمرێ لەدوای بەجێ ئەمێنێ

میرد١؟٢ دوو خوشکی باوکی و دایکی ٢؟٣ دایك١؟٦ دوو برای دایکی١؟٣ س٦ چو بۆ س١٠

بەش ٣ ٤ ١ ٢

ئەم مەسەلە لە (٦)ە، بەڵام چونکە مێرد ٣ خوشکەکان ٤و براکان ٢و دایك١ ئەگرن ئەم بەشانە کۆبکەرەوە ئەبن بە دە شەش بەشناکرێت بەسەریانا ناچارین چوار لەسەر شەش زیاد بکەین مەسەلە بچێت بۆ (١٠) ئەمجارە بەشمان پێدان هەرکەس بەشی خۆی پێگەیشت وەکو لەوێنەکەدا هەموو شتێکمان تەواو کرد لێرە بەدواوە وێنە یەکجار ئەهێنینەوە وێنە دووپات و دووبارە ناکەینەوە.

مەسەل لە (١٢) سێ جار لێزیادکردنی تێدا ئەکرێ جاری

(یەکەم) لێزیاد ئەکرێ (١٣) وەکو ئەوە پیاوێك مرد لەدوای بەجێما

ژنێك١؟٤ دایك١؟٦ دوو خوشکی دایك و باوکی یان باوکی٢؟٣ س١٢ چوو بۆ س١٣

بەش ٣ ٢ ٨

مەسەلە لەهەوەڵەوە لە (١٢)یە، چونکە چوار یەکەکەی (٣)یە شەشیەکەکەی (٢)وە دوو سێیەکەکەی (٨)ە هەموویان ئەکاتە ١٣، ١٢ بەشناکرێت بەسەر ١٣دا ناچارین ژمارەیەك زیادبکەین مەسەلە بچێت بۆ ١٣ ئەمجارە بەتێرو پڕی بەشی هەموویان ئەدرێت



(دووهەمجار) لێزیاد ئەکرێت بۆ پازدە وەکو ئەو وێنە کە برایەکی دایکیشی لەگەڵا بێت

ژنێك١؟٤ دایك١؟٦ دوو خوشکی دایکی و باوکی٢؟٣ برایەکی دایکی١؟٦ س١٢ چوو بۆ س١٥

بەش ٣ ٢ ٨ ٢

لەهەوەڵەوە مەسەلە لە (١)یە، بەڵام کەبەشی ناو مەسەلەکە کۆبکەینەوە ژمارەیان ئەچێتە (١٥) چونکە دوو سێیەکی ناو مەسەلەکە (٨)ە دوو شەشیەکی تێدایە ئەکاتە چوار چواریەکی ژنەکەشی سێیە هەمووی ئەکاتە (١٥) دوازدە کوا بەسەر پازدەدا بەش ئەکرێت ناچارین سێ ژمارەی کە لەسەر دوازدە زیادبکەین بچێت بۆ پازدە ئەو کاتە رێك و پێك بەش ئەکرێت.

(سێهەمجار) لێزیاد ئەکرێت بۆ (١٧) کە برایەکی تری دایکیان لەگەڵا بێت وەکو ئەوەی لەدوای بەجێما

ژنێك١؟٤ دایك ١؟٦ دوو خوشکی باوکی و دایکی یان باوکی٢؟٣ دوو برای دایکی١؟٣

بەش ٣ ٢ ٨ ٤

مەسەلە هەر لەدوازدەیە بەڵام کە ژمارەی بەشی خاوەن بەشەکانمان کۆکردەوە ئەکاتە (١٧) لەبەرئەوە ناچارین پێنج لەسەر مەسەلەکە زیاد بکەین تاکو ژمارەی مەسەلەکەو ژمارەی بەشەکان یەکسان بن بەشی هەموویان لەمەسەلەکە دەربهێنرێت

مەسەلە بیست وچوار یەك جار لێزیادکردنی تێدا ئەکرێت ئەویش بۆ (٢٧) وەکو ئەوە پیاوێك ئەمرێ لەدوای بەجێ ئەمێنێ

دوو کچ ٢؟٣ باوك١؟٦ دایك١؟٦ ژن١؟٨

بەش ١٦ ٤ ٤ ٣

مەسەلە لەهەوەڵەوە لـە (٢٤)ە، بـەڵام بەشـی كـچەكان دوو سێیەكە ئەكاتـە (١٦) بەشی باوك (٤)ە بەشی دایكیش هەر چوارە بەشی بەشی ژن (٣)یە كە ئـەو هـەموو بەشـانە كۆبكەینـەوە ئەگەنـە (٢٧) سـێ ژمـارەی زۆرتـرە (٢٤) ناچارین سێ ژمارەش لەسەر مەسەلە (٢٤) زیاد بكەین جا كە مەسـەلەكەمان گەیاندە (٢٧) هەموویان بەتەواوی بەشی خۆیان ئەگرن.

لـەم باسـی لێزیادكردنانـەدا شـتێ مـاوە ئـەبێ لـەبارەی ئـەو شـتەوە شـتێ بووترێـت ئـەویش ئەوەیـە بـۆچ هـەر لەسـێ بنەچـەی مەسـەلەدا لێزیـادكردن هەیەو لەوەكانی كەدا نییە وتراوە لەبەرئەوەیە بنەچە مەسەلەكان تـەواویان هەیـەو ناتـەواویان هەیـە لێزیادكردن هـەر لەتـەواوەكانیانا ئـەكرێت، چـونكە رێئەكـەوێت لـەو مەسـەلە تەواوانـەدا بەشـی خـاوەن بەشـەكان لەمەسـەلەكە زیـاتر بـن وپێویـستمان بـەلێزیادكردنی مەسـەلەكە ببێـت لەناتـەواوەكانا لێزیادكردن ناكرێت، چونكە ئەگەر بەشی خاوەن بەشەكانی ناو مەسـەلەكە لەمەسەلەكە كەتربن هەرگیز پێویست بەلێزیادكردن ناكات، بەڵكو پێویست بەوە ئەكات كە بەشی خاوەن بەشەكان درا و شتێ مایەوە لەمەسەلەكە ئەبێ بگەڕێتەوە بەسەریاندا.

(**بنەچەی مەسەلەكانی تەواو**) بنەچە مەسەلەی تەواو ئەوەیە كە تەماشـای بكەین چەند بەشـی لەنیو سێیەك و چواریەك و ئەوشتانەی تێیدا بێت جا هەڵئەسـتین ژمـارەی ئـەو نیـو سـێیەك و چـواریەك و شەشـیەكانەی ئەدۆزینەوەو كۆیان ئەكەینەوە ئەگەر هێندەی ژمارە بنەچە مەسەلەكە بوون یـان زیـاتربوون ئـەوە تـەواوە، وەكـو (٦) شـەش تـەواوە، چـونكە خـاوەنی شەشـیەكە كـە (١)ە خـاوەنی نیـوە كـە (٣)یـە خـاوەن سـێیەكە كـە (٢)ە



هـەموویان كۆبكـەرەوە ئـەبێ بەشـەش وەكـو خـودی شـەش، ئەگـەر ئـەو بەشانەی كـە ئەكەونـە نـاو بنەچـە مەسـەلەكەوە وەكو سێیەك و چواریەك و ئەمانەوە كە كۆیان بكەیتەوە زیاتر ئەبن لەمەسـەلەكە بەو بنەچە مەسـەلەش هـەر ئـەڵێن تـەواو وەكـو (١٢) و (٢٤) دوازدە خـاوەنی شەشـیەكە (١)ە خاوەنی چوار یەكەكە (٣)یە خاوەنی سێیەكەكە (٤)ە خاوەنی نیوەكە (٦)ە هـەموویان كۆبكـەرەوە ئـەبێ بـە (١٥)ە سـێی زیـاترە لـە (١٢) (٢٤) خـاوەنی هەشت یەكەكە سێیە خاوەن شەشیەكەكە (٤)ە خاوەنی چواریەكەكە (٦)ە خـاوەنی سـێیەكەكە (٨)ە خـاوەنی نیوەكـە ( ١٢)یـە هـەموویان كۆبكـەرەوە ئەبێت بە (٣٣) نۆی زیاترە لەمەسەلەكە

(دووەم) **ناتەواوە هەر بنەچە مەسەلەیەك** كە ژمارەكانی ناوی وەكو سێیەك و چواریەك ئەوانەی تر كۆبكەرەوە كە متر بن لـەژمارەی مەسـەلەكە جا ئـەو بنەچە مەسەلە ناتەواوە لێزیادكردنی تێدا نییە.

(**باسـی دروسـتكردنی مەسـەلە**) دروسـتكردنی مەسـەلە دوو قۆنـاغی هەیـە قۆناغی هەوەڵ و قۆناغی دووەم (قۆناغی هـەوەڵ) ئەوەیـە بەگوێرەی یاسـای مەسـەلە دروستكردن مەسـەلە بـۆ میراتگرەكان دروست ئەكەیت و میراتەكە بەسەریانا بەش ئەكەیت پێویست بەلێلەتكردن و پارچەپارچەكردن ناكات هەر كەس بەشی خۆی بەساغی دەستئەدەوێت، لەمەوپێش لەباسی بنەچەی مەسەلەدا بەدرێـژیی باسـی لێـوەكراوە وەكـو ئـەوە پیاوێـك ئـەمرێت لـەدوای بەجێئەمێنێت ١ژن؟١ ٨ ٣كوڕ ١كچ–س٨ مەسەلە لەهەشتە، چونكە هەریـەك خاوەن بەش هەیە كە ژنە، یەك بۆ ژنەكە، شەش بۆ كوڕەكان یەكی دوو، یەك بۆ كچەكە یان كەسێكی مرد لەدوای بەجێما ٤كچ؟٢ ٣ باپیرە؟١ ٦ برایـەكی

دایکی س٦ مەسەلە لەشەشە یەك بۆ باپیرە یەك بۆ برای دایکی چوار بۆ چوارکچەکان یەکی یەك.

(قۆناغی دووەم) لەو مەسەلەدا کە دروستت کردووە پێڕێك یان چەند پێڕێك هەن و ئەو بەشەی کە بۆیان دانراوە بەساغی بەسەریەکە یەکەی سەرانی ئەو پێڕەدا بەشناکرێت ناچاریت لەقۆناغی دووەمدا مەسەلەیان وەها بۆ دروست بکەیت کە میراتەکە بەسەریەکەیەکەی سەرانی هەموو پێڕەکانا بەساغی بەش بکرێت جا ئەو مەبەستەی کە پێویستە لەمەسەلە دروستکردن قۆناغی دووەمە.

بەڵێ کاتێك پێویستمان بەمەسەلە دروستکردنی مەسەلە ئەبێت کە مەسەلەکە پێڕێك یان چەند پێڕێکی تێدا بێت وەکو پێڕی ژن یان پێڕی نەنك یان پێڕی خوشك یان هی برایان یان کوڕی زۆریان کچی زۆر ببێت لەناو مەسەلەکەدا جا ئەگەر هەریەك پێڕ بوو یان چەند پێڕێك بوون، بەڵام هەر ژمارەی بەشی پێڕێکیان لەساغی بەش ئەکرا بەسەر ژمارەی سەری ئەو پێڕەدا ناچارین بەدوو جۆر مەسەلە دورست بکەین:

(جۆری یەکەم) ئەوەیە تەماشای ژمارەی سەرانی پێڕەکە ئەکەین و تەماشای ژمارەی بەشەکەیان ئەکەین.

ئەگەر ناهەمواربوون[1] ئەوە ژمارەی سەری پێڕەکە ئەدرێت لەمەسەلەکە کە هێشتا لێزیادکردنی تێدا نەکراوە یان ئەدرێت لەتەواوی مەسەلە

---

[1] ناهەموار واتا ئە ژمارەیە کە بەرامبەر بەیەکەوە رایان بگریت لەهیچ شتێکا لەیەك ناچن واتا ئەگەر ژمارەیەکیان بەش ئەکرا بەسەر دوودا ئەویتر بەشناکرێت ئەگەر یەکێکیان بەسەر سێدا بەش ئەکرا ئەویتر بەساغی بەشناکرێت بەسەر سێدا، لەهەرچەشنە ژمارەیەکدا وەکو یەك دەرنەچوون واتا یەکێکیان بەسەر ژمارەیەکدا بەش ئەکرا ئەویتر بەسەر ئەو ژمارەدا هەرگیز بەشنەئەکرا وەکو ٣و٤ ئەوەتا چوار بەشئەکرێت



لێزیادکراوەکە جا بەرهەمی ئەو لەیەکدانە گەیشت بەچەند هەر لەو ژمارەیەو لەو شوێنە هەرکەس بەشی خۆی بەجیاجیا پێ ئەگات.

(جۆری دووەم) ئەوەیە ئەگەر ژمارەی سەرەکان و بەشەکانی و ئەو پێڕە هاوتای یەکبوون لەنیودا یان لەسێیەکدا یان لەچواریەکدا یان لەهەر شتێکدا جا ئەگەر هاوتابوون لەنیودا ژمارەی نیوەی سەرەکان ئەدرێت لەمەسەلەکە کە لێزیادکرابوو ئەگینا ئەدرێت لەمەسەلە لێزیادنەکراوەکە ئەگەر هاوتابوون لەسێیەکدا ژمارەی سێیەکی سەرەکان ئەدرێت لەو مەسەلەو ئەدرێت لەلێزیادکراوەکە یان لەلێزیادنەکراوەکە هەروەها ئەگەر هاوتابوون[2] لەچواریەکدا چواریەکی سەرەکان ئەدرێت لەو مەسەلە.

وەکو وتمان جا بەرهەمی ئەو لەیەکدانە گەیشتە چەند لەو شوێنەدا مەسەلەکەیان بەسەردا بەشدەکرێت هەر کەس بەشی خۆی بەتەواوی دەستدەکەوێت.

(بۆ زانین) لێرەدا کە تەنیا باسی ناهەموارو هاوتامانکرد لەبەرئەوەیە کە چوونە ناویەکیش هەر بەهاوتا دانراوە وەهاو وێنەش مەبەستی ئێمە نییە لەم جێگەیەدا تاکو باسی بکەین.

---

بەسەر دوودا، بەڵام سێ بەساغی بەشناکرێت بەسەر دوودا بەو ژمارانە ئەڵێن ناهەموارو ٨ و ٥ ناهەموارن، چونکە هەشت بەش دەکرێت بەسەر چوارداو بەسەر دوودا، بەڵام پێنج بەساغی بەشناکرێت بەسەر چوارو دوودا.

[2] لەشوێنی خۆیدا باسی هاوتامان کردووە، بەڵام دووبارەی ئەکەینەوە هاوتا بەو دوو ژمارە ئەڵێن کە بەرامبەر یەك رایان بگرێت سەرنجیان بدەیت وەکو یەك نیویان سێیەك یان چواریەك یان شەش یەکیان تێدا بێت وەکو (٦و٤) هەردووکیان نیوی راستیان تێدا ئەبێت، یان وەکو (٩و٦) هەردووکیان سێیەکیان تێدا ئەبێت بەشیانکەی بەسەر (٣)دا بەش ئەکرێن، بەڵام (٨و٤) ئەتوانیت بڵێیت چوونە ناویەکن ئەتوانی بڵێیت هاوتان، چونکە بۆ هەردوولا ئەگونجێن.

جا لێرەدا بۆ ئەو دوو جۆرە مەسەلە کە نێوانی سەرەکان و بەشەکان ناهەموار بێت یان هاوتا بێت پێویستمان بەشەش وێنە هەیە بۆ تێگەیشتن دوو وێنە بۆ جۆری ناهەموارو چوار وێنە بۆ جۆری هاوتاییەکان ئەهێنینەوە:

وێنەی یەکەم: بۆ ناهەموار وەکو ئەوە پیاوێك مرد لەدوای بەجێما:

٣کچ⅔ ٣ دایك⅙ ٦ باوك⅙ ٦س١٨ — بەشی کچان ١٢ یەبەلێدانی٣×٤یەکی ٤

بەشی دایك ٣ یە بەلێدانی ١×٣= ٣

بەشی باوك ٣یە بە لێدانی ١×٣= ٣

بەش ١٢، ٣، ٣

لێرەدا لەهەوەڵەوە مەسەلە لەشەشە، چونکە جێگەی بەشی خاوەن بەشەکان شەشەو سێیە، سێ لەگەڵ شەشدا چوونەناویەکە، بەڵام کە چوار بۆ سێ کچ دابنرێت بەسەریاندا بەشناکرێت، چونکە بەشەکە چوارو سەرەکان سێی ناهەموارن بەیەکەوە ناچارسێماندا لەمەسەلەکە ٣×٦=١٨ لەهەژدە ١٢ وەبەر کچەکان کەوت دایك و باوکیش یەکی ٣یان وەبەرکەوت.

دووەم: هەروەکو ئەو وێنەیەی کە ژنێکیان لەگەڵابێت:

ژن⅛ ٣کچ⅔ ٣ دایك⅙ ٦ باوك⅙ ٦ — بەشی ژن ٩ بەلێدانی ٣×٣=٩

بەشی کچان ٤٨ بەلێدانی ١٦×٣=٤٨ یەکی ١٦

بەشی باوك ١٢ بەلێدانی ٤×٣=١٢

بەشی دایك ١٢ بەلێدانی ٤×٣=١٢

بەش ٩، ٤٨، ١٢، ١٢

مەسەلە لەهەوەڵەوە لەبیست و چوار بوو، چونکە جێگەی بەشەکان لەمەسەلەکەدا بریتین لەشەش و سێ و هەشت سێ و شەشە چونەناویەکن



هەشت لەگەڵ شەشدا هاوتان لەنیودا چوار کە نیوەی هەشتە دامان لەشەش مەسەلە چوو بۆ ٢٤ پێویست بەلێزیادکردن ببوو بە ٢٧ لە ٢٧ کچ ١٦یان بەرکەوت ١٦ بەسەر سێ سەرا بەش نەئەکرا سێ کە ژمارەی سەرەکان بوو دامان لەمەسەلەکە ٣×٢٧=٨١ هەشتاویەکمان بەسەر هەموویان بەش کرد هەرکەس بەشی خۆی بەساغی بەرکەوت وەکو لەخوار وێنەکەوە بەشەکان دیاری کراون[(1)]، وێنەی ناهەموار تەوا بوو نۆبە گەیشتە وێنەی هاوتا.

(لەهاوتادا) ئەگەر ژمارەی سەرەکان و بەشەکەیان هاوتابوون لەنیودا دووبارە پێویستمان بەدوو وێنە هەیە:

(یەکەم) وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما ٨کچ⅔ ٣ باوك⅙ ٦ دایك⅙ ٦ س٦ چووبۆ س١٢

بەشی کچان ٨ بەلێدانی ٤×٢=٨ یەکی یەك

بەشی باوك ٢ بەلێدانی ١×٢=٢

بەشی دایك ٢ بەلێدانی ١×٢=٢

بەش ٨ ٢ ٢

مەسەلە لەهەوەڵەوە لەشەش بوو، چونکە جێگەی بەشەکان هەر شەشەو سێیە ئەوانیش چوونەناویەکن، بەڵام چونکە کچەکان لەشەش چواریان وەبەرئەکەوت و خۆیان هەشت سەربوون چوار بەسەر هەشت سەرا بەساغی بەش نەئەکراو ژمارەی سەرەکان و بەشەکان هاوتای یەکن لەچواریەکدا چواریەکی سەرەکان دووە دامان لەمەسەلەکە ٢×٦=١٢ لەدوانزە هەر کەس بەشی خۆی بەرێکوپێکی وەبەرکەوت.

---

(١)

(دووەم) وەکو ئەوە ژنێك مرد لەدوای بەجێما

مێرد١?٤ باوك١?٦ دایك١?٦ ٦کچ٢?٣ س١٢ چوو بۆ س١٥

بەشی مێرد ٣ بوو بیدە لە سیٚ ٣×٣=٩

بەشی باوك ٢ بوو بیدە لە سیٚ ٢×٣=٦

بەشی دایك هەروەها ٢×٣=٦

بەشی کچان ٨ بوو ٨×٣=٢٤ یەکی چوار

بەش: ٩، ٦، ٦، ٢٤

لێرەدا مەسەلە لەهەوەڵەوە لە ١٢ بوو چونکە جێگەی بەشەکانی ناو مەسەلەکە بریتین لەشەش و سیٚ و چوار، شەش و سیٚ چوونەناویەکن چوار لەگەڵ شەشدا هاوتان لەنیودا نیوی شەش کەسێیە دامان لەچوار ٣×٤=١٢ بەڵام لە ١٢ هەموو بەکاشان دەرناهێنێت ناچاربووین لێمانزیادکرد بۆ ١٥ ئەمجارە کە بەشمانکرد بەسەریاندا کچەکان هەشتیان وەبەرکەوت خۆیان شەش بوون هەشت بەساغی بەسەریانا بەشناکرێت نێوانی سەرەکان و بەشەکان هاوتایی بوو واتە هاوتابوون لەنیودا نیوەی سەرەکان کەسیٚ یە دامان لەمەسەلەکە ٣×١٥=٤٥ چل و پێنجمان بەسەر هەموویانا بەشکرد ڕێکوپێك هەرکەس بەشی خۆی پێگەیشت ئەگەر هات و ژمارەی سەرەکان و بەشەکان هاوتابوون لەسیٚ یەك دا یەك وێنەمان هەیە وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما:

٢خوشکی دایکی١?٣ ١نەنك١?٦ ٩مام پشت

بەشی خوشکان دوو بدە لەسیٚ ٢×٣=٦ یەکی ٣

بەشی نەنك ١×٣=٣



بەشی مامەکان ٣×٣=٩ یەکی یەك

بەش ٦، ٣، ٩

لێرەدا مەسەلە لەهەوەڵەوە لەشەشە، چونکە جێگەی بەشەکان هەر شەشەو سێیە ئەوانیش چوونەناویەکن، بەڵام لەبەشکردنەکەدا نۆ مام سێیان وەبەرئەکەوێت بەشناکرێت بەسەر نۆسەردا نێوانیشیان هاوتاییە واتە هاوتان لەسێیەکدا سێیەکی سەرەکان کەسێیە دامان لەمەسەلەکە ٣×٦=١٨ لەهەژدە هەموو کەس بەشی خۆی پێدەدرێت بەتەواوی.

**(باسی ئەوە کە دوو پێڕیان زیاتر لەدوو پێڕ هەبوون لەناو مەسەلەیەکداو بەشی هیچیان بەسەر ژمارەی سەرەکانیاندا بەساغی بەشنەدەکرا)**

ئەگەر هەر مەسەلەیەك چەند پێڕی تێدابوو کە ژمارەی بەشەکانیان بەسەر ژمارەی سەرەکاندا بەش نەدەکرا بۆ دروستکردنی مەسەلەکەیان پێویست بەلەیەکدان هەیە، بەڵام لەپێش لەیەکدانەکەدا دوو سەرنج بدەین واتا دووجار تەماشا بکەین:

(سەرنجی یەکەم) تەماشای ژمارەی سەری پێڕەکان ئەکەین لەگەڵ بەشەکاندا ئەگەر هاوتای یەك بوون لەنیوەدا ژمارەی نیوەی سەرەکان دائەبەزێنین بۆ ریزێك لەخوار مەسەلەکەوە واتا لەخواری ئەو سیٚ هێڵە کە لەخوار مەسەلەکەوە راکێشراون و ئەگەر ژمارەی سەری پێڕەکان لەگەڵ بەشەکاندا هاوتابوون لەسێیەکدا سێیەکی سەرەکان دائەبەزێنین هاوتابوون لەچوار یەکدا چواریەکی سەرەکان دائەبەزێنین و ئەگەر ناهەمواربوون ژمارەی تەواوی سەرەکان دائەبەزێنین.

(سەرنجی دووەم) تەماشای ئەو ژمارە دابەزیوانە ئەکەین واتا دوو ژمارەی دابەزیو بەیەکەوە رایان ئەگرین ئەگەر هاو وێنە بوون بەیەکەوە یەکێك ئەگرین بەدەستەوە ئەویتر بەڕەڵا ئەکەین ئەگەر ژمارە نەمابوو لەدابەزیوەکان ئەوەی گرتومانە بەدەستەوە ئەیدەین لەمەسەلەکە ئەگەر ژمارەی دابەزیوی ترمابوو ئەوەی گرتومانە بەدەستەوە لەگەڵ ئەو ژمارەیەش بەیەکەوە رایان ئەگرین ئەگەر چوونە ناویەك بوون گەورەکەیان ئەگرین بەدەستەوە ئەگەر ژمارەی تر نەمابوو ئەیدەین لەمەسەلەکە ئەگەر مابوو لەگەڵ ئەویشدا رای ئەگرین ئەگەر هاوتابوون لەنیوەدا یان لەسێیەکدا یان لەچواریەکدا نیوەیان سێیەك یان چواریەکی یەکێکیان ئەدەین لەویتر بەرهەمی لەیەکدانەکە ئەگرین بەدەستەوە ئەگەر ژمارەی دابەزیوی تر نەمابوو ئەیدەین لەمەسەلەکە ئەگەرمابوو ئەوە بەرهەمی لەیەکدانەکە لەگەڵ ئەویشدا بەرامبەر یەك رایان ئەگرین ئەگەر بەیەکەوە ناهەمواربوون یەکێکیان ئەدەین لەتەواوی ئەویتر جا بەرهەمی ئەو لەیەکدانە ئەدەین لەمەسەلەکە جا لەدواین جاردا کە ئەوانەت ئەنجامدان مەسەلەکە بەش بکە بەسەر سەری هەموو پێڕەکاندا هەرکەس بەشی خۆی بەرئەکەوێت[1] جا هەروەکو لەسەرنجی دووەمدا کە ژمارە دابەزیوەکانمان بەرامبەر یەك راگرت و لەوەوە چوار نێوان پەیدا ئەبوو هاووێنەو هاوتاو چوونەناویەك و ناهەموارەو لەئەنجامی لەیەکدانی بەرهەمی نێوان ژمارە دابەزیوەکان

---

[1] دوایی ئەگەر بتەوێت بزانیت سەری هەر پێڕێ لەو مەسەلەدا چەندێکە بەشی هەر ئەو پێڕە لەمەسەلە هەوەڵەکەدا چەندە بیدە لەو ژمارە کە دووهەمجار داوتە لەمەسەلەکە ئەمجارە بەشی کە بەسەر ژمارەی سەری ئەو پێڕەدا هەرکەس بەشی خۆی بەتەواوی وەبەرئەکەوێت.



لەمەسەلەکە بەرهەمی تر پەیدا ئەبوو کە لەسەر ژمارەی ئەو بەرهەمە مەسەلەکە بەش ئەکرا پێویستی سەرشانمانە کە بۆ لێدانی بەرهەمی ئەو چوار نیوانە لەمەسەلەکە وێنە بهێنینەوە لای کەم بۆ هەر یەکێك لەو چوار نیوانە وێنەیەك تەواو بکەین، هەرچەندە بۆ هەریەکێك لەوانە دوو وێنە پێویستە، چونکە ئەمانە چوار شتن چوار لەیەکدانن مەسەلەکەش یان لێزیادکراوە یان لێزیادنەکراوە چوار دووجار بیدەیت لەیەك شت هەشت وێنە پەیدا ئەبێت، وێنە بۆ دوو ژمارە دابەزیوەکان کە هاووێنە بن و مەسەلەکەیان لێزیادکردنی تێدا نەکرابێت:

یەکەم: وەکو ئەوە کابرایەك مرد لەدوای بەجێما

٧کچ٢؟٣ ٧خوشی باوکی و دایکیپشت س٣ بەشی کچەکان ٢×٧=١٤ یەکی دوو
بەشی خوشکان ١×٧=٧ یەکی یەك

بەش ٢، ١

هاووێنە(٧) ٧×٣=٢١

لێرەدا ژمارەی سەرەکان و بەشەکان ناهەموارن ژمارەی سەرەکانمان هێناوەتە خوارەوەو هاووێنەشن یەکێکماندا لەمەسەلەکە ٧×٣=٢١ جا لەسێدا کچ چەندیان هەبوو بۆیان بدە لەو حەوتەی کە دات لەمەسەلەکە بۆ خوشکیش هەروەها.

ئەوەی بەڕاستی وەبەر میراتگرەکان ئەکەوێت لەهەموو شوێنێکدا لەخوار مەسەلەکەوە نووسیومانە بۆیان:

دووەم: لێزیادکردنی تێدا بێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما:

دایك١؟٦ ٦برای دایکی١؟٣ ١٢حوشکی باوکی ٢؟٣ س٧

بەشی دایك ١ بدە لە (٣) ١×٣=٣

بەشی برا ٢ بدە لە (٣) ٢×٣=٦ یەکی یەك

بەشی خوشکەکان ٤ بدە لە (٣) ٤×٣=١٢

بەش ١، ٢، ٤

هاووێنە(٣) ٣×٧=٢١

(ئەمجارە) وێنەیەك بۆ ژمارە دابەزیوەکان کە چوونەناویەکبن کە سێك مرد لەدوای بەجێما:

دایك١؟٦ ٨برای دایکی١؟٣ ٨خوشکی باوکی٢؟٣ س٦ چوو بۆ س٧

بەشی دایك ١بیدە لە (٤) ١×٤=٤

بەشی براکان ٢ بیدە لە (٤) ٢×٤=٨ یەکی یەك

بەشی خوشکان ٤ بیدە لە (٤) ٤×٤=١٦ یەکی دوو

بەش ١، ٢، ٤

چوونەناویەکە (١ ،٤، ٢) ٤×٧=٢٨

لێرەدا ژمارە دابەزیوەکان چوونەناویەکن زۆرەکەماندا لەمەسەلەکە

(وێنە بۆ ژمارە دابەزیوەکان کە هاوتابن) کەسێك مرد لەدوای بەجێما:

دایك١؟٦ ١٢برای دایکی١؟٣ ١٦ خوشکی باوکی٢؟٣ س٦ چوو بۆس٧

بەشی دایك ١بیدە لە (١٢) ١×١٢=١٢

بەشی براکان ٢ بیدە لە (١٢) ٢×١٢=٢٤ یەکی ٢

بەشی خوشکان ٤ بیدە لە (١٢) ٤×١٢=٤٨ یەکی ٣

بەش ١، ٢،٤

هاووێنەی (٤،٦) ٣×٤=١٢×٧=٨٤



لێرەدا ژمارە دابەزیوەکان هاوتان لەنیودا سێماندا لەچوار بوو بە ١٢ دوازدەشماندا لەمەسەلەکە بوو بە ٨٤.

وێنە بۆژمارە دابەزیوەکان کە (ناهەموارбن) کەسێك مرد لەدوای بەجێما:

دایك١؟٦ ٦برای دایکی١؟٣ ٨خوشکی باوکی٢؟٣ س٦ چوو بۆ س٧

بەشی دایك ١بیدە لە(٦) ١×٦=٦

بەشی برایان ٢×٦=١٢ یەکی دوو

بەشی خوشکان ٤×٦=٢٤ یەکی ٣

بەش ١، ٢، ٤

٣ ٢×٣=٦×٧=٤٢

لێرەدا ژمارە دابەزیوەکان ناهەموارن دامانن لەیەك بوو بەشەش شەشماندا لەمەسەلەکە بوو بە ٤٢ (ئەمجارە کە نێوانی سەرەکان و بەشەکان ناهەموار بێت)، بەڵام نێوانی ژمارە دابەزیوەکان لەگەڵ یەکتردا هاووێنە بێت یان چوونەناویەك بێت یان هاوتابێت یان ناهەموار بێت چوار وێنە پێویستە:

یەکەم: وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما:

٣کچ٢؟٣ ٣خوشکی باوکیپشت س٣ چوو بۆ س٩

بەشی کچان ٢×٣=٦

بەشی خوشکان ١×٣=٣ یەکی یەك

بەش ٢، ١

هاووێنە ٣ ٣×٣=٩

دووەم: کەسێك مرد لەدوای بەجێما:

٣کچ٢؟٣ ٦برای باوکی و دایکیپشت

**بەشی کچان ٢×٦=١٢ یەکی ٤**

**بەشی برایان ١×٦=٦ یەکی یەك**

**بەش ٢، ١**

**چوونەناویەك ٣ ٦×٣=١٨**

**سێیەم: کەسێك مرد لەدوای بەجێما:**

**٩کچ٢؟٣ ٦برای دایکی و باوکیپشت س٣چوو بۆ س٥٤**

**بەشی کچان ٢×١٨=٣٦ یەکی ٤**

**بەشی براکان ١×١٨=١٨ یەکی ٣**

**بەش ٢، ١**

**(٩، ٦) ٣×٦=١٨×٣=٥٤**

**چوارەم: کەسێك مرد لەدوای بەجێما:**

**٣کچ٢/٣ ٢برای دایکی و باوکی پشت س٣ چوو بۆ س١٨**

**بەشی کچان ٢×٦=١٢ یەکی ٤**

**بەشی براکان ١×٦=٦ یەکی ٣**

**بەش:٣، ٢**

**(٣) ٢×٣=٦×٣=١٨**

**ئەمجارە کە نێوانی ژمارەی سەری پێرێك لەگەڵ بەشەکانیان ناهەموار بێت، بەڵام هی پێرەکەی کە لەگەڵ لەشەکەدا هاوتا بێت و ژمارە دابەزیوەکانیش نێوانیان یان هاووێنە بێت یان چوونەناویەك بێت یان هاوتا بێت یان ناهەمواربێت پێویستمان بەچوار وێنەی تر ئەبێت:**

**یەکەم: کەسێك مرد لەدوای بەجێما:**



**٦کچ٢؟٣ ٣برای باوکی و دیکیپشت س٣ چوو بۆ س٩**

**بەشی کچان ٢×٣=٦ یەکی یەك**

**بەشی برایان ١×٣=٣ یەکی یەك**

**بەش: ٢، ١**

**هاووێنە ٣ ٣×٣=٩**

**دووەم: کەسێك مرد لەدوای بەجێما:**

**٤کچ٢؟٣ ٤برای دایکی و باوکیپشت س٣ چوو بۆ س١٢**

**بەشی کچان ٢×٤=٨ یەکی دوو**

**بەشی براکان ١×٤=٤ یەکی یەك**

**بەش ٢، ١**

**چوونەناویەکە ٢ ٤×٣=١٢**

**سێیەم: کەسێك مرد لەدوای بەجێما:**

**٨کچ٢؟٣ ٦برای دایکی و باوکیپشت س٣ چوو بۆ س٣٦**

**بەشی کچان ٢×١٢=٢٤ یەکی سێ**

**بەشی براکان ١×١٢=١٢ یەکی دوو**

**بەش ٢، ١**

**هاوتا (٤، ٦) ٢×٦=١٢×٣=٣٦**

**چوارەم: کەسێك مرد لەدوای بەجێما:**

**٤کچ٢؟٣ ٣برای باوکیپشت س٣ چوو بۆ س١٨**

**بەشی کچان٢×٦=١٢ یەکی سێ**

**بەشی براکان یەك بدە لە شەش ١×٦=٦ یەکی دوو**

بەش: ٢، ١

نەهەموار ٣×٢=٦×٣=١٨

وێنەیەك بۆ ئەو مەسەلانەی کەسێ پێڕی تیا بێت مەسەلەیەك دروست بکرێت بەشی هەموویان بەتەواوی بدرێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما:

٢ژن⁄١ ٨ ٦کچ⁄٢ ٣ ٣خوشکی دایکی و باوکیپشت س٢٤ چوو بۆ س١٤٤

بەشی ژن سێ بدە لە شەش ٣×٦=١٨ یەکی ٩

بەشی کچان ١٦ بدە لە (٦) ١٦×٦=٩٦ یەکی ١٦

بەشی خوشکان ٥ بدە لە(٦) ٥×٦=٣٠ یەکی ١٠

بەش: ٣، ١٦، ٥

٢ ٣ ٣×٢=٦×٢٤=١٤٤

وێنەیەك بۆ یەك مەسەلە کە چوار پێڕی تیا بێت و زیاتر لەچوار پێڕ لەهیچ مەسەلەیەکدا ناهێتەدی

وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما:

٢ژن⁄١ ٨ ٣کچ⁄٢ ٣ ٥خوشکی دایکی و باوکیپشت ٣نەنك١/٦ س٢٤

بەش: ٣، ١٦، ١، ٤

٢ ٣ ٥ ٤

بەشی ژنان ٣ بدە لە (٣٠) ٣×٣٠=٩٠ یەکی ٤٥ یان بەرئەکەوێت

بەشی کچان ١٦ بدە لە(٣٠) ١٦×٣٠=٤٨٠ یەکی ١٦٠ یان بەرئەکەوێت

بەشی خوشکان یەك بدە لە (٣٠) ١×٣٠=٣٠ یەکی ٦

بەشی نەك چوار بدە لە (٣٠) ٤×٣٠=١٢٠ یەکی ٤٠



لێرەدا لەژمارە دابەزیوەکان دوو ژمارە سێی تێدایە یەکیان فڕێدەو ئەوانیتر نێوانیان ناهەموارە دوو بدە لەسێ و ئەکاتە شەش شەش بدە لە پێنج ئەبێتە سی ٣٠ بدە لە ٢٤ مەسەلە ئەچێت بۆ ٧ بەشەکانمان لەخوار مەسەلەکەوە بۆ داناون.

**(باسی گەڕانەوە[1])**

گەڕانەوە بریتییە لەبەشکردنەوەی پاشماوەی ئەو مەسەلانە کە بەشی هەموو خاوەن بەشەکانی لێدەرکراوە شتێك ماوەتەوە ئەو شتە هەم دیسان بەش ئەکرێتەوە بەسەریاندا بۆ گەڕانەوە سێ مەرج هەیە:

یەکەم: میراتگرەکان هەموو خاوەن بەشی دیاریکراو بن ئەگەر هەموویان هێندێکیان پشت بوون گەڕانەوە نییە ئەو کاتە میراتەکە هەمووی یان پاشماوەکەی ئەدرێت بەو میراتگرە پشتانە.

دووەم: ئەبێت دوای بەش پێدانی خاوەن بەشەکان لەو مەسەلەدا پاشماوەیەك بمێنێتەوە ئەگەر نەمایەوە هیچ کارمان بەگەڕانەوە نییە.

سێیەم: ئەو پاشماوە کاتێك ئەگەڕێتەوە بۆ خاوەن بەشەکان کە خەزێنەی موسڵمانان بەیاسایەکی رێکو پێك و دادپەروەری نەچێت بەڕێوە ئەگینا ئەگەڕێتەوە بۆ خەزێنە، پێویستە ئەوەش بزانرێت کە بەناو خاوەن لەشەکاندا ژن و مێرد ببن یان نەبن پاشماوە هیچ بۆ ئەوان ناگەڕێتەوە.

[1] گەڕانەوە بریتییە لەدەستکاریکردن و کەمکرنەوەی ژمارە بەشی مەسەلەکەو گەورەکردنی قەوارەی ئەو بەشانەی کە دابوومان بەخاوەنەکانیان وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: دایك⁄١ ٦ کچێك ⁄١ ٢ کچی کوڕ⁄١ ٦ س٦ مەسەلە لەشەشە پێنج بەشمان دا بەخاوەن بەشەکان یەك مایەوە لەتمانکرد بەسەریاندا کەوابوو ئێستا پێنج بەشی گەورەمان دروستکردو ژمارەیەکمان لەبەشەکان کەمکردەوە.

گەڕانەوە پێویستی بەدروستکردنی مەسەلە هەیەو تاکو مەسەلە دروست نەکرێت نازانرێت پاشماوە چۆن ئەگەڕێتەوە بۆ خاوەن بەشەکان و نازانرێت کە هەر کەسە ئەبێ چەندی بۆ بگەڕێتەوە، جا زانایانی شەرع بۆ دروستکردنی مەسەلەکانی گەڕانەوە دوو ڕێگەیان داناوە ڕێگەی درێژو ڕێگەی کورت.

یەکەم: ڕێگە ئەوەیە ئەڵێین ئەبێ لەپێشەوە بەپێی بەشی خاوەن بەشەکان مەسەلە دورستبکرێت و بەشی خاوەن بەشەکانی لێ دەربکرێت و ئەبێ بزانرێت ئەو بەشانەی کە دەرکراون لەمەسەلەکە ژمارەیان چەندەو هەر خاوەن بەشێك چەند یەکێکی لەو ژمارە وەبەرکەوتووە جا ئەوەی کە ماوەتەوە لەمەسەلەکەداو ئەبێت بۆشیان بگەڕێتەوە بکرێت بەپارچەو بەشبکرێت بەسەر ژمارەی بەشە جیاکراوەکاندا تاکو هەر بەپێی ئەو بەشەی کە لەو ژمارە دەستی کەوتووەو لەو پارچانەش هەر بەوپێیە دەستی بکەوێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: ژنێك١?٨ کچێك١?٢ دایك١?٦ س٢٤ مەسەلە لەبیست و چوارە ٣ بۆ ژن ١٢ بۆ کچ ٤ بۆ دایك هەموو ئەو بەشانە گەیشتە (١٩) ئێستا پێنج ماوەتەوە ئەگەڕێتەوە بۆ دایك و کچەکە دایك و کچەکە بەهەردووکیان لە (٢٤) شانزەیان بەرکەوتبوو شانزە چواریەکی تیا هەیە واتە ئەگەر بەشی کەیت بەسەر چواردا چوار چواری لێدەرئەچێت جا لێرەدا بزانین دایك چەند چواریەکی شانزەی بەرکەوتووە کچیش چەند، دایك چوار یەکی شانزەی بەرکەوتووە کچ سێ چوار یەکی بەر کەوتووە کە (١٢)یە ئەو پێنجەی کە ماوەتەوە لەبیست و چوار ئەبێ بکرێت بەچوار بەش سێ چواریەکی لێ بدرێت بەکچ چوار یەکی لێ بدرێت



بەدایك جا ئەبێ بڵێین پێنج بەش ناکرێت بەسەر چواردا پێنج و چوار ناهەموارن بەیەکەوە ئەبێ چوار بدەیت لەبیست و چوار ٤×٢٤=٩٦ بەشی ژن (١٢) یە بەلێدانی ٣×٤، بەشی کچ (٤٨)ە بەلێدانی ١٢×٤، بەشی دایك (١٦)ە بەلێدانی ٤×٤، (٢٠) ماوەتەوە بۆ دایك و کچ ئەگەڕێتەوە چوار یەکی (٢٠) پێنجە بۆ دایك ئەگەڕێتەوە سێ چوار یەکی کە (١٥)یە بۆ کچ ئەگەڕێتەوە هەروەکو لە (٢٤) شانزەیان بەرکەوتبوو لەو شانزە چواریەکێکی هی دایك بوو سێ چوار یەکی هی کچ بوو ئەشتوانین لە (٦٩) بەشی ژن جیابکەینەوە کە (١٢)یە ٨٤ ئەمێنێتەوە بەشبکرێت بەسەر چوارداهەر بەشەی ئەبێتە (٢١)، سێ (٢١) بۆ کچ یەك (٢١) بۆ دایك ئەگەر بڵێت من ئەمەوێت ئەو مەسەلە کورت بکەمەوە وەکو مەڵی میراتەکە کەمتر دابنێم ئەبێ چی بکەم ئەوە بکە وەرە تەماشای بەشی خاوەن بەشەکان بکە بزانە لەچیدا وەکو یەك ئەچن بزانە لێرەدا (١٢) و (٦٣) و (٢١) کە بەشی خاوەن بەشی ئەم مەسەلەیەن لەچیدا وەکو یەکن توبلێ لەسێیەکا وەکو یەکن هەموویان وەکو یەك خاوەنی سێیەکن کە وابوو هەر ژمارەی سێیەکەکەیان لێبگرەوەو کۆی بکەرەوەو بڵێ مەسەلە لەئەوەندەیە جا زۆرچاك وردبەرەوە کە سێیەکی (١٢) چوارە، سێیەکی (٦٣) بیست و یەکەو سێیەکی (٢١) حەوتەو کەوابوو مەسەلە بەکورتکردنەوە لە (٣٢)ە چوار بۆ ژن (٢١) بۆ کچ (٧) بۆ دایك.

کەسێك مرد لەدوای بەجێما: دایك١?٦ کچێك١?٢ س٦

مەسەلە لەشەشە، چونکە دوو کەجێگەی نیوە بەشە لەگەڵ شەشا چوونە ناویەکەوە سێ بۆ کچ یەك بۆ دایك تەواوی بەشی دایك و کچ چوارە کە چواریەکی بۆ دایکەو سێ چواریەکی هی کچەکەیە دوو ماوەتەوە ئەبێ دایك

لەو دووە چواریەکە لەتێکی دەستبکەوێت کچیش سێ چوار یەکی دەست بکەوێت دووش بەساغی بەشناکرێت بەسەر چواردا جا کە بمانەوێت ئەو دووە بکرێت بەچوار لەت هەر ژمارەی چوارەکە بدە لەمەسەلەکە (٤×٦=٢٤) چواریەکی (٢٤) (٦)ە بیدە بەدایك سێ چواریەکی (١٨)یە بیدە بەکچ ئەتوانین بەجۆرێکی تر لێیان بەش بکەین (١٢) بدە بەکچ کەنیوەی بیست و چوارە (٤) بدەین لەدایك کە شەشیەکی بیست و چوارە (٨) ئەمێنێتەوە چوار یەکی هەشت دووە سێ چوار یەکی کە (٦)ە بیدە بەکچ یەك چواریەکی کە (٢)ە بیدە بەدایك جا ئەگەر بتەوێت مەسەلەکە کورت بکەیتەوە تەماشای بەشی دایك و کچەکە بکە ئاخۆ لەچیدا وەکو یەکن بڵێ (١٨) و (٦) لەشەش یەکا وەکو یەکن جا شەشیەکی هەر دوو بەشەکە بگرەو کۆی بکەرەوەو بزانە شەشیەکی شەشیەکەو هی هەژدە سێیە هەمووی ئەکاتە چوار یەك بۆ دایك کە چواریەکی هەموویە سێ بدە بەکچەکە کە سێ چوار یەکییەتی.

کەسێك مرد لەدوای بەجێما: ژن١؟٨ دایك١؟٦ کچ١؟٢ کچی کوڕ١؟٦ س٢٤

بەش: ٣، ٤، ١٢، ٤

لەبیست و چوار بەشمان بۆ خاوەن بەشەکان دانا لەخوار خۆیانەوە یەك مایەوە لەنێوانیاندا جا لێرەدا بێجگە لەبەشی ژن کە ئەو هیچی بۆ ناگەڕێتەوە بەشەکانی تر کۆ بکەرەوە ئەبێت بەبیست، (٢٠) بەشبکە بەسەر (٥)دا پێنج چواری پەیا ئەبێت جا تەماشا بکە بێجگە لەژن خاوەن بەشەکانیتر چەند یەکێکیان لەو بیستە وەبەرکەوتووە دایك (٤)ی بەرکەوتووە واتە پێنج یەکی وەبەرکەوتووە کچی کوڕ، هەروەها کچ (١٢)ی



بەرکەوتووە، واتە سێ پێنج یەکی وەبەرکەوتووە ئەو یەکەی کەماوەتەوە ئەبێ بکرێت بەپێنج بەش کچ سێ بەشی لێهەڵبگرێت دایك و کچی کوڕیش یەك بەشێکی لێ هەڵبگرن جاخۆ یەك بەساغی بەشناکرێت بەسەر پێنجدا جا ئەگەر پێتخۆشە یەك لەت بکەیت بەسەر پێنجدا هەر ژمارە پێنج بدە لەمەسەلەکە بەمراد ئەگەیت (٥×٢٤=١٢٠) ئەمجارە وەرە لێیان بەشبکە بەشی ژن جیابکەرەوە ئەویتر بەپێنج یەك بەسەریاندا بەشبکە هەشت یەکی ژن (١٥)یە جیامانکردەوە مایەوە (١٠٥) سەدو پێنج بکە بەپێنج بەش هەر بەشەی ئەبێت بە (٢١) ئێستا بەشی ژن (١٥)یە کە لەسەدو بیست جیاکراوەتەوە ئەمجارە سەدو پێنجەکەی کە ماوەتەوە بەشی ئەکەین بەسەر ئەوەکانی تردا بەگوێرەی ئەو بەشەی کە لەو بیستەی لەمەو پێش وەبەریان کەوتبوو لەمەو پێش وتمان دایك لە وبیستەی کە لەدوای بەشی ژنەکە ماوەتەوە پێنج یەکێکی وەبەرئەکەوێت کە چوار بەش بۆ ئێستاش لەو سەدو پێنجەی کە ماوەتەوە پێنج یەکی بۆ دائەنرێت کچی کوڕ هەروەها کچی مردووش لەو بیستەی پێشوو سێ پێنج یەکی وەبەرکەوتبوو کە ئەیکردە (١٢)ە لەم سەدو پێنجەش هەر سێ پێنج یەکی بۆدائەنرێت کەوابوو:

بەشی دایك (٢١)ە لە (١٠٥) کە وەبەری ئەکەوێت

بەشی کچی کوڕیش (٢١)ە لە (١٠٥)

بەشی کچ (٦٣)یە کە سێ پێنج یەکی (١٠٥)ە.

ئەگەر بتەوێت مەسەلەکە کورتبکەیتەوە تەماشای ئەم بەشە جیاکراوانە بکـە هـەمویان هاوتـای یـەکن لەسـێیەکدا سـێیەکەکانیان دەربهێنـەو کۆیانبکەرەوە لەشوێنێکا ئەبێت بە (٤٠):

بەشی ژن (٥)ە، بەشی دایک (٧)ە، بەشی کچی کوڕ (٧)ە، بەشی کچ (٢١)ە، وەبارێکی تردا ئەتوانی لەمەسەلە گەورەکە کە (١٢٠)ە بەشی هەموو خاوەن بەشەکان دەربهێنی دوای ئەوە پێنج ئەمێنێتەوە پێنج یەکێك بدە بەدایك پێنج یەکێك بدە بەکچی کوڕ سێ پێنج یەك بدە بەکچ.

(دووەم ڕێگە) لەو ڕێگایانەی کە زانایان بۆ گەڕانەوەی میرات دایان ناوە ڕێگەی کورتە جا ئەگەر بەو ڕێگە کورتەدا بڕۆین ئەبێ بووترێ مەسەلەکانی گەڕانەوە دوو جۆرن، چونکە خاوەن بەشەکان یان یەکێك لەژن و مێردیان لەناودایە یان ناهەر چەندە ژن و مێرد ببن یان نەبن هیچ بۆ ئەوان ناگەڕێتەوە.

(جۆری یەکەم): کە ژن و مێرد لەگەڵدا نییە خاوەن بەشی ناو مەسەلەکەیان یەك کەسە یان یەك پێڕە یان زۆرترە لەیەك پێڕ لێرەدا وێنە پەیا ئەبێت.

یەکەم: ئەوەیە خاوەن بەش هەر یەك کەسە لەمەسەلەکەدا ئەوترێ مەسەلە لەیەکەو هەموو میراتەکە بۆ ئەو خاوەن بەشەیەکە وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێئەمێنێت: یەك کچ یان یەك خوشك.

دووەم: ئەوەیە خاوەن بەش یەك پێڕە مەسەلە لەسەر ژمارەی سەری پێڕەکەیە وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: ٣خوشکی دایکی



مەسەلەکە لەسێیە یەکی یەکیان وەبەرئەکەوێت ٤کچ س٤ مەسەلە لەچواریەکی یەکیان وەبەرئەکەوێت.

سییەم: ئەوەیە خاوەن بەشەکان لەیەك پێڕ زۆترن ئەو کاتە مەسەلەکە لەسەر ژمارەی ئەو بەشانە دروست ئەکرێت کە خاوەن بەشەکان لەمەسەلەکە دەستیان ئەکەوێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: خوشکێکی دایکی و باوکی١/٢ خوشکی باوکی١/٦ خوشکێکی دایکی١/٦ س٥

بەش: ٣، ١، ١

لێرەدا مەسەلە لەشەشە، چونکە جێگەی بەشەکانی ناو مەسەلەکە بریتین لەدوو شەش دوو وەشەش چوونە ناویەکن هەر شەش ئەگرین بەدەستەوە (٣) بۆ خوشکی دایکی و باوکی ئەوانیتریش یەکی یەکیان وەبەرئەکەوێت، چونکە لەئەنجامدا ئەو یەکەش بۆ هەموویان ئەگەڕێتەوە مەسەلەکەیان بۆ کورت ئەکرێتەوە لەبەرئەوە ئەڵێین، چونکە بەشی هەموویان لەمەسەلەکەدا ئەکاتە پێنج ژمارەی مەسەلەکە لەهەوەڵەوە لەسەر پێنج ژمارە دروست ئەکرێت یەکێك لەو خوشکانە سێی وەبەرئەکەوێت ئەوانیتر یەکی یەك بەش ئەبەن یان کەسێك مرد لەدوای بەجێما: دایك١/٦ دووخوشکی دایکی١/٣ س٣ مەسەلە لە (٦)ە،

بەش: ١، ٢

چونکە جێگە بەشەکانی ناو مەسەلەکە (٦)ەو (٣)یە سێو شەش چوونە ناویەکن، بەڵام چونکە دایك شەشیەك ئەگرێ و خوشکەکان سێیەك ئەگرن بەشەکانیان کۆبکەرەوە هەمووی ئەکاتە سێ کوابوو لەئەوەڵەوە مەسەلە ئەگێڕینەوە بۆ سەر (٣) یەکی یەکیان پێ ئەدرێت.

جا لەم وێنەی سێهەمەدا کە خاوەن بەش لەیەك پێڕ زۆرترن ئەگەر گیروگرفت پەیدا بوو واتە بەشێك لەبەشەکان بەسەر ژمارەی پێڕەکەدا بەش نەئکرایەوە پێویستمان بەیاسای دروستکردنی مەسەلە ئەبێت واتە مەسەلەیەکی تر لەسەر ئەو مەسەلەوە دروست ئەکەین بۆئەوەی بەشکردنەکە بەهەموویان رابگات وەکو یەك وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: کچێك١؟٢ دووکچی کوڕ١؟٦ س٨ مەسەلە لەهەوەڵەوە لە (٦)ە، چونکە جێگە بەشەکان دووەو شەشەو چوونە ناویەکیشن جا (٣) بۆ کچ دائەنرێت یەك بۆ دووکچی کوڕ دائەنرێت، بەڵام یەك بەساغی بەسەر دوودا بەشناکرێت ژمارەی بەشەکەو ژمارەی سەرەکانیش کە دووە بەیەکەوە ناهەموارن ئەبێت دوو کە ژمارەی سەرەکانە بیدەین لەمەسەلەکە (٢×٦=١٢)، بەڵام مەسەلەکە ئەگێڕینەوە بۆ (٨)، چونکە لەدوازدە کچ شەشی بەرئەکەوێت دوو کچی کوڕ دوویان وەبەرئەکەوێت کۆیان بکەرەوە ئەبێت بەهەشت (٢) بۆ کچە کوڕەکان (٦) بۆ کچەکە.

ئەگەر کەسێك مرد لەدوای بەجێما: دایك١؟٦ سێ خوشکی دایکی١؟٣ س٩

بەش:٣، ٦

مەسەلە لەشەشە لەشەش خوشکەکان دوویان وەبەرئەکەوێت ئەوانیش سێ سەرن ژمارەی سەرەکەیان لەگەڵ بەشەکەیاندا ناهەموارن (٣) بدە لە (٦) (٣×٦=١٨) مەسەل چوو بۆ هەژدە، بەڵام چونکە لە (١٨) دایك (٣)ی وەبەرئەکەوێت و خوشکەکان شەشیان وەبەرئەکەوێت مەسەلەکە ئەگەڕێنینەوە بۆ (٩) (٣) بۆ دایم (٦) بۆ سێ خوشکەکە یەکی دوو.



جۆری دووەم: ئەوەیە کە یەکێك لەژن یان مێردیان لەگەڵدا بێت، ئەوانەی کە بەشیان بۆ ئەگەڕێتەوە هەریەك پێڕ بن ئەوە مەسەلە لەسەر جێگە بەشی ژن یان مێردەکە دروست ئەکرێت، بەشی مێرد یان ژن جیا ئەکرێتەوە، ئەوەی ئەمێنێتەوە بەسەر ژمارەی سەری پێڕەکەدا بەش ئەکرێت یان بەشناکرێت، لێرەدا دوو وێنە پەیدا ئەبێت:

یەکەم: ئەوەیە کە بەش ئەکرێت وەکو ئەوە:

کەسێك مرد لەدوای بەجێما: ژنێك (٣)خوشکی دایکی و باوکی س٤

مەسەلە لەچوارە یەك بۆ ژن سێ بۆ خوشکەکە یان:

کەسێك مرد لەدوای بەجێما: ژنێك ٧کچ س٨

مەسەلە لەهەشتە یەك بۆ ژن حەوتیش بۆ حەوت کچەکە.

دووەم: ئەوەیە کە بەشناکرێت، کەبەش نەکرا پێویستمان بەدروستکردنی مەسەلە ئەبێت و لێرەشدا دوو وێنە پەیدا ئەبێت، چونکە نێوانی ژمارەی ئەو بەشانەی کە ماونەتەوە لەدوای جیاکردنەوەی بەشی ژن یان مێرد لەگەڵ ژمارەی سەری ئەو پێڕە یان هاوتایە یان ناهەموارە، ئەگەر هاوتا بێت هاوتایی سەرەکان ئەدرێت لەمەسەلەکە ئەگەر ناهەموار بن ژمارەی سەرەکان ئەدرێت لەمەسەلەکە.

وێنەی یەکەم: وەکو ئەوە ژنێك مرد لەدوای بەجێما مێرد١؟٤ ٩کچ س١٢

بەش: ٣، ٩

مەسەلە لە (٤)ە، یەك بۆ مێرد مایەوە (٣) بەشناکرێت بەسەر (٩)دا ژمارەی ماوەکەو ژمارەی سەری کچەکان هاوتان لەسێیەکدا سێ یەکی سەری کچەکان ئەدرێت لەمەسەلەکەو ئەچێت بۆ (١٢) سێ بۆ مێرد (٩) بۆ

نۆکـچەکان یـەکی یـەك، جـا بۆیـە بەپێویـستمان زانـی لـەدوای وێنەکـەوە بنووسین مەسەلە لە (١٢)یە.

دووەم: وێنە، وەکو ئەوە ژنێك مرد لەدوای بەجێما: مێرد١؟ ٤ ١٠کچ س٤

بەش: (١٠، ٣٠)

مەسەلە لەچوارە یەك بۆ مێرد مایەوە سیٚ نێوانی سیٚ ژمارە بـەش و دە ژمـارە سـەری کـچەکان ناهـەموارە ژمـارەی سـەرەکان ئـەدرێت لەمەسـەلەکە ئەچێت بۆ (٤٠) دە بۆ مێرد (٣٠) بۆ دەکچەکان یەکی ٣.

جۆری دووەم: کە یەکێك لەژن و مێردیان لەگەڵدایە زۆرتربوون لەیەك پێڕ ئەوە مەسەلە هەر لەسەر جێگە بەشی ژن یان مێرد دائەنرێت، کە بەشمان بۆ ئـەوان جیـاکردەوە تەماشـای مایەوەکـە ئەکـەین ئەگـەر بەسـاغی بـەش کـرا بەسەر ئەو کۆمەڵە بەشـەی کە پێڕەکان لەمەسـەلە تایبەتییەکـەی خۆیـان کە ژن یـان مێـردی لەگەڵـدا نـەبێت بـەریان ئەکـەوت ئـەوە بەشـیان ئەکـەین بەسـەریانداو هەرکـەس بەبەشـی خـۆی ئەگات هیـچ نامێنێتـەوە لەنێوانیانـدا وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما:

ژنێك١؟ ٤ نەنك١؟ ٦ دوو خوشکی دایکی ١؟ ٣ س٤

بەش: ١، ١، ٢

لێرەدا مەسەلە لەسەر بەشی ژنەکەیە کە چوارەیەك بۆ ژن سیٚ مایەوە ئەو سێیە بەش ئەکرێت بەسەر بەشی نەنکو خوشکدا، چونکە ئەگەر ژن نەبوایـە مەسەلەی نەنك و خوشکەکان لەشەش ئەبوو خوشك دوویـان وەبەردەکەوت و نـەك یـەکی وەبەرئەکـەوت کـەوابوو سـیٚ بەشـبکەیت بەسـەر سـێدا یـەکی یەکیان وەبەر ئەکەوێت لێرەشدا ئەو سێیەی کە لەبەر بەشی ژنەکە ماوەتەوە



لێیان بەشبکە یـەکی یـەکیان پیٚ ئـەدرێت، بـەڵام ئەگـەر مایـەوە کـە بەسـاغی بەش نەئەکرا بەسەر ژمارەی بەشی پێڕەکاندا کە لەمەسەلە تایبەتییەکەیاندا دەستیان ئەکەوێت و هەموو کاتێکیش ئەو پاشماوەو ئەو بەشانە ناهەموارن بەیەکـەوە ئـەوا پێویـستیمان بەیاسـایەکی تایبـەتی تـازەکی هەیـە ئـەویش ئەوەیە:

یەکـەمجار: ئـەبێت لـەناو ئـەو مەسـەلەیەدا مەسـەلەیەکی تایبـەتی بـۆ پێڕەکانی تر لەبەشەکانی خۆیان دروستبکەین کە بەئەمیان ئەڵێن مەسەلەی دووەم لەمەسەلەی دووەمدا تەماشای ژمارەی بەشی هەموو پێڕەکان ئەکەین تێکڕا بەشی هەموویان ئەیانکردە چەند ژمارە ئەو ژمارە ئەدەین لەمەسەلە هەوەڵەکـەو کـە ئـەو لەیەکدانـە ئەنجامـدرا مەسـەلە هەوڵەکـە لـەو قۆناغـەی هەوەڵ ئەگوێزرێتەوە بۆ قۆناغێکی ترەوە گەورە ئەبێت و زۆر ئەبێت.

دووەمجار: کە بمانەوێت مەسەلەکە لەقۆناغی دووەمدا بەشبکەین بەسـەر هەموویاندا هەڵئەستین لەمەسەلە دووەمەکەدا بەشی هـەر کەسێك لەوانـەی کـە بەسـەریاندا ئەگەڕێتـەوە چـەندە چـەندی وەبەرکـەوتووە بـۆی ئـەدەین لـەپاشماوەی مەسـەلە هەوەڵەکـە ئـەڵێین ئـەوە بەشـی تۆیـە بیخـەرە ژێـر بـن هەنگڵت و برۆ، بەڵام بەشی ئەوانەی کە بەسەریاندا ناگەڕێتـەوە وەکو ژن و مێـرد لەمەسـەلە هەوەڵەکەدا چەندبووە بۆیـان ئـەدەین لەبنەچـەی مەسـەلەی دووەم ئەوانیش رێکوپێك بەبەشـی خۆیـان ئەگـەن، وەکو ئەوە کەسێك مـرد لەدوای بەجێما:

ژنێك١؟ ٨ دوو کچ٢؟ ٣ نەنکێك١؟ ٦ س٨ چوو بۆ س٤٠

مەسەلە لەهەشتە كە بەشی ژنماندا حەوت مایەوە ئەمجارە سەرنج بدە مەسەلەی تایبەتی ئەو دوو پێرە واتە دوو كچ و نەنكێك مەسەلەكەیان لەشەشە، بەڵام ژمارەی بەشەكانیان (٥)ە، نێوانی پێنج و حەوت كە پاشماوەكەیە ناهەموارە بەیەكەوە پێنجەكە بدە لە مەسەلەی ژنەكە ٥×٨=٤٠ لێرەدا بەشی ژن پێنجە بەلێدانی ١×٥=٥

بەشی دوو كچ (٢٨)ە بەبێدانی ٤×٧=٢٨

بەشی نەنك (٧)ە بەلێدانی ١×٧=٧

ئەمجارە ئەگەر بەشی هەموو پێرەكانمان دەرهێنا لەمەسەلەكەو ژمارەی بەشەكان بەسەر ژمارەی سەری پێرەكاندا بەش ئەكرا ئەوە باشەو لەوە باشتر نییە وەكو ئەو وێنەی كە ئێستا هێنامانەوەو ئەگەر بەش نەكرا دووبارە بەیاسای دروستكردنی مەسەلە هەرئەبێت بەسەریاندا بەشبكرێتو هەر كەس بێزیادو كەم بەبەشی خۆی بگات. وەكو ئەوە پیاوێك مرد لەدوای بەجێما: ژنێك ٤نەنك ٦خوشكی دایكی س٤ لەپێشەوە مەسەلەیەك دروست ئەكەین بۆ دەرهێنانی بەشی ئەو پێرانەی كە لەمەسەلەكەدان ئەڵێین مەسەلە لەچوارە یەك بۆ ژن سێ مایەوە لەو سێییەش یەك بۆ چوارنەنك دووش بۆ شەش خوشكەكان لێرەدا بۆئەوەی بەشی هەر پێرێك بەسەر ژمارەی سەری ئەو پێرانە دابەشبكرێت ئەبێ دووبارە مەسەلە دروست بكەین[1] وەكو

---

[1] دروستكردنی مەسەلە بەم شێوەیە ئەبێت، ئەبێت دوو سەرنج بدەین، (یەكەم) تەماشای ژمارەی بەشەكان و ژمارەی سەری پێرەكان بكەین ئەگەر هاوتابوون لەنیویان لەسێ یەكدا ئەبێ نیوەی ژمارەی سەرەكان یان سێ یەكی ژمارەی سەرەكان دابەزێنین بۆ خوارەوەی هێڵی سێیەم لەمەسەلەكە ئەگەر ناهەموار بوون تەواوی ژمارەی سەرەكان دائەبەزێنین (سەرنجی دووەم) تەماشای ئەو ژمارە دابەزیوانە ئەكەین واتە دوو ژمارەی دابەزیو بەیەكەوە رائەگەرین ئەگەر هاووێنە بوون بەیەكەوە یەكێك ئەگرین



لەمەوپێش دورستمانكرد، جابۆ ئەوەی بزانیت بەشی هەر كەسێك لەو مەسەلەدا چەندێكەو چەندی بەرئەكەوێت ئەوە زۆر چاك بزانە كە هەر پێرێك لەهەوەڵ مەسەلەدا ژمارەی بەشەكەی چەندە هەر ئەو ژمارەیە بدە لەو ژمارەكە دووەمجار دات لەهەوڵ مەسەلە جا بەرهەمی ئەو لێدانەی دوایی بەشبكەرەوە بەسەر ژمارەی سەری پێرەكەدا هەر كەس بەشی خۆی بەتەواوی بۆی دەردەچێت.

وەكو ئەو وێنەی كە ئێستا هانیمانەوە ژنێك١؟ ٤ ٤نەنك١؟ ٦ ٦خوشكی دیكی ١؟ ٣ س٤

بەش: ١، ١، ٢

٤ ٣

بەشی ژن ١×١٢=١٢

بەشی نەنك ١×١٢=١٢

بەشی خوشك ٢×١٢=٢٤

لێرەدا مەسەلەی هەوەڵ لەچوار یەك وەبەرچوار نەنك كەوتووەو دووش وەبەر شەش خوشك كەوتووە ژمارەی سەری نەنكەكان لەگەڵ بەشەكەیاندا

---

بەدەستەوە ئەویتر بەرەڵڵا ئەكەین ئەگەر ژمارە نەمابوو لەدابەزیوەكان ئەوەی گرتومانە بەدەستەوە ئەیدەین لەمەسەلەكە ئەگەر ژمارەی دابەزیوی تر مابوو ئەوەی گرتومانە بەدەستەوە لەگەڵ ئەو ژمارەش بەیەكەوە رایان ئەگرین ئەگەر چوونە ناویەكبوون گەورەكەیان ئەگرین بەدەستەوە ئەگەر ژمارەی تر نەمابوو ئەیدەین لەمەسەلەكە ئەگەر مابوو لەگەڵ ئەویشدا رای ئەگرین ئەگەر هاوتابوون لەنیودا یان لەسێ یەكدا یان لەچواریەكدا نیویان سێیەك یان چواریەكی یەكێكیان ئەدەین لەوەیتر بەرهەمی لێدانەكە ئەگرین بەدەستەوە ئەگەر ژمارە دابەزیوی تر نەمابوو ئەیدەین لەمەسەلەكە ئەگەر مابوو ئەوە بەرهەمی لێدانەكە لەگەڵ ئەویشا بەرامبەر ئەكەین ئەگەر بەیەكەوە ناهەمواربوون بەیەكەوە یەكێكیان ئەدەین لەتەواوی ئەویترو جابەرهەمی ئەو لەیەكدانە ئەدەین لەمەسەلەكە.

ناهەموارن ژمارەی سەرەكاننمان دابەزاند بۆ خوارەوە هەروەها ژمارەی سەری خوشكەكان لەگەڵ بەشەكەیاندا كە دووەهاوتان لەنیودا سێ كەنیوەی سەرەكانە دامانبەزاند بۆ خوارەوە تەماشای ژمارە دابەزیوەكان بكە ناهەموارن بەیەكەوە بیاندە لەیەك ٣×٤=١٢ بەرهەمی لێدانەكە كە (١٢)یە بیدە لەمەسەلە هەوەڵەكە ١٢×٤=٤٨ ئەمجارە مەسەلەكە بەشبكە بەسەریاندا هەر كەس بەبەشی خۆی ئەگات وەكو لای راستی مەسەلەكەوە بەشمان بۆ دانابوون

وێنەیەكی كە:

٤ژن\؟٨ یەك كچ\؟٢ پێنج كچی كوڕ\؟٦ دوونەنك\؟٦ س٨

بەش: ٥، ٢١، ٧، ٧

٤ ١ ٥ ٢

مەسەلە لەهەشتە چوو بۆ چل لەچلەوە مەسەلە ئەچێت بۆ (٨٠٠) لێرەدا ئێمە چیمانكردووە مەسەلەكەمان لەهەشت دروستكرد بەشی ژنەكانمان جیاكردەوە حەوت مایەوە ئەمجارە مەسەلەیەكی تیابەتیمان بۆ پێرەكانی تر دروستكرد كە شەشە كچ لەشەش سێی دەسكەوت كچانی كوڕ یەك نەنك یەك هەمووی ئەبوو بەپێنج ئەمجارە تەماشامانكرد ئەو حەوتەی كە لەبەربەشی ژنەكان مابووەوە بەشناكرێت بەسەر ئەو پێنج بەشەدا حەوت و پێنج بەیەكەوە ناهەموارن ئەبێت پێنجەكە بدرێت لەمەسەلەكە كە هەشتە ٥×٨=٤٠ ئەمجارە هاتین ئەو چلەمان بەسەرا بەشكردن ژنەكان لەهەشت یەكیان وەبەركەوتبوو دامان لەو پێنجەی كە پێرەكانی تر لەو مەسەلە تایبەتییەی خۆیان دەستیان كەوتبوو لەخوار خۆیانەوە بۆمان دانان بەشی



كچ لەمەسەلەی خۆیدا سێ بو بۆماندانان لەپاشماوەی بەشی ژنەكان كە حەوت بوو لەخوار خۆیانەوە بۆماندانان بەشی كچانی كوڕ یەك بوو هەر دامان لەحەوت لەخوار خۆیانەوە بۆماندانان هی نەنكەكان هەر یەكمان بۆ دان لەحەوت لەخوار خۆیانەوە بۆماندانان ئەمجارە ژمارەی بەشەكان بەسەر ژمارەی سەری پێرەكاندا بەش نەئەكرا هاتین بەیاسای مەسەلە دروستكردن ژمارەی سەرەكان و ژمارەی بەشەكانمان بەیەكەوە راگرت هەموویان ناهەموار بوون بەیەكەوە جا هەر وەكو لەمەوپێش باسی ئەوەمانكردووە كە سەرەكان لەگەڵ ژمارە بەشەكانیاندا ناهەمواربوون ئەبێ ژمارەی سەرەكان دابەزێنین بۆ خوار هێڵی سێهەمەوە هەموومان دابەزاندن دوایی تەماشای ژمارە دابەزیوەكانمانكرد (٢) لەگەڵ (٤) دا چوونە ناویەكن چوارمان گرت بەدەستەوە چوارمان بەرامبەر كرد لەگەڵ یەكدا ناهەموار بوون بەیەكەوە لەیەكماندان هەر بوو بەچوار دووبارە چوارمان لەگەڵ پێنجدا بەرامبەركرد ناهەمواربوون لەیەكماندان بوو بە(٢٠) بیستیشمان دا لە چل بوو بە (٨٠٠) لەدوایین كاتدا بەشی هەموویانمان دەست نیشان كرد وەكو ئەوە بەشی ژن پێنجە دامان لە (٢٠) ٥×٢٠=١٠٠ یەكی (٢٥)

بەشی كچ ٢١×٢٠=٤٢٠

بەشی كچی كوڕ ٧×٢٠=١٤٠ یەكی (٢٨)

بەشی نەنك ٧×٢٠=١٤٠

وێنەیەكی كە:

كەسێك مرد لەدوای بەجێما: ٤ژن١?٤ ٤برای دایكی١?٣ ٥خوشكی دایكی و باوكی٢?٣ ٢نەنك١?٦س٥٦٠

بەش: ٧، ٦، ١٢، ٣

٤ ٢ ٥ ٢

لێرەدا چیمانكرد مەسەلەمان برد بۆ (٥٦٠)، چونكە مەسەلەی هەوەڵ لەچوار بوو بەشی ژنمان جیاكردەوە مایەوە سێی ئەمجارە پێڕەكانیتر مەسەلەیەكی تایبەتیمان دروستكرد ئەو مەسەلە لەشەش بوو لێمانزیاد كرد چوو بۆ حەوت بەشی ئەو پێڕانە لەمەسەلە تایبەتییەكەدا حەوت بوو ئەو سێیەی كە مابووەوە بەسەر ئەو حەوت بەشانەدا بەش نەدەكرا حەوتەكەماندا لەچوار ٧×٤=٢٨ لێرەدا ژن (٧)و برای دایكی (٦)و خوشكی دایكی (١٢)و نەنك (٣)یان وەبەركەوت ئەمجارە ژمارە دابەزیوەكانمان بەرامبەر یەك كرد دوویان هاووێنە بوو یەكێكیانمان فڕێدا مایەوە (٤) و (٢) و (٥) پێنج و دوو ناهەموارن پێنجماندا لە دوو ٥×٢=١٠ دوو وە چوار هاوتان لەنیودا دووماندا لە دە ٢×١٠=٢٠ بیستماندا لەبیست و هەشتدا ٢٠×٢٨=٥٦٠ بۆ دۆزینەوەی بەشی سەربەخۆی هەر كەسێك لەو پێڕانەدا بەشی پێڕەكەماندا لەبیستەكەو بەشمانكرد بەسەر ژمارەی پێڕەكەدا هەركەس بەشی خۆی دەستكەوت.

بەشی ژن ٧×٢٠=١٤٠ یەكی (٣٥)

بەشی برا ٦×٢٠=١٢٠ یەكی (٣٠)

بەشی خوشكان ١٢×٢٠=٢٤٠ یەكی (٤٨)

بەشی نەنك ٣×٢٠=٦٠ یەكی (٣٠)



**باسی میراتگرتنی باوك:**

باوك بەسێ جۆر میرات لەمردووەكەی خۆی ئەگرێت

یەكەم: هەر بەبەش ئەیگرێ بەشەكەش هەر شەشییەكە جا ئەگەر مردووەكە منداڵی نێری میراتگری لەدوا بەجێمابوو وەكو كوڕ یان كوڕی كوڕ بەرەو خوارتریش باوك شەشیەك ئەگرێت ئەوەی مایەوە ئەدرێت بەكوڕەكەی یان ئەدرێت بەكوڕی كوڕەكەی كە زۆریش بڕوات بەرەو خوار.

دووەم: هەر بەپشت هەموو میراتەكە ئەگرێت كە مردووەكە هیچ منداڵ یان منداڵی میراتگری نەبێت وەكەسی تریش نەبێت یان ئەوەی كە لەبەرخاوەن بەشەكان ئەمێنێتەوە بەپشت ئەیگرێت كە مردووەكەی مناڵی میراتگری خۆی نەبێت، بەڵام میراتگری خاوەن بەشی تری ببێت وەكو ژن یان مێرد لەدوای بەشی ئەمانە چی مایەوە باوك بەپشت ئەیگرێت و ئەگەر مردووەكە منداڵی یان منداڵی منداڵی نەبوو هەر خاوەن بەشی تری بوو لەگەڵ پشتی ترا وەكو برا یان مام باوك ئەو پشتانە بێبەش ئەكات، چونكە لەپێش ئەوانەوە لەلایەنی پشتدا هەرچی لەبەشی خۆی و خاوەن بەشەكانی تر مایەوە ئەیگرێ.

سێیەم: بە بەشیش و بەپشتیش ئەیگرێت ئەگەر كچی مردووەكەی یان كچی كوڕی مردووەكەی لەگەڵدا بێت ئەگەر وەها بوو باوك بەشی خۆی ئەگرێت و ئەوانیش بەشی خۆیان ئەگرن و ئەوەی كە مایەوە باوك بەپشت ئەویش ئەگرێت وەكو ئەوە كەسێك مرد بەدوای بەجێما: باوك١?٦ دوو كچ٢?٣

س٦

بەش: ٢، ٤

مەسەلە لەشەشە بەشی کچەکان چوارە کە دوو سێیەکی شەشە بەشی باوك دووە یەکێکیان شەشیەکی خۆیەتی یەکێکیان بەپشت بۆی ئەگەڕێتەوە.

ژنێك مرد لەدوای بەجێما: کچێك١/٢ باوك١/٦ دووکچی کوڕ١/٦ س٦ چوو بۆ س١٢

بەش: ٦، ٤، ٢

مەسەلە لەشەش بو، بەڵام چوو بۆ ١٢، چونکە کچە کوڕەکان لەشەش یەکیان دەستکەوتبوو یەك بەساغی بەشناکرێت بەسەر دوودا دوو و یەك ناهەموارن بەیەکەوە دوو کە ژمارەی سەرەکانە ئەدرێت لەمەسەلەکە ٢×٦=١٢ لێرەدا شەش بۆ کچەکە دوو بۆ باوکەکە دوو بۆ کچە کوڕەکان دوو ئەمێنێتەوە باوك بەپشت ئەویش ئەبات بۆ خۆی.

**باسی میراتگرتنی باپیرە لەهەندێك شوێن:**

مەبەست لەباپیرە هەر ئەو باپیرەیە کە بەپیاو ئەگاتەوە بەمردووەکە باپیرەیەك کە ژن کەوتبێتە نێوان ئەوو مردووەکە میراتگری خاوەن بەش نییەو پشتیش نییە، بەڵکو خزمی سکییە وەکو باوکی دایکی باوکی مردووەکە، یان باوکی دایکی مردووەکە جا ئەو باپیرەی کە هەر بەپیاو ئەگاتەوە بەمردوو لەبەشدا هەر شەشیەکی هەیە هەرکات مردووەکە باوکی نەمابوو باپیرەی مابوو باپیرە لەجێگەی باوکی دائەنیشێ و وەکو باوك بەسێ جۆر میرات لەمردووەکەی ئەگرێت.



یەکەم: هەر بەبەش ئەیگرێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە ٥کوڕ یان کوڕی کوڕ، لێرەدا مەسەلە لەشەشە باپیرە شەشیەکی خۆی ئەگرێت و ئەویتر بۆ کوڕەکان یان بۆ کوڕی کوڕەکان.

دووەم: هەر بەپشت ئەیگرێت وەکو ئەوە کەسێك مرد منداڵی میراتگری نەبوو و کەسی تریشی نەبوو باپیرە بەپشت هەموو میراتەکەی ئەگرێت.

سێیەم: بەبەشیش و بەپشتیش ئەیگرێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: کچێك١/٢ باپیرە١/٦، مەسەلە لەشەشە سێ بۆ کچ یەك بۆ پایرە دوو ئەمێنێتەوە باپیرە ئەویش بەپشت ئەگرێت، بەڵام چەند جێگەی تر هەیە باپیرە ناتوانێ لەوجێگەیاندا لەجێگەی باوك دابنیشێت.

یەکەم: ئەوەیە ئەگەر باوك لەگەڵ خوشك و برای دایکی و باوکی یان خوشك و برای باوکی ئەو مردووەدا کۆبووەوە بێبەشیان ئەکات وەکو لەباسی بێبەشکردنا باسی لێوەکراوە، بەڵام لەو جێگەیەدا باپیرە بێبەشیان ناکات بەڵکو ماڵی مردووەکەیان لەگەڵدا باش ئەکات وەکو لەمەودوا باسی ئەکەین.

دووەم: باوکی ئەو مردووە دایکی خۆی بێبەش ئەکات لەمیراتی ئەو مردووە وەکو لەباسی بێبەشکردندا وتراو نەنکی مردوو لەلایەن باوکەوە هەر بەباوك بێبەش ئەبێت، بەڵام کە باپیرە لەجێگەی باوکی مردوو دانیشێت و دایکی باوکی مردووەکە مابوو باپیرە بێبەش ناکات، چونکە ئەبێت بەژنی خۆی کە سیش ژنی خۆی بێبەش ناکات نەنك شەشیەکی خۆی هەر ئەگرێ کە لەگەڵ باپیرەدا بێت، بەڵام باوك و باپیرەی مردووەکە هەر دووکیان دایکی خۆیان لەمیراتی ئەو مردووە بێبەش ئەکەن.

سێیەم: ئەوەیە باوك جیا ئەبێتەوە لەباپیرە لەدوو مەسەلەی عومەرییە تەین و عەڕاوەتەین واتە ئەو دوو مەسەلانەی کە ئیمامی عومەر (د) بەشی کردوون بەسەر میراتگرەکانداو کەس رەخنەی لێنەگرتووە لەو دوو مەسەلەدا سێیەکی پاشماوەی داوە بەدایك لەباتی سێیەکی ماڵ وەکو ئەوە کە ژنی مردووەکە کۆئەبێتەوە لەگەڵ دایکی و باوکی مردووەکەدا کە مێرد ئەمرێت لەدوای بەجێ ئەمێنێت ژن١?٤ باوك پشت دایکی١?٣ پاشماوە س١٢ مەسەلە لە ١٢یە سێ بۆ ژن نۆمایەوە بیکە بەسێ بەش دوو بەشی بۆ باوك کە شەشە یەك بەشی بۆ دایك کە سێیە.

یان مێرد کۆئەبێتەوە لەگەڵ ژن و دایکی و باوکی مردووەکەدا وەکو ئەوە ژن ئەمرێت لەدوای بەجێئەمێنێت مێرد١?٢ باوکی، دایکی١?٣ پاشماوە س٦ مەسەلە لەشەشە سێ بۆ مێرد سێ مایەوە لەو سێیە دوو بۆ باوك یەك بۆ دایك ئەو بەشکردنە بۆیە وەهاکراوە تاکو باوك کە نێرە دوو هێندەی مێ کە دایکە بەری بکەوێت، بەڵام لێرەدا کە باپیرە لەجێگەی باوك بێت ئەوکارەی پێ ناکرێت بەڵکو دایك لەگەڵ باپیرەی مردووەکەدا سێیەکی هەموو ماڵەکە ئەگرێت.

**باسی بەشکردنی میرات لەنێوان باپیرەو براو خوشکدا:**

لەم باسەدا چەند یاسایەکی جۆراو جۆر هەن بۆ رێکوپێکی ئەم بەشکردنەو هەر لەم باسەدا تادوایی یەکە یەکەی یاساکان بەدوای یەکتردا ئەیانهێنینەکایەوەو درێژە بەباسەکەیان ئەدەین.

یاسای یەکەم:



ئەوەیە، هەرکاتێك باپیرە لەگەڵ براو خوشکی باوکی و دایکیدا یان لەگەڵ براو خوشکی باوکیدا کۆبووەوەو خاوەن بەشی تر نەبوو باپیرە لەسێیەکی ئەو میراتەو لەبرا بەشی لەگەڵ براو خوشکەکاندا کامەیان زۆرترە ئەو یان هەڵئەگرێت ئەوەش ئاشکرایە کە لەکاتی برا بەشیدا برایەك بەدوو خوشك ئەژمێردرێت و باپیرەش هەروەها.

جا بۆ دەرکەوتنی بەشی قازانج لەسێ یەك و لەبرابەشی بۆ باپیرە لەم یاسایەدا سێ جێگە هەیە:

جێگەی یەکەم: ئەوەیە کە برابەشی بۆ باپیرە باشترە لەسێ یەکی ماڵ کە سەری براو خوشکەکان کۆبکەیتەوە کە متربن لەدوو هێندەی سەری باپیرە وەکو ئەم پێنج وێنەیە:

یەکەم: باپیرە لەگەڵ برایەکدا

دووەم: باپیرە لەگەڵ خوشکێکدا

سێیەم: باپیرە لەگەڵ دوو خوشکدا

چوارەم: باپیرە لەگەڵ سێ خوشکدا

پێنجەم: باپیرە لەگەڵ براو خوشکێکدا

لێرەدا کەسەری براو خوشکەکان بەرامبەر بکەیت لەگەڵ سەری باپیرە لەهیچ وێنەیەکدا ژمارەیان ناگاتە دوو هێندەی سەری باپیرە لەیەکەم وێنەدا میراتەکە ئەکرێت بەدوو بەش یەکی یەکیان وەبەردەکەوێت لەدووەمدا ئەکرێت بەسێ بەش باپیرە دووی وەبەرئەکەوێت لەسێیەمدا ئەکرێت بەچوار بەش باپیرە دووی وەبەرئەکەوێت خوشکەکان یەکی یەکیان وەبەرئەکەوێت لەچوارەمدا ئەکرێت بەپێنج بەش باپیرە دووی وەبەرئەکەوێت خوشکەکان

یەکی یەکیان وەبەرئەکەوێت لەپێنجەمیشدا ئەکرێت بەپێنج بەش باپیرە دووی وەبەرئەکەوێت براکەشی دووی وەبەرئەکەوێت خوشك یەکی وەبەرئەکەوێت[(١)].

جێگەی دووەم: ئەوەیە کە سیٚ یەك بۆ باپیرە باشترەو قازانجی زۆرترە لەبرابەشی کە سەری براو خوشکەکان کۆ بکەیتەوە زۆرترین لەدوو هێندەی سەری باپیرە وێنە بۆ ئەم جێگەیە زۆرە بەڵام سیٚ وێنە لەتوانای ئێمەدا هەیە ئەیهێنینەوە:

یەکەم: باپیرە لەگەڵ پێنج خوشکدا

دووەم: باپیرە لەگەڵ دوو براو خوشکێکدا

سێیەم باپیرە لەگەڵ سیٚ خوشکدا

مەسەلەی هەوەڵ لەسێیە، چونکە سیٚ یەك بۆ باپیرە قازانجە یەك بۆ باپیرە دوو بۆ خوشکەکان، چونکە دوو بەشناکرێت بەسەر پێنج سەرا ژمارەی بەشەکە کە دووە لەگەڵ ژمارەی پێنجدا ناهەموار ژمارەی سەرەکان ئەدەین لەمەسەلەکە ٥×٣=١٥ پێنج بۆ باپیرە دووش بۆ خوشکەکان یەکی دوویان وەبەرئەکەوێت، مەسەلەی دووەمیش لەسێیە یەك بۆ باپیرە دوومایەوە بەشناکرێت بەسەر پێنجدا نێوانیان ناهەموارە پێنج بدە

(١) بۆ تاقیکردنەوەی ئەوە کە برابەشی لە سیٚ یەکی ماڵ باشترە بۆ باپیرە ژمارەی سیٚ کە جێگە بەشی سێیەکی باپیرەیە بیدە لەو مەسەلانەی کە میراتەکەت لیٚ بەشکردوون، بۆنموونە وەکو وێنەی چوارەم باپیرە لەگەڵ سیٚ خوشکدا مەسەلەکەیان لەپێنجە سیٚ بدە لەپێنج ئەچێت بۆ پازدە ئەگەر سێیەکی پازدە بۆ باپیرە دابنێت پێنجی وەبەرئەکەوێت، بەڵام ئەگەر برا بەشی لەگەڵ خوشکەکاندا بکات لەپانزدە شەشی وەبەرئەکەوێت دەرکەوت کە برابەشییەکەی باشتر بو لەسیٚ یەکی مەسەلەکە ئەتوانیت لەهەموو وێنەکاندا هەر ئەو تاقیکردنەوەیە بکەیت...



لەمەسەلەکە ٥×٣=١٥ پێنج بۆ باپیرە دوومایەوە دوو برایەکی چوار هەڵ ئەگرن خوشك دووی وەبەرئەکەوێت، سێیەمیش هەروەها لەسێیەو ئەچێت بۆ پانزە پێنج بۆ باپیرە[(١)] دە بۆ سیٚ خوشك و براکە ئەمێنێتەوە براکە چواری وەبەرئەکەوێت خوشکەکان یەکی دوویان وەبەرئەکەوێت.

جێگەی سێیەم: ئەوەیە کە سێیەك میراتەکەو برابەشییەکە هەردووکیان وەکو یەکن ئەویش سیٚ وێنەی هەیە:

یەکەم: باپیرە لەگەڵ دووبرادا

دووەم: باپیرە لەگەڵ چوار خوشکدا

سێیەم: وەکو باپیرە لەگەڵ برایەك و دوو خوشکدا

لێرەدا سەری براو خوشکەکان لەدوو هێندەی سەری باپیرە نەزیاترن نەکەمترن وەکو یەکن وێنەی هەوڵ مەسەلەکەی لەسێیە باپیرەش یەك هەڵبگرێت و برابەشیان لەگەڵکدا بکات هەریەکێکی وەبەرئەکەوێت وێنەی دووەمیش هەروەهایە سیٚ یەك بەش بکەیت و برا بەشی بکەیت

(١) بۆ زانین: لێرەدا چۆن دەرئەکەوێت کە سێیەك بۆ باپیرە زۆرترە لەبرابەشی بەوەدەرئەکەوێت کە مەسەلەکان لەسەر باری برابەشی دروستبکەیت وەکو ئەوە بڵێت یەکەم مەسەلە لەحەوتە، چونکە خوشکەکان پێنجن باپیرەش بەدوو سەر دائەنرێت لەحەوت باپیرە دووی وەبەرئەکەوێت بەبرابەشی، بەڵام کە سیٚ یەکی مەسەلە هەڵبگریت لەشەشدا دووی وەبەرئەکەوێت لەحەوت بەشیشدا شتێکی وەبەرئەکەوێت جابۆ ئەوەی هەموو شتێکت بۆ روون ببێتەوە دەستبکەرەوە بەتاقیکردنەوەی کە لەمەوپێش باسمانکردووە واتە سیٚ بدە لە مەسەلەکە ٣×٧=٢١ باپیرە کەسێیەکی مەسەلە هەڵبگرێت حەوتی وەبەرئەکەوێت، بەڵام کەبرابەشی بکات شەشی وەبەرئەکەوێت، چونکە (٢١) بەشبکە بەسەر حەوتدا واتە بەسەر حەوت کەسدا یەکی سیٚ یان وەبەرئەکەوێت و لەبەرئەوە باپیرە بەدوو سەردا ئەنرێت شەشی وەبەرئەکەوێت خوشکەکان یەکی سیٚ یان وەبەرئەکەوێت لەهەموو وێنەکاندا ئەم تاقیکردنەوە بەکاربهێنە راستییەکەت بۆ دەردەکەوێت.

مەسـەلە هـەر ئەچـێت بـۆ شـەش بـاپیرە سـێ یـەك هـەڵبگرێت کـە دووەو برابەشـیان لەگەڵـدا بکـات هـەردووی وەبەرئەکـەوێت وێنـەی سـێیەمیش هەروەها.

یاسای دووەم: ئەوەیە کە ئەگەر خاوەن بەشی تریان لەگەڵدا بوون وەکو کچی مردووەکە یان کچی کوڕی بەرەو خوارتریش و وەکو دایك نەنك یان ژن یـان مێـرد و ناشـگونجێ خـاوەن بـەش لەمانـە زیـاتر لەگـەڵ بـاپیرەو بـراو خوشـکدا کۆببنـەوە جـا هـەرکات بـاپیرە لەگـەڵ ئـەو خـاوەن بەشـانەدا کۆبووەوەو براو خوشکیشی لەگەڵدا بوو بەدوو جۆر بەشی بۆ دائەنرێت یان هەر شەشیەك ئەگرێت و بەس یان سەرپشکە لەشەشیەکی هەموو میراتەکەو لەسێ یەکی پاشماوەی خاوەن بەشەکان و لەبرا بەشی کردن لەگەڵ خوشك و براکاندا.

جۆری یەکەم: باپیرە هەر شەشیەك ئەگرێت و هیچی تر ئەگەر کۆبووەوە لەگەڵ ئەو خاوەن بەشانەی کە ئەگونجێن لەگەڵیاندا کۆببنەوە جا لەدوای بەشکردنی مەسـەلەکە بەسـەریاندا یـان زیـاتر لەشەشـیەکی ئـەو مەسـەلە نامێنێتـەوە، بـەڵکو هـەر شەشـیەك ئەمێنێتـەوە یـان لەشەشـیەك کـەمتر ئەمێنێتـەوە ئەگـەر شەشـیەکی تـەواو بمێنێتـەوە ئـەدرێت بـەباپیرە وەقـرەی لێـوە ناهێـت و ئەگـەر کـەمتر لەشەشـیەك بمێنێتـەوە ئـەبێ ئـەو کەمـەی بـۆ زیادبکرێـت لەسـەر مەسـەلە تـاکو بەشەشـیەکی خـۆی بگـات، لێـرەدا پێویستمان بەسێ وێنە هەیە.

وێنـەی یەکـەم: کـە شەشـیەك ئەمێنێتـەوە وەکـو ئـەوە کەسـێك ئـەمرێ لەدوای بەجێ ئەمێنێت:



دوو کچ۲؟۳ دایك۱؟٦ باپیرە۱؟٦ سێ برای باوکی س٦

بەش: ٤، ۱، ۱

مەسەلە لەشەشە چوار بۆ دوو کچ یەك بۆ دایك یەك مایەوە کە شەشیەکی تـەواوی مەسـەلەکەیە بـۆ بـاپیرە براکـان بێبەشـن، چـونکە خـاوەن بەشـەکان بەبەش هەموو مەسەلەکەیان داگیرکردووە.

وێنەی دووەم: شەشیەك نامێنێتـەوە ئـەبێ لەسـەر مەسـەلەکە زیادبکرێت وەکو ئەوەژنێك مرد لەدوای بەجێما:

٤کچ۲؟۳ دایك۱؟٦ مێرد۱؟٤ باپیرە۱؟٦ چوار برای باوکی س۱۲ چوو بۆ س۱٥

بەش: ۸، ۲، ۳، ۲

مەسەلە لەدوازدەیە، چونکە سێ ژمارەی بەشـەکان تێدا هەیـە کـە سێیەو شەشەو چوارە سێ لەگەڵ شەشدا چوونەناویەکن چوارو شەشیش هاوتـان لـەنیودا نیـوەی یـەکێکیان ئـەدرێت لـەویتر ۲×٦=۱۲ کـە هەشـت بـدرێت بەکـچەکان دوو بـدرێت بـەدایك سـێ بـدێت بـەمێرد دوو بـدرێت بـەباپیرە مەسـەلەکە ئـەو هـەمووە دەرناهێنێـت ناچـارین سـێ لەسـەر مەسـەلەکە زیادبکرێت بچێت بۆ پازدە لەپازدە بەشی هەموویان دەرئەهێنرێت (۸) بۆ کچەکان کە دوو سێیەکی دوازدەیە (۲) بۆ دایك کە شەشیەکە (۳) بۆ مێرد کە چواریەکە (۲) بۆ باپیرە کە شەشیەکە برا باوکییەکان بێبەش مانەوە.

وێنەی سێیەم: نیوەی شەشیەك ئەمێنێتەوە نیوەکەی کەی ئەبێ لێ زیـاد بکەین وەکو ئەوە ژنێـك مـرد لـەدوای بـەجێما: ۸کچ۲؟۳ مێرد۱؟٤ باپیرە۱؟٦ سێ برای باوکی س۱۲ چوو بۆ س۱۳

**بەش: ٨، ٣، ٢، بێبەش**

**مەسەلە لەدوانزەیە، چونکە ژمارەی بەشی خاوەن بەشەکان سێیەو چوارەو شەشە سێ و شەش چوونە ناویەکن شەش ئەگرین بەدەستەوە شەش و چواریش هاوتان لەنیودا نیوی یەکێکیان ئەدەین لەویتر واتە ٢×٦=١٢، بەلام کە بەشمانکرد نیوەی شەشیەك کە یەکە بۆ باپیرە ئەمێنێتەوە ناچارین نیوەکەی تری لێ زیاد بکەین مەسەلە ئەچێت بۆ سێزدە هەشت بۆ کچەکان یەکی یەك سێ بۆ مێرد دوو بۆ باپیرە براکان بێبەشن هەر چەندێك خوشك و برابن لێرەدا بێبەش ئەبن، چونکە خاوەن بەش بەبەشەکانیان مەسەلەکەیان تەواوکرد هیچیان بۆ پشت نەهێشتەوە وەهەر مەسەلەیەك کە ئاوەها بێت پشت لەو مەسەلەدا بێبەشە.**

**جۆری دووەم: لەبەشی باپیرە لەم یاسایەدا ئەوەیە کە باپیرە سەرپشکە لەشەشیەکی هەموو میراتەکەو لەسێیەکی پاشماوەی خاوەن بەشەکان و لەبرابەشکردن لەگەڵ خوشك و براکاندا کامەیان زۆرتر[1] و باشتر بوو ئەویان هەڵئەگرێت جا لێرەدا کە لەگەڵ باپیرەو براو خوشکدا خاوەن بەشی تر ببێت چوار جێگە هەیە.**

**یەك: وەکو ئەوە خاوەن بەش لەمەسەلەکەدا نیو ئەگرێت.**

[1] بۆچ پاپیرە بۆی هەیە شەش یەك هلبگرێت، چونکە ئەگەر لەگەڵ منداڵی مردووەکەدا بێت شەشیەك ئەگرێت کە لەگەڵ برای مردوودابێت باشتر بۆی هەیە شەشیەك هەڵبگرێت و بۆی هەیە سێیەکی پاشماوە هەڵبگرێت، چونکە ئەگەر خاوەن بەش لەگەڵدا نەبێت سێیەکی هەموو میراتەکە هەڵئەگرێت ئێستا ئەگەر خاوەن بەشی لەگەڵدا بێت و خاوەن بەش بەشی خۆیان دەگرت سێیەکی پاشماوەی هەرپێ ئەدرێت.. ئەی بۆچی بۆی هەیە برابەشی، چونکە بکات لەجێگەی برا دائەنیشێ..



**دوو: وەکو ئەوە خاوەن بەش کەمتر لەنیو ئەگرێت وەکو سێیەك و چوار یەك شەشیەك و هەشتیەك.**

**سێ: یان دوو سێیەك ئەگرێت و بەس.**

**چوار: یان خاوەن بەش چەند کەسێکن کە ژمارەی بەشەکەیان لەنێوان دوو سێیەکدایە.**

**واتە ژمارەی بەشەکانیان لەنیو زۆرترەو لەئەندازەی دووسێیەکی مەسەلەکەش تێپەڕناکات.**

**وەکو باپیرەو کچێك و خوشکێك و ژنێك کچ نیوەی هەیە ژن هەشتیەکی هەیە مەسەلەکەیان ئەچێت بۆ هەشت بەش ئەو دووانە لەمەسەلەکەدا پێنجە ئەو پێنجە لەنێوان نیو دوو سێیەکی مەسەلەکەدایە واتە لەنیو زۆرترەو ناشگاتە دووسێیەکی مەسەلەکە لەدواییدا ئەم مەبەستە روونئەکەینەوە کە لەدرێژەپێدانەکەدا ئەم جێگەی چوارەممان هێنایە کایەوە.**

**ئەمجارە لەهەندێك لەو پێنج جێگەیەدا تەمشا ئەکەین یان سەری براو خوشکەکان کەمترن لەدوو هێندەی سەری باپیرە یان زۆرترن لەدوو هێندەی سەری باپیرە ژمارەی سەری براو خوشکەکە یەکسانن لەگەڵ دوو هێندەی سەری باپیرە ئەوەش بزانین دووسەری خوشکان بەسەرێکی باپیرە دائەنرێت، واتە چوار خوشك بەدووهێندەی سەری باپیرە دائەنرێن.**

**جێگەی یەکەم: واتە بەشی ناو مەسەلەکە نیو بوو و ژمارەی سەری براو خوشکەکان کەمتربوون لەدوو هێندەی سەری باپیرە برابەشی باشترە بۆ**

باپیرە لەشەشیەکی میراتەکەو لەسێیەکی پاشماوە وەکو ئەوە کە ژنێك مرد لەدوای بەجێما: مێرد١?٢ باپیرە، برایەك س٢ پێکدێت لەس٤

بەش ٢ ١ ١

مەسەلە لەدووە، چونکە لەسەر بەشی مێرد دروست ئەکرێت یەك بۆ مێرد دائەنرێت یەك ئەمێنێتەوە بەشناکرێت بەسەر دوو کەسدا دوو بدەین لەدوو ٢×٢=٤ ئەمجارە دوو ئەدرێت بەمێرد یەك ئەدرێت بەباپیرە یەك ئەدرێت بەبراکە[1] و ئەگەر بەشی ناو مەسەلەکە هەر نیو بوو، بەڵام ژمارەی سەری براو خوشکەکان زۆرتر بوو لەدووقاتی سەری باپیرە سێیەکی پاشماوە زۆرترە بۆ باپیرە لەبرابەشی[3] جا کەیفی خۆیەتی باوەکو لەگەڵ شەشیەکی میراتەکە یەکسان بێت.

---

(١) ئەگەر کەسێك بڵێت بەچی ئەزانرێت کە لەم مەسەلەدا برا بەشی قازانجی زۆرترە لەشەشیەکی مەسەلەو لەسێیەکی پاشماوە وەڵامەکەی ئەوەیە ئەڵێین تاقیکردنەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات وەرە تاقیبکەرەوە وەرە هەر ئەو مەسەلە لەسەر شەشیەکی باپیرە دروستبکە کە شەشە سێ مێرد ئەیبات سێ ئەمێنێتەوە باپیرە شەشیەکی مەسەلەکە هەڵبگرێت یان سێیەکی پاشماوە هەڵبگرێت هەریەك دانەی وەبەرئەکەوێت دوو وەبەر براکە ئەکەوێت، بەڵام کە برا بەشی بکات لەپاشماوەکەدا دوو وەبەر باپیرە ئەکەوێت یەك وەبەر براکە ئەکەوێت ئەوە دەرکەوت کە برا بەشی قازانجە(٢) بۆ باپیرە.

(٢)ئەگەر کەسێك پرسیار بکات بڵێت مەسەلە لەچوار بێت باپیرە بەشێك ئەگرێت لەشەشیش بێت هەر بەشێك ئەگرێت لەسێیەکی پاشماوەش هەر بەشێك ئەگرێت کە وابوو بەشی باپیرە لەو سێ شوێنەدا یەکسانە هیچی لەهیچی زۆرترو باشتر نییە. تۆبڵێ وانییە ئەگەر لەچوار بێت میراتەکە ئەکرێت بەچوار کۆمەڵی گەورەوە ئەگەر لەشەش بێت ئەکرێت بەشەش کۆمەڵی بچووك کەوابوو ئەو بەشەی کە لەکۆمەڵە گەورەکان هەلیٚ ئەگریت زۆرتر لەهی کۆمەڵە بچووکەکان.

(٣)زۆر روون و ئاشکرایە کە سێیەکی پاشماوە لێرەدا زۆرترە لەبرابەشی، چونکە لەدوازدە شەش بەشماندا بەمێرد شەش ئەمێنێتەوە بۆ باپیرەو چوار برا جا ئەگەر ئەو شەش کۆمەڵە بکەیت بەپێنج کۆمەڵی گەورەتر باپیرە بەبرا بەشی یەك کۆمەڵی وەبەرئەکەوێت، بەڵام کە هەر لەو شەش کۆمەڵە سێیەکی هەڵبگرێت دووکۆمەڵی وەبەرئەکەوێت هەمووکەس ئەزانێت کە لەشەش کۆمەڵ دوو هەڵبگرێت باشترە لەوە



وەکو ئەوە ژنێك مرد لەدوای بەجێما باپیرە مێرد ٤برای باوکی و دایکی یان باوکی س٦ پێکدێت لە س١٢ مەسەلە لەهەوڵەوە لەشەشە، چونکە باپیرە لەزۆر جێگەدا شەشیەکی تایبەتی خۆی هەیە، لێرەشدا هەر هەیەتی، جا ژمارەی بەشەکەی شەشە ژمارەی بەشی مێرد لێرەدا دووە، دوو لەگەڵ شەشدا چوونەناویەکن کە وابوو مەسەلە لەشەشە سێ بدرێت بەمێرد سێ ئەمێنێتەوە، باپیرە یەکێکی وەبەربکەوێت دوو ئەمێنێتەوە بۆ چواربرا بەشناکرێت بەسەریاندا ژمارەی چوار براکە لەگەڵ ژمارەی ئەو دوو بەشەی کە بۆیان ماوەتەوە هاوتان لەنیودا نیوی سەری براکان ئەبێ بدەین لەمەسەلەکە ٢×٦=١٢ شەش بۆ مێرد شەش مایەوە دوو بۆ باپیرە چوارمایەوە بۆ چواربراکان یەکی یەکیان وەبەرئەکەوێت، لێرەدا شەشیەك و سێیەکی پاشماوە یەکسانە (وێنەیەکی تر) کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە کچێك١?٢ دوو براو خوشکێك هەموویان دایکی و باوکی س٦ پێکدێت لە س٩٠

بەش: ١٥، ٤٥، ٢٤یەکی١٢ ٦بۆ خوشك

مەسەلەلە لەهەوڵەوە لەشەشە چونکە سێیەکی پاشماوە ئەدرێت بەباپیرە ژمارەی سێیە کچ نیوەی هەیە کە ژمارەی دووە دوو و شەش چوونەناویەکن لەبەرئەوە شەش ئەکەین بەمەسەلە جا لەشەش سێ بدرێت بەکچ یەك بدرێت بەباپیرە دوو ئەمێنێتەوە بەشناکرێت بەسەر پێنج کەسدا دوو و پێنج ناهەموارن بەیەکەوە ئەبێت پێنج بدرێت لەشەش ٥×٦=١٨ دووبارەکە

---

لەپێنج کۆمەڵ کۆمەڵێك هەڵبگرێت لەزۆر جێگەدا کە وتیان سێیەکی پاشماوە زۆرترە واتێئەگەن لەشەشیەکیش زۆرترە، بەڵام وانییە واهەیە لەو شوێنەدا سێیەك و شەشیەك یەکسانن..

نۆبدرێت بەکچەکە و سێ بدرێت بەباپیرە شەش ئەمێنێتەوە بەسەر پێنج کەسدا بەشناکرێت پێنج بکە لەهەژدە ٥×١٨=٩٠ ئەمجارە بەش ئەکرێت بەسەر هەموویاندا.

بەشی کچ (٤٥)

بەشی باپیرە (١٥)

بەشی دووبرا (٢٤) یەکی (١٢)

بەشی خوشك (٦)

جێگەی دووەم: ئەگەر بەشی خاوەن بەش کەمتر بوو لەنیو وسەری خوشك و براکان زۆرتربوون لەدووهێندەی سەری باپیرە هەر سێیەکی پاشماوە زۆرتربێت لەبرا بەشی وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە دایك؟٦ سێ برای باوکی و دایکی س٦ پێکدێت لە س٥٤ لەهەوەڵەوە مەسەلە لەشەشە، چونکە سێیەکی پاشماوە قازانجە بۆ باپیرە دایکیش شەشیەکی هەیە سێ و شەش هاوتان لەسێیەکدا دوو کەسێیەکی شەشە بیدە لە سێ ٢×٣=٦ یەك بدرێت بەدایك پێنج ئەمێنێتەوە جا لەبەرئەوە پێنج سێیەکی تێدانییە بیدەین بەباپیرە سێ کە ژمارەی سێیەکی باپیرەیە ئەیدەین لەمەسەلەکە ٣×٦=١٨ سێ بدرێت بەدایك پێنج بدرێت بەباپیرە دەمێنێتەوە بەشناکرێت بەسەر سێ برادا سێ بدەین لەمەسەلەکە ٣×١٨=٥٤ نۆ بۆ دایك پازدە بۆ باپیرە سی مایەوە براکان یەکی دەیان وەبەرئەکەوێت (وێنەیەکی تر) بۆ ئەوە کە بەشی خاوەن بەش کەمتربێت لەنیو واتە چواریەك بێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە، ژنێك؟٤، ٣براو خوشکێکی دایکی و باوکی

بەش: ٢١، ٢١، ٣٦ یەکی ٦،١٢



مەسەلە لەئەوەڵەوە لەدوازدەیە، چونکە سێیەکی پاشماوە بۆ باپیرە قازانجە ژمارەکەی سێیە ژنیش چواریەکی هەیە ژمارەکەی چوارە چوارو سێ ناهەموارن بەیەکەوە سێ بدەین لەچوار ٣×٤=١٢ سێ بدەین بەژن سێش بدەین بەباپیرە شەش ئەمێنێتەوە بەشناکرێت بەسەر حەوت کەسدا شەش و حەوت ناهەموارن بەیەکەوە حەوت ئەدەین لەمەسەلەکە ٧×١٢=٨٤ چواریەکی هەشتاو چوار (٢١)ە، ئەویشماندا بەباپیرە (٤٢) مایەوە بەشی بکە بسەر حەوت سەردا یەکی شەشیان وەبەرئەکەوێت لێرەدا خوشك شەشی وەبەرئەکەوێت براکانی یەکی دوازدەیان وەبەرئەکەوێت (وەئەگەر سەری) براو خوشکەکان هەردوو هێندەی سەری باپیرە ئەبوون و بەس برابەشی و سێیەکی پاشماوە بۆ باپیرە یەکسانە کامەیان هەڵبگرێت زیانی لێ ناکەوێت جا کەیفی خۆیەتی خاوەن بەش هەیە لەناو مەسەلەکەدا یان نییە وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: دایك؟٦ باپیرە چوار خوشك س٦ پێکدێت لەس٣٦

بەش: ٦، ١٠، ٢٠یەکی ٥

مەسەلە لەهەوەڵەوە لەشەشە ، بەڵام چونکە پێنج ئەمێنێتەوە لەدوای بەشی دایك پێنج بەشناکرێت بەسەر شەش سەرا شەش ئەدەین لەمەسەلەکە ٦×٦=٣٦ شەش بۆ دایك (٣٠) مایەوە سێیەکی ئەو سێیە دەیە دامان بەباپیرە برابەشیەکەشی هەر دەیە ئەو بیستەی کەماوەتەوە بەسەر خوشکەکاندا بەشمانکرد یەکی پێنجیان وەبەرکەوت.

وێنەیەکی کە: کەسێك مرد لەدوای بەجێما: نەنك باپیرە برایەك دوو خوشکی باوکی و دایکی س٦ پێکدێك لەس٣٦

مەسەلە هەر لەشەشە، بەڵام ئەچێت بۆ (٣٦) شەش بۆ نەنك دە بۆ باپیرە دە بۆ براکە دە بۆ دوو خوشکەکە یەکی پێنج

وێنەیەکی کە: کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە دووبرا ژنێك س١٢

بەش: ٣، ٦یەکی ٣، ٣

مەسەلە لەدوازدەیە، چونکە ژمارەی سێیەکی پاشماوە سێیە ژمارەی بەشی ژنەکە چوارە سێ و چوار ناهەموارن بەیەکەوە سێ بدەین لەچوار ٣×٤=١٢ سێ بۆ ژن نۆمایەوە باپیرە برابەشی بکات یان سێیەکی پاشماوە هەڵگرێت وەکو یەکە کەسێی هەڵگرت شەش ئەمێنێتەوە بۆ دوو براکە یەکی سێیان وەبەرئەکەوێت جاری واهەیە هەر کەسێ بەشەکە بۆ باپیرە یەکسانن کامەیان هەڵئەبژێرێت با هەڵی بژێرێت وەکو ئەوە ژنێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە مێرد دوو برا س٦ مەسەلە لەشەشە، چونکە شەشیەك بۆ باپیرە باشە هەڵیبگرێت مێرد نیوەی هەیە کە ژمارەکەی دووە دوو لەگەڵ شەشدا چوونەناویەکن سێ بۆ مێرد باپیرە شەشیەکی مەسەلەکە هەڵبگرێت و سێیەکی پاشماوە هەڵبگرێت هەر یەکی وەبەرئەکەوێت براکانیش یەکی یەکیان وەبەرئەکەوێت.

جێگەی سێیەم: ئەوەیە کە بەشی خاوەن بەش دوو سێیەك بێت و گوێش نەدرێتە ئەوە کە سەری براو خوشك چەند هێندەی سەری باپیرەن یان چەند هێندەنیین، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە باپیرە لەگەڵ یەك خوشکدا کۆببێتەوە کام بەشە لەو سێ بەشانە زۆرترە هەڵیبگرێت بۆخۆی کە لەگەڵ برایەکدا کۆببێتەوە کام بەشەی بۆ باشترە هەڵی بگرێت هەر بەو چەشنە لەگەڵ سێ برادا بێت یان لەگەڵ سێ خوشکدا بێت دەرئەکەوێت کام بەشەی بۆ قازانجە هەڵیبگرێت بۆ خۆی (جا ئەگەر) لەگەڵ یەك خوشك دابێت برا بەشییەکەی



زۆرترە وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: دووکچ باپیرە خوشکێك مەسەلە لەهەوەڵەوە لەسێیە لەسەر ژمارەی بەشی دوو کچەکەیە کە سێیە دوو بۆ کچەکان بێت یەك ئەمێنێتەوەو بەشناکرێت بەسەر سێ سەردا سێبدەین لەسێ ٣×٣=٩ شەش بۆ دووکچەکان سێ مایەوە دوو بۆ باپیرە یەك بۆ خوشك لێرەدا برابەشی قازانجە بۆ باپیرە لەم شوێنەدا سێیەك و برابەش و پاشماوەی مەسەلەکە بەبەرچاومانەوە کە کامیان قازانجە باپیرە هەڵیبگرێت، بەڵام شەشیەکی تەواوی مەسەلەکە دیارنییە جا کە بتەوێت هەر کەسێ بەشەکان بەبەرچاومانەوە بێت لەیەك مەسەلەدا ئەبێت لەهەوڵەوە مەسەلەکە لەسەر شەشیەکی باپیرەو دووسێیەکی کچەکان دورستبکرێت بڵێ سێ و شەش چوونەناویەکن مەسەلە لەشەشە ئەمجارە کە چوارت دا بەکچەکان دوو بەشناکرێت بەسەر سێ سەردا سێ بدە لەمەسەلەکە ٣×٦=١٨ لەهەژدەدا شەشیەك دیارە سێ یەك و برابەشی پاشماوەش دیارن شەشیەکەکەی سێیە برا بەشی پاشماوە بۆ باپیرە چوارە سێیەکی پاشماوە دووە[1]، ئەگەر خوشك نەبوو باپیرە لەگەڵ یەك برادا بوو شەشیەك هەڵئەگرێت، چونکە لەسێیەکی پاشماوە زۆرترەو لەگەڵ برابەشیەکەش یەکسانە وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە ٢کچ برایەك س٦

بەش: ١، ٤، ١

---

[1] ئەگەر کەسێك بڵێت بۆچی لێرەدا هەر ئەڵێین شەشیەك زۆرترە بۆ باپیرە لەسێیەکی پاشماوە خۆ شەشیەك و برابەشی هەر دووکیان زۆرترن لەسێیەکی پاشماوە وەڵامەکەی ئەمەیە باپیرە خۆی خاوەن بەشە بەشەکەشی شەشیەکە، بەڵام کە برابەشی لەهێندێك شوێندا بۆی دانراوە کە لەگەڵ براو خوشکدا کۆببێتەوە، جا لەشوێنێکدا کە برابەشی بێت و بەشەکەی خۆیشی بێت بەشەکەی خۆی پێ ئەدەینەوەو ئەڵێین بەشەکەی خۆی کە شەشیەکە لەسێیەکی پاشماوە باشترە.

مەسەلە لەشەشە، چونکە لێرەدا باپیرە شەشیەکی بۆ قازانجە دوو کچەکانیش دوو سێیەکیان هەیە ژمارەی شەش و ژمارەی سێ چوونەناویەکن مەسەلە لەسەر ژمارەی زۆرەکەیان دائەنرێت چوار بۆ کچەکان یەکی دوو[٢]، شەشیەکەکەی بۆ باپیرە یەکیش بۆ براکە.

جێگەی چوارەم: ئەوەیە کەخاوەن بەش چەند کەسێکن لەناو مەسەلەکەدا ژمارەی بەشەکانیان لەو مەسەلەدا لەنێوان نیو دوو سێیەکی ئەو مەسەلەدایە، واتە ژمارەی بەشی ئەو چەند کەسە کۆبکەیتەوە لەنیوەی مەسەلەکە زۆرترەو لەژمارەی دوو سێیەکی مەسەلەکەش هەرگیز تێپەڕناکات، جالێرەدا تەماشای سەری براو خوشکەکان ئەکرێت ئەگەر هێندەی سەری باپیرە بوون یان کەمتر بوون برابەشی زۆرترە هەڵی ئەگرێت، ئەگەر ژمارەیان لەهێندەی سەری باپیرە زۆرتر بوو شەشیەك بۆ باپیرە زۆرترە هەڵ ئەگرێت، وەکو ئەوە:

کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە ژنێك؟٨ کچێك؟٢ خوشکێك

بەش: ١، ٤، ١

مەسەلە لەهەشتە، چونکە لێرەدا بەشی باپیرە دیارینەکراوە، چونکە برابەشی قازانجە بۆ ئەو، بەشی کچە نیوەیەو بەشی ژن هەشتیەکە ژمارەی نیو دووە ژمارەی هەشتیەك هەشتە دوو و هەشت چوونەناویەکن.

---

[٢] یاسایەك هەیە بۆت ئەو مەسەلانەی کە شەشیەکی ساغیان لێ وەدەست ناکەوێت تۆ ئەتەوێت شەشیەکەکەی بەساغی دەربکەوێت وەرە شەش بدە لەو مەسەلە بۆت روونئەکاتەوە شەشیەکی مەسەلەکە بەساغی چەندەو سێیەکیش چەندە.



کەوابوو مەسەلە لەهەشتە چوار بۆ کچ یەك بۆ ژن سێ مایەوە برابەشی بکەن باپیرەو خوشکەکە باپیرە دووی وەبەرئەکەوێت خوشك یەکی وەبەرئەکەوێت کەسێیەکی پاشماوە هەڵبگرێت ئەوە زیانە، زیان بەخۆی ناگەیەنێت. لێرەدا ئەگەر بتەوێت بۆت دەرکەوێت ئەو دوو بەشەی لەناو مەسەلەکەدان چۆن چۆنی لەنێوان نیوو دووسێیەکی مەسەلەکەدان وەرە ژمارەی شەش بدە لەمەسەلەکە بۆت روونئەبێتەوە ٦×٨=٤٨ نیوەی مەسەلە (٢٢)ە دوو سێیەکی (٣٢)ە بەشی خاوەن بەشەکان (٣٠)یە دەرکەوت کە (٣٠) لە (٢٢) زۆرترە ناشگاتە دوو سێیەکی مەسەلەکە کە (٣٢)ە..

ئەگەر باپیرە کۆبۆوە لەگەڵ کچێك و ژنێك و تەنیا برایەکدا برا بەشی زۆرترە بۆ باپیرە لەسێیەکی پاشماوە وەکو ئەوە:

کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە کچێك؟٢ ژنێك؟٨ برایەك

بەش: ٣، ٨، ٢، ٣

مەسەلە لەهەوەڵەوە لەهەشتە، بەڵام کە بەشی ژن و کچەکانماندا سێ ئەمێنێتەوە بۆ باپیرەو براکە سێ بەسەر دوودا بەشناکرێت بەساغی نێوانیشیان ناهەموارە دوو بدە لەهەشت ٢×٨=١٦ هەشت بۆ کچ دوو بۆژن باپیرەو براکە برا بەشی ئەکەن یەکی سێیان وەبەرئەکەوێت.

ئەگەر باپیرە کۆبۆوە لەگەڵ دوو خوشکدا برابەشی زۆرترە لەسێیەکی پاشماوە وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە دایك؟٦ مێرد؟٢ دوو خوشك س٦ پێکدێت لە س١٢ مەسەلە لەهەوەڵەوە لەشەشە، چونکە دوو خاوەن بەشی تێدایە کە یەکێکیان نیوە ژمارەکەی دووە یەکێکیان شەشیەکە ژمارەکەی شەشە دوو وە شەش چوونەناویەکن مەسەلە لەسەر

زۆرەکەیان دروست ئەکرێت کە شەشە جا کە سێ بدرێت بەمێرد یەك بدرێت بـەدایك دوو ئەمێنێتـەوە بەشـناکرێت بەسـەر چـوار سـەرا ژمـارەی دوو بەشەکەو ژمارەی چوار سەرەکە هاوتان لەنیودا ئەبێ نیوە ژمارەی سەرەکان بدرێت لەمەسەلەکە ٢×٦=١٢ شەش بۆ مێرد دوو بۆ دایك دوو بۆ باپیرە دوو بۆ دووخوشکەکان یەکی یەکیان وەبەرئەکەوێت.

(ئەگەر باپیرە لەگەڵ براو خوشکدا کۆبۆوە)، بەڵام ژمارەی سەری براو خوشکەکان لەهێندەی سەری باپیرە زۆرتربوون شەشیەکی میراتەکە زۆرترە بۆ باپیرە وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە؟٦ ژنێك؟٨ کچێك؟٢ برایەك خوشکێك س٢٤ پێکدێت لە س٧٢

بەش: ١٢، ٩، ٣٦، ١٠، ٥

لەهەوەڵـەوە مەسـەلە لـە (٢٤)ە، چـونکە سـێ خـاوەن بـەش هەیـە نیـوو هەشـتیەکی شەشـیەك نیـو بـەش ژمارەکـەی دووە لەگـەڵ هەشـتیەکدا کـە ژمارەکەی هەشتە چوونەناویەکن ژمارە زۆرەکە ئەگرین بەدەستەوەو لەگەڵ ژمارەی شەشیەکدا کە شەشە بەرامبەری ئەکەین شەش وهەشت هاوتان لەنیودا نیوی یەکێکیان ئەدەین لەتەواوی ئەویتریان ٤×٦=٢٤ شەشیەك بدەین بەباپیرە کە چوارە هەشتیەك بدەین بەژن کە (٣)یە نیوەی (٢٤) بدەین بەکچ کە دوازدەیە هێشتا پێنج هەر ئەمێنێتەوە کە ئەویش بەشناکرێت بەسەر سێ سەرا ئەو پێنجەو ئەو سێیە نیوانیان ناهەموارە سێ ئەدەین لەمەسـەلەکە ٣×٢٤=٧٢ ئەمجارە کچ نیوە وەبەرئەکەوێت کە (٣٦)ە هەشتیەکی کە (٩)یە وەبەر ژن ئەکەوێت شەشیەکی کە (١٢)یە وەبەر باپیرە ئەکەوێت براکە (١٠)ی وەبەرئەکەوێت کچ (٥)ی وەبەرئەکەوێت (ئەگەر



سەری براو خوشکەکان) زۆرتریش نەبوو لەهێندەی باپیرە، بەڵام ژمارەی بەشی ناو مەسەلەکە زۆرتربوون لەدوو سێیەکی هەموو مەسەلەکە هەر شەشیەك زۆرترە بۆ باپیرە وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە؟٦ دوو کچ؟٣ ژنێك؟٨ خوشکێك س ٢٤ بەش: ٤، ١٦، ٣ مەسەلە لە(٢٤)[1]ە چونکە سێ ژمارە بەش لەناو مەسەلەکەدایە شەش کە ژمارەی بەشی باپیرەیە سێ کە ژمارەی بەشی دوو سێیەکی کچەکانە هەشت کە ژمارەی بەشی ژنەکەیە سێ لەگەڵ شەشدا چوونەناویەکن شەش و هەشتیش هاوتان لەنیودا نیوی یەکێکیان بدە لەتەواوی ئەو یتر ٤×٦=٢٤ شانزە بۆ دووکچ یەکی هەشت سێ بۆ ژن چوار بۆ باپیرە یەك بۆ خوشك.

**باسێکی تایبەتی:** هەتاکو ئێستا لەباسی کۆبوونەوەی باپیرە لەگەڵ براو خوشکدا مەبەستمان براو خوشکێك بووە کە یەك بابەت بن یان براو خوشکی باوکی روت بن یان باوکی و دایکی بن، بەڵام ئەگەر ئەو براو خوشکانە لەگەڵ باپیرەدا لەمەسەلەیەکدا کۆئەبنەوە تێکەڵبوون لەهەردوو بابەت واتە هەندێکیان باوکی و دایکی بوون هێندێکیشیان هەر باوکی بوون ئەوە لەسەر بڕیاری لەمەوپێشەوە میراتەکە بەشناکرێت بەسەر باپیرەو براو خوشکدا، بەڵکو لێرەدا براو خوشکە باوکی و دایکییەکان براو خوشکە باوکییەکان لەهەموو مەسەلەکانی میراتدا بەهاوشانی خۆیانیان دائەنێین بۆ بەش وەرگرتن بۆئەوەی زیان بەباپیرە بگەیەنن و سوود بەئەوان بگەینن جا

[1] بۆ ئەوەی کە بۆت روونبیبێتەوە کە ژمارەی بەشەکانی ناو مەسەلەکە زۆرترن لەدوو سێیەکی مەسەلەکە وەرە لەیەکی بدەرەوە واتە لێی بکۆڵەرەوە دوو سێیەکی مەسەلەکە کە شازدەیە، بەڵام ژمارەی تێکڕای بەشی کچەکان و ژنەکە هەژدەیە دەرکەوت کە ژمارەی بەشەکان زۆرترە لەدوو سێیەکی مەسەلەکە..

کاتێك کە وەکو ئەوان ژمێردران بۆ بەش وەرگرتن بەشەکەی ئەوانیش خوشك و برا باوکی و دایکییەکە بۆخۆیانی هەڵئەگرنەوەو ئەوان بێبەش ئەکەن لەهەموو شوێنێکدا. لەشوێنێکدا نەبێت کە خوشکێکی باوکی و دایکی کە نیوەی میراتی هەیە کۆببێتەوە لەگەڵ باپیرەو خوشك و برای باوکیدا باپیرەش لەو جێگەیەدا سێیەکی میراتەکەی بۆ قازانجە ئەیگرێت جا کە سێیەکمان بۆ باپیرە دانا لەو مەسەلەدا کە بەیەکەوە کۆبوونەوە نیوەی مەسەلەکەشمان دا بەخوشکە باوکی و دایکییەکە کە شتێك زیاد ئەمێنێتەوە ئەدرێت بەخوشك و برا باوکییەکان وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە خوشکێکی باوکی و دایکی برایەك و خوشکێکی باوکی مەسەلە لەشەشە دوو بۆ باپیرە سێ بۆ خوشکە باوکی و دایکییەکان یەك ئەمێنێتەوە بەشناکرێت بەسەر چوار کەسدا چوار ئەدرێت لەمەسەلەکە ٤×٦=٢٤ هەشت بۆ باپیرە دوازدە بۆ خوشکە باوکی و دایکییەکە دوو بۆ برا باوکییەکە خوشکەکانیش یەکی یەك، جا دوای ئەوە کە نزیکەی دە دێڕ لەمەو پێش لەمەبەستی سەرەکی لاماندا بوو ئەچینەوە سەر مەبەستەکەمان ئەویش ئەوەیە کە وتمان ئەگەر باپیرەو براو خوشکی دایکی و باوکی کۆبوونەوە بەیەکەوەو براو خوشکی باوکیشانی لەگەڵدا بوو براو خوشکە باوکی و دایکییەکان براو خوشکە باوکییەکان لەکاتی میرات بەشکردن وەکو خۆیان رایانئەگرن بۆ میرات وەگرتن، بەڵام دوایی ئەو بەشە میراتەی کە وەری ئەگرن نایان هێڵن بیکەنە ناو کیسەکەوە لێیان ئەسێنینەوە خۆیان هەڵی ئەگرن و لەم شوێن و جێگەیەدا ئاوڕێك لەو براو خوشکە باوکی و دایکییانە ئەدەینەوە بەو یاسایەی کە بەتایبەتی بۆ ئەوان دانراوەو بەویاسایە



میراتەکەیان لێبەش ئەکەین ئەڵێین لەو کاتەدا کە میراتەکە بەشئەکرێت یان یەك برای باوکی و دایکی هەیەو بەس یان زۆرترن لەیەك برا یان براو خوشکی باوکی و دایکی بەیەکەوەن یان هەر خوشکن براهەر نییە یان زۆرتر لەیەك خوشکن لەو شوێنەدا ئەگەر هەر خوشك بوون، بەڵام هەر یەك خوشك بوو هێندێجار نیوەی میراتەکە ئەگرێت هەندێجار کەمتر لەنیوەی ئەگرێت ئەگەر دوو یان زیاتر لەدوو خوشك بوون هەندێجار دوو سێیەکی میرات وەرئەگرن هەندێجار کەمتر لەدوو سێیەك وەرئەگرن لێرەدا کە جۆری مەسەلەی میراتی ئەو خوشك و برایانە بزانین پێنج جۆریان لێ پەیدا ئەبێت.

یەکەم: یەك برا، دووەم: زۆرتر لەیەك برا، سێیەم: خوشك و برایەك، چوارەم: یەك خوشك و بەس، پێنجەم: زۆرتر لەیەك خوشك، جا لێرەبەدواوە پێویستمان بەچەند وێنە هەیە بۆ ئەو پێنج جۆرە لەخوشك و برای باوکی و دایکی.

جۆری یەکەم: کە خاوەن بەش نەبێت لەمەسەلەکەدا ژمارەی سەری براو خوشکیش هەر دوو هێندەی سەری باپیرەبن سێیەك و برابەشیش وەکو یەك بێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە برایەکی باوکی و دایکی برایەکی باوکی س٣

بەش: ١، ٢

مەسەلە لەسێیە برا بەشیو سێیەك وەکو یەك قازانجە بۆ باپیرە دووش بۆ برا باوکی و دایکییەکە، چونکە لەو دوو بەشە یەکیان هی خۆیەتی یەکیان هی برا باوکییەکەیە کە ئەویش بۆ ئەو ئەبێت و ئەگەر خاوەن بەش

لەمەسەلەکەدا بێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە کچێك\?۲ برایەکی باوکی و دایکی برایەکی باوکی

بەش: ۱، ۳، ۲

مەسەلە لەهەوڵەوە لەدووە، چونکە هەر کچ خاوەن بەشە بەشەکەشی نیوە کە ژمارەکەی دووە یەکێك بۆ کچ یەك مایەوە بەشناکرێت بەسەر سێ سەرا سێ بدە لە دوو ۳×۲=٦ سێ بۆ کچ یەك بۆ باپیرە، چونکە سێیەکی پاشماوە بۆ باپیرە قازانجە دووش بۆ برا باوکی و دایکییەکە، چونکە بەش برا باوکییەکەش بۆخۆی هەڵ ئەگرێت.

جۆری دووەم: کە خاوەن بەش نەبێت لەمەسەلەکەداو برا باوکی و دایکییەکان زۆرترین لەدوو هێندەی سەری باپیرەو سێیەك بۆ باپیرە زۆرتر بێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە دوو برای باوکی و دایکی برایەکی باوکی لێرەدا مەسەلە لەسێیە، چونکە سەری براکان لەدووهێندەی سەری باپیر زۆرترن سێ یەك قازانجە بۆ باپیرە یەك بۆ باپیرە دوومایەوە بەسەر سێ برادا بەشناکرێت سێ و دوو نێوانیان ناهەموارە سێ بدە لە سێ ۳×۳=۹ سێ بۆ باپیرە دوو بۆ برا باوکی و دایکییەکان یەکی دوویان وەبەرئەکەوێت بەشی برا باوکیەکەش هەڵئەگرنەوە بۆ خۆیان یەکی سێ یان وەبەرئەکەوێت وە ئەگەر خاوەن بەش هەبوو وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە، دایك\?٦ سێ برای باوکی و دایکی یەك برای باوکی

بەش: ۳، ۳، ۱۲یەکی چوار، بێبەشە

مەسەلە لەهەوەڵەوە لەشەشە و شەشیەك قازانجە بۆ باپیرە یەك بۆ پاپیرە یەك بۆ دایك براکان یەکی یەکیان وەبەرئەکەوێت، بەڵام چونکە بەشی



براباوکییەکەش بۆ ئە وسێ برایە ئەبێت یەك بەشناکرێت بەسەر سێکەسا سێ بدە لەمەسەلەکە ۳×٦=۱۸ سێ بۆ باپیرە سێ بۆ دایك دوازدە مایەوە بەشی بکە بەسەر سێ براکاندا یەکی چواریان وەبەرئەکەوێت برا باوکی بێبەشە.

(جۆری سێیەم: خوشك و برای باوکی و دایکی بەیەکەوە بن خاوەن بەش نەبێت لەگەڵیاندا سێیەك بۆ باپیرە زۆرترە، چونکە ژمارەی سەرەکان لەدوو هێندەی سەری باپیرە زۆرترە وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە براو خوشکێکی باوکی و دایکی براو خوشکێکی باوکی س۳

بەش: ۳، ٤، ۲، بێبەش

مەسەلە لەسێیە یەك بۆ باپیرە دوو مایەوە بەشناکرێت بەسەر شەش سەرا لێرەدا ژمارەی ئەو دووەو ژمارەی شەش سەرەکە هاوتان لەنیودا ئەبێت نیوەی ژمارەی سەرەکان بدەین لەمەسەلەکە واتە ۳×۳=۹ سێ بۆ باپیرە شەش مایەوە ئەگەر بەشبکرێت بەسەر شەش سەرەکاندا یەکی یەکیان وەبەرئەکەوێت، بەڵام چونکە خوشك و برا باوکییەکان بێبەش ئەبن هەر شەش بەشەکە ئەدەین بەخوشك و برا باوکی و دایکییەکان براکە چواری وەبەرئەکەوێت و خوشك دووی وەبەرئەکەوێت.

وەئەگەر خاوەن بەش ببێت لەگەڵیاندا وەکو ئەوە ژنێك بمرێت لەدوای بەجێبمێنێت:

باپیرە مێرد برایەکی باوکی و دایکی سێ خوشکی باوکی س٦ پێکدێت لە س۳۰

بەش: ٥، ۱٥، ۱۰، بێبەشن

مەسەلە لەهەوەڵەوە لەشەشە، چونکە بۆ باپیرە لێرەدا سێیەکی پاشماوە قازانجە کە ژمارەکەی سێیە مێردیش نیوەی هەیە کە ژمارەکەی دووە سێ و دوو ناهەموارن بەیەکەوە ٣×٢=٦ سێ بۆ مێرد دوو یەك بۆ باپیرە دابنرێت دوو ئەمێنێتەوە بەشناکرێت بەسەر پێنج سەردا پێنج و دوو ناهەموارن بەیەکەوە ژمارەی سەرەکان ئەدرێت لەمەسەلەکە ٥×٦=٣٠ پازدە بۆ مێرد پێنج کە کەسێیەکی پاشماوەیە بۆ باپیرە (١٠)مایەوە ئەگەر بەشی بکەیت بەسەر پێنج کەسدا خوشکەکان یەکی دوویان وەبەرئەکەوێت براکەش چواری وەبەرئەکەوێت، بەڵام چونکە براو باوکی و دایکییەکە هەرسێ خوشکەکان بێبەش ئەکات (١٠)ە بەشەکە خۆی هەڵی ئەگرێتەوە.

جۆری چوارەم: یەك خوشکی باوکی و دایکی مردووەکە کۆببێتەوە لەگەڵ باپیرەو برایەکی باوکیدا لێرەدا خوشك نیو ئەگرێت ئەڵی نیوم هەر ئەوێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە خوشکێکی باوکی و دایکی برایەکی باوکی لێرەدا مەسەلە لەسەر ژمارەی سەرەکانە کە پێنجن ئەو پێنجە یان بەسەرا بەشبکەین باپیرە دووی وەبەرئەکەوێت خوشك یەکێکی وەبەرئەکەوێت براباوکی دووی وەبەرئەکەوێت خوشك ئەڵی لەهەموو جێگایەکدا کە هەر خۆم بم بەتەنیا نیوەم هەیە لێرەدا بۆچی بەبرابەشی هەر یەکێکم وەبەرئەکەوێت جا لەبەرئەوە کەدەرەقەتی باپیرە ناهێت رێگەی کێچەڵی نییە لەگەڵ ئەوا، بەڵام دەرەقەتی براباوکییەکەی دێت ئەو دوو بەشەی کە وەدەست براکە کەوتوبوو لەگەڵیدا ئەیکات بەچوار لەت سێ لەتی لێئەسێنێتەوە کە ئەکاتە بەشونیوێك تێکەڵ بەو بەشەی خۆی ئەکات ئەکاتە دوو بەش و نیو کە نیوەی پێنجە تەنیا نیو بەش لەدەستی براکەدا ئەمێنێتەوە



جالێرەدا هەتاکو کوت و لەت نەکەوێتە ناو مەسەلەی میراتەکەوە ئەبێ ژمارەی نیو بەشی خوشکەکە کە دووە بدرێت لەمەسەلەکە ٢×٥=١٠ پێنج[1] بۆ خوشکەکە چوار بۆ باپیرە یەك مایەوە بۆ برا باوکییەکە تاکو ئێستا وتمان ئەو خوشکە باوکی و دایکییە نیوەی مەسەلەکەی بۆخۆی پچڕی، چونکە مەسەلەکە لەهەوەڵەوە لەپێنج بوو وتی بەبرابەشی یەکێکم وەبەرکەوتووە ئەگەر بەش و نیوێك لەبراکە بستێنمەوە ئەیکەم بەدوو و نیوەکە نیوەی پێنجە وە جێگەی خۆیەتی کە نیوەی میرات وەربگرم، بەڵام لەشوێنێکدا ئەگەر ئە وخوشکە بەشی براکەش هەمووی بۆ خۆی وەربگرێتەوە هێشتا نیوەی مەسەلەکەی دەست ناکەوێت نابێ ئەو کاتە بڵێت من نیوەم هەرئەوێت ئەبێ بەبەشەکەی خۆی و هی براکەی کە لێی ئەستێنیتەوە رازی ببێت و دەنگ نەکات وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە دایك١?٦ ژن١?٤ خوشکێکی دایکی و باوکی برایەکی باوکی

بەش: ١٤، ١٠، ١٥، ٢١، بێبەش

مەسەلە لەدوازدەیە چونکە دوو خاوەن بەشی تێدایە یەك دایك یەك ژن ژمارەی شەش کە هی شەشیەکی دایکە لەگەڵ ژمارە چوار کە هی چواریەکی ژنە هاوتان لەنیودا نیوەی چوار کە دووە بیدە لەشەش ٢×٦=١٢ کە بەشی

[1] ئەگەر کەسێك بڵێت بۆچی براکە لەدەدا بەشێکی هەیەو لەپێنجدا نیوەی بەشێکی بەدەستەوە مابوو با لەئەوەشدا هەر ئەو نیوە بەشەی پێ بدرێتەوە ئەڵێن، چونکە مەسەلە لەهەوەڵەوە کە نیوەی لێ زیادکرابوو (٥) بوو بوو بە (١٠) هەموو بەشەکانیش نیویان لێزیاد بوو بەشی خوشك لە (٥) دا دوو و نیو بوو دوو و نیوی کەشی لێزیادبوو بوو بە (٥) بەش باپیرە (٢)ی بوو دووی کەشی لێزیاد بوو بوو بە (٤) بەشی براکە نیو بوو نیوەی کەشی لێزیاد بوو بوو بەیەکی تەواو بۆ یە لە (١٠)دا یەکی تەواوی وەبەرئەکەوێت ئەو مەسەلە پێی ئەڵێن زیدیە زەید وەها بەشی کردووە..

دایك و ژنەكەماندا حەوت مایەوە بەسەر پێنجدا بەشناكرێت پێنج ئەدەین لەمەسەلەكە ٥×١٢=٦٠ بەشی ژن پازدەیەو هی دایك (١٠)یە كە دات پێیان (٣٥) ئەمێنێتەوە بەشی بكە بەسەر پێنج كەسدا یەكی حەوتییان وەبەئەكەوێت دوایی خوشكەكە بەشی براكەی وەرئەگرێتەوە (٢١)ی وەبەرئەكەوێت كە هێشتا نیوەی مەسەلەكە نییە نیوەی مەسەلەكە (٣٠)یە بەڵام ئەبێ (٢١) وەربگرێت و دەنگ نەكات.

جۆری پێنجەم: كە مەسەلەی باپیرەو براو خوشك دوو خوشكی باوكی و دایكی یان زۆرتر لە دوو خوشكی باوكی و دایكی تێدابێت هەندێجار دوو سێیەك بگرن ئەگەر دەستیان بكەوێت لەناو مەسەلەكەدا هەندێجار كەمتر لەدوو سێیەك بگرن ئەگەر دوو سێیەكی تەواویان لەناو مەسەلەكەدا دەست نەكەوێت لێرەدا پێویستمان بەدوو وێنە هەیە.

وێنەی یەكەم: وەكو ئەوە كەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە دوو خوشكی باوكی و دایكی برایەكی باوكی

بەش: ٢، ٤یەكی دوو، بێبەش

مەسەلە لەشەشە كە ژمارەی سەرەكانە، لێرەشدا سێیەك و برا بەشی بۆ باپیرەوەكو یەكە دوو بۆ باپیرە خوشكەكانیش كە براكەیان بێبەشكرد چواریان بۆ ئەمێنێتەوە كە چوار دوو سێیەكی شەشە لەخۆیان بەشی ئەكەن یەكی دوویان وەبەرئەكەوێت.

وێنەی دووەم: وەكو كەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە (٢) خوشكی باوكی و دایكی خوشكێكی باوكی

بەش: ٤، ٦یەكی ٣



مەسەلە لەسەر ژمارەی سەرەكانیانە كە پێنجەو برابەشیش قازانجە بۆ باپیرە جا كە دوو بۆ باپیرە دابنرێت و خوشكە باوكییەكە بێبەش بكرێت سێ ئەمێنێتەوە بۆ دوو خوشكە باوكی و دایكییەكان سێ كەمترە لەدوو سێ یەكی پێنج جا چونكە سێ بەساغی بەشناكرێت بەسەر دوو سەرا نێوان سێ و دوو ناهەموارە دوو كە ژمارەی دوو سەرەكەیە ئەیدەن لەمەسەلەكە ٢×٥=١٠ چوار بۆ باپیرە شەش بۆ دوو خوشكەكە یەكی سێیان وەبەرئەكەوێت.

بۆ زانین: لەمەو پێش وتمان هەڵئەكەوێت لەهەندێك شوێندا لەباسی كۆبوونەوەی باپیرەو خوشك و برادا كە بەشی باپیرەمانداو خوشكی باوكی و دایكی نیوە بەشی لەمەسەلەكەدا هەڵگرت شتێك ئەمێنێتەوە بۆبرایان بۆ خوشكە باوكییەكە وەكو لەمەسەلەی زەیدیەدا لەمەوپێش باسمانكرد، بەڵام كە خوشكی باوكی و دایكی دووبن یان زۆرتر لەدوو بن كە دیارە دو سێیەك ئەگرن لەهیچ مەسەلەیەكدا زیاتر لەدوو سێیەك نامێنێتەوە تاكو بدرێت بەخوشك و برا باوكییەكان، چونكە باپیرە لەهەندێك جێگەدا كە سێیەكی هەبوو هەڵیگرت زیاتر لەدوو سێیەك نامێنێتەوە ئەویش ئەدرێت بەو كەسانەی كەدوو سێیەكیان هەیە لەمەسەلەكەدا.

بۆ زانین: لێرەدا باسێك هەیە ئەبێ بەوردی سەرنجی لێبدرێت ئەویش ئەوەیە باپیرە لەگەڵ چەند خوشكێكی مردووەكەدا بێت وەكو برایەك كە لەگەڵ چەند خوشكێكدا بێت تەماشای ئەكرێت واتە خوشك كە لەگەڵ برادابن بەشی تایبەتییان نییە لەگەڵ باپیرەشدا بن هەر بەشی تایبەتییان نییە وەبەشیان بۆ دانانرێت مەگەر لەمەسەلەیەكدا نەبێت كە پێی دەڵێن ئەكدەرییە

لەوێدا خوشکەکە لەگەڵ باپیرەدا بەشی بۆ دائەنرێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما:

مێرد١?٢ دایك١?٣ باپیرە١?٦ خوشکێکی دایکی و باوکی یان باوکی

بەش: ٩، ٦، ٨

مەسەلە لەهەوەڵەوە لەشەشە، چونکە دایك سێیەکی هەیە کە ژمارەکەی سێیە مێرد نیوەی هەیە کە ژمارەکەی دووە باپیرە شەشیەکی هەیە کە ژمارەکەی شەشە ژمارە (٢) و ژمارە (٣) لەگەڵ ژمارە (٦) دا چوونە ناویەکن، چونکە ژمارە زۆرەکە کە شەشە ئەگەر ژمارە کەمەکانی تری لێ کەمبکەیتەوە بەجارێك یان دووجار ژمارە زۆرەکە تەواو ببێت وە هیچی لێنەمێنێتەوە جا بەو دوو ژمارە گەورەو بچووکە ئەڵێن چوونەناویەکن ئەمجارە مەسەلەکە بەش ئەکەین نیوەی شەش کە سێیە بۆ مێرد سێیەکی کە دووە بۆ دایك شەشیەکی کە یەکە بۆ باپیرە خوشکیش نیوەی هەیە، چونکە کەس نییە بێبەشی بکات جا ناچارین ئەبێ سێی بۆ زیاد بکەین لەسەر مەسەلەکە مەسەلەکە چوو بۆ نۆ ئەمجارە، چونکە باپیرەمان وەکو برایەك تەماشاکردووە کە لەگەڵ خوشکدا بێت خوشك و براش لەزۆرجێگەدا کە بەیەکەوەبن ئەبن بەپشت و برادوو هێندەی خوشك میرات ئەگرێت لێرەشدا باپیرەو خوشکەکە چواریان وەبەرکەوتووە لەنۆ جا بەسێ یەك بەشی ئەکەنەوە لەخۆیان بۆ باپیرە دوو سێیەکێك بۆ خوشك سێیەك خۆ چواریش ناکرێت بەسێ بەشی ساغ ئەبێ سێ بدەین لەمەسەلەکە ٣×٩=٢٧ نۆ بۆ مێرد شەش بۆ دایك هەشت بۆ باپیرە چوار بۆ خوشك لێرەدا پرسیارو وەڵامێك هەیە:



پرسیار: ئەمەیە بۆچی لەهەوەڵەوە بەش بۆ خوشکەکە دانراو لەگەڵ باپیرە دا نەبوون بەپشت و ئەو شەشیەکەی کە لەشەش دوای لێ دەکردنی سێ بۆ مێردو دوو بۆ دایك مابۆوە بەپشت لەناو خۆیاندا بەشیان ئەکرد واتە ئەم یەکەیان بکردبایە بەسێ بەش دوو بەشی بۆ باپیرە بوایەو بەشێکیشی بۆ خوشك بوایە وە بۆچی لەدوایشدا کە ئەو مەسەلەمان گەیاند بەبیست و حەوت لەپاشماوەی مەسەلەکەدا کردماننەوە بەپشت و وەکو پشت میراتەکەمان لێبەشکردن واتە بۆ نێر دوو هێندەی مێ.

وەڵام: ئەڵێین ئەگەر لەهەوەڵەوە بەپشت میراتەکەمان لێبەشبکردبانایە خوشك نەی ئەهێشت باپیرە شەشیەکی خۆی بگرێت کە بۆی دانراوە واتە لەشەشیەکێك وەبەر باپیرە ئەکەوت، چونکە خوشك لەگەڵیاندا بەشی ئەکرد وەکە لەمەو دوا مەسەلەکەمان گەیاند بەبیست و حەوت پاشماوەکەمان هەر بەپشت لێبەشکردنەوە ئەگەر بەشی تەواومان بۆ خوشك دابنایە کە نیوە ئەبوایە مێ ڕێزی زیاتر بێت بەسەر نێرا چونکە کەوامان بکردبایە خوشك زۆرتری دەست ئەکەوێت لەباپیرە خۆ ئەمەش پێچەوانەیە هەر ئەبێ نێر ڕێزی زیاتر بێت بەسەر مێدا بۆیە لەدواییدا باپیرە هەشت ئەگرێت خوشك چواری بۆ دائەنرێت ئەگەر لەباتی ئەو خوشکە لەو مەسەلەدا برا بوایە بێبەش ئەبوو و ئەگەر دوو خوشك بوونایە دووسێیەکیان ئەگرت دایکشیان لەسێیەکەوە دا ئەپەڕاند بۆ شەشیەك مەسەلەکە لێی زیاد ئەکرا بۆ نۆ سێ وە بەرمێرد ئەکەوت یەك وەبەر دایکی ئەکەوت یەکێکی بۆ باپیرە ئەکرایە ناو هوڕەوە چواریش بۆ خوشکەکان ئەبوو یەکی دوویان وەبەرئەکەوت وادیارە ئەوەی پرسیاری ئەو

مەسەلەی کردووە ناوی ئەکدەر بووە یان ئەوەی پرسیاری لێکراوە ئەکدەری ناوبووە بۆیە ئەو مەسەلە ناوی نراوە ئەکدەرییە.

**باسی نەنك:**

نەنك میراتگرێکە کە هەموو زاناکان بڕیاریان داوە کە بەشە میرات ئەگرێت و بەشەکەشی شەشیەکە ئەمە لەمەو پێش زانراوە مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە نەنکەکان هەر چەند زۆریش بن هەر ئەو شەشیەکەیان لەناودا بەشئەکرێتەوە ئەو نەنکانەش کە ئەگونجێن کۆببنەوە لەسەر یەك مردوو و بەمیراتگریش دابنرێن وەکو دایکی دایکی دایکی مردوو و دایکی دایکی باوکی مردوو و دایکی باوکی باوکی مردوو ئەمانە ئەگەر کۆبوونەوە میراتگری تریان لەگەڵدا بێت یان نا ئەوان شەشیەکی خۆیان ئەگرن و لەخۆیانی بەشئەکەنەوە وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: دایکی دایکی دایك و دایکی دایکی باوك و دایکی باوکی باوك دوو خوشکی دایکی و باوکی کچێك س٦ لێزیادکرا بۆ س٨ دوایی چوو بۆ س٢٤، مەسەلە لەهەوەڵەوە لەشەشە، چونکە ژمارەی بەشی خاوەن بەشەکان لەم مەسەلەیەدا (یەکەم) نیوە کە ژمارەکەی (٢)وە (دووەم) دوو سێیەکە کە ژمارەکەی (٣)یە (سێیەم) شەشیەکە کە ژمارەکەی (٦)ە دوو وە سێ هەردووکیان لەگەڵ شەشدا چوونەناویەکن بۆیە مەسەلە لەشەشە، بەڵام ناچارین چوار لەسەر شەش زیادبکەین تاکو بەشی هەموو خاوەن بەشەکانی لێ دەربهێنرێت لەهەشت چوارماندا بەخوشکەکان، چونکە لەشەش دوو سێیەکە یان چوار بۆ سێماندا بەکچەکە، چونکە نیوەی هەبوو لەشەشدا یەك بەشیشماندا بەنەنکەکە، بەڵام چونکە ئەوان سێ کەسن یەکیش بەشناکرێت بەسەر سێدا سێ ئەدەین لەمەسەلەکە ٣×٨=٢٤، کچ لەهەشتدا



سێی هەبوو بۆماندا لەو سێیەی کە دامان لەهەشت نۆی وەبەرکەوت خوشکەکان چواریان هەبوو بۆماندان لەسێ ئەوانیش دوازدەیان وەبەرکەوت یەکی شەش نەنکەکان یەکێکیان هەبوو بۆماندان لەسێ هەرسێکیان یەکی یەکیان وەبەرکەوت.

**باسی میراتگرتنی منداڵ لەگەڵ منداڵی کوڕی مردوودا:**

ئەگەر تەنیا میراتی ئەو مردووە لەناو منداڵەکانی خۆیدا بەشبکرێت لەچوار جۆر بەشکردن تێپەڕناکات.

جۆری یەکەم: ئەو مردووە یان کوڕێك یان زۆرتر لەکوڕێکی هەیەو هیچ منداڵی تری نییە جا ئەگەر کوڕێك بێت هەموو میراتەکەی باوکی یان هی دایکی ئەگرێت و دەنگ ناکات ئەگەر خاوەن بەشی تریش هەبوو لەناو مەسەلەکەدا ئەوە دوای دەرکردنی بەشی خاوەن بەشەکان چی مایەوە ئەیباتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی ئەگەر منداڵی ئەو مردووە چەند کوڕێك بوون ئەوە ئەگەر کەسی تریان لەگەڵدا نەبوو نەخاوەن بەش و نەهی تر میراتەکە هی هەموویانە مەسەلەکەش لەسەر ژمارەی سەرەکانیان دورست ئەکرێت هەر کەس بەشی خۆی بۆ خۆی هەڵئەگرێت و ئەگەر خاوەن بەشی کەیان لەگەڵدا بوو دوای دەرکردنی بەشی ئەو خاوەن بەشانە چی مایەوە ئەدرێت بەو کوڕانە جا ئەوەی کە مایەوە ئەگەر بەش ئەکرا بەساغی بەسەر سەری ئەو کوڕانەدا ئەوە باشەو بەشی ئەکەن بەسەریاندا ئەگەر بەش نەئەکرا ئەبێ مەسەلەیەکی کەیان بۆ دروست بکەین کە میراتەکە بەسەر هەموویاندا بەشبکرێت و کەس فێڵی لێنەکرێت ئەوەش لەباسی مەسەلە دروست کردندا وتراوە.

جۆری دووەم: ئەگەر منداڵی مردووەکە کوڕ و کچ بوون بەیەکەوە کەسی تر نەبوو لەمیراتگر ئەوە سەری نێرێك بەدوو سەری مێیەك دائەنرێت هەموو نێرێك دووبەشی وەبەرئەکەوێت مێ بەشێکی وەبەرئەکەوێت ئەگەر سێ کوڕو دوو کچ بەیەکەوە بوون میراتەکەیان ئەکرێت بەهەشت بەش سێ کوڕەکە شەش هەڵئەگرن بۆخۆیان یەکی دوویان وەبەرئەکەوێت کچەکان یەکی یەك بەش هەڵ ئەگرن ئەگەر خاوەن بەشی کەیان لەگەڵدا بوو دوای دەرکردنی بەشی ئەوان چی مایەوە بەو شێوە لەخۆیان بەش ئەکەن.

جۆری سێیەم: منداڵی ئەو مردووە ئەگەر تەنیا یەك کچ بێت نیوەی میراتی باوکی یان هی دایکی وەبەرئەکەوێت جا خاوەن بەشی تریش لەمەسەلەی میراتەکەدا، بێت یان نەبێت.

جۆری چوارەم: ئەگەر منداڵی مردووەکە دوو کچ یان زووتربوون دوو سێیەکی میراتەکە ئەبەن بۆخۆیان ئەگەر خاوەن بەشی تریشیان لەگەڵدا یبێت ئەگونجێ لەدوای بەش پێدانی هەموویان شتێك بمێنێتەوە یان ئەگەر هەر خۆیان بن سێیەکێکی میراتەکە هەر ئەمێنێتەوە ئەوەی کە مایەوە یان ئەدرێت بەخەزێنەی موسڵمانان یان ئەدرێت بەخزمی سکی یان ئەگەڕێتەوە بۆ خاوەن بەشەکان وە هەر کەس بەگوێرەی بەشەکەی لەو پاشماوە بۆی ئەگەڕێتەوە لەجێگەی خۆیدا باسی ئەوە کراوە، منداڵی کوڕی مردووش ئەگەر هەر خۆیانبن منداڵی مردووەکەیان لەگەڵدا نەبێت لەو باپیرە مردووەیان یان لەو نەنکە مردووە هەر بەو جۆرە میرات ئەگرن هەروەکو میراتی باوکەکەمان چۆن بەسەر منداڵەکانی خۆیدا بەشئەکرد هەر ئاوەهاش میراتی باپیرە بەسەر کوڕەزایەکانیدا بەش ئەکەین و ئەگەر ئەو کەسەی کە ئەمرێت وماڵێکی زۆری



هەیە منداڵی خۆی و منداڵی کوڕی بەتێکەڵی لەدوای بەجێمان ئەوە بەشکردنی میراتی ئەو مردووە لەناو ئەو دوو چینە منداڵەدا چەن جۆری هەیە:

جۆری یەکەم: منداڵی مردووەکە ئەگەر نێریان لەناودابوو منداڵی کوڕ هەرچی چۆنێك بن هەموویان بێبەش ئەبن هیچیان بەشنادرێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: دوو کوڕو کچێك لەگەڵ دوو کوڕ و کچێکی کوڕ س٥ مەسەلەکەیان لەپێنجە چوار بۆ دوو کوڕەکە یەکی دوو یەك بۆ کچەکە منداڵی کوڕ هیچیان پێنادرێت.

جۆری دووەم: ئەگەر منداڵی مردووەکە تەنیا یەك کچ بوو و بەس و منداڵی کوڕ هەرچەندێك بن یان هەر چۆنێك بن ئەوە کچەکە نیوەی میراتی خۆی ئەگرێت و نیوەکەی تریش بەشئەکرێت بەسەر منداڵی کوڕەکەدا وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: کچێك٢/١ دوو کوڕ و کچێکی کوڕ

بەش: ٥، ٤، ١

مەسەلە لەدووە یەك بۆ کچ، بەڵام چونکە یەك بەسەر پێنج سەردا بەشناکرێت پێنج ئەدەین لەمەسەلەکە ٥×٢=١٠ پێنج بۆ کچ چوار بۆ دووکوڕە کوڕەکان یەك بۆ کچە کوڕەکە.

ئەگەر خاوەن بەشی تر هەبوون چی لەبەشی کچەکەو خاوەن بەشەکانی تر مایەوە بۆ ئەو منداڵە کوڕەیە.

جۆری سێیەم: ئەوەیە منداڵی مردووەکە هەر کچێك و منداڵی کوڕەکەش نێریان تێدا نییە هەرکچن، جا یەکێکە یان زۆرترن لێرەدا کچانی کوڕ

شەشیەك ئەگرن وەكو ئەوە كەسێك مرد لەدوای بەجێما: كچێك١?٢ سێ كچی كوڕ١?٦

بەش: ٩

مەسەلە لەشەشە، چونكە ژمارەی نیو دووە ژمارەی شەشیەك شەشە دوو و شەش چوونەناویەكن سێ بۆ كچ یەك بۆ سێ كچە كوڕەكان یەك بەشناكرێت بەسەر سێدا سێ بدەن لەمەسەلەكە ٣×٦=١٨ نۆ بۆ كچەكە سێ بۆ هەرسێ كچە كوڕەكان یەكی یەكیان وەبەرئەكەوێت ئەوەی ماوەتەوە یان ئەدرێت بەخەزێنە یان ئەدرێت بەخزمی سكی یان ئەگەڕێتەوە، هەر بۆ ئەوانە بەگوێرەی بەشەكەی پێشویان، لێرەدا بەكچی مردووەكە و بەكچی كوڕەكەی دوو سێیەكی مەسەلەكەیان وەبەركەتووە، چونكە نۆو سێ ئەكاتە دوازدە، دوازدە دوو سێیەك هەژدەیە هەروەكو كچی مردووەكە كە دوویان یان زیاتر لەدووبن دوو سێیەك ئەگرن و كچێكی خۆی و كچی كوڕەكەی ئەتوانن لەجێگەی دوو كچی خۆی دابنیشن بۆ دوو سێیەك وەرگرتن.

جۆری چوارەم: ئەوەیە ئەگەر منداڵی مردووەكە هەر كچ بوون و لەدوو كەمتر نەبوون جا هەر دووبوون یان زیاتر بوون و منداڵی كوڕەكەش یان هەر نێر بوون یان نێرو مێ بەیەكەوە بوون ئەو كچەكانی مردوو دووسێیەك ئەگرن پاشماوەی میراتەكە بەشئەكرێت بەسەر منداڵی كوڕەكەیدا وەكو ئەوە كەسێك مرد لەدوای بەجێما: دوو كچ٢?٣ دوو كچ و كوڕێكی كوڕەكەی

بەش: ٨، ٢، ٢

مەسەلە لەسێیە دوو بۆ دوو كچەكانی خۆی یەكێك بۆ منداڵی كوڕەكەی یەك بەسەر چوار سەردا بەشناكرێت بەساغی چوار بدەین لەمەسەلەكە



٤×٣=١٢ هەشت بۆ دوو كچەكانی خۆی چوار بۆ ئەو چوارسەرە كوڕە كوڕەكەی دووی وەبەرئەكەوێت كچە كوڕەكان دوویان وەبەرئەكەوێت یەكی یەك.

لەم شوێنەدا كە منداڵی مردوو دوو كچ بن یان زیاتر بن منداڵی كوڕەكەش هەر كچ بن هیچ بۆ ئەو كچە كوڕانە دانانرێت بێبەش ئەبن مەگەر ئەو كچە كوڕانە كە برایان نییە لەبەختی خۆیان لەپلەی خۆیاندا كوڕی مامێكیان ببێت یان لەخۆیان بەرەو خوار نێرینەیەك ببێت وەكو ئەوە كوڕی برایەكیان یان كوڕی كوڕی برایەكیان ببێت ئەو كاتە ئەو كوڕی ئەو مامەیان كوڕی ئەو برایە یان كوڕی كوڕی ئەو برایە ئەیانكات بەپشت لەو پاشماوەی كە ماوەتەوە لەبەركچانی ئەو مردووە لەناو خۆیاندا بەشی ئەكەنەوە وەكو ئەوە كەسێك مرد لەدوای بەجێما: دوو كچ٢?٣ دوو كچی كوڕ لەگەڵ كوڕی كوڕی كوڕدا مەسەلە لەسێیە دوو بۆ كچەكان یەك مایەوە بەسەر چوار كەسدا بەشناكرێت چوار بدەین لەمەسەلەكە ٤×٣=١٢ هەشت بۆ كچەكان چوار بۆ چوار سەرەكان كوڕەكە دووی وەبەرئەكەوێت كچە كوڕەكان یەكی یەكیان وەبەرئەكەوێت وە ئەگەر ئەو كچە كوڕانە كوڕی مامێكی خۆیان لەگەڵدا بێت كە لەپلەی خۆیاندایەو بیانكات بەپشت بەو كوڕی مامە ئەڵێن برای بەفەرر وەكو ئەوە كەسێك مرد لەدوای بەجێما: دوو كچ كچی كوڕێك لەگەڵ كوڕی كوڕێكی تردا مەسەلەكەیان لەسێیە دوو بۆ كچەكانی مردووەكە یەك مایەوە بۆ سێ كەس بەشناكرێت بەسەریاندا سێ بدەین لەمەسەلەكە ٣×٣=٩ شەش بۆ كچەكانی مردووەكە سێش بۆ ئەو سێ سەرە كوڕەكە دووی وەبەرئەكەوێت كچەكەش یەكی وەبەرئەكەوێت.

بۆ زانین: کاتێك ئێمە ئەڵێین کوڕی مام یان کوڕی برا یان کوڕی کوڕی برا فریای ئەو کچی کوڕی ئەو مردووە ئەکەون کە کچانی مردووەکە لەبەرئەوە کە دوون یان زیاترن کچە کوڕەکەیان بێبەشکردبێت ئەو کاتە ئەو نێرینانە فریایان ئەکەون و ئەیانکەن بەپشت بێبەش ناکرێن، بەڵام لەکاتێك کە کچی کوڕی مردوو لەگەڵ یەك کچی مردووەکەدا بێت خۆی بەشی هەیە شەشیەك ئەگرێت پێویستی بەکەس نییە بیکات بەپشت یان نەیکات، دیسانەوە هەر بەو یاسایە میرات بەش ئەکرێت لەنێوان منداڵی کوڕی مردووەکەداو منداڵی کوڕی کوڕیدا کە خۆی منداڵی نەبوو جا منداڵی کوڕە نیزیکەکەی وەکو منداڵی مردووەکە دائەنرێت منداڵی کوڕە دوورەکەی وەکو منداڵی کوڕ دائەنرێت و میراتی ئەو مردووە بەش ئەکرێت لەنێوان منداڵی کوڕی نێزیك و منداڵی کوڕی دووردا هەروەکو بەشئەکرا لەنێوان منداڵی خۆی و منداڵی کوڕەکەیدا.

**باسی میراتگرتنی دەوروبەر یان دەوروپشت**

ئەبێ ئەوە بزانرێت هەموو کات مردوو کەوتۆتە نێوان دوو ریز لەکەسوکاری بنەڕەتی ریزێك هی باوکانییەتی ریزێك هی منداڵ و وەچەکانییەتی، لەنێوا ن ئەو دوو ریزە بنەڕەتیانەدا کەسوکاری تر هەیە بۆ مردووکە پێیان ئەڵێین دەورووبەر وەکو براو خوشکی مردووەکەو وەکو مام و ئامۆزا، جا مام و ئامۆزای مردووەکەبن یان مام و ئامۆزای باوك و باپیرانی بن ئەمانە هەموو دەرووبەرن لەو دوو ریزە بنەڕەتیانە ناژمرێردێن.

**باسی خوشك و برای مردوو و چۆنیەتی میرات وەرگرتنیان**

خوشك و برای مردوو بریتین لەسێ چین:



چینی یەکەم: خوشك و برای باوکی و دایکی تەنیا هەر خۆیانبن.

چینی دووەم: خوشك و برای باوکی تەنیا هەر خۆیانبن.

چینی سێیەم: خوشك و برای دایکی تەنیا هەر خۆیانبن.

هەرکات ئەو سێ چینە خوشك و برایە کەسیان لەگەڵدا نەبێت بێبەشیان بکات و جیابەجیا بن تێکەڵ بەیەکتر نەبووبن هەر چینەی بەجۆرێك میرات وەرئەگرن.

چینی یەکەم: جۆری میراتگرتنەکەیان ئاوەهایە خوشك و برای باوکی و دایکی وەکو منداڵی مردووەکە میرات ئەگرن واتە ئەو مردووە کە منداڵی خۆی نەبێت خوشك و برا باوکی و دایکییەکانی لەجێگەی منداڵەکانی دائەنرێت، واتە برا لەجێگەی کوڕ و خوشك لەجێگەی کچ دائەنرێن هەروەکو تەنیا کوڕێکی ببوایە یان چەند کوڕی ببوایە هەموو میراتەکەی بۆ ئەو کوڕانە ئەبوو جا کە تەنیا برایەکی باوکی و دایکی یان چەند برای باوکی و دایکی ببێت میراتەکەی هەر بۆ ئەوان ئەبێت و ئەگەر مردووەکە یەك کچی ببوایە نیوەی ماڵەکەی ئەبرد هەر ئاوەها ئەگەر خوشکێکی باوکی و دایکی ببێت نیوەی ماڵەکەی ئەگرێت ئەگەر دوویان زیاتر لەدوو خوشکی ببێت دوو سێیەکی ماڵەکەی بەمیرات ئەگرن بۆ خۆیان ئەگەر مردووەکە کچ و کوڕی ببوایە میراتەکەیان لەخۆیان بەش ئەکرد بۆ نێر دوو هێندەی مێ ئەگەر خوشك و برایشی ببێت هەر ئاوەها بەشی ئەکەن لەناو خۆیاندا.

چینی دووەم: جۆری میراتگرتنەکەیان هەروەکو جۆری میراتگرتنی چینی یەکەم وەهایە، بەڵام برا لەچینی دووهەمدا لەگەڵ برا لەچینی یەکەمدا جیاوازیان هەیە برای باوکی و دایکی مردووتوانای بەش پچڕینی هەیە کە

لەگەڵ دوو برای دایکی مردووەکەدا کۆبووەوە لەمەسەلەی موشتەررەکەدا واتە مەسەلەی هاوبەشی، بەڵام برای باوکی لەچینی دووەم لەجێگەی برای باوکی و دایکی دابنیشێ توانای ئەم بەش پچڕینەی نییە مەسەلەی هاوبەشی ئەمەیە ژنێك مرد لەدوای بەجێما مێرد١؟٢ دایك١؟٦ دووبرای دایکی١؟٣ برایەکی باوکی و دایکی

بەش: ٩، ٣، ٤، ٢

مەسەلە لەشەشە، چونکە شەشیەکی دایکی ژمارەکەی شەشە نیوەی مێرد ژمارەکەی دووە سێیەك دووبرا دایکییەکان ژمارەکەی سێیە دوو و سێ لەگەڵ شەشدا چوونەناویەکن سێ بۆ مێرد یەك بۆ دایك، سێیەکی شەش کە دووە بۆ دووبرا دایکییەکان برای باوکی و دایکی بێبەش مایەوە ناچار روو ئەکاتە برا دایکییەکان پێیان ئەڵێت براکانم، گریمان باوکی من بەردبوو خرایە ناو دەریاوە یان باوکم کەر بوو خودایکمان بنیادەمەو دایکی هەموومانە بۆچی ئێوە بەهۆی دایکەوە سێیەك ئەگرن بۆچی بەشی منی لێ نادەن ئەمجارە برا دایکییەکان ئەڵێن راست ئەکەیت پێویستە بەشی تۆش بدرێت جا ئەو دوو بەشە بەساغی بەسەر سێ کەسدا بەشناکرێت ئەبێ ژمارەی سەرەکان کەسێیە بدرێت لەمەسەلەکە ٣×٦=١٨ نۆ بۆ مێرد سێ بۆ دایك شەش مایەوە بۆ سێ براکە یەکی دوویان وەبەر ئەکەوێت جا ئەگەر لەجێگەی ئەو برا باوکی و دایکییە برایەکی باوکی ببوایە بێبەش ئەبوو توانای بەش پچڕینی نەئەبوو، چونکە دایکی ئەم و دایکی ئەوان یەك نەبوو.

بۆ زانین: بائەوەش بزانرێت کە ئەو نەتوانین و لێ نەهاتوویە هەر بۆ برای باوکییە کە لەو مەسەلەدا هیچی دەست ناکەوێت ئەگەر لەجێگەی ئەو



خوشکێکی باوکی ببێت نیوەی مەسەلەکە ئەگرێت وەلەسەر مەسەلەکە بۆی زیادئەکرێت واتە ئەگەر مەسەلەکە لەشەش بو بەشی ئەو نەمابۆوە ئەبێت لەسەر مەسەلەکە بۆی زیاد بکرێت مەسەلەکە بچێت بۆ نۆ تاکو ئەویش سێی دەستبکەوێت و ئەگەر دوویان زیاتر لەدوو خوشکی باوکی هەبوون دوو سێیەك وەرئەگرن ئەبێ چواریان لەسەر شەش بۆ زیاد بکرێت جا بەم مەسەلەیە بۆ یە ئەوترێ حجریە، چونکە برا باوکی و دایکییەکە وتی بەبرا دایکییەکان ئەوا کردم باوکم بەرد بوو خرایە دەریاوە خۆدایکمان یەکێکە پێی ئەڵێن حماریە، چونکە لەرۆژگاری ئیمامی عومەردا ئەو برا باوکی و دایکییەی بێبەشئەکرد دوایی براکە وتی ئەوا کردم باوکم کەر بوو خۆ دایکمان بیادەمە و پێشی ئەوترێ مینبەرییە، چونکە ئیمامی عومەر جاری هەوەڵ بەشی بۆ ئەو برایە دانەنابوو، بەڵام جارێکیتر بەشی بۆ داناو لەگەڵ برادایکییەکان لەسێیەکەکەدا بەشداری کردو لەسەر مینبەریش بەخەڵکی راگەیاند کە ئەو برایە لەسێیەکدا هاوبەشە لەگەڵ برا دایکییەکان.

چینی سێیەم: خوشك و برای دایکی بۆ مردووەکە ئەگەر تەنیا یەك کەس بێت چ خوشك بێت و چ برا هەر شەشیەك ئەگرێت و هەرکات دوو ژمارەیان زیاتر لەدوو ژمارە لەو خوشك و برا دایکیانە لەناو مەسەلەکەدا بوون جا ژمارەکە هەمووی خوشك بوون یان هەمووی برابوون یان براو خوشك تێکەڵ بوون هەرسێیەکی مەسەلەی میراتەکە ئەگرن و هەروەکو یەکیشی لەخۆیانی بەش ئەکەن برا چەندی وەبەربکەوێت خوشکیش ئەبێ ئەوەندەی وەبەربکەوێت لێرەدابو رابردوو هێندەی خوشك دانانرێت.

وێنەیەك: کەسێك مرد لەدوای بەجێما: ژنێك؟ ٤ دایکی؟ ٦ سێ خوشکی دایکی؟ ٣ برایەکی دایکی دوو کچ و کوڕێك

بەش: ١٢، ٨، ١٦، ١٢

مەسەلە لەهەوەڵەوە لەدوانزەیە، چونکە ژمارەی چواریەکی ژن (٤)ە ژمارەی شەشیەکی دایك (٦)ە ژمارەی سێیەکی خوشك و براکان (٣)یە سێ و شەش چوونەناویەکن شەش و چوار هاوتان لەنیودا نیوی یەکێکیان بدە لەویتر ٣×٤=١٢ سێ بۆ ژن دوو بۆ دایك چوار بۆ خوشك و براکان دائەنرێت سێ ئەمێنێتەوە بۆ چوار سەر لەکوڕ و کچ، جا چونکە نێوانی سەرەکان و بەشەکەیان ناهەمواره چوار بدە لەمەسەلەکە ٤×١٢=٤٨ دوازدە بۆ ژن هەشت بۆ دایك شانزە بۆ خوشك و براکان یەکی چواریان وەبەرئەکەوێت دوانزە مایەوە بۆ کوڕو کچەکانی مردووەکە شەش بۆ کوڕەکەو شەش دوو کچەکان یەکی سێیان وەبەرئەکەوێت ئەگەر ئەو مەسەلە یەك برایان یەك خوشکی دایکی تێدا بێت شەشیەك ئەگرێت و مەسەلەکەشی هەر ئەچێت (٤٨)، بەڵام ئەمجارە هەشت وەبەر ئەو برایەیان وەبەر ئەو خوشکە دایکییە ئەکەوێت (٢٠)یش ئەمێنێتەوە بۆ دوو کچ و کوڕەکە کوڕەکە (١٠)ی وەبەرئەکەوێت کچەکانیش بەهەردووکیان دەیان وەبەر ئەکەوێت یەکی پێنج.

**باسی تێکەڵبوونی چینی یەکەم و چینی دووەم**

ئەگەر خوشك و برای باوکی و دایکی لەگەڵ خوشك و برای باوکی مردووەکە کۆبوونەوە بەیەکەوە دەقاودەق میراتی ئەو مردووەیان بەسەردا بەشئەکرێت وەکو چۆن میراتی مردووەکە بەش بەش ئەکرا بەسەر منداڵی مردووەکەو منداڵی کوڕی یان منداڵی کوڕی کوڕیدا، جا لێرەدا ئەو مردووە چ



هەر برای باوکی و دایکی بێت چ براو خوشکی دایك و باوکی بێت خوشك و برا باوکییەکانی بێبەش ئەکەن هەروەکو چۆن منداڵی ئەومردووە نێرو مێ بونایە یان هەر نێربوونایە منداڵی کوڕەکەیان بێبەش ئەکرد وە ئەگەر مردووەکە هەر خوشکی دایکی و باوکی ببێت نیوەی میراتەکەی ئەگرێت ئەوەی کە مایەوە بەش ئەکرێت بەسەر براباوکییەکاندا کە هەر خۆیانین ئەگە رخوشکیان لەگەڵدا بێت ئەوە بۆ براکان دووهێندەی خوشکەکان دا ئەنرێت هەروەکو چۆن ئەو مردووە کە کچێکی ببوایە نیوەی میراتەکەی ئەگرت ئەوەی کەئەمایەوە بەش ئەکرا بەسەر منداڵی کوڕەکەی یان هی کوڕی کوڕەکەی جا ئەو منداڵی کوڕە ئەگەر هەر نێر بوونایە وەکو یەك بەشیان ئەکرد لەناو خۆیاندا ئەگەر نێرو مێ بەیەکەوە بوونایە نێر دووهێندەی مێی بۆ دائەنراو ئەو مردووە ئەگەر خوشکی باوکی هەبوون و برایان لەگەڵدا نەبوون و ئەو خوشکە باوکیانە یەك بێت یان زۆربن کەلەگەڵ یەك خوشکی باوکی و دایکی مردووەکەدابن شەشیەك ئەگرن و خوشکە باوکی و دایکیەکەی خۆی نیوە ئەگرێت و هەر دوو جۆرە خوشکەکان دوو سێیەکی میراتەکە ئەگرن واتە ئەگەر مەسەلەکە لەشەش بێت خوشکە باوکی و دایکیەکە سێ ئەگرێت خوشکە باوکییەکانیش شەشیەك ئەگرێت بەشی هەردووکیان ئەکاتە چوار کە چوار ئەبێت بەدووسێیەکی شەش و لەشوێنێکا کە خوشکی باوکی و دایکی دوویان زیاتر لەدووبن و مردووەکە خوشکی باوکیشی کەم یان زۆر هەبوون وە هیچ برایان لەگەڵدا نەبوو لەو شوێنەشدا خوشك و برای باوکی و دایکی دوو سێیەکی خۆیان هەرئەگرن و خوشکە باوکییەکان بێبەش ئەبن، بەڵام ئەگەر ئەو خوشکە باوکیانە برای خۆیان لەگەڵدا بێت بێبەش نابن خوشکە

باوکی و دایکییەکان دووسێیەکی خۆیان ئەگرن ئەوەی مایەوە بەش ئەکرێت بەسەر خوشك و برا باوکییەکاندا بۆ نێر دوو هێندەی مێ و لەبەشکردنی میرات بەسەر منداڵی مردووەکە و منداڵی کوڕەکەیدا هەروەها یان وتووە بەس لەیەك شتدا جیاوازیان هەیە کچانی کوڕ بەبرازایەکی نێر لەخوارخۆیانەوە یان بەئامۆزایەك لەپلەی خۆیاندا بێت ئەبوون بەپشت و بێبەش نەئەبوون، بەڵام خوشکی باوکی کە برای خۆیان نەبێت بیانکاتەوە بەپشت بەبرازاو ئامۆزا نابنەوە بەپشت کەوابوو کەسێك مرد لەدوای بەجێما: دوو خوشکی باوکی و دایکی خوشکێکی باوکی کوڕی برای باوکی مەسەلە لەسێیە دوو بۆ دوو خوشکە باوکی و دایکییەکان یەك مایەوە بۆ کوڕی براو باوکییەکە خوشکە باوکییەکە هەر بێبەشە.

**باسی کۆبوونەوەی تەنیا خوشکانی باوکی و دایکی یان خوشکانی باوکی لەگەڵ کچی مردوویان لەگەڵ کچی کوڕیدا**

هەتاکو ئێستا باسی تێکەڵبوونی هەردوو چین لەخوشك و برای مردووەکەمانکرد کە کۆببنەوە بەیەکەوە لەسەر میراتی ئەو مردووە ئێستا تەنیا باسی خوشکانی مردوو ئەکەین باوکی و دایکی بن یان هەر باوکی بن کە کۆببنەوە لەگەڵ کچی مردو یان لەگەڵ کچی کوڕیدا ئەگەر خوشکی باوکی بەتەنیا لەگەڵ کچی مردوو یان لەگەڵ کچی کوڕیدا کۆبوونەوە ئەوە دوو مەبەستی گرنگمان دەست ئەکەوێت:

یەکەم: ئەوەیە ئەو خوشکانە لەگەڵ ئەمانەدا ئەبنەوە بەپشت و بێبەش نابن.



دووەم: ئەوەیە خوشکی باوکی و دایکی کە لەگەڵ کچی مردوودا یان لەگەڵ کچی کوڕیدا کۆبۆوە پشتایەتییەکەی بەهێز ئەبێت وەکو برای باوکی و دایکی مردووەکە تەماشای ئەکرێت بەپشت بەشی خۆی ئەگرێت و خوشك و برای باوکی مردووەکەش بێبەش ئەکات هەروەکو چۆن برای باوکی و دایکی مردووەکە خوشك و برای باوکی مردووەکەی بێبەش ئەکرد لەدوو وێنەدا ئەو دوو مەبەستە بەدی دێت.

وێنەی یەکەم: ئەوەیە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: کچێك١؟٢ خوشکێکی باوکی دایك١؟٦

بەش: ٣، ٢، ١

مەسەلە لەشەشە، چونکە ژمارەی نیوی بەشی کچەکە دووە لەگەڵ ژمارەی شەشیەکی بەشی دایك کە شەشە چوونەناویەکن سێ بۆ کچەکە، یەك بۆ دایك دوو مایەوە بۆ خوشکە باوکییەکە، چونکە لەگەڵ کچەکەدایەو بووە بەپشت.

وێنەی دووەم: ئەوەیە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: خوشکێکی باوکی و دایکی کچێك کچی کوڕ برای باوکی خوشکێکی باوکی مەسەلە لەشەشە سێ بۆ کچکە یەك بۆ کچی کوڕەکە دوو ئەمێنێتەوە بۆ خوشکەکە خوشك و براباوکییەکان بێبەشن، چونکە ئەو خوشکە باوکی و دایکییە کە لەگەڵ کچی کوڕدایە وەکو برای باوکی و دایکی وایە بۆ مردوو خوشك و برای باوکی مردووەکە بێبەش ئەکات.

**باسی چۆنیەتی میراتگرتنی کوڕانی برای باوکی و دایکی و کوڕانی برای باوکی لەو دوو چینەدا**

کچانی ئەو دوو چینە برایە بەهۆی ئەوەوە کە ئەبن بەزویلارحام واتە ئەبن بەخزمی سکی، لەم باسە دوور ئەکەونەوە بۆیە هەر باسی کوڕی ئەو دوو چینە برایە ئەکەین جا ئەڵێین کوڕی برای باوکی و دایکی مردووەکەو کوڕی برای باوکی هەر یەکەیان لەشوێن و جێگەی باوکی خۆیان دائەنیشن لەکاتی نەمانی باوکیاندا کەوابوو لەکاتی کۆبوونەوەیان بەیەکەوە وەکو باوکیان وانە هەروەکو برای باوکی و دایکی مردووەکەو برای باوکی بەیەکەوە کە ببوونایەو برا باوکی دایکییەکە برا باوکییەکەی بێبەش ئەکرد ئێستاش کوڕی برای باوکی و دایکی لەگەڵ کوڕی برای باوکی و مردووەکەدا کۆببێتەوە کوڕی برای باوکی بێبەش ئەکات و کاتێك کە هەریەکێك لەو کوڕە برایانە ببێت و کەسی تر نەبێت بەخزم بگات بەو مردووە، هەموو میراتەکەی ئەگرێت و بەشی کەسی تر نادات و ئەگەر چەند برایەك بن ئەو کوڕە برایانە هەموویان یەك بەرە باب بن هەموو میراتی مردووەکە بۆ ئەوان ئەبێت و ئەوانیش لەخۆیانی بەش ئەکەن، بەڵام لەچەند شوێنێکدا وەکو باوکیان پێ ناکرێت لەشوێنی ئەو دانانیشن.

شوێنی یەکەم: باوکی ئەو کوڕانە دایکی مردووەکەیان لەسێیەکەوە دائەپەڕاند بۆ شەشیەك کوڕانی برای مردوو ئەوەیان پێناکرێت ئەگەر دایکی مردووەکە لەگەڵ کوڕانی برای مردوودا کۆبوونەوە سێیەکی خۆی هەر ئەگرێت.



شوێنی دووەم: باوکی ئەو کوڕانە لەگەڵ باپیرەی مردووەکەدا کۆببوونایەوە لەزۆر جێگەدا برابەشیان ئەکردو بێبەش نەئەبوون، بەڵام کوڕەکانیان کە ئەبن بەبرازای مردووەکە لەگەڵ باپیرەی مردووەکەدا هەر بێبەش ئەبن.

شوێنی سێیەم: باوکی ئەو کوڕانە ئەگەر خوشکی خۆیان لەگەڵدا ببوایە ئەیانکرد بەپشت و میراتیان بۆ ئەپچڕی، بەڵام کوڕی ئەو برایانە خوشکی خۆیان پێ ناکرێت بەپشت، چونکە خوشکی ئەوان ئەبێت بەخزمی سکی بۆ مردووەکە.

شوێنی چوارەم: برای باوکی و دایکی مردووەکە لەگەڵ برای دایکی مردووەکەدا کۆببێتەوە لەمەسەلەی بەشداریدا بەهۆی ئەوەوە کە دایکی هەموویان یەکبوو لەو سێیەکەی کە بۆ برادایکییەکان دانرابوو خۆی ئەکرد بەهاوبەشیان و سێیەکەکەی لەگەڵدا بەشئەکردن، بەڵام کوڕی ئەو براباوکی و دایکییە هەرگیز ئەوەی پێ ناکرێت، چونکە دایکی ئەوان لەگەڵ دایکی برادایکییەکانی مردووەکە یەك نییە. (**باسی مام هەر لەناو ئەو باسەدا**):

مام کە بەیەکێك لەدەورووبەری یان دەوروپشتی مردووەکە ئەژمێردرێت جا مامی خۆی یان مامی باوکی یان مامی باپیرەکانی بێت مامی باوکی و دایکی بن یان مامی باوکی بن لەشوێنی برای مردوو دائەنیشن، واتە شێوەی بوونیان و شێوەی میراتگرتنیان و شێوەی بێبەشکردنیان وەکو شێوەی برا وەهایە هەروەکو چۆن برای باوکی و دایکی یان برای باوکی پشتن بۆ مردووەکە مامیش هەرچی چۆنێك بێت و هەرمامێك بێت لەوانەی باسمانکردووە هەر پشتە بۆ مردووەکەو هەروەکو برای مردووەکە کە تەنیا

بێت هەموو میراتی برا مردووەکەی ئەگرێت و ئەگەر خاوەن بەشی لەگەڵدا بێت ئەوەی لەئەوان ئەمێنێتەوە بۆ ئەو ئەبێت مامیش هەروەهایەو هیچی لەو برایە کەم و زیاد نییەو هەروەکو برای باوکی و دایکی و برای باوکی مردووەکە کە بەیەکەوە کۆبوونەوە برای باوکی و دایکییەکە برا باوکییەکە بێبەش ئەکات مامی باوکی و دایکی لەگەڵ مامی باوکیدا کۆببێتەوە بێبەشی ئەکات.

**باسی ئامۆزا**

واتە کوڕی ئەو مامانە، کوڕی مام یان کوڕی کوڕی مام هەرچەند بەرەو خوار بڕوات لەهەموو شێوەیەکی میراتگرتن و بێبەشکردن وەکو شێوەی کوڕانی برا وەهایە.

**سێ باسی سەربەخۆ یەك بەدوای یەکدا :**

**یەکەم:** باسی کۆبوونەوەی دوو لایەن بەبەش و بەپشت لەیەك کەسدا ئەگەر ژنێك شووی کرد بەئامۆزایەکی خۆی و مرد تەنیا هەر ئەو مێردەی لەدوا بەجێما مەسەلە لەدووە مێردەکەی نیوەی میراتەکەی ئەگرێت بەلایەنی مێردایەتییەوە، نیوەکەی کەشی هەر بەرئەکەوێت بەلایەنی پشتایەتییەوە، چونکە ئامۆزایەتی.

**دووەم:** باسی کۆبوونەوەی دوو کەس لەسەر میراتی مردووێك هەردووکیان وەکو یەك پشتن بۆ مردووەکە، بەڵام یەکێکیان زیاد لەوە کە پشتە بەشیشی هەیە لەمیراتی مردووەکەدا وەکو ئەوە کەسێك دوو ئامۆزای هەیە یەکێك لەو ئامۆزایانە دایك برایەتی ئەو دایك برایە وەکو پشت میرات لەو مردووە ئەگرێت بەبەشیش شەشیەکی لێ ئەگرێت، وەکو ئەوە: مستەفا مرد دوو



کوڕی مامی لەدوا بەجێما یەکێکیان هەر کوڕی مامیەتی و بەس یەکێکیشیان کوڕی مامیەتی و لەدایکی مستەفا بووە، چونکە مامی بێگومان دایکی مستەفای مارە کردووەو ئەو کوڕەی لێبووە، جا ئەو کوڕە مامەی کە لەدایکی مستەفا بووە لەپێشەوە شەشیەکی میراتی مستەفا ئەگرێت ئەوەی کە مایەوە دووبارە لەگەڵ ئامۆزایەکی تری مستەفادا بەپشت لەخۆیان بەش ئەکەن، بەڵام کاتێك ئەوە ئەکرێت کە مستەفا هیچ کچی لەدوای بەجێ نەمابێت ئەگەر کچێکی لەدوا بەجێمابێت لەگەڵ ئەو ئامۆزایانە میراتەکە ئەکرێت بەشەش بەش، چونکە ژمارەی نیو کە دووەو بەشی کچەکەیە لەگەڵ ژمارەی شەشیەك کە شەشەو بەشی دایك برایەکەیە چوونەناویەکن، جا لەشەش، کچ سێ هەڵئەگرێت دایك براکە ناتوانێت شەشیەك هەڵ بگرێت، چونکە کچی مردووەکە لەو شەشیەکە بێبەشی ئەکات هەر کاتێ مردوو کچی هەبوو خوشك و برای مردووەکە بێبەش ئەکات لێرەدا دایك براکە هەر ئەوەی بۆ ئەمێنێتەوەکە ئەو نیوە میراتەی مردووەکە لەگەڵ ئامۆزایەکەی ترا بەشی ئەکەن لەخۆیان وەکو یەك، بەڵام ئیبن و حەدداد ئەڵێت ئەو سێیە کە ئەمێنێتەوە لەشەش ئەدرێت بەو ئامۆزایەی کە دایك براشیەتی، چونکە پشتیەتی ئەم بەهێزتربووە بەهۆی دایك برایەتییەکەیەوە.

**سێیەم:** باسی کۆبوونەوەی دوو بەشە میراتەکە لەیەك کەسدا، بەڵێ ئەگەر کەسێك بەدووسەرە بەشە میراتی ئەکەوت لەمردووێك لەو دوو سەرە کامەیان بەهێزترە بەو یان میراتەکە ئەگرێت بەهەردوو سەرەکە نایگرێت جا کەسێك کە بڵێت بەچی بزانین ئەو سەرەی کە میراتەکەی پێ ئەگرێت لەو سەرەکەی تر بەهێزترە ئەڵێین بەچەند شتێك ئەوە ئەزانرێت.

یەکەم شت: بێبەشکردنی سەرە بەهێزەکە سەرە بێهێزەکە بەتەواوی یان بەناتەواوی (بێبەشکردنی بەتەواوی) وەکو ئەوە ئاگرپەرستێك بچێتە لای دایکی یان موسڵمانێك بەنەزانی و بەسەرلێشێواوی بچێتە لای دایکی خۆی و کچێکی لێ ببێت دوایی کابرا ئەمرێت ئەو کچەی کە لەچوونی ئەو پیاوە بۆلای دایکی پەیدا بووە کچی خۆیەتی و هەم خوشکی خۆشیەتی کەوابوو بەدوو سەرە خاوەن بەشە لەماڵی ئەو باوکەدا بەسەرێك کچیەتی ئەگەر بەتەنیا بێت نیوەی ماڵ ئەگرێت بەسەرێکیش خوشکی دایکییەتی شەشیەك ئەگرێت، بەڵام بەکچایەتی میرات ئەگرێت بەخوشکایەتی نایگرێت کچایەتییەکەی بەهێزترە بەڵگەشمان ئەوەیە لەشوێنێکدا مردووەکە کچی هەبوو و خوشکی دایکیشی هەبوو کچەکەی خوشکە دایکییەکەی بێبەش ئەکات بەتەواوی.

بێبەشکردنی ناتەواوی: وەکو ئەوە ئاگرپەرستێك کچی خۆی لەخۆی مارە بڕێت کچێکی لێ ببێت ئاگر پەرست ئەمرێت و ئەو دوو کچەی لەدوابەجێ ئەمێنێت هەردووکیان کچی ئەون، بەڵام یەکێکیان وەکو کچیەتی ژنیشیەتی جا ئەو دوو کچە دوو سێیەکی ماڵی کابرا ئەگرن بەکچایەتی ئەو کچەی کە ژنی کابرا بووە ناڵێت بەو سەرەی کە ژنی ئەوبووم هەشتیەکم ئەکەوێت، چونکە بەسەرە بەهێزەکەی بەشی خۆی دەستکەوتووە بەو سەرە بێهێزە هیچی پێنادرێت، بەڵگەشم ئەوەیە کە کچایەتی بەهێزترە لەژنایەتی ژنی پیاوێك کەپیاوەکە منداڵی نەبێت پیاوەکە بمرێت چواریەك ئەگرێت، بەڵام کە منداڵی بوو ئەو ژنە بێچارە لەچواریەك دائەپەڕێنێ بۆ هەشتیەك و ئەمەیان پێی ئەڵێن بێبەشکردنی ناتەواو.



دووهەم شت: بێبەش نەبوونی سەرێکیان و بەبێبەشبوونی سەرەکەی تریان جارو بار، وەکو ئەوە ئاگرپەرستێك ئەچێتە لای دایکی کچێکی لێی ئەبێت ئەچێتە لای ئەو کچەش کچێکی لێی ئەبێت کچی دوایی ئەمرێت کچی هەوەڵ بەدوو سەرە میراتی هەیە هەم دایکە بۆ کچی دووەم هەم خوشکی باوکیشیەتی لەبەرئەوە باوکیان یەکە بەڵام بەو سەرە کە دایکییەتی میرات ئەگرێت بەسەرێك کە خوشکیەتی میرات ناگرێت، چونکە لایەنی خوشکایەتییەکەی بەهێزە بەڵگەشم ئەوەیە خوشکی باوکی واهەیە بێبەش ئەبێت بەتەواوی، بەڵام دایك هەرگیز بەتەواوی بێبەشنابێت.

سێیەم شت: بەکەمتر بێبەشبوونی سەرێکیان لەسەرەکەی تر واتە هەردوو سەرەکە بێبەش ئەبن، بەڵام یەکێکیان کەمتر بێبەش ئەبێت یەکێکیان زۆرتر بێبەش ئەبێت وەکو نەنکێك کە ئەبێت بەخوشکی باوکی مردووەکە ئەویش بەو جۆرە ئەبێت کە کابرایەکی ئاگرپەرست بچێتە لای دایکی کچێکی لێی ببێت بچێتە لای ئەو کچەش کچێکی لێی ببێت بچێتە لای ئەو کچەش منداڵێکی لێی ببێت و بمرێت کچی هەوەڵ ئەبێت بەنەنك و بۆ منداڵی سێیەم ئەشبێت بەخوشکی باوکیشی، چونکە هەموویان هەر لەو پیاوە ئەگرپەرستە بوون، بەڵام هەر بەو سەرەکە نەنکیەتی میرات لەمنداڵی سێیەم ئەرگرێت بەسەری خوشکایەتی نایگرێت بەڵگەشم ئەوەیە نەنك و خوشك بێبەش ئەکرێن، بەڵام نەنك کەمتر بێبەش ئەکرێت.

**باسی ونبوو**: ونبوو کەسێکە کە بەدیل ئەگیرێت و ئەیبەن بۆ شوێنێکی نادیار یان کەسێك بەدوای ئیشی خۆیدا ئەڕوات و ناگەڕێتەوەو هیچ کەس دەنگ و باسی مان و نەمانی نازانێت ونبوو دوای ونبوونەکەی کە دارایی و

سامانی ببێت ئەبێ چی لێبکرێت، ئەمە پرسیارێکە یەك وەڵامی هەیە ئەویش ئەوە بەسامانی ئەو ونبووە کە لەدوای نەمانی بەشی میراتگرانی تێ ئەکەوێت دەستی لێ نادرێت تاکو بەڵگەی روون و ئاشکرا نەبێت لەسەر نەمانی، واتە دوو شایەتی باوەڕپێکراو شایەتی بدەن کە نەماوە یان لاشەکەی بەمردوویی دەست خزم و کەسەکانی بکەوێتەوە یان دوای ونبوونەکەی ماوەیەکی وەها دورودرێژی بەسەردا رۆیشتبێت کە گومانی زۆر کەس لەبارەی نەمانیەوە بەهێز بێت و بڵێن، نەماوە وای دابنێین لەرۆژی ونبوونەکەی تەمەنی (٩٠) ساڵ بووە بیست ساڵیش بۆ ونبوو جا ئەچن بۆ لای پێشەوای ئایینی موسڵمانان واتە قازی بڕیاری بۆ دەرئەکات کە نەماوە جا لەو رۆژە بەدواوە بەنەماو دائەنرێت ئەگەر جگەرە کێشێك پێش بڕیاری قازی یان لەپێش شایەتیدانی شایەتەکان ماڵەکەی بەشکرابێت دروست نەبووە.

دووەم: ئەو ونبووەش کە لەماوەی ونبوونەکەیدا بەشە میرات ئەگرێت لەکەسوکارە مردووەکانی ئەمەش پرسیارێکە دوو وەڵامی هەیە.

یەکەم: ئەوەیە ئەگەر ئەو مردووە لەونبوونەکە بەو لاوە میراتگری کەی نەبوو هەموو سامانەکە رائەگیرێت هەتاکو ئاشکرا ئەبێت ماوە یان نەماوە بەو بەڵگانەی کە لەمەو پێش وتمان.

دووەم: ئەوەیە کە مردووەکە بێجگە لەو ونبووە میراتگری کەشی هەبوو ئەوە میراتەکە بەش ئەکرێت بەسەریاندا بەس هەر بەشی ئەو ونبووە رائەگیرێت هەتاکو دەرئەکەوێت لەکاتی مردنی ئەم کەسەدا ونبوو ماوە یان نەماوە.



**باسی بەشکردنی میراتەکە لەم جێگەیەدا کە مردوو بێجگە لەونبوو میراتگری تریشی هەیە**

ئەگەر کەسێك کرد ونبووەکەو کەسانیتر میراتیان لێئەگرت ناوێستین هەتاکو ونبووەکە بەڵگەی نەمانی دەرئەکەوێت، بەڵکو میراتەکە بەش ئەکرێت بەشی ونبوو هەڵ ئەگیرێت تا ئاشکرا ئەبێت مان و نەمانی بەشی ئەوانیتر ئەدەین، بەڵام بەبەش پێدانێکی کەمو کوڕو زیان پێگەیاندنیان و هەرچییەك دوای ئەو پێش پێدانەیان مایەوە هەڵی ئەگرین بۆ دواڕۆژ تاکو مان و نەمانی ونبوو ساغ ئەبێتەوەو کە ساغ بۆوە کە ماوە بەشی ئەویش ئەدەین لەو بەشەی کە هەڵمانگرتووە کە لەئەویش زیاد مایەوە بەشی ئەکەینەوە بەسەر میراتگرەکاندا هەرکەس بەپێی بەشی خۆی جا لەپێش میرات لێبەشکردنەکەدا تەماشایەکی ونبووەکەو میراتگرەکان ئەکەین هەندێك لەمیراتگرەکان بەمانی ونبووەکە بێبەش ئەبن ئەوانە بەشیان بۆ دانانێین هەتاکو هەواڵی ونبووەکە نەزانرێت ماوە یان نەماوەهەندێکیان بەشیان کەم ئەبێتەوە بەژیانی ونبووەکە ئەبێ بۆ ئەو کەسانە مەسەلە لەسەر ژیانی ونبووەکە دروستبکرێت ئەبێت هەر لەو مەسەلەدا هەر ئەو بەشە کەمەی پێ بدرێت هێندێك میراتگر کە ببێت و بەنەمانی مردووەکە (ونبوو) بەشی کەم ببێتەوە بۆ ئەو ئەبێ مەسەلە لەسەر مردنی ونبووەکە دروست بکرێت و هەر لەو مەسەلەشدا ئەبێ بەشی ئەو بدرێت هەندێك لەمیراتگران نەبەمان و نە بەنەمانی مردووەکە بەشیان کەم ناکات ئەوانەش لەهەردوو مەسەلەکەدا هەر ئەو بەشەیان پێ ئەدرێت و بەشکردنی میراتی ئەو مردووە بەسەر میراتگرەکان و بەسەر ونبووەکەدا ئابەم شێوەیە ئەمە رێبازی زانا پێشینەکانە

ئەوان هەر ئاوەها ئەو میراتەیان بەشکردووە کە وابوو لەسەر ڕێبازی ئەوانە ئەگەر ژنێك مرد لەدوای بەجێما: مێردێکی ونبوو دوو خوشکی باوکی مامێك دوو مەسەلە دروست ئەکەین یەکیان لەحەوتەو یەکیان لەسێیە، چونکە کە مێرد مابێت نیوە ئەگرێت دوو خوشکەکان دووسێیەك ئەگرن ژمارەی دوو بدەین لەسێ ئەبێت بەشەش ئەبێ یەکێکی لێ زیادبکرێت بۆ حەوت ئەگەر مێرد مردبێت هەردوو خوشکەکان دوو سێیەك ئەگرن مەسەلە لەسێیە لەسێ دوو بەش ئەگرن بەمیرات لەحەوت چواریان وەبەرئەکەوێت، جالێرەدا لەکورتی ئەیبڕێنینەوە ئەڵێین لەحەوت میراتەکە بەش ئەکرێت چوار بۆ خوشکەکان سێ هەڵئەگرین بۆ دوایی.

بەڵام ڕێبازی زانا دوانییەکان ئاوەها ئەڵێن پێویستە لەم جێگەیەدا دوو مەسەلە دروست بکرێت بۆ ئەوەی زیانی میراتگرەکان لەیەکێکیاندا دەربکەوێت ئەمجارە دوو مەسەلە لەسەر یەك باس کۆئەبنەوەو پێویست بەئەوەش باکات ئەبێ هەرچی چۆنێك بێت ئەو دوو مەسەلە لەیەك بدەین لەو لەیەکدانە مەسەلەیەکی ژمارە زۆر پەیدا ئەبێت لەو ژمارە میراتەکە بەش ئەکرێت جا کاتێك پێویستمان بەو لەیەکدانە بوو ئەبێ تەماشای نێوانی ئەو دوو مەسەلە بکەین لەدوولاوە.

یەکەم: ئەگەر ناهەموار بن بەیەکەوە یەکێکیان ئەدرێت لەتەواوی ئەویتر وە ئەگەر ناهەموار نەبوون هاوتان بەیەکەوە لەنیودا یان لەسێیەکدا یان لەچوار یەکدا یان لەهەر شتێکدا هاوتایی یەکێکیان ئەدەین لەتەواوی ئەویتر جا هەر چی چۆنێك لەیەکماندان لەبەرهەمی ئەو ±لەیەکدانە مەسەلەیەکی گەورە پەیدا ئەبێت و میراتەکە لەو مەسەلەدا بەشئەکرێت بەسەر میراتگرەکاندا جا



ئەو کەسەی میراتەکەیان لێ بەش ئەکات ئەبێ زۆر وردبین بێت تەماشای هەردوو مەسەلە دروستکراوەکانی پێشەوە بکاتەوەو تەماشای بەشی مراتگرەکانیش بکاتەوە هەر کەسێك لەیەکێك لەو دوو مەسەلەی پێشەوەکاندا بەشی پێنەدرا لەم مەسەلە گەورەیەشدا بەشی پێنادرێت تا ساغ نەبێتەوە ونبوو ماوە یان نەماوە هەرکەسێك لەمەسەلەیەکیاندا بەشی کەم بوو لەیەکێکیاندا بەشی زۆرتر بوو لەمەسەلە گەورەکەشا هەر بەشی کەمی بۆ دائەنرێت هەر کەسێك لەهەردوو مەسەلەکانی پێشەوەدا بەشی نەگۆڕا هەر یەك ئەندازەبوو لەمەسەلە گەورەکەدا بەشی تەواوی پێئەدرێت جا هەرچی دوای ئەو بەشکردنە لەمەسەلە گەورەکەدا مایەوە هەڵی ئەگرین تا دەنگوباسی راستمان دەستئەکەوێت کە ئایا ونبوو ماوە یان نەماوە جا کە ئاشکرابوو نەماوە ئەوکاتە بەشە هەڵگیراوەکە بەش ئەکرێتەوە بەسەریاندا وەکو کەمێك لەمەوپێش ئەوەمان وت هەندێك لەزانایان بەیاسایەکی تایبەتی لەمەسەلە گەورەکەدا بەشی میراتگرەکان ئەدەن ئەوان لەپێشەوە تەماشای نێوانی ئەو دوو مەسەلە دروستکراوە ئەکەن کە یەکێکیان لەسەر ژیانی ونبوو دروستکراوە یەکێکیان لەسەر مردنی دروستکراوە ئەگەر ناهەموربوون بەیەکەوە تەواوی مەسەلەیەکیان ئەدرێت لەتەواوی مەسەلەکەی تر ئەگەر ناهەموار نەبوون هاوتان جا هاوتابن لەهەر شتێکدا (واتە) لەنیودا لەسێیەکدا لەچواریەکدا هاوتایی یەکێکیان ئەدرێت لەتەواوی مەسەلەکەی تر دووبارە تەماشای بەشی میراتگرەکان ئەکەنەوە بۆ ئەو میراتگرانەی کە لەهەردوو مەسەلەکەدا بەشیان هەیە لەیەکێکیاندا زۆرەو لەیەکێکیاندا کەمە ئەو دوو بەشەیان بۆ ئەدەن لەهەردوو مەسەلەکە جا زۆر بەوردی تەماشا ئەکەین بەشی

ئەو میراتگرە لەمەسەلەی ژیانی ونبووەکەدا چەندە لەگەڵ تەواوی مەسەلەی مردنەکەیدا بەرامبەریەك رایان ئەگرن ئەگەر نێوانیان ناهەموار بوو ژمارە بەشەکە ئەدرێت لەتەواوی مەسەلەکەو بەرهەمەکەی ئەنووسرێت ئەگەر ناهەموار نەبوو بەهاوتای یەکێکیان دائەنێین جا هاوتان لەهەر شتێکدا هاوتایی یەکێکیان ئەدرێت لەتەواوی ئەویتر هەروەها بەشی ئەو میراتگرە لەمەسەلەی مردنی ونبووەکەشدا بەرامبەر بەمەسەلەی ژیانی رای ئەگرین جا وەکو وتمان نێوانیان چۆنبێت ئاوها لەیەك ئەدرێن بەرهەمی لێدانەکەیان ئەنووسرێت جا کەبەشی ئەو میراتگرە دەرکەوت لەو دوو لەیەکدانە یەکێکیان کە مەو یەکێکیان زۆرە کەمەکەی ئەخەینە ناو دەستییەوەو ئەڵێین جاریٚ دەنگ مەکە (واتە) لەو مەسەلە گەورەی کە لەیەکدانی هەردوو مەسەلەکانی پێشەوە پەیدابووە ئەم بەشە کەمە ئەخەینە ناودەستی کابراوە، بەڵام ئەو یاسا تایبەتییەکە ئەو زانا دوایینەکان بەکاری ئەهێنن هەرچەند لەزۆر وێنەدا رێك دەرئەچێت، بەڵام لەهەندێك وێنەدا رێك نییە لەبەرئەوە کە ئەو یاسایەش بەکارنەهێنین پەکمان لەسەری ناکەوێت، چونکە لەهەردوو مەسەلەکەدا لەسەر رێبازی زانا پێشینەکان کە تەماشای هەردوو بەشە میراتەکەمانکرد دەرئەکەوێت کە کامەیان کەمەو کامەیان زۆرە ئەتوانین هەر لەو مەسەلەی کەبەشی میراتگرەکان کەمترە میراتەکە بەشبکەین و بەشە کەمەکەیان پیٚ بدەین هەتاکو باسی مان و نەمانی ونبووەکە ساغ ئەبێتەوە جا پێویستە چەند وێنەیەك بهێنینەوە تاکو بەهۆی ئەو وێنانەوە هەموو کون و قوژبنێکی باسەکەمان بۆ رووناك ببێتەوە.



یەکەم: ژنێك مرد لەدوای بەجێما مێردێکی ونبوو دوو خوشکی باوکی مامێك ئەم وێنە بۆ ئەوەیە کە یەکێك لەمیراتگرەکان بێبەش ئەبێت ئەگەر ونبوو مابێت لەژیاندا جا ئێستا هیچی بۆ دانانرێت جا ئەگەر ونبووەکە بەزیندوو دابنرێت نیوەی هەیە کە ژمارەکەی دووە دووخوشکەکان دوو سێیەکیان هەیە کە ژمارەکەی سێیە دوو و سیٚ ناهەموارن بەیەکەوە ٢×٣=٦، بەڵام ئەبیٚ یەکێکی لێزیاد بکرێت ئەچێت بۆ حەوت لەم مەسەلەیەدا مام هیچی بۆ دانانرێت، چونکە کە دوو سێیەکی مەسەلەکەیە بۆ خوشکەکان دائەنرێت سیٚ بۆ مێردەکە هەڵئەگیرێت، چونکە چوار نیوەی هەیە مام بێبەشەو ئەگەر مێرد بەمردوو دابنرێت مەسەلە لەسێیە، چونکە هەردوو سێیەکی خوشکەکان هەیەو بەس دوو بۆ خوشکەکان یەکیش هەڵئەگرین تاکو باسی مان یان نەمانی ونبووەکەمان دەست ئەکەوێت، لێرەشدا مام جاریٚ هیچی پێنادرێت ئەمجارە ئاوڕێك ئەدەینەوە لەو دو مەسەلە ئاخۆ نێوانیان چۆنە سیٚ و حەوت ناهەموارن بەیەکەوە سیٚ بدە لە حەوت ٣×٧=٢١ جا پێویستمان بەوە هەیە تەماشای هەردوو مەسەلە پێشینەکان بکەینەوەو لەمەسەلە حەوتدا کچەکان چواریان هەبوو ئەو چوارە بدە لەمەسەلە سیٚ ٤×٣=١٢ لەمەسەلە سێدا دوومان هەبوو بۆیان بدە لەمەسەلە حەوت ٢×٧=١٤ لێرەدا چونکە دوازدە کەمترە ئەدرێت بەخوشکەکان نۆش هەڵئەگیرێت جا ئەگەر باس واکەوت کە ونبوو ماوە ئەوا ئەو نۆیە هی ئەوە ئەگەر ئاشکرابوو کە نەماوە دوویتر لەو نۆیە ئەدرێت بەخوشکەکان تاکو بەشی تەواویان دەستکەوێت حەوتیش ئەدرێت بەمام.

دووەم: میراتگیرێك كە بەژیانی مردووەكە بەشی كەم ببێتەوە وەكو ئەوە كەسێك مرد لەدوای بەجێما: باپیرە یەك برایەكی باوكی و دایكی برایەكی باوكی ونبوو لێرەدا جارێك ونبوو بەزیندو دائەنرێت و سێیەك بۆ باپیرە قازانجە مەسەلە لەسێیە، چونكە میراتگرەكان سێ كەسن جارێك ونبوو بەمردوو دائەنرێت مەسەلە لەدووە، چونكە میراتگرەكان دوو كەسن جا ئەو دوو مەسەلە نێوانیان ناهەموارە دوو ئەدەین لەسێ ٢×٣=٦، لێرەدا باپیرەو براباوكی و دایكییەكە چ بەشێك كەمە لەو دوو مەسەلە پێیان ئەدرێت ئەویتر هەڵئەگیرێت تادەنگوباسی راست و دروستی ونبووەكەمان دەست ئەكەوێت ئەوجارە ئەو ئەندازە هەڵگیروە بەش ئەكەینەوە، بەسەریاندا جا ئەبێ بڵێین باپیرە لەمەسەلە سێدا یەكێكی هەبوو بۆی بدە لەتەواوی مەسەلە دوو ١×٢=٢ لەمەسەلە دوودا باپیرە یەكێكی هەبوو بۆی بدە لەمەسەلە سێ ١×٣=٣ ئێستا كە بەشێكی باپیرە دووەو بەشێكی سێیە لەمەسەلە شەشدا دووی بۆ دائەنرێت براكەش هەروەها لەمەسەلە دوودا یەكێكی هەیە بیدە لە سێ ١×٣=٣ لەمەسەلە سێدا یەكێكی هەیە بیدە لەدوو ١×٢=٢ كەوابوو لەمەسەلە شەشدا كەمترین بەشمان بۆ هەردوكیان دانا یەكی دووەمان پێدان دوو بەشی ئەمێنێتەوە هەڵیئەگرین بۆ دوایی ئەگەر ونبوو هاتەوە ئەویش ئەدەین بەبرا باوكی و دایكییەكە كە بەشی ئەو ئەبێت بەچوار، چونكە برا باوكی و دایكی برای باوكی لەزیانی باپیرە رای ئەگرێ بۆ بەش وەرگرتن، بەڵام دوایی هەر خۆی بێبەشی ئەكات و بەشی ئەویش بۆخۆی هەڵئەگرێت ئەگەر ونبوو مردبوو لەو دووە كەهەڵمان گرتبوو یەكی دانەیەكی كەیان پێ ئەدرێت تاكو باپیرەو براكە ببن بەبرا بەش لەگەڵ یەكتردا.



سێیەم: ژنێك مرد لەدوای بەجێما مێرد كچێك كوڕێكی ونبوو لێرەدا ئەگەر كوڕە ونبووەكە بەمردوو دابنرێت مەسەلە لەچوارە، چونكە ژمارەی نیوەی كچەكە دووە ژمارەی چوار یەكی مێرد چوارە، چوارو دوو چوونەناویەكن كەوابوو مەسەلە لەچوارەو ئەگەر بەزیندوو دابنرێت دووبارە مەسەلە هەر لەچوارە یەك بۆ مێرد ئەبێت، سێش بەسەر ئەواندا بەش ئەكرێت، جا ئەو دوو مەسەلەیە هەر چەند كە هاو وێنەن هاوتای یەكیش لەنیودا بۆ هاووێنە كەس باسی لێوەنەكردووە كەچیان لێبكرێت، بەڵام چونكە هەموو هاووێنەیەك هاوتای یەكیشن ئەبێ هاوەتایی یەكێكیان بدرێت لەتەواوی ئەویتر جا كەوابوو چوارو چوار هاوتای یەكن لەنیودا دوو بدەین لە چوار ٢×٤=٨ مەسەلە چوو بۆ هەشت جا لەبەرئەوە مێرد لەهەردوو مەسەلە پێشینەكاندا هەر چوار یەكی هەبوو لەهەشتیشدا چوار یەكی پێئەدرێت كە دووە، بەڵام كچەكە بەشەكەی زیادو كەمی تێدا هەبوو لەمەسەلەی ژیانی كوڕەكەدا یەكێكی هەبوو بۆی بدە لەمەسەلەكەی تر كە چوارە ١×٤=٤ كەوابوو لەهەشت چواری بۆ دائەنرێت دوو ئەمێنێتەوە هەڵی ئەگرین ئەگەر ونبوو هاتەوە ئەیدەین بەو دووی كەشی لەكچەكە بۆ وەرئەگرینەوە بەشی ئەو ئەبێت بەچوارو هی كچەكە ئەبێت بەدوو ئەگەر نەهاتەوە دووەكە ئەدرێن بەخەزێنەی موسڵمانان یان ئەدرێن بەخزمی سكی یان هەر ئەگەڕێتەوە بۆ كچەكە.

چوارەم: ژنێك مرد لەدوای بەجێما: مێرد دوو خوشكی باوكی خوشكێكی دایكی لەگەڵ برایەكی دایكی ونبوو دایك لێرەدا مەسەلەیەك لەشەشەو ئەچێت بۆ دە ئەگەر ونبوو بەزیندو دابنرێت، چونكە مێرد نیوی هەیە دوو خوشكە باوكییەكان دوو سێیەكیان هەیە خوشك و برا دایكییەكان سێیەكیان

هەیە دایك شەشیەکی هەیە دوو کە ژمارەی نیوە بەشی مێردە لەگەڵ سێ کە ژمارەی دووسێیەکە بەشی خوشکە باوکییەکانە لەگەڵ سێیەکە بەشی خوشك و برا دایکییەکان ئەوانە لەگەڵ شەش کە هی دایکە چوونەناویەکن کەوابوو مەسەلە لەشەشە، بەڵام چوارمان لێزیادکرد بووبە دە بۆئەوەی ئەو بەشانەی لێدەربهێنرێت و ئەگەر ونبووەکە بەمردوو دابنرێت مەسەلە هەر لەشەشە، بەڵام لێ زیادئەکرێت بۆ نۆ جا مەسەلە نۆو مەسەلە دە نێوانیان ناهەموارە نۆ ئەدەین لە دە ٩×١٠=٩٠ مەسەلە ئەچێت بۆ نەوەد جا وەکو وتومانە میراتگرەکان کەمترین بەش لەو دوو بەشانەی کە لەدوومەسەلە پێشینەکاندا بویان ئەویان پێئەدرێت ئەوەی مایەوە هەڵئەگیرێت تادوایی کەمترین بەش بۆ مێرد لەمەسەلە دەدا سێ بوو بیدە لەمەسەلە نۆ ٣×٩=٢٧ کەمترین بەش بۆ خوشکە باوکییەکان لەمەسەلە دەدا چوار بوو بۆیان بدە لەمەسەلە نۆ ٤×٩=٣٦ کەمترین بەشی خوشکە دایکییەکە لەمەسەلە دەدا یەك بوو بیدە لەنۆ ١×٩=٩ دایك یەکی هەبوو بیدە لەمەسەلە نۆ ١×٩=٩ جا ئەو هەموو بەشانە لەنەوەد دەربکەین نۆ ئەمێنێتەوە ئەگەر ونبوو هاتەوە ئەو نۆیە ئەدەین بەو تاکو وەکو خوشکەکەی خۆی نۆی وەبەرکەوێت و ئەگەر نەهاتەوە ئەو نۆیەش بەش ئەکرێتەوە بەسەر هەموو میراگرەکاندا بەو نۆیە بەشە کەمەکانیان بۆ تەواو ئەکرێت مێرد بەشە زۆرەکەی (٣٠) بوو کەمەکەی بیست و حەوت بوو ئێستا بۆی تەواو ئەکەین سێ بەشی تری پێئەدرێت بەشەکەی ئەبێتەوە بە (٣٠) تەواو خوشکەکان بەشە زۆرەکەیان چل بوو بیست و شەشمان پێدابوون چواریش ئەدرێتەوە بەئەوان دایك و خوشکە دایکییەکەش بەشە زۆرەکەیان (١٠) بوو ئێمە نۆمان پێدابوون ئێستا بۆیان ئەکەینەوە بە



(١٠) یەکی یەکیان لەو نۆیە بۆ ئەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو کەسەی میراتەکەی لێ بەشکردن چەنەی دراو هیچی پێ نەبڕا.

پێنجەم: ژنێك مرد لەدوای بەجێما: دایك مێرد دوو خوشکی باوکی کوڕێکی ونبوو ئەگەر کوڕە ونبووەکە زیندوبێت مەسەلە لەدوازدەیە، چونکە ژمارەی بەشی دایك شەشە هی مێرد چوارە چوارو شەش هاوتان لەنیودا دوو بدە لەشەش ٢×٦=١٢ ئەگەر ونبووەکە مردبێت مەسەلە لەشەشە، چونکە ژمارەی بەشی مێرد لەو کاتەدا دووە هی خوشکەکان سێیە هی دایك شەشە دوو و سێ لەگەڵ شەشدا چوونەناویەکن، بەڵام ئەبێ دووی لەسەر زیاد بکەین مەسەلە ئەچێت بۆ هەشت تەماشای نێوان دوازدەو هەشت ئەکەین هاوتان لەچواریەکدا چواریەکی دوازدە کە سێیە ئەدرێت لەهەشت ئەچێت بۆ بیست و چوار لێرەدا، چونکە هەردوو مەسەلەکە هاوتان لەچواریەکدا بەشی دایك لەمەسەلەی هەوەڵدا دووە بیدە لەچواریەکی مەسەلەی دووەم کە دووە ٢×٢=٤، بەڵام لەمەسەلەی دووەمدا بەشی دایك یەکە بیدە لەسێ کە چواریەکی مەسەلەی هەوەڵە ١×٣=٣ بەشی مێرد لەمەسەلەی هەوەڵدا سێیە بیدە لەدوو کەچواریەکی مەسەلەی دووەمە ئەبێت بەشەش لەمەسەلەی دووەمدا بەشی مێرد سێیە بیدە لەچواریەکی مەسەلەی هەوەڵ کە سێیە ئەبێت بەنۆ ٣×٣=٩ خوشکەکان لەمەسەلەی هەوەڵدا هیچمان نییە لەمەسەلوی دووەمدا چواریان هەیە، چونکە دوو سێ یەك ئەگرن لێرەدا بەشە کەمەکەی دایك سێیە هی مێرد شەشە کۆیانبکەرەوە ئەبێت بەنۆ ئەو نۆیە لەبیست و چوار دەربکەین پازدە ئەمێنێتەوە ئەگەر کوڕەکە مابوو هاتەوە

ئەدرێت بەو ئەگەر نەهاتەوە مردبوو دوازدە ئەدرێت بەکچەکان سێ ئەدرێت بەمێرد بەشی ئەو ئەبێت بەنۆ[1].

**باسی میراتگرتنی ئەو منداڵەی کە لەدوای مردنی میرات لێگیراوەکەدا لەناو سکی دایکیدا ماوەتەوە**

جا ئەو سکە لەپێش هەموو شتێکدا بەدوو مەبەست باسی لێوە ئەکەین.

مەبەستی یەکەم: ئەوەیە ئەو کەسەی کە ئێمە باسی لێوە ئەکەین سکێکە کە بەهەموو جۆرێك میرات بگرێت نێر بێت یان مێ بێت یان چەند دانەیەك بن لەناو سکی دایکیانداو کەیفی خۆیەتی ئەو سکە منداڵ ئەو کەسە بێت کە ئێستا مردووەو ئەو میرات و سکەی لێ بەجێماوە یان منداڵی کوڕی ئەو کەسە بێت وەکو ئەوە کەسێکی دەوڵەمەند ئەمرێت میراتێکی زۆر بۆ بووکێکی سکپڕ لەدوای خۆی بەجێئەهێڵێت واتە منداڵی ناو سکەکە باوکی خۆی نەماوە لەو باپیرە یان لە نەنکە میرات ئەگرێت وە کەیفی خۆیەتی منداڵی ئەو سکە کە لەدایك بوو کە کوڕ بێت یێبەشبێت و کە کچ بوو بێبەش نەبێت وەکو ئەوە

[1] لێرەدا ئەگەر کەسێك بڵێت کوا ئەو بەشکردنە جێی خۆیەتی ئەڵێم بەڵێ جێی خۆیەتی بەدوو بەڵگە، بەڵگەی یەکەم: ئەوەیە ئەڵێین هەر کاتێك لەمەسەلەی میراتگرەکاندا لەیەکدان رووی دا لەبەرهەمی لەیەکدانەکە میراتەکە بەش ئەکرێت هەرکەس لەپێش لەیەکدانەکەدا چەندمان پێ دابوون هەر ئەو ژمارەیان بۆ ئەدرێت لەو ژمارەکە لەدوایدا دامان لەمەسەلەی تر (واتە) لێرەدا سێمان داوە لەهەشت بەرهەم گەیشت بەبیست و چوار مێرد لەمەسەلە هەشتدا سێی هەبوو بۆماندا لەسێ ٣×٣=٩ خوشکەکان چواریان هەبوو بۆماندان لەسێ ٤×٣=١٢ دایك یەکی هەبوو بۆماندا لەسێ ١×٣=٣ لێرەدا کە ونبوو نەهاتەوە بەو یاسایە بیست و چوارەکەیان ئاوەها لێ بەشئەکرێت کەس ناڵێت هیچیان فێڵیان لێکراوە. دووەم: ئێمە کە ئەڵێین مەسەلە لەهەشتە هەموویان لەهەشتدا بەشیان هەیە دایك یەکی هەیە هەشتیش دوو هێندەی خۆی لێزیادکراوە بووە بەبیست و چوار بەشەکەشی دوو هێندەی خۆی لێزیادکراوە بووە بەسێ مێرد لەهەشت (٣)ی هەبوو ئێستا کە هەشت دوو هێندەی خۆی لێزیادکراوە بەشەکەشی دوو هێندەی خۆی لێزیادکراوە بووە بەنۆ خوشکەکان لەهەشت چواریان هەبوو دوو هێندەی خۆی لێزیادکراوە بووە بەدوازدە.



ژنێك بمرێت مێردێك و خوشکێکی باوکی و دایکی لەگەڵ باوەژنێکی سکپڕ بەجێبهێڵێت جا کە منداڵەکە لەدایك بوو کوڕبوو یێبەشە، چونکە مێردی ژنەکە لەگەڵ خوشکەکەیدا هەریەکەی نیوەی میراتەکە ئەبەن وە بۆ کوڕەکە هیچ نامێنێتەوە، بەڵام کە کچ بێت بەشی هەیە لەگەڵ خوشکی ژنە مردووەکەدا دوو سێیەك ئەبەن مەسەلەکەیان لەشەشەوە لێزیادئەکرێت بۆ حەوت سێ بۆ مێردو چوار بۆ ئەو دوو خوشکانە.

**مەبەستی دووەم: ئەوەیە ئەو منداڵە بەدوو مەرج میرات ئەگرێت:**

یەکەم: یەکەم مەرج ئەوەیە کە کەکاتێ لەدایك ئەبێت ئەبێ زیندوبێت واتە نیشانەی ژیانی دامەزراوی تێدا بەدی بکرێت وەکو ئەوە دەستی قووچابێت بیکاتەوە یان دەنگی لێوە ببیسترێت، بەڵام دوای بوونی کەمێك بلەرزێت و بمرێت یان جارێك دوو جار لەشی هەڵپەڕ بکات و بمرێت بەزیندوو دانانرێت، جا لێرەدا کە پێویست بوو میراتەکە بەشبکرێت و بەشی منداڵی سکەکەشمان دانابوو ئەوە قەی ناکات، بەڵام لەدواییدا دەرئەکەوێت ئەو منداڵە میراتگرە یان میراتگر نییە جا کە لەدایك بوو بەزیندویی ئەڵێن میراتگرەو ئەوەی بۆی دانراوە لێی ناستێنرێتەوە کە مردوو بێت بەشەکەی بەش ئەکرێتەوە بەسەر میراتگرەکاندا.

دووەم: دووەم مەرج ئەوەی لەکاتی مردنی میرات لێگیراوەکەدا ئەو منداڵە میراتگرە جێگیر بووبێت لەناو سکی دایکیدا، جێگیربوونی ئەو مندڵە لەسکی دایکیدا لەکاتی مردنی میرات لێگیراوەکەدا ئەزانرێت بەچەند بەڵگە، یەکەم: بەوە ئەزانرێت کە دایکی ئەو منداڵە لەگەڵ تەڵاقدانی یان مردنی مێردەکەی هاوکات بێت لەگەڵ مردنی ئەو کەسەی میراتی لێ ئەگرێت و ئەو ژنە

دانیشتبێت و مێردی تری نەبێت و لەو کاتەوە تاکو ئێستا چوار ساڵ تەواو نەڕۆیشتبوو منداڵێکی بۆ ئەو منداڵە میرات لەمیرات لێگیراوە ئەگرێت لەبەرئەوە زۆرجار بووە منداڵ لەسکی دایکیدا ماوەتەوە تا چوار ساڵ جا ئەبێ وای دابنێیت کە ئەو منداڵە لەکاتی مردنی میرات لێگیراوەکەدا بووەو جێگیربووە لەناوسکی دایکیدا ئەگەر لەپێش بوونیدا میراتمان بۆ دانابێت جێی خۆی بووە ئێستاش لێی ناستێندرێتەوە.

بەڵگەی دووەم: دایکی ئەو منداڵە بەکەمتر لەشەش مانگ دوای تەڵاقدان یان مردنی مێردەکەی و مردنی میرات لێگیراوەکە منداڵێکی بوو جا ئێستا میردێکی کەی هەیە یان نا ئەو منداڵە لەو میرات لێگیراوە میرات ئەگرێت هەموو کەس ئەڵێن ئە ومنداڵە هی مێردی هەوەڵەو ئەگەر هی مێردی دووەم بوویا بە لەپێش شەش مانگدا بەزیندووی نەئەبوو جا کە لەمیراتی ئەو میرات لێگیراوە بەشی بۆ دابنرێت ئێستا لێی ناستێندرێتەوە، لێرەدا ئەمەمان بۆ دەرکەوت ئەگەر منداڵەکە زۆرتر لەشەش مانگ لەمردنی مێردی هەوەڵ و میرات لێگیراوەکە لەدایك بوو و ئەگونجا بوترێت ئەمە لەمێردی دووەمی ئەم ژنەیە یان لەدوایی لەدایك بوو میرات لەو میرات لێگیراوە ناگرێت مەگەر میراتگرەکان بڵێن هەرچی چۆنێك بێت هەر منداڵی مێردی هەوەڵەوە لەکاتی مردنی میرات لێگیراوەکەدا پەیدا بووە.

ئەمجارە لەبارەی ئەو میراتەوە کە مردووەکە بەجێی هێشتووە بۆ میراتگرەکان و بۆ ئەوسکە کە هێشتا نەبووە لەدایك پێویستە چی بکرێت ئەمە پرسیارێکەو وەڵامەکەی ئەوەیە ئەبێ ئیحتیات و دەستپارێزی بکرێت



بۆئەوەی لەبەشکردنی ئەو میراتە بەهەڵە نەچین جا لەبەرئەوە لەچەند جێگەدا میراتەکە هەر دەستی بۆ نابەین تا منداڵی سکەکە لەدایك نەبێت.

یەکەم: ئەو جێگەیە کە پیاوێك ئەمرێت بەس ژنێکی تەڵاقدراوی سکپڕی لەدوا بەجێئەمێنێت، لێرەدا ئەو میراتە دەستی لێنادرێت تا منداڵەکە لەدایك ئەبێت ئەو کاتە ئەدرێت بەسەرپەرشتی منداڵەکە.

دووەم: جێگە هەر ئەو جێگەیە کە مردووەکە ژنی تەڵاقدراوی سکپڕی بەجێهێشتووە، بەڵام لێرەدا میراتگرێکی تر هەیە بێجگە لەو منداڵی سکە وەکو براو خوشکی دایکی، بەڵام منداڵەکە کە بەزیندوویی ببێت بێبەشیان ئەکات ئەو کاتەش ماڵەکە دەستی لێنادرێت تا منداڵەکە ئەبێت کە بەزیندوویی بوو ئەدرێت بەو کە بەمردوویی بو ئەدرێت بەو خوشك و برا دایکیانە.

سێیەم: جێگە هەر ئەوەیە کە پیاوەکە ژنی تەڵاقدراوی سکپڕی بەجێهێشتووە، بەڵام بێجگە لەو منداڵە میراتگری تر هەیە وەکو برایەك یان خوشکێکی باوکی جا ئەگەر منداڵی سکەکە کوڕبوو بێبەشیان ئەکات ئەگەر کچ بوو بێبەشیان ناکات لێرەشدا ئەو ماڵە میراتە دەستی لێنادرێت تا منداڵەکە نەبێت هەروەها دەستی لێنادرێت کە مردووەکە خوشکی باوکی دایکی یان برای باوکی و دایکیشی بێت، چونکە کە سکەکە کوڕبێت بێبەشیان ئەکات و ئەگەر کچ بێت بێبەشیان ناکات.

چوارەم: جێگە ئەوەیە کە پیاوەکە ژنی تەڵاقدراوی سکپڕی بەجێهێشتووەو بێجگە لەو منداڵی ناو سکە مردووەکە میراتگری تریشی هەیە وەکو کوڕ و کچ، بەڵام بەشی دیاریکراویان نییە ئەگەر منداڵەکانیتر کوڕبن هەر بەشی دیاریکراویان نییە ئەگەر کچێك بێت نیوەی هەیە ئەگەر زۆرتر بن لەیەك

کچ دوو سێیەکیان هەیە، بەڵام بەشەکەیان دامەزراو نییە لەبەرئەوە کە منداڵی سکەکە کوڕ بێت کچەکان ئەبنەوە بەپشت بەشی سەربەخۆیان نییە لەم جێگەیەشدا ماڵی میراتەکە دەستی لێنادرێت تا منداڵەکە نەبێت، چونکە دواڕۆژ بوو بۆ کەس ئاشکرا نییە نازانین منداڵەکە کوڕ ئەبێت یان کچ ئەبێت یەکێك ئەبێت یان زۆر ئەبن، چونکە بووە ژن بەسکێك حەوتی بووە دوازدەی بووە ژن بووە وەکو ئەیگێڕنەوە چل منداڵی بەیەك سك هەمووشیان گەورەبوون و گەشت و دەرودەشتیان کردووە لەکاتی بوونیاندا هیچیان کە لەپەنجەی دەست گەورەتر نەبوون، بەڵام بێجگە لەو جێگایانەی کە باسمانکردن چاوەڕوانی بوونی منداڵەکە ناکرێت، بەڵکو ئەگەر میراتگری واهەبوو لەو جێگەیەدا بەهەموو جۆرێك میراتی هەر ئەگرت کە یفی خۆیەتی منداڵی سکەکە هەرچی چۆنێك بێت یەك بێت یان زۆربن کوڕبن یان کچ بن ئەوە لەو جێگەیەدا ئەو ماڵی میراتە بەش ئەکرێت و بەشی ئەو خاوەن بەشانە ئەدرێت، بەڵام کە بەدووباردا بەشیان هەیە بەشەکەمەکەیان پێئەدرێت وەکو ئەوە پیاوێك ئەمرێت ژنێکی سکپڕی لەدوا بەجێ ئەمێنێت لەگەڵ برایەکی باوکی و دایکیدا ئەگەر منداڵەکە بەزیندوویی ببێت ژنەکە هەشت یەك ئەگرێت لەمێردەکەی ئەگەر بەمردوویی ببێت ژنەکە چواریەك ئەگرێت لەمێردەکە جا بەلای ئێمەوە کە شافعین ژنەکە هەشتیەکی بۆ دائەنرێت هەشت یەك کەمترە لەچواریەك بەشی سکەکەو براکە هەڵئەگیرێت هەروەها هەر میراتگرێك کە دوو بەشە میراتی هەیە یەك کەمەو یەك زۆرە کەمەکەی پێ ئەدرێت تا منداڵەکە ئەبێت پیاوێك ئەمرێت لەدوای بەجێئەمێنێت ژنێکی سکپڕو دایك و باوك لێرەدا باوك و دایکی بەشی خۆیان پێ ئەدرێت لەمەسەلەکەی خۆیاندا جا



باوەکو مەسەلەکەشیان پێویست بەلێزیادکردن بکات واتە عول و لێزیادکردنی تێیدا کرابێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: ژنێکی سکپڕ\؟٨ و باوك\؟٦ و دایك\؟٦

بەش: ٣، ٤، ٤

لەبەرئەوە ژن هەشتیەك ئەباو باوك و دایك شەشیەك ئەبەن شەش و هەشت هاوتان لەنیودا سێ ئەدەین لەهەشت ٣×٨=٢٤ جا لەبەرئەوە کە سکەکە بوو نەباکو دوو کچ بێت مەسەلەکە لێی زیادئەکرێت بۆ حەوت ئێستا میراتەکە لەسەر مەسەلە بیست و حەوت بەش ئەکرێت، بەڵام بەشی باوك و دایك و ژنەکە بەگوێرەی مەسەلە بیست و چوار پێیان ئەدرێت جا شەشیەك ئەدرێت بەباوك کە چوارە دایکیش هەر شەشیەکی پێئەدرێت کە چوارە هەشتیەکیش ئەدرێت بەژن کە سێیە شانزە ئەمێنێنێتەوە جا کە سکەکە دوو کچ بوو شانزەکە بەشی خۆیانە پێیان ئەدرێت. ئەگەر کچێکیش بوو دوانزەی پێ ئەدرێت ئەو چوارەی کە ماوەتەوە لەنێوان دوانزەو شانزەدا ئەدرێت بەباوك، چونکە وەکو خاوەن بەشە پشتیشە ئەگەر سکەکە کوڕێك بوو شانزە بەشەکەی کە ماوەتەوە تەواو پێی ئەدرێتەوە ئەگەر کوڕو کچ بەیەکەوە بوون بەیاسای دروستکردنی مەسەلە مەسەلەکەیان ئەچێت بۆ شوێنێك کە بەڕێکوپێکی بەسەر هەموویاندا بەشئەکرێت، بەڵام بەڕێبازی زانا دواییەکان ئەم مەسەلە بەجۆرێکی کە بەشئەکرێت بەسەرهەموویاندا ڕێبازی ئەوان ئاوەهایە ئەڵێن لێرەدا دوو مەسەلە کۆبوونەتەوە بەیەکەوە نێوانیشیان هاوتایە هاوتان لەسێیەکدا سێیەکی بیست و چوار کە هەشتە ئەبێ بدرێت لەتەواوی مەسەلەکەی تر کە بیست و حەوتە ٨×٢٧=٢١٦ ئەمجارە ئەبێ

بەشی هەرخاوەن بەشێك لەمەسەلە هەوەڵەکەدا بدۆزینەوەو بیدەین لەسێ یەکی مەسەلەی دووەم، چونکە وەختی خۆی ئەو دوو مەسەلە هاوتای یەك بوون لەسێیەکدا بەشی ژن لەمەسەلە بیست و چواردا سێ بوو بۆی ئەدەین لەسێیەکی مەسەلەی دووەم کە نۆبوو ٣×٩=٢٧ دایك چوار بەشی هەبوو ئەیدەین لەنۆ ٤×٩=٣٦ ئەمجارە لەمەسەلە دووەمەکەشدا هەروەها ئەیکەین لەمەسەلە بیست و حەوتەکەدا ژن سێی هەبوو ئەیدەین لەسێیەکی بیست و چوار کە هەشتە ٣×٨=٢٤ دایکەکە چواربەشی هەبوو ئەیدەین لەهەشت ٤×٨=٣٢ باوکەکەش چواری هەبوو ٤×٨=٣٢ جا لێرەدا تەماشا ئەکەین خاوەن بەشەکان هەریەکەی دوو ژمارە بەشیان بۆ دانراوە ژن لەجێگەیەکدا (٢٧)ی بۆ دانراوە لەجێگەکەی تردا (٢٤)ی بۆ دانراوە جیاوازی نێوان ئەو دووبەشە سێ ژمارەیە بەشە کەمەکەی پێئەدرێت و ئەو سێ ژمارەی بۆ هەڵئەگرین بۆ دوایی هەروەها دایك لەجێگەیەکدا (٣٦)ی هەبوو لەجێگەیەکدا (٣٢)ی هەبوو ئەو دوو بەشە جیاوازییان لەیەکتر بەچوار ژمارەیە بەشە کەمەکەی پێئەدرێت چوار ژمارەکەی بۆ هەڵئەگرین بۆ دوایی باوکەکەش لەجێگەیەکدا (٣٦)ی هەبوو لەجێگەیەکی تردا (٣٢)ی هەبوو جیاوازی نێوان دوو بەشەکەی ئەویش چوارە بەشەکەمەکەی پێئەدەرێت و چواری بۆ هەڵئەگرین بۆ دوایی کەوابوو لە (٢١٦)ی تێکڕای بەشی کەمی ئەو سێ خاوەن بەشە ئەیکردە (٨٨) بەش تێکڕای بەشە دوورەکانیان ئەیکردە (٩٩) بەش جیاوازی نێوان ئەو دوو کۆمەڵە بەشە پانزە ژمارەیە کە هەڵمانگرتووە هەرکات منداڵەکە لەدایك بوو وەویستمان بەشە زۆرەکە بدەین بەمیراتگرەکان هەر ئەو پازدە ژمارەیان پێ ئەدرێت و جا کە منداڵی سکەکە لەدایکبوو کچ



بوو نیوەی میراتەکە ئەگرێت واتە لە (٢١٦) سەدو هەشتی وەبەرئەکەوێت جا بێجگە لەو (٨٨)یەی کە دابوومان بەمیراتگرەکان بیست ئەمێنێتەوە لەو بیستە پانزە ژمارە ئەدرێتەوە بەمیراتگرەکان ژن سێ و دایك چوارو باوك چواری پێئەدرێتەوەو تکێڕای بەشەکەیان ئەبێتەوە بە (٩٩) ئاوەهاش نۆ ئەمێنێتەوە ئەو نۆیە ئەدرێت بەباوك، چونکە بێجگە لەوە کە بەشیشی هەیە پشتیشە و ئەگەر سکەکە بوو دوو کچ یان زیاتر لەدوو کچ بوون ئە وکاتە ئەوان دوو سێیەکی مەسەلەکە ئەگرن جا ئەگەر تۆبڵێیت چۆن چۆنی ئەو دوو سێیەکە ئەگرن ئەڵێین لەهەوەڵەوە مەسەلە لەبیست و چوارە کە لێمانزیادکرد بۆ بیست و حەوت جا لەبەرئەوەبوو وتمان نەباکو سکەکە دوو کچ بێت کە دووکچ بوونایە ژنەکە سێ و باوك چوارو دایك چواریان وەبەرئەکەوت شانزە ئەمایەوە بۆ دووکچەکان جا هەر ئەو شازدەی کە لەبیست و حەوتدا بۆمان دانابوون بۆیان بدەین لەو هەشتەی کە لەدواییدا دامان لەبیست و حەوت بوو بەدوو سەدو شانزە ١٦×٨=١٢٨ لێرەدا میراتگرەکانی تر هەر ئەو بەشەیان پێئەدرێت کە بۆمان دانابوون بۆ تاقیکردنەوە وەرە (٨٨) لەگەڵ (١٢٨) دا کۆیبکەرەوە (٢١٦) کە دەرئەچێتەوەو ئەگەر منداڵی سکەکە لەدایك بوون و کوڕ و کچ بەیەکەوە بوون ئەوە هەر ئەو هەشتاو هەشت بەشە کە بەشە کەمەکەیە ئەدرێت بەژن و باوك و دایکەکەو هەرچی لە (٨٨) زیاد مایەوە بەش ئەکرێت لەناو ئەو کوڕو کچانەدا بۆ نێر دوو هێندەی مێ ئەم وێنەیە پێویستە لەهەموو کتێبێکی میراتدا بهێننەوە، چونکە پێی ئەڵێن مەسەلەی (مینبەرییە) کاتی خۆی ئیمامی عەلی لەسەر مینبەر باسی لێوەکردووە بەشێوەیەکی ئەدەبی فەرموویەتی (صار

ثمن المرئة تسما) لەدوای ئەوە کە فەرموویەتی و (لیە المأب و الرجعی) واتە ئەو کەسەی لەم کاتەدا پرسیار ئەکات لەبەشی ژن لەو مەسەلەدا وەڵامی ئەدەمەوە ئەڵێم هەشت یەکی ژن بوو بەنۆیەك واتە ژن هەشتیەك ئەگرێت لەهەندێك شوێنا، بەڵام لەم مەسەلەیەدا کە لەبیست و حەوتەو ژن سێی وەبەرئەکەوێت ئەو سێیە لەڕاستیدا نۆیە کە پیاوێك مرد لەدوای بەجێما کچێك\?٢ ژنێك\?٨ باوك\?٦ بوکێکی سکپڕی تەڵاقدراو، لێرەدا کە منداڵی سك بەنێری دابنێت یان بەمێی دابنێت بەیەك کچی دابنێت یان بەزۆرتر دوو مەسەلە پەیدا نابێت، بەڵکو هەر لەیەك مەسەلە میراتەکە بەش ئەکرێت و هەندێکی هەڵئەگیرێت بۆ سکەکە تا لەدایك ئەبێت جا لێرەدا مەسەلە هەر لەبیست و چوارە، چونکە ژمارەی نیوەکە بەشی کچە لەدووە لەگەڵ ژمارەی شەشیەکی باوك کە شەشە چوونەناویەکن و هەشت کە ژمارەی هەشتیەکی ژنەکەیە لەگەڵ شەش کە ژمارەی بەشی دایکە هاوتان لەنیودا نیوی هەشت کە چوارە ئەیدەین لەشەش ٤×٦=٢٤ دوازدە بۆ کچ دائەنرێت سێ بۆ ژن چوار بۆ باوکەکە دائەنرێت پێنج ئەمێنێتەوە بۆ سکەکە بۆی هەڵئەگرین ئەگەر کچ و کوڕ بن لەخۆیانی بەش ئەکەن بۆ نێر دوو هێندەی مێ و ئەگەر کچێك بێت یان زیاتر لەیەك کچ بێت شەشیەکیان ئەکەوێت، چونکە لەگەڵ کچی مردووەکەن جا لەو پێنجە کە هەڵمانگرتبوو چواریان پێئەدرێت ئەو یەکە کە لەو پێنجە ماوەتەوە ئەدرێت بەباوك، چونکە لێرەدا باوك هەم خاوەن بەشەو هەم پشتیشە. پیاوێك مرد لەدوای بەجێما: باوك\?٦ دایك\?٦ کچێك دووژنی بەتاڵ و حەتاڵ\?٨ بۆ سێ ژن ژنێکی سکپڕ، ئەگەر سکەکە بەکوڕ دابنرێت مەسەلە لەبیست و چوارە، چونکە دوو شەشیەك کە ژمارەکەیان شەشە



هاووێنەن یەکێکیان ئەگرین هەشت کە ژمارەی هەشتیەکی ژنەکانە لەگەڵ شەشدا هاوتان لەنیودا کەوابوو سێ ئەدرێت لەهەشت ٣×٨=٢٤، بەڵام کە بەشی میراتگرەکانمان دا (١٣) ئەمێنێتەوە بۆ کوڕو کچەکە کە سێ سەرن سێزدە بەسەر سێ کەسدا بەساغی بەشناکرێت مەگەر سێ بدرێت لەمەسەلەکە ٣×٢٤=٧٢ مەسەلەی هەوەڵ چوو بۆ حەفتاو دوو ئەگەر سکەکە بەکچ دابنرێت مەسەلە ئەچێت بۆ (٢٧) بەلێزیادکردنی (٣) لەسەر (٢٤) جا لەم مەسەلەی دووەمەدا بەشی میراتگرەکان دیاری ئەکرێت سێ بۆ ژنەکان و هەشت بۆ دایك و باوکەکە جیا ئەکرێتەوە شانزەش بۆ دوو کچەکە دائەنرێت لەمەسەلە هەوەڵینەکەدا کە (٧٢)وە بەشی میراتگرەکان جیابکەرەوە (١٢) بۆ دایك (١٢) بۆ باوك (٩) بۆ ژنەکان هەمووی ئەکاتە (٣٣)، (٣٩)ی مایەوە ئەمجارە وتراوە لەسەر هەرماڵێکی میراتی دوو مەسەلە دروستکرا نابێت هەر ئەبێ ئەو دوو مەسەلە بکرێنەوە بەیەك مەسەلە جا بەیاسای دروستکردنی دوو مەسەلە تەماشای نێوانەکانیان ئەکەین کە ناهەموواربوون بەیەکەوە ئەیاندەین لەیەکتر ئەگەر هاوتای یەك بوون لەنیودا یان لەسێیەکدا یان لەهەرشتێکی کەدا ئەوە نیوی یەکێکیان یان سێیەکی یەکێکیان ئەدرێت لەتەواوی ئەویتر لێرەدا ئەو دوو مەسەلە هاوتان لەسێیەکدا (٩) کە سێیەکی (٢٧)ە ئەیدەین لە (٧٢) ٩×٧٢=٦٤٨ ئەمجارە ئەگەڕێینەوە بۆ سەر مەسەلە (٢٤)و (٧٢) لەهەردوو مەسەلەکاندا میراتگرەکان بەشیان هەیە جابەشی هەر کەسێك لەمەسەلە (٢٤)دا کە هەیەتی بۆی ئەدرێت لەسێیەکی مەسەلە (٧٢) هەرکەس لە (٧٢)دا چ بەشێکی هەیە بۆی ئەدرێت لەسێیەکی مەسەلە (٢٤) جا بۆ هەر میراتگرێك لەدوو لەدوولاوە بەشی هەیە بەشێکیان زۆرەو

بەشێکیشیان کەمە بەشە کەمەکەیان پێ ئەدرێت واتە بەشەکانیان بۆ جیائەکەینەوە لەمەسەلە هەرە گەورەکە کە (٦٤٨) بوو هەرچی مایەوە هەڵیئەگرین بۆ دوایی تا سکەکە ئەبێت و بەرچاومان روونئەبێتەوە ئێستا لە (٧٢) دایک دوازدەی هەبوو بیدە لە (٩) ١٢×٩=١٠٨ بۆ باوك هەروەها ١٢×٩=١٠٨ بۆ ژنەکان ٩بدە لە ٩، ٩×٩=٨١ ئەمە بەشە زۆرەکەیانە جارێکا ئەمەیان پێنادرێت، بەڵام لە (٢٧)دا دایك چواری هەبوو بۆماندا لە بیست و چوار ٤×٢٤=٩٦ بۆ باوکیش هەروەها ٤×٢٤=٩٦ ژنەکانیش سێیان هەبوو بیدە لەبیست و چوار ٣×٢٤=٧٢ جا کە ئەم بەشە کەمانەیان بۆ کۆبکەینەوەو دەریبکەین لەمەسەلە گەورەکە کە (٦٤٨)ە واتە (٢٦٤)دەربکەین لە (٦٤٨) (٣٨٤) دەمێنێتەوە ئەگەر سکەکە لەدایك بوو کوڕیش بوو (٢٥٦)ی وەبەرئەکەوێت کچەکەش (١٢٨)ی وەبەرئەکەوێت ئەگەر سکەکە کچ بوو (٣٨٤)ەکەیان پێدەدرێت، چونکە لە (٢٧)دا (١٦)یان هەبوو بۆیان بدە لەبیست وچوار کەسێیەکی مەسەلە (٧٢)ەو راستئەکاتە (٣٨٤) کە دوو سێیەکی خۆیانە یەکێك لەزانایان کە هەر لەسەر رێگەی شافعی ئەڕوات ئەڵێت: زۆرترینی سکی ئافرەت چوار منداڵ زیاتر نابێت کەوابوو لەشوێنێکدا کەسێك مرد کوڕێك و ژنێکی سکپڕی لەدوای خۆی بەجێهێشت ژنەکە هەشت یەکی خۆی ئەگرێت ئەوەی کە لەهەشتیەك زیاد مایەوە دەکرێت بەپێنج بەش بەشێکی ئەدرێت بەو کوڕەی کە ئێستا هەیە چواری هەڵدەگیرێت بۆ دوایی کەسێك مرد لەدوای بەجێما: کوڕێك ژنێکی سکپڕ لەگەڵ (٨٠٠) دینار مەسەلە لەهەشتە ژن (١٠٠) دینار کە هەشتییەکی خۆیەتی ئەیبات (٧٠٠) دینار مایەوە بەشی بکە بەسەر پێنج کوڕدا ٧٠٠÷٥=١٤٠ کوڕەکە (١٤٠)



دیناری پێئەدرێت (٥٦٠) دینار هەڵئەگیرێت بۆ دوایی ئەگەر منداڵی سکەکە یەك کوڕ بوو ئەبێ لەو (٥٦٠) دینارە (٢١٠) دیناری کە بدەنەوە بەبراکەی وە ئەگەر منداڵی زۆرتربوون لەیەك کوڕ وەکو کوڕو کچێکیش بوون بەیەکەوە ئەبێ (١٤٠) دیناری کەش لەکوڕی هەوەڵە وەربگرنەوەو تەواوی (٧٠٠) دینارەکە سەر لەنوێ بەشبکەنەوە بەسەریاندا، بەڵام بۆ نێر دووهێندەی مێ بۆ دادەنرێت.

**باسی نێرەمووك:**

**نێرەمووك دوو جۆرە:**

یەکەم: ئەوەیە لەجێگەی هەردوو هەرامەکەی تەنیا یەك کونی هەیە میزی لێوە ئەکات ئەوە پێی ئەڵێن نێرەمووکی نەزانراو نە ژنەو نەپیاو ئەوە هەر بەنەزانراو دادەنرێت هەتا لەپلەی منداڵییەوە ئەگوێزێتەوە بۆ پلەی گەورەیی جا کە گەورەبوو نیشانەی ژنانی لێدەرکەوت وەکو ئەوە منداڵ کەوتە سکی یان ئەو خوێنەی پێدا هات کە ژن پێیاندا دێت ئەوە بەژن دەردەچێت و ئەگەر ئەوانەشی نەبوو، بەڵام هەوەسی شوکردنی هەبوو ژنەو ئەگەر هەوەسی ژن هێنانی هەبوو ئەوە پیاوە، بەڵام ئەگەر وەکو یەك حەزی لە شوکردن و ژنهێنان ئەکرد یان حەزی لەهیچیان نەئەکرد ئەوە هەر نێرەمووکی نەزانراوە.

دووەم: ئەوەیە هەردوو هەرامەکەی هەیە جا ئەگەر میزو تۆوی لەهەرامە پیاوانەکەیەوە ئەهات ئەوە پیاوە ئەگەر لەهەرامە ژنانەکەیەوە ئەهات ئەوە ژنەو ئەگەر میزو تۆوی لەهەردوو هەرامەکەیەوە ئەهات، بەڵام لەیەکێکیانەوە زۆرتر دەرئەچوو بڕیاری ئەو لایەنەی بۆ ئەدرێت کە زۆرتر لێیەوە دەرئەچێت جا پیاوانەکەیە یان ژنانەکەیەتی و ئەگەر ئەو نیشانانەی بەرێك و پێکی تێدا

دیارنەبوو وەکو نێرەمووکی جۆری یەکەم تەماشای ئارەزووەکەی ئەکرێت ئەگەر ئارەزووی ژن هێنانی هەبوو ئەوە پیاوە ئەگەر ئارەزووی شووکردنی بوو ئەوە ژنە وە ئەگەر ئارەزووی هیچ لایەکی نەبوو یان ئارەزووی هەردوو لای هەبوو ئەوە هەر نێرەمووکی نەزانراوەو نێرەمووک بەهەردوو جۆرییەوە هەربۆی تەماشای ئە ونیشانانە ئەکرێت تەماشای مەمککردن و ریش دەرهاتنی ناکرێت[1] جا ئەگەر کەسێك مرد نێرەمووکێکی نەزانراوی لەدوا بەجێما لەگەڵ میراتگری تر یان هەر تەنیا بێت ئەوە ئەگەر پیاو بوویایە یان ژنبوویایە هەر یەك جۆرە بەشی لەمیراتی ئەو مردووە وەبەرئەکەوت وەکو ئەوە نێرەمووك لەدایکی مردووەکە بووبێت چ نێربێت و چ مێ بێت هەر شەشیەك لەو مردووە ئەگرێت جا هەر ئێستا کە میراتەکە بەشکرا بەشی بۆ دائەنرێت وەئەگەر نێرەمووك بەشی ئەگۆڕا وەگۆڕانەکەش دووجۆرە:

یەکەم: ئەوەیە بەبارێکا کە نێربێت یان کە مێ بێت بەشی هەر نییە ئەوە ئەو نێرەمووکە بەشی هەر بۆ دانانرێت تا دوایی وەکو ئەوە ژنێك ئەمرێت لەدوای بەجێ ئەمێنێت مێرد خوشکێکی دایکی و باوکی نێرەمووکێکی دایکی ئەوە ئەگەر نێرەمووك نێر بێت ئەبێت بەبرای باوکی بۆ مردووەکە، بەڵام لەبنەوپاڵەوە خوشکە باوکی و دایکیدایە بێبەشی ئەکات و ئەگەر مێ بێت ئەبێت بەخوشکی باوکی جا بەهۆی ئەوەوە کە لەگەڵ خوشکێکی باوکی و داکیدایە شەشیەك ئەگرێت کە وابوو مەسەلە لەشەشە، چونکە دوو کە ژمارە بەشی مێردە لەگەڵ شەشدا کە ژمارە بەشی ئەو نێرەمووکەیە کە بەمێی

---

[1] ئەبێ ئەوەش بزانرێت کە هەرگیز نێرەمووکی نەزانراو نابێت بەدایك نابێت بەمێرد نابێت بەژن بۆ کەس، چونکە ئەگەر ببێت بەیەکێك لەوانە دەرئەکەوێت کە نێرەمووکی نەزانراو نییە



دابنرێت چوونەناویەکن شەش ئەگرین بەدەستەوە، بەڵام ئەبێت دانەیەکی لێزیادبکرێت بچێت بۆ حەوت سێ بۆ مێرد سێ بۆ خوشکە باوکی و دایکییەکە هیچ نادرێت بەو نێرەمووکە یەکێکی بۆ هەڵئەگرین کە ئاشکرابوو کەمێیە پێی ئەدەین کە بەنێر دەرچوو ئەو یەکەش ئەگەڕێتەوە بۆ خوشکەکە یان ئەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی موسڵمانان.

دووەم: ئەوەیە نێربێت یان مێ بێت بەشی هەیە، بەڵام بەبارێکا زۆری هەیەو بەبارەکەی ترا کەمتری هەیە لێرەدا بەشە بێگومانەکەی پێ ئەدرێت، چونکە گومان نییە کە نێر بێت یان مێ بێت یەکێك هەر ئەگرێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: کوڕێك کچێك منداڵێکی نێرەمووك ئەگەر نێربێت لەپێنج بەش دوو بەش ئەگرێت ئەگەر مێ بێت لەچواربەش بەشێك ئەگرێت جا ئێستا ئەو یەکەی بەدڵنیاییەوە پێ ئەدرێت دوایی کە بەنێر دەرچوو بەشێکی تریشی بۆ وەرئەگریتەوە، چونکە ئەگەر نێربێت دوو کوڕو کچێك مەسەلەکەیان لەپێنجە دوو کوڕەکان یەکی دوو بەش ئەبەن کچەکە بەشێك ئەبات کەسێك مرد لەدوای بەجێما: مێرد باوك منداڵێکی نێرەمووك مەسەلە لەدوازدەیە، چونکە ژمارەی چواریەکی مێرد کە چوارە لەگەڵ ژمارەی شەش کە هی شەشیەکی باوکە هاوتان لەنیودا جا نیوی شەشە کەسێیە ئەیدەین لەچوار ٣×٤=١٢ سێ بۆ مێرد دوو بۆ باوك شەش بۆ منداڵە نێرەمووکەکە، چونکە دڵنیاین کەمنداڵەکەدوای نێربێت یان مێ بێت لەو دوازدە بەشە کەمتر لەشەش بەشی پێنادرێت ئەمجارە کە ئەو میراتگرانە کە لەگەڵ نێرەمووکیشدان هەر ئەو رەفتارەیان لەگەڵدا ئەکرێت هەتاکو چۆنیەتی نێرەمووك رەوشەن ئەبێتەوە (ئەگەر) میراتگر بەبارێکدا هیچ میراتی نەئەگرت

ئەوە ئێستا هیچ میراتی پێ نادرێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: برایەکی باوکی و دایکی منداڵێکی نێرەمووك جارێ هیچ بۆ براکە دانانرێت، چونکە کە نێرەمووك نێر بێت ئەبێت بەکوڕی مردووەکەو براکە بێبەشەو ئێستا نیوەی میراتەکە بۆ نێرەمووك دائەنرێت، چونکە کەمترین بەش لەو دووبەشە کە هەیەتی لەم مەسەلەیەدا پێماندواە، چونکە ئەگەر نێربوویایە هەموو میراتەکەی ئەگرت، بەڵام کەمێ بێت نیوەی هەر ئەگرێت جا ئێستا بەدڵنیاییەوە نیوەی هەر پێ ئەدرێت نیوەکەی تر هەڵئەگیرێت تاکو چۆنیەتی نێرەمووکمان بۆ روون ئەبێتەوە ئەگەر بەنێر دەرچوو ئەو نیوەشی پێ ئەدرێت ئەگەر بەمێ دەرچوو لەپێشەوە نیوەی گرتووە نیوەکەی کەشی یان بۆ ئەگەڕێتەوە بەیاسای گەڕانەوە یان ئەدرێت بەخەزێنەی موسڵمانان ئەگەر کەسێك مرد لەدوای بەجێما: برایەکی باوکی و دایکی لەگەڵ دوو منداڵی نێرەمووکدا بەدڵنیاییەوە لەسێ بەشدا دوو بەش بۆ ئەو نێرەمووکە دائەنرێت بەشێك هەڵ ئەگیرێت بۆ دوایی، چونکە یەکێك بەکچ دائەنرێت و یەکێك بەکوڕ هەر کام لەو دووانە لەسێیەك کەمتر نایگرن دوو سێیەکیان پێ ئەدرێت سێ یەکێك هەڵئەگیرێت دوایی کە ئاشکرابوو هەردووکیان نێرن هەرکەسێك بەشەکە لەخۆیانی بەش ئەکەن هیچ نادەن بەبراکە ئەگەر یەك نێر بوو یەك مێ بوو هەروەها لەخۆیانی بەش ئەکەن بۆ نێر دوو هێندەی مێ و ئەگەر هەردووکیان مێ بوون ئەو سێیەکەی کە هەڵمانگرتبوو ئەدرێت بەبرای مردووەکە نێرەمووك پێنج چۆنیەتی هەیە:

یەکەم: ئەوەیە بەنێر دابنرێت یان بەمێ دابنرێت هەر یەك جۆرە بەشی هەیە وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باوك دایك کچ منداڵێکی



نێرەمووك کوڕەکەی لێرەدا لەبەرئەوەی باوك و دایکی هەریەکەیان شەشیەك ئەگرن بەشی کچیش نیوەو ژمارەکەی دووە لەناو شەش دایە واتە چوونەناویەکن کە نێرەمووك دا بنێیت بەنێر سێ وەبەر کچ ئەکەوێت دوو وەبەر دایك و باوکەکان ئەکەوێت یەك بۆ نێرەمووك دائەنرێت، چونکە منداڵی کوڕ کە نێر بێت و لەگەڵ یەك کچی مردوودا بێت پاشماوەی بەشی کچەکە ئەگرێت لێرەدا ئەوەی لەبەر باوك و دایك و کچەکە ئەمێنێتەوە یەك دانەیەو بۆ ئەودائەنرێت و ئەگەر نێرەمووك مێ بێت هەروەها شەشیەك ئەگرێت، چونکە کچی کوڕ لەگەڵ یەك کچی مردوودا شەشیەك ئەگرێت.

دووەم: چۆنیەتی نێرەمووك ئەوەیە کە بەنێر دابنرێت زۆرتر ئەگرێت لەوە کە بەمێ دابنرێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: کچێك منداڵێکی نێرەمووکی کوڕەکەی مەسەلە لەدووە لەبەر کچەکە، چونکە نیوەی هەیە کە نێرەمووك بەنێر دابنرێت یەك بۆ کچەکەو یەکیش بۆ نێرەمووك لەبەرئەوە کە پشتە ئەوەی لەنیومایەوە ئەیگرێت ئەگەر نێرەمووك بەمێ دابنرێت شەشیەك ئەگرێت مەسەلە لەشەشە (٣) بۆ کچ (١) بۆ نێرەمووك دووبەش هەڵئەگیرێت ئەگەر نێرەمووك لەمەودوا بەنێر دەرچوو ئەدرێت بەو، چونکە پشتە ئەویش سێی وەبەرئەکەوێت ئەگەر هەر بەمێ دەرچوو ئەو دووە ئەگەرێتەوە بۆ کچەکە یان ئەدرێت بەخەزێنەی موسڵمانان، بەڵام لێرەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە نێرەمووك نێر بێت لەدوو بەش بەشێك ئەگرێت کەمێ بێت لەشەش بەش بەشێك ئەگرێت جا بزانە کەنێر بێت زۆرتری هەیە.

سێیەم: ئەوەیە نێرەمووك پێچەوانەی ئەوەیە کە رامانبوارد واتە کە مێ بێت زۆرتری هەیە وەکو ئەوە ژنێك مرد لەدوای بەجێما مێرد دایك منداڵێکی

باوکی نێرەمووک لەبەرئەوە کە مێرد نیوەی هەیە دایك سێیەکی هەیە ژمارەی بەشەکانیان کە دووە و سێیە ناهەموارن بەیەکەوە دوو ئەدەین لەسێ ٢×٣=٦ مەسەلە لەشەشە ئەگەر نێرەمووك بەنێر دابنرێت بەپشت لەشەش یەکێکی وەبەرئەکەوێت، چونکە سێ هی مێردەو دووش هی دایکە، بەڵام کە بەمێ دابنرێت مەسەلە لێ زیادئەکرێت بۆ هەشت، ئەوکاتە ئەویش سێی وەبەرئەکەوێت، چونکە ئەبێت بەخوشکی باوکی بۆ مردووەکە نیوەی میراتەکەی ئەگرێت لێرەدا بۆماندەرکەوت کە نێرەمووك مێ بێت زۆرتری دەستئەکەوێت.

چوارەم: چۆنیەتی نێرەمووك ئەوەیە ئەگەر نێربێت میراتی هەیە ئەگەر مێ بێت نیەتی وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: برازای نێرەمووك ئەگەر کچ بێت بەخزمی سکی میراتی نییە بەبڕیاری هەندێك لەزانایان، بەڵام کەنێربێت، چونکە پشتە کە هەر ئەو بێت هەموو میراتەکەی ئەکەوێت.

پێنجەم: چۆنیەتی نێرەمووك پێچەوانەی ئەمەی پێشووە وەکو ئەوە ژنێك مرد لەدوای بەجێما مێرد خوشکێکی باوکی و دایکی منداڵێکی نێرەمووك ئەگەر نێرەمووك بەنێر دابنرێت مەسەلە لەدووە یەك بۆ مێرد، چونکە نیوەی هەیە یەك بۆ کچ، چونکە ئەویش نیوی هەیە نێرەمووك بێبەشە، بەڵام کەبەمێ دابنرێت مەسەلە لەشەشە ئەچێت بۆ حەوت، چونکە ئەوکاتە لەگەڵ خوشکەکەیدا دوو سێیەك ئەگرن دوو بدە لە سێ ٢×٣=٦ یەکیشی لێزیادبکە ئەچێت بۆ حەوت سێ بۆ مێرد چواریش بۆ ئەو دوو خوشکانە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە نێر بێت هیچی نییە کە مێ بێت بەشی هەیە.

### باسی دروستکردنی مەسەلەکانی نێرەمووك



ئەگەر نێرەمووك تەنیا یەکێك بوو ئەبێ دوو مەسەلەی بۆ دروستبکرێت جارێك بەنێر دائەنرێت مەسەلەیەکی بۆ دروست ئەکرێت جارێك بەمێ دائەنرێت مەسەلەیەکی تری بۆ دروست ئەکرێت دوو مەسەلە کەبەرامبەری یەك رایان ئەگرین ئەگەر هاو وێنەبوون هەر ژمارەی مەسەلەیەکیان دووجار بەسەر میراتگرەکاندا بەش ئەکرێت جارێك کە نێرەمووك نێر بێت چەندی وەبەریەکەوێت جارێك کە مێ بێت چەندی وەبەرئەکەوێت، جا لەهەردوو جارەکەدا چ بەشێك کەمە بۆ نێرەمووك و میراتگرەکانی تریش ئەو بەشەیان پێئەدرێت هەرچی زیادمایەوە لەم بەشکردنە هەڵئەگیرێت بۆ دوایی وەکو ئەوە ژنێك مرد لەدوای لەجێما: منداڵێکی نێرەمووك باوك مێرد لێرەدا نێرەمووك بەنێر دابنرێت مەسەلە لەدوازدەیە، چونکە شەشیەك و چواریەکە بەشی تێدایە ژمارەکەیان کە شەش و چوارە هاوتان لەنیودا نیوەی چوار بدە لەشەش ٢×٦=١٢ کە بەمێ دابنرێت مەسەلە هەر لەدوازدەیە ئەو دوو مەسەلە هاووێنەن هەرئەو مەسەلە دوو جار بەش ئەکەین بەسەریاندا کە نێرەمووك نێربێت لەدوازدە حەوتی بۆ ئەمێنێتەوە کەمێ بێت نیوەی دوازدەی بەرئەکەوێت کە شەشە ئێستا ئەو شەشەی پێئەدرێت باوك دووی وەبەرئەکەوێت مێرد سێی بەرئەکەوێت یەکدانە ئەمێنێتەوە هەڵیئەگرین تادوایی ئەگەر بەنێر دەرچوو ئەو یەکەشی پێ ئەدرێت ئەگەر بەمێ دەرچوو ئەو یەکە ئەدرێت بەباوك، چونکە باوك کە لەگەڵ کچی مردوودا بێت بەبەش میرات ئەگرێ و بەپشتیش میرات ئەگرێت و ئەگەر ئەو دوو مەسەلە هاوتابوون لەنیودا یان لەسێیەکدا یان لەچواریەکدا یان لەشتێکی تردا ئەوە نیوەی یەکێکیان یان سێیەکی یەکێکیان یان چواریەکی یەکێکیان ئەدرێت لەتەواوی

مەسەلەکەی تریان وەکو ئەوە ژنێك مرد لەدوای بەجێما : مێرد١؟ ٤ باوك١؟ ٦ دایك١؟ ٦ کچێك١؟ ٢ منداڵی نێرەمووك لەم مەسەلەیەدا نیوەو شەشیەك و چوار یەکە بەش هەیە کە ژمارەکەیان دوو و چوارو شەشە دوو لەگەڵ ئەواندا چوونەناویەکە وازی لێ ئەهێنین چوارو شەش هاوتان لەنیودا دوو بدە لەشەش ٢×٦=١٢، بەڵام لێی زیادئەکرێت بۆ پازدە چونکە ئەگەر نێرەمووك بەمێ دابنرێت لەگەڵ کچەکەی تردا دوو سێیەك ئەگرن مەسەلەکە کەبچێت بۆ پازدە بەشی هەموویان ئەکات ئەگەر نێرەمووك بەنێر دابنرێت مەسەلە لەدوازدەیە کە بەشی خاوەن بەشەکانماندا پێنج ئەمێنێتەوە بەشناکرێت بەسەر سێ سەردا سێ و پێنج ناهەموارن بەیەکەوە سێ ئەدرێت لەمەسەلەکە ٣×١٢=٣٦ ئەمجارە ئەو دوو مەسەلە کە پازدەیەو سێ و شەشە هاوتای یەکن لەسێیەکدا سێیەکی پازدە کە پێنجە بیدە لەسیوشەش ٥×٣٦=١٨٠ جا کە نێرەمووك بەنێر دابنرێت چواریەکی مێرد لە (١٨٠)دا (٤٥)ە، چونکە لەمەسەلی سیوشەشدا نۆی هەبوو بۆی بدە لەسێیەکی مەسەلە (١٥)کە پێنجە ٩×٥=٤٥ شەشیەکی باوك لەمەسەلە (٣٦)دا شەشبوو بۆی بدە لەسێیەکی مەسەلە (١٥) ٦×٥=٣٠ بۆ دایکیش هەروەها شەش بدە لە پێنج ٦×٥=٣٠ کچ لەمەسەلە (٣٦)دا پێنجی هەبوو بۆی بدە لەسێیەکی مەسەلە (١٥) ٥×٥=٢٥ نێرەمووك کە بەکوردا بنرێت لەمەسەلە (٣٦)دا دەی هەبوو بۆی بدە لەپێنج کەسێیەکی پازدەیە ١٠×٥=٥٠ ئەمجارە کە نێرەمووك بەمێ دابنرێت بەشی هەموو میراتگرەکان کەمتر ئەبێت لەو بەشانەی کە لەمەوپێش بۆماندانابوون مێرد لە (١٨٠)دا پازدەی وەبەرکەوت (٣٠) دانەی کەمترە لەبەشی لەمەوپێشی باوك لە (١٨٠)دا دەی بەرئەکەوێت (٢٠) کەمترە کچ لە (١٨٠)دا



بیستی وەبەرئەکەوێت پێنجی کەمترە لەبەشی لەمەوپێشی نێرەمووکیش بیستی وەبەر ئەکەوێت (٣٠)ی کەمترە لەبەشی لەمەوپێشی جا ئێستا کە نێرەمووك ساغ نەبۆتەوە بەهیچ لایەکدا میراتی مردووەکە بەش ئەکەین بەڵام بۆ نێرەمووك و هەموو میراتگرەکان لەو دوو جۆرە بەشەی کە بۆیان دانراوە بەشەکەمەکەیان پێ ئەدرێت مێرد پازدەی پێ ئەدرێت باوك دەی پێئەدرێت دایك دەی پێ ئەدرێت کچ بیستی پێ ئەدرێت نێرەمووکیش بیستی پێ ئەدرێت (١٠٥) ئەمێنێتەوە هەڵی ئەگرین بۆ دوایی ئەگەر نێرەمووك بەنێر دەرچوو بەشەکەیان بۆ قەرەبوو ئەکرێتەوە ئەو (١٠٥)ی کە هەڵمانگرتبوو بەسەریاندا بەشی ئەکەینەوە بەشی مێرد ئەبێتەوە بە (٤٥)، (٣٠)یەکەی پێ ئەدرێتەوە باوك بەشەکەی ئەبێتەوە بە (٣٠)، (٢٠)ەکەی پێ ئەدرێتەوە دایك هەروەها بیستی پێ ئەدرێتەوە بەشەکەی ئەبێتەوە بە (٣٠) کچ پێنجەکەی پێ ئەدرێتەوە بەشەکەی ئەبێتەوە بە (٢٥) نێرەمووکیش بیستمان بۆ دانابوو ئێستا سیەکەی ئەدەینەوە بەشەکەی ئەبێتەوە بە (٥٠)و ئەگەر نێوانی ئەو دوو مەسەلانە ناهەمواربوو تەواوی مەسەلەیەکیان ئەدرێت لەتەواوی ئەویتریان جا بەرهەمی لێدانەکە کە ژمارەیەکی گەورەیەو دووجار بەش ئەکرێت بەسەر نێرەمووك و هەموو میراتگرەکاندا لێرەشدا نێرەمووك و میراتگرەکان لەو دووجارە بەشکردنە کام بەشی کەمە ئەوەیان پێ ئەدرێت ئەوەی زیاد ئەمێنێتەوە هەڵئەگیرێت تا دوایی وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما : دوو کوڕ دوو کچ منداڵێکی نێرەمووك، نێرەمووك بەنێر دابنرێت مەسەلە لەهەشتە، چونکە ژمارەی سەری کوڕ و کچەکان ئەبێت بەهەشت سێ کوڕ یەکی دوویان پێئەدرێت دوو کچیش یەکی یەکیان پێ ئەدرێت ئەگەر

نێرەمووك بەمێ دابنرێت مەسەلە لەحەوتە دوو كوڕ چواریان پێئەدرێت سێ کچ سێیان پێ ئەدرێت ئەمجارە سەرنجی نێوان مەسەلە هەشت و مەسەلە حەوت ئەدەین نێوانیان ناهەموارە یەكیان ئەدەین لەتەواوی ئەویتر ٨×٧=٥٦ لەهەشت كە مەسەلەی هەوڵ بوو سێ كوڕ یەكی دوویان پێ ئەدرا بۆ هەر یەك لەو سێ كوڕانە دوویان بۆ بدە لەحەوت بەهەموویان (٤٢) وەرئەگرن لە (٥٦) دوو كچەكانیش یەكی یەكیان هەبوو بۆیان بدە لەحەوت بەشی هەردووكیان ئەكاتە (١٤) جا هەر وەكو وتمان ئەگەر نێرەمووك بەمێ دابنرێت مەسەلە لەحەوتە دوو كوڕەكان یەكی دوویان هەیە لەحەوتدا دوویان بۆ بدە لە هەشت یەكی شانزەیان بەرئەكەوێت كچەكان ئەو كاتە ئەبن بەسێ یەكی یەكیان پێ ئەدرێت لەحەوت بۆیان بدە لە هەشت هەریەكەی هەشتیان پێ ئەدرێت جا ئێستا دوو جۆرە بەشمان بۆ دیاریكردن یەكیان زۆرەو یەكێكیان كەمە كەمەكەیان پێ ئەدرێت بەم چەشنە لەمەسەلە هەشتدا دوو كوڕەكان یەكی چواریان پێ ئەدرێت بەهەردووكیان بیست و هەشتیان پێ ئەدرێت دوو كچەكانیش یەكی یەكیان بەر كەوتبوو لەهەشت بۆ ماندان لەحەوت یەكی حەوتیان بەركەوتبوو بەهەر دووكیان چواردەیان پێ ئەدرێت چواردەش ئەمێنێتەوە لەپەنجاو شەش هەڵی ئەگرین بۆ دوایی ئەگەر ساغ بۆوە كەنێرەمووك كوڕە ئەو چواردە هەڵئەگریت بۆ خۆی تاكو لەگەڵ دوو براكانیدا (٤٢)یان بەربكەوێت چواردەش بەردوو خوشكەكان ئەكەوێت ئەگەر نێرەمووك ساغ بۆوە كە مێیە لەو چوارە كە هەڵمانگرتبوو نێرومووك هەشت ئەبات دووش ئەدرێت بەدوو خوشكەكان تاكو بەشی هەر یەكێك لەوانیش ببێت بەهەشت چواریش ئەدرێت بەدوو كوڕەكە بەشی هەریەكێك لەو دوو كوڕە



ئەبێت بەشانزە بۆ تاقیكردنەوە بەشی هەموویان بەیەكەوە كۆبكەرەوە رێك (٥٦)ەكە دەردەچێتەوە.

ئەگەر نێوانی دوو مەسەلەكە چونەناویەك بێت وەكو سێ و شەش ئەوە پێویست بەلەیەكدانی دوو مەسەلەكە نییە هەر مەسەلە زۆرەكە بەش ئەكەین بەسەریاندا وەكو ئەوە كەسێك مرد لەدوای بەجێما: كچێك منداڵێكی نێرەمووك ئەگەر نێرەمووك بەكچ دابنرێت مەسەلە لەسێیە، بەڵام بەهۆی گەڕانەوەی بەشەزیادەكە بۆ هەردووكیان ئەچێت بۆ شەش و ئەگەر نێرەمووك بەنێر دابنرێت مەسەلە لەسێیە ئەمجارە نێوانی سێ و شەش چوونەناویەكە كە وابوو مەسەلە زۆرەكە بەش ئەكرێت بەسەریانداو هیچی تر جا لێرەدا كە نێرەمووك بەمێ دابنرێت و مەسەلەكە لەبەرگەڕانەوەی بەشێك بەسەر هەردووكیاندا بگات بەشەش یەكی سێ هەڵبگرن بۆخۆیان مەسەلەكە تەواو ئەبێت و ئەگەر نێرەمووك بەنێر دابنرێت لەسێ دووی بەرئەكەوێت و كچەكەش یەكی بەرئەكەوێت لەو مەسەلە شەشەشدا هەر ئەو دووە ئەدەین بەو نێرەمووكەی كە بەكوڕ دەرچووە، یەكێكیش ئەدەین بەكچەكە سێش ئەهێڵینەوە جا كە نێرەمووك دەرچوو دوو بەش لەو سێ بەشەی پێئەدەینەوە تاكو بەشی ئەو ببێتە چوار یەكێكیش ئەدرێت بەكچەكە بەشی ئەویش ئەبێت بەدوو ئەگەر نێرەمووك دوایی بەمێ دەرچوو لەو سێ بەشە هەڵگیراوە یەكێكی بەو ئەدەینەوە دووش بەكچەكە ئەدرێتەوەو هەریەك لەو دوو كچانە سێیان بەرئەكەوێت، چونكە لەشەش كچ یەكی بەركەوتبوو نێرەمووك كەبەنێرمان دانا دووی بەركەوتبوو ئێستا لەسەر ئەو دووەو یەكێكی ترمان بۆ دانا بوو بەسێ دووشمان بۆ كچەكە دانا ئەویش بوو بەسێ و ئەگەر

نێرەمووکەکان دوو بوون ئەبێ سێ مەسەلە دروست بکرێت جارێکیان هەردوو بەنێر دابنرێن جارێکی تر هەردوو بەمێ دابنرێت جارێکیتر یەکێکیان بەنێر دابنرێت و یەکێکیان بەمێ دابنرێت ئەمجارە تەماشای ئەو سێ مەسەلە ئەکەین و لێیان وردئەبینەوە بۆئەوەی یەك مەسەلەی راست و دروستیان لێ دروست بکرێت و بەشی بکەین بەسەر ئەو میراتگرانەدا جا بۆمان دەرئەکەوێت کە ئەو سێ مەسەلانە وائەبێت هەرسێکیان هاووێنە ئەبن بەیەکەوە کە هاووێنەبوون هەریەکێکیان هەڵ ئەبژێرین ئەڵێین مەسەلەکەیان لەسەر ئەم ژمارەیەو میراتەکە کۆمەڵ کۆمەڵ ئەکەین بەئەندازەی ژمارەی مەسەلەکەو بەشی ئەکەین بەسەریاندا (وائەبێت) هەرسێکیان چوونەناویەك ئەبن جا گەورەکەیان هەڵئەبژێرین میراتەکە لەسەر ئەو ژمارە بەش ئەکەین بەسەریاندا.

(وائەبێت) هەرسێکیان هاوتای یەك ئەبن جا هاوتای یەکەم ئەدەین لەتەواوی دووهەم بەرهەمی لێکدانەکە لەگەڵ سێهەمدا بەرامبەر ئەکەین ئەگەر ئەوانیش هاوتای یەك بوون هاوتایی یەکێکیان ئەدەین لەتەواوی ئەویتر ئەگەر ناهەمواربوون تەواوی یەکێکیان ئەدەین لەتەواوی ئەویتر جا لەو لەیەکدانە هەر ژمارەیەك دەرچوو لەسەر ئەو ژمارەیە میراتەکە بەش ئەکەین ئەگەر کەمجار هەڵکەوت بەرهەمی لەیەکدانی دوو مەسەلەکان لەگەڵ سێهەم مەسەلەدا چوونەناویەك بوون یان هاوێنەبوون ئەوەیان ژمارە گەورەکە هەڵ ئەبژێرین کە چوونەناویەك بن یان یەکێك لەو دووژمارانە بەئارەزووی خۆمان هەڵ ئەبژێرین کەوا هاووێنەن. (وائەبێت) هەر سێکیان بەیەکەوە ناهەموارن



جا دوویان ئەدەین لەیەك بەرهەمی لەیەکدانەکە بەرامبەر مەسەلە سێ رائەگرین نێوانیان چۆنبێت وەك ئێستا وتمان ئاوەها رەفتار ئەکەین.

(وائەبێت) دوویان بەیەکەوە هاوتان سێیەم کەوەکو ئەوان نییە واتە ناهەموارە لەگەڵیاندا جا چارە ئەوەیە هاوتایی یەکێکیان بدەین لەویتر جابەرهەمی ئەو لەیەکدانە بەرامبەر ئەکەین لەگەڵ ژمارە ناهەموارەکەدا ئەوانیش بەیەکەوە کە هاوتابوون هاوتایی یەکێکیان ئەدرێت لەتەواوی ئەویتر ئەگەر ناهەمواربوون تەواوی ژمارەی یەکێکیان ئەدرێت لەتەواوی ئەویتر جا میراتەکە لەسەر ژمارەی ئەو لەیەکدراوە بەش ئەکەین بەسەریانداوە یان ئەگەر بەرهەمی لەیەکدانی دوو مەسەلەکەمان لەگەڵ سێیەم مەسەلەدا بەرامبەرکردو چوونەناویەکبوون یان هاوێنەبوون ئەوە کە چوونەناویەك بوون گەورەکە ئەگرین یان بەئارەزووی خۆمان یەکێك لەژمارە هاووێنەکان ئەگرین میراتەکە لەسەر ئەو ژمارە بەش ئەکەین.

وائەبێت دوو مەسەلە بەیەکەوە ناهەموارن سێیەم جیاوازە لەگەڵیان ئەوکاتەش دوو ناهەموارەکان بدە لەیەك بەرهەمەکە بەرامبەر بکە لەگەڵ سێیەمدا جا چیمان گوت لەمەوپێش هەر ئەوە بەکاربهێنەوە هەر بەو رێگایە دابڕۆ ئەگەر دوویان چوونەناویەك بوون گەورەکەیان بگرەو لەگەڵ سێیەمدا بەرامبەریان بکە بزانە نێوانیان چۆنە جا هەروەکو لەمەوپێش چیمان وت هەروەها رەفتار بکە درێژەدان بەو شوێنەو بەم جێگەیە پیاو بێهێزو لاواز ئەکات هەرچەند کەسێ مەسەلەکەمان دروست کرد هێندە تووشی ژانە سەرو ئەزیەت و ئازار نابین بەیارمەتی خوا زووبەزوو مەسەلەکە ئەزانرێت و بەدەست و بردی میراتەکەیان بەسەردا دابەش ئەکرێت وەکو ئەوە ژنێك مرد لەدوای بەجێما: مێرد کوڕێك دوو منداڵی نێرەمووك جا رێك بەنێر دائەنرێت

مەسەلە لەچوارە، چونکە مێردەکە چواریەکی هەیە یەك بۆ مێرد سێش ئەمێنێتەوە کوڕەکان یەکی یەك ئەگرن، جارێکی تر بەمێ دائەنرێت مەسەلەکە ئەچێت بۆ شانزە، چونکە مێرد کە چواریەکی خۆی گرت سێ ئەمێنێتەوە بەسەر چوارسەردا بەشناکرێت بەساغی نێوانی ژمارەی سەرەکان و بەشەکان ناهەموارە ئەبێت ژمارەی سەرەکان بدەین لەمەسەلەکە ٤×٤=١٦ لەشانزە مێرد چواری بەرئەکەوێت کوڕ شەشی پێ ئەدرێت کچەکان یەکی سێیان پێ ئەدرێت جارێکی تر یەکیان بەمێ و یەکیان بەنێر دابنرێت مەسەلەکە ئەچێت بۆ بیست، چونکە کەمێرد چواریەکی گرت سێمایە بەشناکرێت بەسەر پێنج کەسدا سێ و پێنج ناهەموارن بەیەکەوە ژمارەی سەرەکان ئەدرێت لەمەسەلەکە ٥×٤=٢٠ پێنج بۆ مێرد دوو کوڕەکە یەکی شەش ئەگرن کچەکە سێی وەبەرئەکەوێت لێرەدا چونکە ژمارەی مەسەلە زۆربووە ئەویش کارێکی پەسەند نییە ئەبێت هەموویان بکرێنەوە بەیەك مەسەلەو میراتەکە لەیەك مەسەلەدا بەشبکرێت بەسەریاندا ناچارین بەو یاسایەی کە بۆ زۆری مەسەلە دانراوە رەفتار بکەین ئەبێت مەسەلەکان بەرامبەر یەك رایان بگرین (٤) و (١٦) و (٢٠) چوار لەگەڵ شانزەو لەگەڵ بیستیشدا چوونەناویەکە ئەبێ واز لەچوار بهێنین شانزە بیست هاوتان لەچواریەکدا چواریەکی شانزە چوارە بیدە لەبیست ٤×٢٠=٨٠ مەسەلە چوو بۆ هەشتا جا ئەبێ لەپێشەوە کەمترین بەش بۆ هەموو میراتگرەکان دابنرێت تا ساغ ئەبێتەوە کە دوایی نێرەمووکەکان چۆن دەرئەچن مێ ئەبن یان نێر ئەبن بەم رەنگە هەڵ ئەستێن میراتەکە ئەکەین بەهەشتا بەش و تەماشای هەرسێك مەسەلەکانی پێشەوە ئەکەین کەمترین بەش کە بۆ میراتگرەکانمان دائەنا ئەوە بوو کە لەمەسەلە شانزە پێیانئەدرا مێرد چوارمان پێ ئەدا کوڕ هەر شەشی هەبوو ئەگەر پێمان بدایە دوو



نێرەمووك کە بە کچ دابنرانایە یەکی سێیان هەبوو جا هەر ئەو بەشانەیان بۆ بدە لەو چوارەی کەدات لەبیست بۆ مێرد چوار بدە لەچوار ٤×٤=١٦ بۆ کوڕ ٦×٤=٢٤ بۆ نێرەمووك کە دامان نابوون بەمێ هەریەکەی سێیان بۆ بدە لەچوار ٣×٤=١٢ دووبارە ٣×٤=١٢ ئەو بەشانەیان کۆبکەرەوە ئەکاتە (٦٤) شانزە ئەمێنێەوە هەڵی ئەگرین ئەگەر نێرەمووك بەمێ دەرچوون ئەو شانزە کەمابوو وەبەسەر کوڕو کچەکاندا ئەگەڕێتەوە بەگوێرەی بەشەکانی پێشوویان هەشت بۆ کوڕەکە دائەنێرت بەشی ئەو ئەبێت بە (٣٢) هەشتیش بۆ هەردوو کچەکە دائەنرێت هەردوو بەشی ئەوانیش ئەبێتە (٣٢) تاکو نێر دووهێندەی مێی دەستبکەوێت، بەڵام ئەگەر یەکیان مێ بوو یەکیان نێر بوو ئەبوایە لەمەسەلە شانزە (٢٤) مان بۆ ئەویش دابنایە وەکو کوڕەکەی تر وە شانزەمان بۆ مێرد داناوە ئەبوایە (٢٠) مان بۆ دابنایە، چونکە کە نێرەمووك یەك نێر بوایەو یەك مێ بوایە لەپێشەوە مەسەلەکەیان ئەچوو بۆ (٢٠) مێرد (٥)ی بەرئەکەوێت پێنجت بۆ بدایە لەچوار ئەیکردە (٢٠)، بەڵام ئێستا بەشە کەمەکەت پێداوە کەشانزەیە جا ئێستا ناچارین ئەو کەلێنەیان بۆ پڕبکەینەوە ئەوکەمەیان بۆ قەرەبووبکەینەوە هەڵئەستین لەو شانزەی کەماوەتەوە لەهەشتا دوازدەی ئەدەینەوە بەو نێرەمووکەی کەسوپاس بۆ خوا بەنێر دەرچووە چواریش ئەدەینەوە بەمێرد بەشی ئەویش ئەبێت بە (٢٠) و ئەگەر هەردوو نێرەمووك بەنێر دەرچوون ئەوە لەمەبەستی ئێمە ئەچێتە دەرەوە، چونکە مەبەستی ئێمە ئەوەیە هەرکات مەسەلەی زۆرینەیان بوون ئەبێت بەیاسای زۆربوونی مەسەلە رەفتاربکرێت خۆئەگەر نێرەمووك بەنێر دەربچن هیچ مەسەلە زۆر نابن هەر لەمەسەلە چوار هەموو میراتگرەکان یەکی یەکیان پێ ئەبڕێت و ئەبڕیتەوە جا هەروەها نێرەمووك هەرچەندێك بن ئەمەیە یاسای

دیاریکردنی بەشەکانیان و بەش دۆزینەوەکەیان بۆ تاقیکردنەوەو راهێنان وێنەیەکی چوار نێرەمووکی ئەهێنینەوە.

پیاوێك مرد لەدوای بەجێما : کوڕێك چوار منداڵی نێرەمووك

هەرچواریان مێ بن مەسەلە لە (٦)ە

هەرچواریان نێر بن مەسەلە لە (٥)ە

دوو نێرو دوو مێ بن مەسەلە لە (٨)ە

سێ نیرو یەك مێ بن مەسەلە لە (٩)یە

سێ مێو یەك نێر بن مەسەلە (٧)ە

تەماشای نێوان مەسەلەکان ئەکەین حەوت و شەش ناهەموارن بەیەکەوە خەوت بدە لەشەش ٧×٦=٤٢ چلودوو لەگەڵ پێنجدا ناهەموارن بیاندە لە یەك ٥×٤٢=٢١٠ دووسەدو دە لەگەڵ هەشتدا هاوتان لەنیودا نیوەی هەشت کە چوارە بیدە لەدوو سەدو دە ٤×٢١٠=٨٤٠ هەشتسەدو چل هاوتایە لەگەڵ نۆدا لەسێیەکدا سێ بدە لەهەشت سەدو چل ٣×٨٤٠=٢٥٢٠ جا کە دووهەزارو پێنج سەدو بیست بەشبکەین بەسەر مەسەلە شەشدا بەم ئەندازە بەشیان بەرئەکەوێت:

کوڕ ٨٤٠

ئەمە بەشی هەریەك لەمێکانە

٤٢٠

٤٢٠

٤٢٠

٤٢٠



بەشی ئەکەین بەسەر مەسەلە پێنجدا هەر کوڕێك ئەم بەشەی بەرئەکەوێت

٥٠٤

٥٠٤

٥٠٤

٥٠٤

٥٠٤

بەشی بکەین بەسەر مەسەلە هەشتدا سێ کوڕو دوو مێ ئەم جۆرە بەشانەیان بۆ پەیدا ئەبن

٦٣٠

٦٣٠

٦٣٠

٣١٥

٣١٥

بەشی بکەین بەسەر مەسەلە نۆدا چوار نێرو مێیەك ئەمە بەشەکانیانە

٥٦٠

٥٦٠

٥٦٠

٥٦٠

٢٨٠

بەشی ئەکەین بەسەر مەسەلە حەوتدا دوو نێو سێ مێ ئەمەبەشەکانیانە

٧٢٠

٧٢٠

٣٦٠

٣٦٠

٣٦٠

جا لەم پێنج مەسەلانە ورد دەبینەوە چ بەشێك کەمە بۆ هەموویان ئەو ئەندازە بەشەیان پێ ئەدەین لەو مەسەلە کە گەیاندومانە بە (٢٥٢٠) جا تەماشا ئەکەین لەمەسەلە پێنجدا بەشی منالە نێرەکان لەهەموو بەشی ناو مەسەلەکانی تر کەمترە لەمەسەلە نۆشدا بەشی مێ کەمترە لەهەموو ئەو بەشانەی کە لەمەسەلەکانی تردا هەیەتی جا ئەو چوار منداڵە نێرەموکە بێجگە لەکوڕەکە سێیان بەنێر دائەنرێن و یەکیان بەمێ دائەنرێت ئەم بەشانەیان لەژمارە گەورەکە بۆ جیائەکەینەوە واتە ئەو بەشانەی پێیان ئەدەین کۆی بکەینەوە ئەکاتە (٢٢٩٦) ئە وژمارەیە فڕێ بدە لە (٢٥٢٠) ئەمێنێتەوە (٢٢٤) ئەمەی ماوەتەوە هەڵی ئەگرین تادوایی تا ئەنجامی کارمان بۆ ڕۆشەن ئەبێتەوە جا ئەگەر چوار منداڵەکە بەنێر دەرچوون و هەر ئەو پێنجەمینەیان بەمێ دەرچوو هەر لەو شوێنەدا ئەو زیادەی کە هێڵابوومانەوە بەسەر منداڵە نێرەکاندا بەشی ئەکەینەوە بۆ ئەوەی نێر دووهێندەی مێی وەبەربکەوێت واتە یەکی (٥٦)یان ئەدەینەوە ئەو کاتە بەشەکانیان لە (٥٠٤) زیاد ئەکات بۆ (٥٦٠) هەموو نێرێك دوو هێندەی مێی دەست ئەکەوێت و مەسەلەکەیان ئەبێتەوە بەمەسەلە نۆی هەوەڵجارو ئەگەر خواکردی ئەو پێنجەمینەشیان وەکو چوارەکانی تر بەنێر دەرچوو ئەو (٢٢٤)ەی کە هەڵمانگرتووبوو بۆ دوایی ئەیدەین بە وتاکو بەشی هەموویان



ببێت بە (٥٠٤) و ئەگەر یەکی تریش بەمێ دەرچوو لەگەڵ ئەودا ئەبێ دەستکارییەکی تری تێدا بکەینەوە ئەبێ ئەو (٥٦)ەی کە بۆ هەریەك لەو چوار نێرانە زیادمانکردبوو لێیان وەربگرینەوە بەشی هەموویان دێتەوەسەر (٥٠٤) زیاد لەوەش لەسێیەمین نێرەموك (١٨٩) وەرئەگرینەوە (٣١٥)ەی بۆ ئەمێنێتەوە جا ئەوەی کە دووجار وەرمانگرتەوە کۆی ئەکەینەوە ٢٢٤+١٨٩ = ٤١٣ جا لەو (٤١٣)یە (٣) ئەخەینە سەر بەشی ئەو نێرەموکەی بەمێ دەرچووبوو و (٢٨٠) مان بۆ دانابوو بەشی ئەویش بوو بە (٣١٥) ئەمجارە لە (٤١٣) (٣٧٨) مایەوە بیکە بەسێ بەش هەر بەشەی (١٢٦) دەردەچێت جا لەو پێنج سەر خێزانە سێیان بە نێر دەرچوون یەکی (٥٠٤)یان پێدراوە (١٢٦)ەکەیان بۆ بخەرە سەر بەشەکەیان بەشی هەرسێکیان ئەبێتە (٦٣٠) ئەمجارەیان وەکو مەسەلە هەشتی هەوەڵجاری لێهاتەوەو ئەگەر سێیان بەمێ دەرچوون سێیەمینیان کە ئێستا (٦٣٠) بۆ دانراوە، چونکە بەنێرماندانابوو ناچارین (٢٧٠) لێوەرگرینەوە (٣٦٠)ی بۆ ئەمێنێتەوە ئەمجارە (٢٧٠)یەکە بەش ئەکەینەوە بەسەر دوو خوشکەکانی و بەسەر دو براکانیدا دوو براکانی یەکی (٩٠)یان پێ دەدرێت بەشی هەریەکەیان ئەبێت بە (٧٢٠) دوو خوشکەکانیش یەکی (٤٥)یای پێدەدەین بەشی ئەوانیش دەبێت بە(٣٦٠) لێرەدا مەسەلەکەیان ئەگەڕێتەوە بۆ سەر مەسەلە حەوت و ئەگەر چوارەمینیشیان بەمێ دەرچوو و هەتا ئێستا (٧٢٠)مان بۆ دانابوو (٣٠٠) لێ وەردەگرینەوە (٤٢٠) بۆ ئەمێنێتەوە جا لەو (٣٠٠)ی کە لێمان وەرگرتەوە (١٢٠) ئەدەین بەکوڕەکە بەشی ئەو لە (٧٢٠)وە ئەچێت بۆ (٨٤٠)و بەو سێ خوشکانەی کە وەکو خۆی وەهان یەکی (٦٠) یان پێ

ئەدەین بەشی هەریەکێك لەئەوانیش لە (٣٦٠)وە ئەچێت بۆ (٤٢٠) لێرەدا کە هەر چوار نێرەموك بەمێ دەرچوون مەسەلەکەیان ئەچێتەوە سەر شێوەی مەسەلە شەشی هەوەڵ و ئەگەر نێرەموك ماڵی زۆر بوو بەهەر جۆرێ دەستیکەوتبوو پێش ئەوەی ساغ بێتەوە کە ژنە یان پیاوە مرد میراتگرەکانی لەسەر میراتەکەی ئەبێت رێککەوتن بکەن جا چۆن رێدەکەون کەیفی خۆیانە وەکو یەك میراتەکەی بۆ خۆیانی دائەنێن یان بەجیاوازی ئیتر ئارەزووی لەدەستخۆیاندایە.

**باسی شورینەوەی میراتی مردویەك لەمردویەکی کە لە پێش ئەوەی میراتی مردووی هەوەڵ بەشبکرێت**

ئەم باسە بەزمانی عەرەبی لەمیرات بەشکردندا پێی دەوترێت (مناسخات) ئەگەر کەسێك مرد چەند میراتگرێکی لەدوا بەجێما وەك یەکێك لەو میراتگرانە مرد لەپێش ئەوەدا کە میراتی مردووی هەوەڵ بەشبکرێت ئەوە میراتگرانی ئەو دوو مردووە چەند جۆرێکیان لێ پەیدا دەبێت.

یەکەم: ئەوەیە میراتگری مردووی دووەم کەسی کەی نییە بێجگە لەمیراتگرانی مردووی هەوەڵ جا هەموویان لەمردووی دووەم میرات ئەگرن یان هەر هێندێکیان ئەیگرن و هیچی ترو میراتگرتنەکەشیان لەهەردوو مردووەکە لەیەك روانگەوەیە واتە بۆ هەردوو مردووەکە پشتن ئەو کاتە میراتی مردووی هەوەڵ بەش ئەکەین لەو میراتگرانەی کەماون و مردووی دووەم لەبناغەوە بەنەبوو دائەنرێت و پێویست بەدروستکردنی دوو مەسەلە ناکات هەر لەیەك مەسەلە میراتەکە بەش ئەکرێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما ٤کچ و ٢کوڕ مەسەلە لەهەشتە جا لەپێش یەشکردنەکەدا



کوڕێك مرد مەسەلە لەشەش دروست ئەکرێت چوار بۆ چوار کچەکان دوو بۆ کوڕەکە، لێرەدا میراتگرەکان لەیەك روانگەوە میرات ئەگرن، واتە لەهەردوو مردووەکە هەر بەپشت میرات ئەگرن ئەگەر کچێکیشیان مرد مەسەلە لەپێنج دروست ئەکرێت (٣) بۆ سێ کچەکان و (٢) بۆ کوڕەکە ئەمجارە ئەو کوڕەش مرد مەسەلە لەسێ دروست ئەکرێت هەر سێ کچەکە یەکی یەکیان بەر ئەکەوێت هەتاکو ئەگەر یەك کچ مابۆوە مەسەلە لەیەکەو هەمووی بۆ ئەو کچەیەوە ئەگەر پیاوێك مرد لەدوای بەجێما: کوڕێك لەژنێیك ٣کچ لەژنێکی کە، یەکێك لەو کچانەش مرد لەپێش بەشکردنی میراتی باوکیان جالێرەدا بۆ مردووی دووەم برا باوکییەکەو دوو خوشکە باوکی و دایکییەکە هەر پشتن هەروەکو بۆ مردووی هەوەڵیش هەر پشت بوون، جالەوانەی کەماون میراتی مردووی هەوەڵیان لێ بەش ئەکرێت و وای دائەنێین کە مردووی دووەم هەر نەبووەو مەسەلەکەیان لەچوارە دوو بەر کوڕەکەو دووش وەبەر دوو خوشکەکان ئەکەوێت.

دووەم: ئەوەیە میراتگری مردوی هەوڵ لەمردووی دووەم میرات ناگرن بەڵکو خۆی میراتگری تایبەتی هەیە وەکو ژن و منداڵی خۆی جا کە میراتگرانی مردووی هەوەڵ برای مردووی دووەم بن لەبەر کوڕەکەی خۆی میراتی لێناگرن یان بەشێوەیەکی کە میراتگری مردووی هەوەڵیش و میراتگری تایبەتی خۆیشی میرات لەمردووی دووەم ئەگرن، بەڵام میراتگرتنەکەیان لەیەك روانگەوە نییە وەکو ئەوە کەسێك ئەمرێت لەدوای بەجێ ئەمێنێت دوو کوڕو کچێك دوایی کچەکە شو ئەکات و ئەمرێ مردووی دووەم هەم براکانی بەپشت هەم مێردەکەی خۆی بەبەش میراتی لێ ئەگرن و

ئاشکراشە مێرد لەبارەی مێردایەتییەوە براکان لەبارەی پشتایەتییەوە میرات ئەگرن.

سێیەم: ئەوەیە میراتگری مردووی دووەمیش هەر میراتگری مردووی هەوەڵن، بەڵام هەموویان ئەندازەی میراتگرتنەکەیان لەهەردوو مردوەکە جیاوازە وەکو ئەوە پیاوێک مارە ئەکات بێوەژنێک کە دووکچی هەیە لەمێردی لەمەوپێش پیاوەکە ئێستا نەچۆتە لای ژنەکە ژنەکە ئەمرێت مێرد چوار یەکی لێئەگرێت دوو کچەکانی دووسێیەکی لێئەگرن و بۆ پیاوەکە دروستە یەکێك لەو کچانە مارە بکات مارەی کردو ئەویش مرد جا هەروەکو ژنە هەوەڵەکە پیاوەکەو دوو کچەکەی خۆی لەدوای بەجێما کچەکەش کە بوو بەژنی پیاوەکە هەر ئەو پیاوەی مێردی لەگەڵ خوشکەکەی خۆی لێ بەجێما میراتگری مردووی دووەم هەر میراتگری مردووی هەوەڵن، بەڵام میراتگرتنەکەیان لەمردووی هەوەڵ بەجۆرێکەو لەهی مردووی دووەم بەجۆرێکی کەیە پیاوەکە لەمردووی هەوەڵ چواریەکی ئەگرت لە هی دووەم نیوە ئەگرێت ئەو خوشکی ژنی کابرا لەگەڵ ئەو خوشکە مردووەی لەدایکیان دوو سێیەکیان ئەگرت ئێستا لەو خوشکە مردووەی نیوە ئەگرێت جا ئیشاڵڵا لەمەودوا ئەم وێنەیە لەگەڵ وێنەکانی کەدا ئەهێنینەوە ئێمە لەهەوەڵی ئەم باسەوە تاکو ئێرە میراتگرانی هەردوو مردووەکەمان کرد بەسێ جۆر جۆری یەکەم هەر زو لەمەوپێش وێنەمان بۆ هێنایەوەو وتیشمان لەم جۆری یەکەمە پێویست بەدروستکردنی دوو مەسەلە ناکات هەر لەیەك مەسەلە میراتەکە بەش ئەکرێت بەسەر میراتگرانی هەردوو مردووەکەدا ماوەتەوە جۆری دووەم و سێیەم ئەو دوانە ( لەدوولاوە)



بەدرێژیی باسیان لێوەئەکەین جارێك پرسیار لەخۆمان ئەکەین کە ئایا لەجۆری دووەم و سێیەمی میراتگراندا پێویستە دوو مەسەلە دروستبکرێت و هەردووکیان لەیەك بدەین و ئەمجارە میراتەکە لەژمارەی بەرهەمی لێدانەکە بەشبکرێت جارێك پرسیاری ئەوە ئەکەین دوای دروستکردنی مەسەلەو لەیەکدان و هەموو بەزمووڕەزمێك میراتەکە بەچی شێوەیەك بەش ئەکرێت (لای یەکەم) ئەوەیە لەجۆری دووەم و سێییەمدا ئەبێ مەسەلەی مردووی هەوەڵ دروست بکەین ئەمجارە مەسەلەی مردووی دووەمیش لەگەڵ میراتگرەکاندا دروستبکەین ئەمجارە تەماشای بکەین ئاخۆ بەشی مردووی دووەم کە لەمەسەلەی هەوەڵدا بەری کەوتووە بەش ئەکرێتەوە بەبێ شکان و لەتکردن بەسەر میراتگرانی مەسەلەی خۆیدا ئەگەر بەش ئەکرا پێویست بەلەیەکدانی دوو مەسەلەکە نییە، بەڵکو هەر لەمەسەلە هەوەڵەکە بەشی مردووی دووەم جیا ئەکرێتەوەو بەشی ئەکەینەوە بەسەر میراتگرانی مەسەلەی خۆیداو ئەگەر بەشە میراتی مردووی دووەم کە لەمردووی هەوەڵ دەستی ئەکەوێت بەشناکرێت بەسەر میراتگرانی مەسەلەی خۆیدا دووبارە تەماشایەکی نێوان ئەو بەشەو مەسەلەکەی خۆی ئەکەینەوە.

ئەگەر: ژمارەی بەشەکەی و مەسەلەکەی هاوتای یەك بوون لەنیودا لەسێیەکدا لەهەر شتێکدا ئەوە هاوتاییەکەی مەسەلەکەی ئەدرێت لەمەسەلەی هەوەڵ وەکو ئەوەبڵێت بەشەکە بو مەسەلەکەی هاوتای یەکن لەنیودا ئەوە ئەبێت مەسەلەکەی بکەیت بەدوو نیوەی بدەیت لەمەسەلەکەی هەوەڵ ئەگەر نیوەی مەسەلەکەی خۆی چوار بوو ئەو چوارە ئەدەیت

لەمەسەلەی هەوەڵ ئەمجارە لەبەرهەمی ئەو دوو ژمارە لەیەکدراوە میراتەکە بەش ئەکرێت بەسەر میراتگرانی هەردوو مردووەکەدا.

ئەگەر: نێوانی بەشی مردووی دووەم کەلە مردووی هەوەڵ دەستی ئەکەوێت ناهەموار بوو لەگەڵ مەسەلەکەی خۆیدا تەواوی مەسەلەی دووەم ئەدرێت لەتەواوی مەسەلەی هەوەڵ جا ژمارە گەیشت بەچەند ئەو ژمارە مەسەلەی هەموویانەو لەو ژمارەوە میرات بەش ئەکرێت بەسەریاندا.

لای دووەم: کە بەشکردن دەستپێئەکات بەم شێوەیە دەستپێئەکات هەر میراتگرێك لەمەسەلەی مردووی هەوەڵ چەندی دەست ئەکەوێت بۆی ئەدرێت لەو ژمارەی کە دراوە لەمەسەلەی هەوەڵ[1] و هەر میراتگرێك لەمەسەلەی دووەم چەند ژمارە بەشی بەر ئەکەوێت ئەو ژمارەی بۆ بدە لەو ژمارە بەشی مردووی دووەم کە لەمردووی هەوەڵ دەستی ئەکەوێت[2]، بەڵام ئەگەر بەشی مردووی دووەم لەگەڵ مەسەلەکەی خۆیدا نێوانیان هاوتایی بوو واتە هاوتابوون لەسێیەکدا یان لەنیودا ئەبێ بەشی میراتگری مردووی دووەم بدرێت لەهاوتایی بەشی مردووی دووەم نادرێت لەتەواوی بەشەکەی وەکو ئەوە کە بڵێت میراتگری مردووی دووەم (٣) ژمارەی بەر ئەکەوێت لەمەسەلەی ئەو مردووەو ئەو مردووە مەسەلەکەی خۆی لەهەشتەو بەشەکە

[1] وەکو ئەوە کەبڵێین لەو مەسەلەی هەوەڵ (٣)ی بەر کەوتبوو و ژمارەی (٢)شماندا لەمەسەلەکە دابوو (٣)ی بۆ بدە لە (٢) بڵێ ها ئەو شەشە بۆ تۆ.

[2] وەکو ئەوە کە بڵێیت میراتگرێك لەمەسەلەی دووەم (٤)ی بەرئەکەوت مردووی دووەمیش لەمردووی هەوەڵ (١٠)ی بەرکەوتبوو (٤)ی بۆ بدە لە (١٠) بڵێ ها ئەوە چل بۆ تۆ.

[2] جا وەختێك ئەمە ئەکرێت کە نێوانی بەشی مردووی دووەم کە لەمردووی هەوەڵ دەستی کەوتبوو نا هەموار بوو لەگەڵ مەسەلەکەی خۆیدا و تەواوی مەسەلەی دووەم درابێت لەمەسەلەی هەوەڵ.



لەمردووی هەوەڵ کە دەستی ئەکەوێت شەشە، چونکە بەشەکەی و مەسەلەکەی هاوتان لەنیودا ئەبێ ئەو (٣) ژمارەی کە میراتگر لەمردووی دووەم دەستی ئەکەوێت بۆی بدە لەنیوەی بەشی مردووی دووەم ئەبێ بۆ میراتگری مردووی دووەم (٣) بدەیت لە (٣) بڵێت ها ئەوە (٩) بۆ تۆ جا ئێستا کەمێك لەمەوپێش باسەکەمان رێکوپێك کرد کە ئایا دوای دروستکردنی دوو مەسەلەکە بۆ هەردوو مردووەکە پێویستمان بەلەیەکدانی دوو مەسەلەکە ئەبێت یان نا هەر لەسەر ئەو رێکوپێکییە قەرز دارین و لەگەردنماندایە کە چەند وێنەیەك پڕ بەپڕی باسەکە بهێنینەوە.

یەکەم: وێنە ئەوەیە کە بەشی مردووی دووەم کە دەستی کەوتووە لەمردووی هەوەڵ هەر لەهەوەڵ مەسەلە جیای ئەکەینەوەو بەشی ئەکەینەوە بەسەر میراتگرانی مەسەلەکەی خۆیداو پێویست بەلەیەکدانی مەسەلەکان نەکات وەکو ئەوە کە ژنێك مرد لەدوای بەجێما: مێرد دوو خوشکی باوکی و دایکی یان باوکی یەکێکیش لەو خوشکانە ئەمری کچێك و ئەو خوشکەی لێ بەجێ ئەمێنێ. مەسەلەی هەوەڵ لەهەوەڵەوە لەشەشە، چونکە خاوەن بەش مێردەو خوشکەکانن ژمارەی بەشی مێرد (٢)وە ژمارەی بەشی خوشکەکان (٣)یە (٢)وە (٣) ناهەموارن بەیەکەوە بیاندە لەیەك ئەکاتە (٦) بەڵام چونکە (٦) دانەیەکی کەمترە لەژمارەی ئەو بەشانەی کەلەناویدایە یەکێکی لێ زیاد ئەکەین ئەچێت بۆ (٧) مەسەلەی هەوەڵ لە (٧)ە مەسەلەی دووەم لە (٢)وە، چونکە مردووی دووەم کچەکەی نیوەی میراتی لێ ئەگرێت ئەوەی مایەوە بۆ خوشکەکەیەتی جا ئێستا مردووی دووەم لەمردووی هەوەڵ کە خوشکی خۆی بوو و ژنی کابرا بوو (٢)ی بەرکەوتبوو هەر ئەو

دووە بەشئەكرێتەوە بەسەر كچەكەی و خوشكەكەیدا یەكیان بەرئەكەوێت كە وابوو مەسەلە حەوتی هەوەڵ (٣) ئەدرێت بەمێرد (٢) ئەدرێت بەو خوشكەی كەماوە دووش بەش ئەكەین بەسەر كچی مردووی دووەم و خوشكەكەیدا لێرەدا مێرد (٣)ی بەئەركەوێت خوشكەكەش (٣)ی بەرئەكەوێت كچی مردووی دووەم یەكی بەر ئەكەوێت.

دووەم: وێنەش هەر بۆ ئەوەیە ئەویش وەكو ئەوە ژنێك ئەمرێت لەدوای بەجێئەمێنێت: مێرد ٣خوشكی باوكی و دایكی یەكێك لەو خوشكانە مرد لەدوای بەجێما كچێك هێشتا میراتی هەوەڵ بەشنەكراوە.

مەسەلەی هەوەڵ ئەچێت بۆ (٢١) چونكە مێرد نیو ئەگرێت خوشكەكان دووسێیەك ئەگرن ژمارەی هەردوو بەشەكە (٢)وەو (٣)یە دوو بدە لە سێ ٢×٣=٦، بەڵام بۆئەوەی خوشكەكان دووسێیەكیان لەمەسەلەكە دەست بكەوێت پێویستمان بەلێزیادكردنی ژمارەیەك هەیە كە زیادمانكرد چوو بۆ (٧) سێ بدرێت بەمێرد چوار ئەدرێت بەسێ خوشكەكان چوار بەسەر سێدا بەشناكرێت ئەبێ (٣)ی بدرێت لەمەسەلەكە ٣×٧=٢١ مەسەلەی هەوەڵ چوو بۆ (٢١)، بەڵام تا مەسەلەی دووەم دروست نەكەین بەشی ناكەین خۆ ئەگەر بەشی بكەین (٩) بەر مێرد ئەكەوێت (١٢) وەبەر هەرسێ خوشكەكان ئەكەوێت یەكی چوار ئەمجارە مەسەلەی دووەم دروست ئەكەین مەسەلەی دووەم لە (٢)وە، بەڵام كە كچەكە نیوەی خۆی گرت یەك ئەمێنێتەوە بۆ ئەو دوو خوشكە یەك بە ساغی بەشناكرێت بەسەریاندا (٢) بدە لە (٢) ٢×٢=٤ جا ئێستا هەر لەمەسەلەی هەوەڵ كە (٢١) بوو (٩) ئەدرێت بەمێرد (٨) ئەدرێت بەدوو خوشكەكان چواری خوشكە مردووەكە بەری ئەكەوێت لە



(٢١) ئەیدەین بەمیراتگرەكانی مەسەلەی خۆی (٢) ئەدرێت بەكچەكەی (٢)ش ئەدرێت بە دوو خوشكەكانی.

سێیەم وێنە: حەلیمە دوو كچی هەیەو شو ئەكات بە بەكر پێش ئەوەی بەكر بچێتەلای ژنەكە ئەمرێت بەكر كچێكی كەی مارە ئەكاتەوە ئەویش ئەمرێت، لێرەدا دوو مردوو هەیە دوو مەسەلەش هەیە، بەڵام میراتگر بۆ هەر دوو مردووەكە یەك دەستەن نەگۆڕاون هەر ئەوەندە هەیە لەمردووی هەوەڵ جۆرە بەشێكیان هەیەو لەمردووی دووەم جۆرێكی كەیان هەیە كەمەسەلەی هەوەڵ دروست بكەین لە (١٢)و ئەچێت بۆ (٢٤)، چونكە مێرد چوار یەك ئەگرێت و كچەكان دووسێیەك ئەگرن ژمارەكەیان (٣)یەو (٤)ە، (٤)و (٣) ناهەموارن بەیەكەوە (٤) بدە لە (٣) ٤×٣=١٢ لەدوازدە سێ وەبەر مێرد ئەكەوێت (٨) وەبەر دوو كچەكە ئەكەوێت یەك ئەمێنێتەوە ئەگەڕێتەوە بۆ دوو كچەكان یەك لەگەڵ ژمارەی سەرەكاندا كە دووە ناهەموارە ژمارەی سەرەكان بەیاسای مەسەلە دروستكردن ئەدرێت لەمەسەلەكە ٢×١٢=٢٤ جارێ بەشی ناكەین تا مەسەلەی دووەم دروست نەكەین خۆ ئەگەر بەشیكەین (١٨) وەبەر كچەكان ئەكەوێت (٦) بۆ مێرد دائەنرێت مەسەلەی دووەم لە (٢)وە جا لەبەرئەوە كە (٩) بەشی مردووی دووەمە بەشناكرێت بەسەر مەسەلەكەی خۆیدا كە دووەو ناهەمواریشن بەیەكەوە دوو ئەدەین لە بیست و چوار ٢×٢٤=٤٨ هەر كەس لەمەسەلەی هەوەڵدا بەشی هەیە بۆی بدە لەو دووە كە دامان لە (٢٤) هەر كەس لەمەسەلەی دووەم بەشی هەیە ژمارەی بەشەكەی بدە لە ژمارەی بەشی مردووی دووەم كە دەستی كەوتبوو لەمردووی هەوەڵ.

بۆ مێرد (٦) بده له ٢/ ٦×٢=١٢

بۆ کچ (٩) بده له ٢/ ٩×٢=١٨

بۆ مێرد لەمەسەلەی دووەمدا / ١×٩=٩

بۆ کچ هەروەها/ ١×٩=٩

کۆی هەمووی ٤٨

چوارەم وێنە: هی ئەوەیە دوای دروستکردنی دوو مەسەلەکە بەشی مردووی دووەم لەهەوەڵ مەسەلەدا کە هەیبوو بەشناکرێت بەسەر مەسەلەی خۆیدا، بەڵام بەشەکەی لەگەڵ مەسەلەکەیدا هاوتان لەنیودا، وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: ٢نەنك١/٦ دایکی دایك و دایکی باوك خوشکێکی باوکی و دایکی خوشکێکی باوکی١/٦ خوشکێکی دایکی١/٦ و ئەو خوشکە دایکییەش مرد لەدوای بەجێما: خوشکێکی دایکی کە هەر ئەو خوشکە هەوەڵەکەیە بۆ مردووی هەوەڵ لەگەڵ دوو خوشکی باوکی و دایکیدا لەگەڵ دایك دایکی کە نەنکی هەوەڵە.

مەسەلەی هەوەڵ لەشەشە، چونکە سێ شەشیەکی لێئەکەوێت لەگەڵ نیوەیەکدا ژمارەی نیوکە دووە لەگەڵ ژمارەی شەشیەکەکان کە شەشە چونە نایەکن شەشەکان، چونکە هاووێنەن هەر یەکێکیان ئەگرین بەدەستەوە، بەڵام چونکە نەنکەکان دوون لەشەشە یەکێکیان وەبەرئەکەوێت یەك بەشناکرێت بەسەریاندا دوو ئەدرێت لەمەسەلەکە ٢×٦=١٢ مەسەلەی دووەم لەشەشە، چونکە دوو شەشیەکی تێکەوتووە لەگەڵ دوو سێیەك دوو شەشیەکەکە هاووێنەی یەکترن یەکێکیان ئەگرین بەدەستەوە شەش کە ژمارەی شەشیەکەکەیە لەگەڵ سێ کە ژمارەی دوو سێیەکەکەیە



چوونەناویەکن کە وابوو مەسەلە هەر لەشەشە جا بەشی مردووی دووەم لەمەسەلەی هەوەڵدا دوو بو لەگەڵ مەسەلەکەی خۆی هاوتان لەنیودا جا سێ کە نیوەی مەسەلەکەیەتی ئەدرێت لەمەسەلەی هەوەڵ ٣×١٢=٣٦ ئەمجارە دەستئەکەین بەبەشکردن بەشی میراتگرانی مەسەلەی هەوەڵ ئەدەین لەو سێیەی کە دامان لەمەسەلەکە بەشی میراتگرانی مەسەلەی دووەم ئەدرێت لەبەشی مردووی دووەم کە لەمەسەلەی هەوەڵدا دەستی ئەکەوێت بەشی دوو نەنك لەهەوەڵدا دووە ٢×٣=٦ بەشی خوشکی دایکی و باوکی شەش بوو ٦×٣=١٨ بەشی خوشکی باوکی لەهەوەڵدا دوو بو ٢×٣=٦ بەشی خوشکی دایکی کە هەر خوشکی دایکی و باوکی هەوەڵە لەمەسەلەی دووەمدا یەکێکە بیدە لە یەك ١×١=١ بەشی دوو خوشکی باوکی و دایکی لەدووەمدا چوارە ٤×١=٤ بەشی نەنك لەمەسەلەی دووەمدا یەکێکە ١×١=١ کۆی هەمووی (٣٦).

پێنجەم وێنە هی ئەوەیە دوای دروستکردنی دوو مەسەلەکە بەشی مردووی دووەم لەهەوەڵ مەسەلەدا کە بەری ئەکەوێت بەشناکرێت بەسەر مەسەلەکەی خۆیداو نێوانی ئەو بەشەو مەسەلەکەی خۆی ناهەموارەو تەواوی مەسەلەی خۆی ئەدرێت لەمەسەلەی هەوەڵ وەکو ئەوە پیاوێك مرد لەدوای بەجێما: ژن ٣کوڕ کچێك هێشتا میرات بەش نەکراوە کچ ئەمرێت لەدوای بەجێما: ئەو ژنە کە دایکیەتی لەگەڵ ئەو ٣ برایەدا مەسەلەی هەوەڵ لەهەشتە، چونکە هەر ژن خاوەن بەشە کە ژن یەکی بەرکەوت لەهەشت کوڕەکان یەکی دوویان بەرئەکەوێت کچەکەیەکی بەرئەکەوێت مەسەلەی دووەم لەشەشە، بەڵام ئەچێت بۆ (١٨) چونکە دایك لەشەش شەشیەك

بگرێت پێنج ئەمێنێتەوە بەشناكرێت بەسەر سێ برادا ژمارەی سەرەكانیان لەگەڵ پێنج بەشەكەیاندا ناهەموارە سێ ئەدەین لە شەش ٣×٦=١٨ بەشی مردووی دووەم یەكێك بوو لەمەسەلەی هەوەڵدا لەگەڵ مەسەلەكەی خۆی كە هەژدەیە ناهەموارە ئەبێ هەژدە بدرێت لەهەشت ١٨×٨=١٤٤ ئەمجارە دەستئەكەین بەبەشكردن هەر كەس لەمەسەلەی هەوەڵدا بەشی هەیە بۆی ئەدرێت لەمەسەلەی دووەم هەر كەسێك لەمەسەلەی دووەمدا بەشێكی ببێت بۆی ئەدرێت لەبەشی مردووی دووەم كەدەستی ئەكەوێت لەمەسەلەی هەوەڵ لێرەدا بەشی ژن لەهەوەڵدا یەكێك بوو بۆی بدە لەمەسەلەی دووەم ١×١٨=١٨

سێ كوڕەكە لەهەوەڵ مەسەلەدا یەكی دوویان بۆ بدە لەهەژدە ٦×١٨=١٠٨

دایك لەمەسەلەی دووەم سێی هەبوو بۆی بدە لەیەك ٣×١=٣

سێ براكان لەمەسەلەی دووەمدا یەكی پێنجیان بۆ بدە لەیەك ٥×١=١٥

كۆی هەمووی ١٤٤

شەشەم وێنە: لەجۆری وێنەی پێنجەم لەبەشكردندا پیاوێك مرد لەدوای بەجێما: ژن١/٨ كوڕێك پشت ٤كچ پشت، مەسەلە لەهەشتە، چونكە یەك هەشتیەكی تێكەوتووە ئەدرێت بەژن و حەوت ئەمێنێتەوە بەش ناكرێت بەسەر شەش سەر مندالا حەوت و شەش ناهەموارن بەیەكەوە ئەبێ شەش بدرێت لەهەشت ٦×٨=١٨ هێشتا میراتی مردووی هەوەڵ بەش نەكراوە یەكێك لەكچەكان مرد لەدوای بەجێما: ئەو دایكە ئەو برایە ئەو سێ خوشكە، مەسەلە لەشەشە، چونكە هەر دایك خاوەن بەشە شەشیەك ئەگرێت



ئێستا بەشی مردووی دووەم كە لەمەسەلەی هەوەڵدا ئەیگرێت حەوتە بەسەر مەسەلەی خۆیدا بەشناكرێت و ناهەمواریشن بەیەكەوە شەش ئەدرێت لەمەسەلەی هەوەڵ ٦×٤٨=٢٨٨ بەشی میراتگرانی مەسەلەی هەوەڵ بدە لەو شەشە كەدامان لەمەسەلەی هەوەڵ بەشی میراتگرانی مەسەلەی دووەم بدە لەبەشی مردووی دووەم كەهەیبوو لەمەسەلەی هەوەڵدا:

بەشی ژن شەش بو بۆی بدە لەشەش ٦×٦=٣٦

بەشی كوڕ چواردە بوو بۆی بدە لەشەش ١٤×٦=٨٤

بەشی سێ كچ بیست و یەكە بیدە لەشەش ٢١×٦=١٢٦

بەشی دایك لەمەسەلەی دووەم یەكێكە ١×٧=٧

بەشی برا دووە ٢×٧=١٤

بەشی سێ خوشك سێیە ٣×٧=٢١

كۆی هەمووی ٢٨٨

هەروەها ئەگەر مەسەلەكان بوون بەسێ واتە دوو لەو میراتگرانەی مردووی هەوەڵ مردن بەدوای یەكدا جارێ لەپێشەوە مەسەلەی هەوەڵ دروست ئەكەین ئەمجارە دووهەم دروست ئەكەین جا تەماشای بەشی مردووی دووەم ئەكەین كەلەمەسەلەی هەوەڵ دەستی ئەكەوێت ئەگەر لەگەڵ مەسەلەكەی خۆی هاوتابوون هاوتایی مەسەلەكەی ئەدرێت لەتەواوی مەسەلەی هەوەڵ بەرهەمی لەیەكدانەكە چەند دەرچوو لەو ژمارە میراتەكە بەش ئەكرێت وەكو لەمەوپێش باسمانكردووە ئەگەر بەشی مردووی دووەم لەگەڵ مەسەلەكەی خۆیدا ناهەماربوون تەواوی مەسەلەی خۆی ئەدرێت

لەتەواوی مەسەلەی هەوەڵ لەو لەیەکدانەش بەرهەمێك پەیائەبێت لەسەر ژمارەی ئەو بەرهەمە میراتەکە بەش ئەکرێت هەموویان ئەندازە بەشی خۆیان بۆ جیائەکرێتەوە جا ئەگەر یەکێکی کە لەومیراتگرانە مرد ئەو رێچکەیە تێك ناچێت و تێك نادرێت هەر بەرهەمی لەیەکدانی دوو مەسەلەی پێشوو دائەنرێت بەمەسەلەی هەوەڵ جا بۆ مردووی سێهەمیش مەسەلەیەکی تایبەتی خۆی بۆی دروست ئەکەین ئەمجارە تەماشای بەشی مردووی سێهەم ئەکەین کە ئاخۆ ئەوبەشەی کە لەبەرهەمی لەیەکدانی دوو مەسەلە پێشووەکان بەری کەوتبوو بەش ئەکرێتەوە بەسەر مەسەلەکەی خۆیدا ئەگەر بەش ئەکرا هەر ئەو بەشەی خۆی بەش ئەکەینەوە بەسەر میراتگرەکانی مەسەلەی خۆیدا ئەگەر بەش نەکرا تەماشا ئەکەین نێوانی ئەو بەشەو نێوانی مەسەلەکەی خۆی ئەگەر هاوتایی بوو هاوتایی مەسەلەکەی خۆی ئەدرێت لەتەواوی بەرهەمی لەیەکدانی دوومەسەلەکانی پێشوو جا ژمارەی لەیەکدانەکە گەیشت بەچەند لەو ژمارەیە میراتەکەش بەشئەکرێت، بەڵام ئەگەر بەشەکەی کە لەو بەرهەمە کە دەستی کەوتووە لەگەڵ مەسەلەکەی خۆیدا ناهەمواربوون بەیەکەوە تەواوی مەسەلەکەی خۆی ئەدرێت لەتەواوی بەرهەمی لەیەکدانی دوو مەسەلەی پێشوو ئەمجارە ژمارە گەیشت بەچەند لەو ژمارە میرات بەش ئەکرێت ئەمجارە لێرەدا بەشکردن رێچکەیەکی تایبەتی خۆی هەیە بەم چەشنە تەماشای ئەکەین هەر میراتگرێك لەو بەرهەمەی کەدامان نابوو بەمەسەلەی هەوەڵ چەند ژمارەی بەرئەکەوێت ئەو ژمارەی بۆ ئەدرێت لەهاوتایی مەسەلەی سێیەم کە کاتی خۆی مەسەلەی سێیەم هاوتابووبێت لەگەڵ بەرهەمی لەیەکدانەکەی



پێشوودایان ئەو ژمارەی بۆ ئەدرێت لەتەواوی مەسەلەی سێیەم کەکاتی خۆی نێوانی بەرهەمەکەو مەسەلەی سێیەم ناهەمواربووبێت ئەمجارە ئەگەر کەسێکی کە مرد لەو میراتگرانە هەر ئەم رێچکەی بۆ بەکارئەهێنین بەرهەمی مەسەلەکانی پێشوو ئەکەین بەمەسەلەی هەوەڵ مەسەلەی چوارەم ئەکەین بەمەسەلەی دووەم ئێستا وێنەیەك ئەهێنینەوە بۆ ئەو شوێنەی کە بەشی مردووی سێیەم کە لەبەرهەمی لەیەکدانی دو مەسەلەکانی پێشوو دەستی ئەکەوێت بەسەر مەسەلەی خۆیدا بەشئەکرێتەوە جا هەر لەسەر ژمارەی ئەو بەرهەمە میرات بەشئەکرێت بەسەر میراتگرانی هەرسێ مەسەلەکەدا وەکو ئەوە پیاوێك مرد لەدوای بەجێما: ژن١/٤ دایك١/٦ سێ خوشك یەك دایکی و باوکی١/٢ یەك هەر باوکی١/٦ یەك هەر دایکی١/٦، مەسەلە لەدوازدەیە، چونکە (٣) شەشیەکی تێئەکەوێت لەگەڵ نیوێك لەگەڵ چوار یەکێك ژمارەی (٣) شەشیەکەکان کە شەشە هاووێنەی یەکترن یەکێك ئەگرین بەدەستەوە ژمارەی نیوییش کە دووە لەگەڵ شەشدا چوونەناویەکن مایەوە ژمارە چوار کە هی چواریەکی ژنەکەیە لەگەڵ شەش خۆ چوارو شەشیش هاوتای یەکن لەنیودا نیوەی چوار کە دووە ئەیدەین لەشەش ٢×٦=١٢، بەڵام پێویستە لێی زیادبکرێت بۆ پازدە ئەگەر بەشیان بدەین (٣) بۆ ژن (٢) بۆ دایك (٦) بۆ خوشکی باوکی و دایکی (٢) بۆ خوشکی باوکی (٢) بۆ خوشکی دایکی دائەنرێت ئەمجارە دایك مرد لەدوای بەجێما مێرد١/٤ مام پشت ٢کچ٢/٣ یەکیان خوشکی دایکی و باوکی بوو لەمەسەلەی هەوەڵدا یەکیان خوشکی دایکیە، مەسەلە لەدوازدەیە، چونکە دوو کچ دوو سێیەك ئەبات و مێرد چوار یەك ئەیات ژمارەکەیان (٣) و (٤) ناهەموارن بەیەکەوە سێ بدە لە

چوار ٣×٤=١٢ کەبەشیان بدەین (٣) بۆ مێرد (١) بۆ مام (٨) بۆ کچەکان دائەنرێت جا هەوڵ ئەدەین کەبەشی ئەو میراتگرانە لەو دوو مەسەلانەدا دیاریبکرێت ئەبێ بزانین چۆن دیاری ئەکرێت تەماشا ئەکەین بەشی مردووی دووەم کە دایکە لەمەسەلەی هەوەڵدا چەندە تۆ بڵێ دووە، دوو لەگەڵ مەسەلەی خۆیدا کە دوازدەیە نێوانیان چۆنە تۆ بڵێ هاوتان لەنیودا جا چونکە وەهایە ئەبێ نیوەی مەسەلەکەی خۆی بدەین لەمەسەلەی هەوەڵ واتە شەش بدەین لەپازدە ٦×١٥=٩٠ ئەمجارە چونکە بەدبەختی و چارەڕەشی روویکردۆتە ئەو خێزانە خوشکە باوکییەکەی هەوەڵیش مرد لەدوای بەجێما: مێرد١/٤ دایك١/٦ یەك کچ یەك خوشکی باوکی کە لەمەسەلەی هەوەڵدا هەبوو، ئەم مەسەلەیەش لە (١٢)یە، چونکە کچ نیو دایك شەشیەك مێرد چوار یەك ئەگرن ژمارەکەیان دووەو شەشەو چوارە (٢)و (٦) چوونەناویەکن چواریش لەگەڵ شەشدا هاوتان لەنیودا نیوەی چوار ئەدرێت لەشەش ٢×٦=١٢ لێرەشدا ئەگەر بەشی میراتگرەکان دیاریبکرێت (٣) بۆ مێرد (٢) بۆ دایك (٦) بۆ خوشك (١) بۆ خوشکی باوکی دائەنرێت، جا ئێستا چونکە مەسەلەی مردووی سێیەم (١٢)یەو بەشەکەشی لە (٩٠)دا کەدامان نابوو بەمەسەلی هەوەڵ و بەرهەمی لەیەکدانی دوو مەسەلەکانی پێشوبوو (١٢)[1] یەو (١٢) بەسەر (١٢)دا بەشئەکرێت

---

[1] بۆچی بەشەکەی لە (٩٠)دا (١٢)یە، چونکە لەمەسەلەی هەوەڵدا دووی هەبوو و کە دایکیش مرد مەسەلەی دایك چوو بۆ (١٢) بەشی دایك لەمەسەلەی هەوەڵدا دوو بوو دوو لەگەڵ مەسەلە دوازدەی خۆیدا هاوتابوون لەنیودا بۆیە نیوەی دوازدە کە شەشە دامان لەیانزەی مەسەلەی هەوەڵ بوو بە(٩٠) جا هەر لەو شوێنەدا کە بەشی خوشکی باوکیمان بدایە کە مردووی سێیەمە ئەبوایە ئەو دووەمان بۆ بدایە لەو (٦)ەو بۆیە لە (٩٠) دوازدەی بەرئەکەوێت.



هەڵئەستین هەر لەو مەسەلە هەوەڵەکە کە (٩٠) بوو دەستی تێئەخەین بەشی ئەکەین بەسەر میراتگرانی هەر سێ مەسەلەکەدا بەشی ژن لەمەسەلەی هەوەڵدا (٣)بوو بیدە لەو شەشەی دابووت لەمەسەلەی هەوەڵ ٣×٦=١٨

خوشکی باوکی و دایکی لەهەوەڵدا (٦)ی بوو بۆی بدە لە (٦) ٦×٦=٣٦

لەمەسەلەی دووەمدا چواری بو بۆی بدە لەنیوەی دوو کە بەشی دایك بوو ٤×١=٤

لەمەسەلەی سێیەمدا یەکی هەبوو بیدە لەیەك ١×١=١

خوشکی دایك لەمەسەلەی هەوەڵدا دووی هەبوو بیدە لەشەش ٢×٦=١٢

لەمەسەلە دووەمدا چواری بوو بیدە لە یەك ٤×١=٤

مێردی مەسەلەی دووەم سێی هەبوو بیدە لەیەك ٣×١=٣

مام لەمەسەلەی دووەمدا یەکی هەبوو بیدە لەیەك ١×١=١

مێردی مەسەلەی سێیەم سێی هەبوو بیدە لەیەك ٣×١=٣

کچ لەمەسەلەی سێیەمدا شەشی هەبوو بیدە لەیەك ٦×١=٦

دایك لەمەسەلەی سێیەمدا دووی بوو بۆی بدە لەیەك ٢×١=٢

کۆی هەمووی ٩٠

وێنەیەکی کە هەر بۆ ئەو مەبەستە کە بەشی مردووی سێیەم کە لەبەر هەمی لەیەکدانی دوو مەسەلەکانی هەوەڵ دەستی ئەکەوێت بەش ئەکرێتەوە بەسەر میراتگرانی مەسەلەی خۆیداو هەر ئەو بەشەی بەش ئەکەینەوە بەسەر میراتگرەکانیدا وەکو ئەوە کە ژنێك مرد لەدوای بەجێما: مێرد١/٤ دایك١/٦ ٣کچ٢/٣ مەسەلە لە(١٢)یە، چونکە چواریەکێك و شەشیەکێك و دو سێیەك ئەکەونە ناو مەسەلەکەوە ژمارەی ئەو بەشانە (٤)و (٦)و (٣)یە، سێ

و شەش چوونەناویەکن چوارو شەش هاوتان لەنێودا نیوەی چوار بدە لەشەش ٢×٦=١٢ پێویستی بەلێزیادکردن هەیە یەکێکمان لێزیادکرد بوو بە(١٣) جا لەبەرئەوە کە مێرد (٣)ی بەرئەکەوێت دایک دووی بەرئەکەوێت کچەکان (٨) یان بەرئەکەوێت و هەشتیش بەسەر (٣)ی کچدا بەشناکرێت نێوانیشان ناهەموارە (٣)ی ئەدرێت لە (١٣) ٣×١٣=٣٩ ئێستاکە مەسەلە چوو بۆ (٣٩) کە بەشی میراتگرەکان دیاری بکرێت ئەڵێن:

مێرد ٩

دایک ٦

یەکەم کچ ٨

دووهەم کچ ٨

سێیەم کچ ٨

کۆی هەمووی ٣٩

ئەمجارە مێرد مرد لەدوای بەجێما: دوو کوڕ، مەسەلە لەدووە، بەڵام (٩) کە بەشی ئەم مێردە مردووە بوو کە لەمەسەلەی هەوەڵدا دەستی کەوتبوو بەشناکرێت بەسەر مەسەلەی خۆیدا ناهەماوریشن بەیەکەوە (٢)و بدە لە (٣٩) ٢×٣٩=٧٨ ئێستا کە بەرهەمی لەیەکدانی ئەو دوو مەسەلە گەیشتووە بە (٧٨) وەهەتا ئێرەش بەشی میراتگرەکانی هەردوو مەسەلەکە لە (٧٨) دەرئەهێنین بێجگە لەبەشی دایک کە لە (٧٨) دوازدەی بەرئەکەوێت جیای ئەکەینەوە دوایی ئەیدەین بەبراو خوشکەکان لەمەسەلەی خۆیدا لێرەدا سێ کچەکان یەکی هەشتیان بوو لەمەسەلەی هەوەڵدا بۆیان بدە لە دوو:

بۆ یەکەم کچ ٨×٢=١٦



بۆ دووەم کچ ٨×٢=١٦

بۆ سێیەم کچ ٨×٢=١٦

دوو کوڕ لەمەسەلەی دووەم:

کوڕی یەکەم ١×٩=٩

کوڕی دووەم ١×٩=٩

کۆی هەمووی ٦٦

دایکیش مرد لەدوای بەجێما: یەک برا یەک خوشک، مەسەلە لەسێیە، بەڵام بەشی دایکەکەیان کە دوازدە بوو لەمەسەلەکانی پێشوودا بەشی بکە لەم سێ سەرە واتە هەر لەو (٧٨)ە هەشت بۆ براکە دەربهێنە چواریش بۆ خوشکەکەی ئەو دوازدەش لەگەڵ بەشی میراتگرەکانی پێشوو لە (٦٦) بوو کۆی بکەرەوە راستەو راست حەفتاو هەشتەکەی لێدەرئەچێتەوە.

باسی میراتی ذوی الارحام کە بەکوردی پێیان ئەوترێ خزمی سکی

خزمی سکی بەو کەسانە ئەڵێن کە بەشی دیاریکراویان نییەو لەڕیزی ئەو خزمە پشتیانەشدا نین کە باسمانکردن، بەڵکو چەند پێڕە خزمێکی دیاریکراون کە لەدەوروبەری ئەو مردووە کۆمانکردوونەتەوە:

(١)باپیرەو نەنکێک کە بەشیان بۆ دانەنراوەو بەخزمی سکی دانراون وەکو باپیرەو نەنکێک کە لەڕیزی خۆیاندا بەنێری ساغ یان بەمێی ساغ ناگەنەوە بەمردووەکە، بەڵکو لەڕیزی باپیرەدا تا ئەگاتەوە بەمردوو مێی بکەوێتە نێوانەوە وەکو باوکی دایکی مردوو ین باوکی باوکی دایکی مردوو و لەڕیزی نەنکەوە نێر بکەوێتە نێوان ئەو نەنکەو دایکی مردووە وەکو

دایکی باوکی داکی مردوو یان دایکی باوکی باوکی دایکی مردوو بازۆریش بەرەو ژوور تریش بڕۆن.

(٢)منداڵی کچی مردووەکە یان منداڵی کچی کوڕی بازۆر بەرەو خواریش بن جا نێر بن منداڵەکان یان مێ بن.

(٣)هەرچی کچی برای باوکی و دایکی یان هی برای باوکی بێت و هەر منداڵێك کە لەئەوانیش ئەبێت.

(٤)هەرچی منداڵی برای دایکی بێت و منداڵی ئەو منداڵانەش هەرچەندە بەرەو خوار بڕوات.

(٥)هەرچی مامی دایکی بێت بۆ مردوو واتە برای دایکی بێت بۆ باوکی مردوو و منداڵەکانیشیان هەر چەند بەرەو خوار بڕوات.

(٦)هەرچی کچی مامەکانەو منداڵی ئەوانیش هەرچەندە بەرەو خوار بڕوات جا ئەو مامانە برای باوکی و دایکی بن بۆ باوکی مردوویان هەر برای باوکی یان هەر برای دایکی بن.

(٧)هەرچی پوورە واتە خوشکە بۆ باوکی مردوو ئایا خوشکی باوکی و دایکییەتی یان خوشکی باوکییەتی یان خوشکی دایکییەتی و منداڵی ئەو پورانەش هەرچەندە بەرەو خوار بڕوات.

(٨)هەرچی خاڵە واتە برایە بۆ دایکی مردوو جا برای باوکی و دایکی بوو بێت بۆ ئەو دایکەی یان برای باوکی بووبێت یان برای دایکی بووبێت هەروەها منداڵی ئەو خاڵانەش هەرچەندە بەرەو خوارتر بڕوات.



(٩) هەرچی خوشکی دایکی مردووەکەیە جا خوشکی دایکی و باوکییە بۆ دایکی مردوو یان هەر خوشکی باوکییە یان هەر خوشکی دایکییەوە منداڵی ئەویش هەتا بەرەو خوار بڕوات.

**زانا دوانییەکان بۆ میراتگرتنی خزمی سکی** مەرجیان داناوە مەرجەکەش ئەوەیە کاتێك خزمی سکی لەمیراتی ئەو مردووە بەشیان پێ ئەدرێت کە خەزینەی موسڵمانان رێکوپێك نەبێت و سەرپەرشتی باش و دادپەروەریی نەبێت، جا ئەگەر خەزێنە سەرپەرشتیی دادپەروەریی نەبوو تەماشای ئەو مردووە ئەکەین ئاخۆ کەسی تری هەیە لەخاوەن بەش و لەخزمی پشت ئەگەر نەیبوو و خەزێنەش ناڕێك بوو هەموو میراتەکەی ئەدرێت بەو خزمە سکانە ئەگەر یەکێك بێت هەمووی پێ ئەدرێت ئەگەر چەند کەسێك بن لەخۆیان بەش ئەکەن و ئەگەر مردووەکە کەسێکی خاوەن بەشی بوو، بەڵام لەبەشەکەی خۆی زیاد هیچی بەگەڕانەوە بۆ نەئەگەڕایەوەو وەکو ژن یان مێردی مردوو ەکە ئەو کاتەش چ ژن بێت و چ مێرد بێت مردووەکە هەر بەشی خۆی ئەگرێت ئەوەی مایەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو خزمە سکانەو ئەگەر مردووەکە خاوەن بەشی هەر نەبوو بەس یەك خزمی پشتی هەبوو هەموو ئەدرێت بەو خزمە پشتەو هیچی نادرێت بەخزمی سك و ئەگەر خاوەن بەش هەر نەبوو بەڵام خزمی پشت زۆر بوو هەموو میراتەکە لەناو خۆیاندا بەش ئەکەن هیچ بۆ خزمی سکی ناهێڵنەوەو ئەگەر مردووەکە خاوەن بەشی هەبوو لەگەڵ خزمی پشت خاوەن بەشەکان بەشی خۆیان ئەگرن هەرچی لەئەوان مایەوە پشتەکان ئەیگرن هیچ ناگات بەخزمی سکی جا هەروەکو وتمان کە خزمی سکی تەنیا یەك کەس بوو و بەهەر شێوەو بەهەر مەرجێك

هەموو میراتی مردووەکە وەبەر ئەو بکەوتبایە یان زیاد لەبەشی هێندێك خاوەن بەش وەکو ژن یان مێرد ئەمایەوە هەر ئەدرا بەو قرەوکێشە لەنێواندا نەئەما، بەڵام ئەگەر خزمی سکی کە لەدوای مردوو بەجێماو زۆرتربوون لەیەك کەس واتە چەند کەسێك بوون لەیەك لایەن یان لەچەند لایەنێك کە لەمەودوا باسیان ئەکەین ئەو کاتە کێشەو بڕیاردان لەناو زانایانی شەرعدا پەیدا ئەبێت لەو بارەوە زاناکان ئەبن بەسێ کۆمەڵ کۆمەڵی یەکەم ئەهلی رەحەم کۆمەڵی ئەهلی تەنزیل کۆمەڵی ئەهلی قەرابەت.

**کۆمەڵی ئەهلی رەحەم:**

ئەڵێن خزمی سکی هەموویان وەکو یەك خزمی مردووەکەن تەماشای دووری و نزیکیان ناکرێت تەماشای نێرو مێ یان ناکرێت هەرچەندێك لەمیراتی ئەو مردووە کە بۆیان دانراوە وەکو یەك لەخۆیانی بەش ئەکەن وەکو ئەوە پیاوێك مرد لەدوای بەجێما: ژن باوکی باوکی دایك باوکی دایکی باوك کوڕ و کچێکی کچی کوڕەکە، مەسەلە لەچوارە، چونکە هەرچوار یەکە بەشی ژنەکەی تێدایە یەك بۆ ژن سێمایەوە بەشناکرێت بەسەر چوار سەردا نێوانیشیان ناهەموارە سێ بدە لەچوار ٣×٤=١٢ سێ بۆ ژن نۆئەمێنێتەوە دووبارە بەشناکرێت بەسەر چوار سەردا چوارو نۆ نێوانیان ناهەموارە ئەبێت دووبارە چوار بدرێت لەدوازدە ٤×١٢=٤٨ دوازدە بۆ ژن چوار سەرەکان یەکی نۆیان بەرئەکەوێت و ئەگەر ژنیان لەگەڵدا نەبێت مەسەلە لەچوارەو یەکی یەکیان وەبەرئەکەوێت.



**کۆمەڵی دووەم:**

لەزانایان کۆمەڵی ئەهلی تەنزیلە ئەوە ئەڵێن ئێمە هەرچی خزمی سکییە کە بەجێماون لەدوای مردووەکە لەجێگەی ئەو کەسانە دایان ئەنێین کە بەهۆی ئەوەوە ئەگەنەوە بەمردووەکەو ئەو بەشە ئەگرن کە ئەوان گرتوویانە جا کە یفی خۆیەتی ئەو کەسەی کە ئەو خزمە سکیانە لەجێگەی ئەو دائەنرێن وەختی خۆی خاوەن بەش بوون یان پشت بوون یەکێکی تری بێبەشکردووە یان یەکێکی تر ئەوی بێبەش کردووە هەرچی چۆنێك بێت ئەو خزمە سکییە بەشە میراتی ئەو کەسەی پێ ئەدرێت کە لەجێگەی دانیشتووە جا دانانی هەندێك لەو خزمە سکیانە لەجێگەی هەندێك کەسی تر بەم شێوەیە باوکی دایك و باوکی دایکی دایك و باوکی باوکی دایك دایکی باوکی دایك لەجێی دایك دائەنرێن باوکی دایکی باوك لەجێ باوك دائەنرێت منداڵی کچی خۆی لەجێگەی کچی دائەنرێت منداڵی کچی کوڕ لەجێگەی کچی کوڕ دائەنرێن منداڵی خوشك هەر خوشکێك بێت نێرو مێ یان لەجێگەی ئەو خوشکی مردووە دائەنرێن کچی برا هەر برایەك بێت لەجێگەی ئەو برایە دائەنرێن کچی مام هەر مامێك بێت لەجێگەی ئەو مامە دائەنرێن، بەڵام مام برادایکییەکحەی باوکی مردوو و پوور واتە خوشکی باوکی مردوو هەر خوشکێك بێت و منداڵیان لەجێگەی باوکی مردوو دائەنرێن مامێك کە برای دایکی بێت بۆ باوکی مردوو هەرچەند بەنەنك ئەگاتەوە بەمردوو، بەڵام لەجێی باوك دائەنرێ پووریش ئەگەر خوشکی دایکی بێت بۆ باوکی مردوو هەرچەند بەنەنك ئەگاتەوە بەمردوو ئەگەر خوشکی باوکی بێت بۆ باوك بەباپیرە ئەگاتەوە بەمردوو ئەگەر خوشکی

دایکی و باوکی بێت بەنەنك باپرە ئەگاتەوە بەمردوو ئەو پورانە هەر لەجێی باوك دائەنرێن خاڵ و پور واتە براو خوشکی دایکی مردووەکەو منداڵەکانیان ئەگەر بەنەنك بگەنەوە بەمردووەکە وەکو خوشك و برای دایکی بۆ دایکی مردووەکە ئەگەر بەباپیرە بگەنەوە بەمردوو وەکو خوشك و برای باوکی بۆ دایکی مردوو و ئەگەر بەباپیرەو نەنك بگەنەوە بەمردوو وەکو خوشك و برای دایکی و باوکی بۆ دایکی مردوو هەر لەجێی دایکی مردوو دائەنرێن جالێرەدا هەر چەند لەتواناماندا بێت خزمی سکی لەهەر لایەنێکەوە بن دایان ئەنێین لەجێگەی ئەوانەی کە بەو ئەگەنەوە بەمردووەکەو بەشی ئەوانەی کە نزیکن لەمردووەکەو میراتی لێ ئەگرن ئەیدەین بەم خزمە سکیانە کە لەجێگەی خزمە نزیکەکان دانیشتوون ئەگەر کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باوکی دایکی کوڕی کچەکەی کچی برای باوکی کوڕی کچی کوڕی وەهای دابنێ کە لەدوای بەجێماوە دایك کچێك برایەکی باوکی کچی کوڕێك مەسەلە لەشەشە یەکێك بۆ باوکی دایکی، چونکە لەجێی دایك دانیشتووە شەشیەك ئەبا سێی بۆ کوڕی کچەکەی، چونکە لەجێی کچی مردوو دانیشتووە کچی خۆی بوایە نیوەی ئەو شەشەی پێ ئەدرا ئێستا ئەدرێت بەکوڕانی ئەو کچەیەکێك بۆ کچی کچی کوڕی، چونکە لەجێی کچی کوڕ دانیشتوو کچی کوڕ کە کاتێ لەگەڵ کچی مردوودا بۆ شەشیەکی هەیە یەکێك بۆ کچی برایەکەی، چونکە لەجێی برای مردووەکە دانیشتووە پشتە یەکێکی بۆ ماوەتەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: ٣کچی مام یەك مامی باوکی ودایکی یەك باوکی یەك دایکی وابزانە ئەو مردووە باوك دوو مامی لەدوا بەجێماوە لێرەدا کچی مامی دایکی



قازانج ئەکات هەموو میراتەکە بەر ئەو ئەکەوێت، چونکە ئەو لەجێگەی باوکی مردوو دانراوە کچە مامەکانی تر لەجێگەی مامی مردوو دائەنرێت لەڕیزی خزمە پشتەکاندا و وتراوە ریزی پێشەوە ریزی دواوە بێبەش ئەکات لێرەدا ریزی باوکان لەپێش ریزی مامانەوەیە ئەگەر کەسێك مرد لەدوای بەجێما: کچی کچێك کچی کچی کوڕێك لەگەڵ کچی پور واتە لەگەڵ کچی خوشکی باوکیدا لەگەڵ کچی خاڵ واتە برای دایکدا وەکو ئەم وێنەیە کچی کچ کچی کچی کوڕ کچی پور کچی خاڵ وابزانە مردووەکە لەدوای بەجێماوە: کچی کچی کوڕ باوك دایك کەوابوو مەسەلەی ئەو خزمە سکیانە لەشەشە سێ وەبەر کچی کچ ئەکەوێت یەك وەبەر کچی کوڕ ئەکەوێت، چونکە لەگەڵ کچی مردوودا شەشیەکی بۆ دائەنرێت یەك بۆ کچی پور، چونکە لەجێی باوك دائەنرێت شەشیەکی هەیە یەك بۆ کچی خاڵ، چونکە لەجێی دایك دانراوە شەشیەکی هەیە هەروەها ئەگەر منداڵی پورو منداڵی برا کۆبوونەوە منداڵی برا بێبەشن، چونکە منداڵی پور لەجێگەی باوك دائەنرێن هی برا لەجێگەی برا خۆ لەڕیزی پشتەکانیشدا ریزی باوك لەپێش ڕێزی برایانەوەیە واتە تا باوك وەستابێت برا ناگیرێ و وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: باوکی باوکی دایکی مردوو لەگەل کچی برایەکدا و لەگەڵ کچی پوردا وابزانە لەدوای مردووەکە بەجێماوە دایك باوك برایەك مەسەلە لەسێیە یەك بۆ باوکی باوکی دایك، چونکە لەجێی دایك دانیشتووە دایك لێرەدا سێیەك ئەگرێت دوو بۆ کچی پور ئەمێنێتەوە، چونکە لەجێی باوك دانیشتووە باوك لێرەدا پشتە هەرچی لەبەشی دایك مایەوە بۆ خۆی ئەیگرێت و کە برایشی ببێت بێبەشی ئەکات، چونکە لە پشتەکاندا ریزی

باوكان لەپێشترە لەڕیزی برایان كەوابوو كچی برا لێرەدا بێبەشە هەروەها ئەگەر ئەومردووە نێرو مێی لەمندالّی خوشكی و برا لەدوا بەجێما: لەم وێنەدا هەر بێبەش ئەبن و ئەهلی تەنزیل ئەڵێن ئەهلی قەرابەت چوار لایەن بەخزمی سكی دائەنێن:

یەكەم: لایەنی وەچەو بەچكەی مردووەكەیە، وەكو مندالّی كچی مردوو كەنێربن یان مێ ین و وەكو مندالّی كچی كوڕ ئەوانیش نێر بن یان مێ بن و هەم مندالّی ئەو مندالاّنەش هەرچەندە بەرەو خوار بڕوات.

دووەم: لایەنی بنچینەو بنەچەكەی مردووەكە كەمردوو سەرئەكێشێ بۆ لای ئەوان وەكو باپیرەو نەنكێك كە بەشی دیاریكراویان نییەو خزمی سكین وەكو باوكی دایك یان باوكی باوكی دایك یان دایكی باوكی دایكی مردووەكە.

سێیەم: ئەو لایەنەیە كە لەدایك و باوكی مردووەكە ئەكەونەوە واتە سەرچاوەی بوونیان دایك و باوكی مردووەكەیە وەكو مندالّی خوشكان هەر جۆرە خوشكێك بن و وەكو كچانی برا جا هەر برایەك بێت بۆ مردووەكەو وەكو كوڕانی برای دایكی مردووەكەو مندالّی ئەمانەش هەرچەند بەرەو خوار بڕوات.

چوارەم: ئەو لایەنەیە كە لەباپیرەو نەنكی مردووەكە كەوتوونەتەوە واتە سەرچاوەی بوونیان باپیرەو نەنكی مردووەكەن وەكو مامی دایكی بۆ مردووەكە واتە برای دایكییە بۆ باوكی مردووەكەو وەكو پورە، واتە خوشكی باوكی مردووەكە جا هەر جۆرە خوشكێك بێت و وەكو كچی مام هەر مامێك بێت برای باوكی و دایكییەیان هەر باوكییە یان هەر برای



دایكییە بۆ باوكی مردووەكەو مندالّی ئەمانەش هەرچەند بەرەو خوار بڕوات.

جا كۆمەڵی ئەهلی قەرابەت ئەو چوار لایەنە وەكو ریزی خزمە پشتەكان تەماشایان ئەكەن و ئەڵێن وەكو لەخزمە پشتەكاندا ریزی پێشتر ریزی دواتر بێبەش ئەكات واتە ئەڵێن كە لەلایەنی وەچەو مندالّدا یەكێك بەجێما وەكو كچی كچ و لەلایەنی باپیرەشدا یەكێك بەجێما وەكو پور خوشكی باوك یان خوشكی دایك میراتەكە ئەدرێت بەو كەسەی كە لەلایەنی وەچەو مندالّدایە پور هیچی پێ نادرێت كەلەلایەنی دواتردایە، چونكە بەلای ئەوانەوە لایەنی باپیرە لەدوای لایەنی وەچەو مندالاّنەوەیە جا هەتاكو لایەنی پێشتر وەستابێت لایەنی دوورتر نایگرێت، بەلاّم ئەهلی تەنزیل ئەڵێن ئێمە لایەنی دواتر بەلایەنی لەپێشتر بێبەشناكەین، بەڵكو هەڵ ئەكەوێت خزمی سكی زۆر لایەنەوە كۆ ئەبنەوەو هەمووشیان بەشیان بۆ دائەنرێت كەسیان كەسی تر بێبەش ناكات وەكو ئەوە كەسێك مرد لەدوای بەجێما: باوكی دایكی كوڕی كچەكەی كچی برای باوكی كوڕی كچی كوڕی مەسەلەكەیان لەشەشە یەكێك بۆ باوكی دایكی سێ بۆ كچی كوڕەكەی یەكێك بۆ كچی كچی كوڕی یەكێك بۆ كچی برایەكی، چونكە هەوەڵ لەجێی دایكە دووەم لەجێی كچە سێیەم لەجێی برا باوكییە چوارەم لەجێی كچی كوڕە خۆ ئەگەر كەسێك مرد ئەمانەی لەدوای بەجێمان: لە(٦) دایك یەك ئەگرێت كچ سێ ئەگرێت برایەك ئەگرێت بەپشت ئەگەر كچی كوڕ لەگەڵ كچی مردوودا بێت شەشیەك ئەگرێت، بەلاّم لەسەر بڕیاری ئەهلی قەرابەت هەر كچی كچەكەی میراتەكەی ئەگرێت، چونكە لایەنی ئەو لەپێش لایەنەكانیترەوەیە، هەروەها ئەهلی

قەرابەت ئەڵێن چەند کەسێك لەخزمی سکی کە لەیەك لایەن بن، بەڵام یەکێکیان بەپلەیەك زووتر ئەگەیشتەوە بەمردووەکە میراتەکە ئەدەین بەو کەسە، بەڵام ئەهلی تەنزیل ئەڵێن ئێمە پلەی دوور بەپلەی نێزیك بێبەشناکەین ئێمە لەجێگەی ئەو کەسانە دایان دەنێین کە بەئەوان ئەگەنەوە بەمردوو، جا ئەگەر ئەوان میراتیان ئەکەوت ئەمانەش کە خزمی سکین و لەجێگەی ئەوان دانراون ئەیانکەوێت وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: کچی کچ لەگەڵ کچی کچی کوڕ لێرەد بەچواریەك میراتەکەیان لێ بەش ئەکەین واتە میراتەکە ئەکرێت بەچوار بەش سێ چوار یەکی بۆ کچی کچ یەك چوار یەکی بۆ کچی کچی کوڕ هەر چەندە لەبناغەوە مەسەلە لەشەشە نیو کە سێیە بۆ کچی کچ شەشیەکیش کە یەکێکە بۆ کچی کچی کوڕ، بەڵام لەئەنجامدا بەگەڕانەوەو بەکورتکردنەوە بەشەکانیان دێتە سەر چوار (٣) بۆ ئەوو یەکێك بۆ ئەمیان، بەڵام کۆمەڵی ئەهلی قەرابەت لێرەدا میراتەکە هەمووی ئەیدەن بەکچی کچ، چونکە بەپلەیەك نیزیکترە هەروەها کۆمەڵی زانایانی ئەهلی تەنزیل ئەڵێن هەرگیز ئێمە تەماشای پلەی دوورو نزیکی لەمردوو ناکەین وەکو زانایانی ئەهلی قەرابەت، بەڵام ئێمە تەناشای دوورو نزیکی لەمیراتگرەوە ئەکەین هەرکەس لەمیراتگری مردووەکەوە نزیك بێت میراتەکە ئەدەین بەو وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: دایکی باوکی دایك و باوکی دایکی دایك میرات ئەدەین بەدووەم کە باوکی دایکی دایکە وە هەرچەندە پلەیەك دوورترە لەهەوەڵ بۆ مردووەکە، بەڵام پلەیەك نزیکترە لەمیراتگر، چونکە لەدوای خۆیەوە تووشی ئەبێت بەتوشی نەنکەوە کە میراتگرە وە نیزیکە لەئەو، چونکە دایکی دایکی



نەنکی میراتگری پێ ئەڵێن، بەڵام ئەهلی قەرابەت بەپێچەوانەوە میرات ئەدەن بەهەوەڵ کە دایکی باوکی دایکە وە لەبارەی لایەنیشەوە جیاوازیی لەنێوان ئەو دوو کۆمەڵەیەدا هەیە کۆمەڵی ئەهلی قەرابەت ئەڵێن لایەنی بەهێز لایەنی بێهێزتر لەخۆی بێبەش ئەکات وەکو ئەوە چەند کەسێك لەخزمی سکی کە پلەی دوورو نزیکیان وەکو یەك وایە بۆ مردووەکەو هەمووشیان وەکو یەك یان بەمیراتگر ئەگەنەوە بەمردوویان بەخزمی سکی وەکو سێ پوری مردووەکە کە یەکێکیان خوشکی باوکی و دایکی دایکییەتی یەکێکیان خوشکی باوکی دایکییەتی یەکێکیان خوشکی دایکی دایکییەتی یان کوڕی ئەو پورانە ئەمانە هەموویان پلەی دووری و نزیکیان بۆ مردووەکە وەکویەکە کۆمەڵی ئەهلی قەرابەت ئەڵێن هەر پوری دایکی و باوکی یان کوڕی ئەو میراتە کە ئەگرێت ئەوانی کە بێبەش ئەبن و ئەگەر هەر دوو پور بن یەك باوکی و یەك دایکی باوکییەکە ئەیگرێت، چونکە لایەنی باوك بەهێزترە لەلایەنی دایك.

بەڵام کۆمەڵی ئەهلی تەنزیل ئەڵێن ئەو پورانە لەجێگەی دایکی مردووەکە دائەنرێن کە مردووەکە کەسی تری نەبێت دایکی سێیەکی ماڵەکەی بەرکەوتووە ئێستاش ئەو سێ پورانە هەر ئەو سێ یەکە لەخۆیانی بەش ئەکەن هیچیان هیچیان بێبەش ناکەن.

جا تاکو ئێستا کۆمەڵی زانایانی ئەهلی تەنزیل کە بەیاسای خۆیان میرات بەشبکەن چەند شتێکیان وتووەو چەند شتێکیان ماوە کە بیڵێن ئەویش ئەوەیە ئەڵێین ئەگەر کۆمەڵێك لەخزمی سکی بەمیراتگر ئەگەیشتنەوە بەمردوو هەمووشیان پلەی دوورو نزیکیان لەو میراتگرە

وەکویەك وابوو ئەڵێن خزمە سکییەکان لەجێی ئەو کەسانە دائەنرێن کە بەئەوان ئەگەڕنەوە بەمردوو هەر بەشە میراتی ئەو کەسانە وەرئەگرن بۆ خۆیان جا هەر ئەو کەسانە کە خۆیان بمرن ئە وبەشەی کە لەو مردووە بەریانکەوتووە ئەیدەنەوە بەو خزمە سکیانەی کە بەهۆی ئەوەوە ئەگەنەوە بەمردوو جاهەندێك لەو خزمە سکیانە لەو کەسەی کە دوایی بەمردوومان دانا بەبەش میرات ئەگرن کە وابوو لەمردووە هەوەڵەکەش هەر بەبەش میرات ئەگرن، بەڵام هەندێکیان بەپشت میرات ئەگرن لەو کەسەی کە بەمردووی دائەنێین کەوابوو لەمردووە هەوەڵەکەش هەر بەپشت میرات ئەگرن، بەڵام لەو خزمە سکیانە ئەوانەی بەپشت میرات ئەگرن دوو جۆرن:

یەکەم: خزمە پشتێکن کە تێکەڵن لەمنداڵی کوڕو کچی خوشك و برای دایکی بۆ مردووەکە ئەو کوڕو کچە لەمیراتگرتن لەو مردووە وەکو یەك ئەیگرن، چونکە لەجێی براو خوشکی دایکی مردووەکە دائەنرێن خۆ خوشك و برای دایکی کە ژمارەیان دوو یان دوو زیاتر بوونایە سێیەکی میراتی مردووەکەیان ئەگرت و نێرو مێش وەکو یەك بەشیان بۆ دائەنرا لێرەشدا هەروەهایە.

بەڵام جۆری دووەم: ئەو خزمە سکیانەی کە ئەبن بەخزمی پشت بۆ ئەو کەسەی کەدامان بنایە بەمردوو لەجۆری یەکەم نەبوون واتە خوشك و برای دایکی یان کوڕو کچی خوشك و برای دایکی نەبوون بۆ ئەو کەسەکە دای ئەنێین بەمردوو جیاوازی لەنێوان نێرو مێیاندا ئەکرێت بۆ نێر دوو هێندەی مێ دائەنرێت بۆ ئەم شوێنە دوو وێنەی روون و ئاشکرا نیشان ئەدەین:/



یەکەم: وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: ژنێك دوو کچی برا دایکی کوڕێکی خوشکی دایکی مەسەلە لەدوازدەیە، چونکە ئەو منداڵانە لەجێی خوشك و برا دائەنرێن ئەبێت سێ یەك بگرن ژن چواریەك ئەگرێت ژمارەی ئەو سێیەك و چوار یەکە چوارەو سێیە چوارو سێ ناهەموارن بەیەکەوە سێ بدە لەچوار ٣×٤=١٢ سێ ئەدرێت بەژنەکە نۆ ئەمێنێتەوە بۆ ئەو سێ منداڵانە هەریەکی سێیان وەبەرئەکەوێت.

دووەم: وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: ژنێك و دوو کوڕو کچێکی کچەکەی مەسەلە لەهەشتەو چونکە هەشت یەکە بەشێك و نیوێکی تیا ئەبێت ژمارەکەیان هەشتەو دووە و ئەو دووژمارەیە چوونەناویەکن مەسەلە بۆیە لەهەشتە یەك بۆ ژنەکە چواریش بەبەش بۆ ئەو سێ منداڵە سێشیان بۆ ئەگەرێتەوە بەهەرسێکیان حەوتیان بەرئەکەوێت حەوت بەسەر پێنج سەردا بەشناکرێت پێنج و حەوت نێوانیان ناهەموارە پێنج بدە لەمەسەلەکە ٥×٨=٤٠ پێنج بۆ ژنەکە (٣٥) مایەوەو کوڕەکان یەکی چواریان بەرئەکەوێت کچ حەوتی بەرئەکەوێت.

وەهەم: کۆمەڵی زانایانی ئەهلی تەنزیل لەبارەی خاڵ و پوری دایکی بۆ مردووەکە واتە برای دایکی بۆ دایکی مردوو و خوشکی دایکی بۆ دایکی مردوو لەماڵی ئەو مردوە بۆ خاڵەکە دوو هێندەی پور میرات دائەنێین هەرچەند کە ئەو خاڵ و پورە لەجێگەی دایکی مردوو دائەنرێن دایکی مردوو کە بمردبایە ئەو خوشك و برا دایکیانەی لێ بەجێبمایە وەکو یەك میراتیان لێ ئەگرت، برا لەخوشك زیاتری بۆ دائەنرا وە ئەبوایە ئەو خاڵ و پورە لێرەشدا لەو مردووە میاتیان وەکو یەك بگرتبایەو بەچاوی منداڵی

دایکی بۆ مردووەکە تەماشایان بکرابایە، بەڵام ئەم وێنە تایبەتە جیاکراوەتەوە لەوێنەی پێشەوە کەوتمان کوڕو کچی براو خوشکی دایکی بۆ دایکی مردووەکە نێرو مێیان لەو مردووە وەکو یەك میرات ئەگرن هەروەها مام و پورێك کەخوشك و برای دایکین بۆ باوکی مردووەکە ئەوانەش کە لەجێگەی باوکی مردوو دائەنرێن باوك بمردبایەو ئەو خوشك و برادایکیانەی میراتیان لێ ئەگرت، بەڵام برا دوو هێندەی خوشکی نەئەگرت لێرەدا لەو مردووە برا دوو هێندەی خوشك ئەگرێت.

وەهەم: کۆمەڵی زانایانی ئەهلی تەنزیل لەناو ئەو خزمە سکیانە کە لەجێگەی خزمی پشت بۆ مردوو دائەنرێن تەماشای بێبەشکردنیش ئەکەن بۆ وێنە ئەگەر کەسێك مرد لەدوای بەجێما: سێ کچی سێ برایەك باوکی و دایکی یەك باوکی یەك دایکی کچی برا دایکییەکە شەشیەکی لێ ئەگرێت هەرچی مایەوە ئەدرێت بەکچی برای باوکی و دایکی کچی برای باوکی بێبەش ئەبێت (منداڵی خاڵ واتە هی برای دایکی) (منداڵی مامی دایکی) واتە کوڕو کچی مامی دایکی واتە برای دایکی بۆ باوکی مردوو (منداڵی پور) واتە خوشکی دایکی مردووەکە منداڵی پورێکی تر کە خوشکی باوکی مردووەکەیە وەکو باوك و دایك رەفتاریان لەگەڵدا ئەکرێت بۆ میرات وەرگرتن دوای ئەوە کە لەسەر رێبازی کۆمەڵی ئەهلی تەنزیل رۆیشتین و باسەکەمان تەواو کرد چەند وێنەیەك بۆ راهێنان و فێربوون هەر لەسەر رێبازی کۆمەڵی ئەهلی تەنزیل ئەهێننەوە کچێك و کوڕێکی کچی مردوو مەسەلەکەیان لەسێیە دوو بۆ کوڕەکەو یەك بۆ کچەکە.



دووەم: کچی کچی کوڕو کچی کچی کچ لەدوای مردووەکە بەجێمان هەوەڵەکەیان میرات ئەگرێت، چونکە لەمیراتگرەوە نزیکە کچی کچی کچ هیچ ناگرێت.

سێیەم: کچی کچ کچی کچی کوڕی مردوو هەردووکیان میرات ئەگرن هەوەڵ لەجێگەی کچ دائەنرێت دووەم لەجێگەی کچی کوڕ کچی کوڕ لەگەڵ کچی مردوودا بێت شەشیەك ئەگرێت، هەریەك لەو دوانە میراتی دایکی خۆیان ئەگرن، مەسەلەکەیان لەشەشە، بەڵام کەبەیاسای کورتکردنەوەی مەسەلەکە ئەوەڵ لەشەش سێ ئەگرێ دووەم یەك ئەگرێ بەشەکانیان کۆبکەوە ئەبێ بەچوار سێ بۆ کچی کچ یەك بۆ کچی کچی کوڕ.

چوارەم: کچی کچێك دوو کچ لەکچێکی تر سێ کچ لەکچێکی تر میراتی مردووەکەیان بۆ ئەکرێت بەسێ بەشەوە یەکی بەشێکیان وەبەرئەکەوێت[1].

پێنجەم: کەسێك مرد لەدوای بەجێما: ٣کچی ٣خوشك یەك باوکی و دایکی یەك باوکی یەك دایکی، مەسەلەکەیان لەشەشە، چونکە دایکی کچی

[1] بەڵام بەیاسای دروستکردنی مەسەلە مەسەلەکەیان ئەچێت بۆ هەژدە، چونکە یەك بەسەر دووەمداو یەك بەسەر سێ دابەشناکرێن بەساغی هەڵئەستین ناوەکانیان لەڕیزێکدا ئەنووسین بەشەکانیان لەخوار خۆیانەوە ئەنووسین بەژمارە ژمارەی بەشەکان لەگەڵ ژمارەی سەرەکاندا بەرامبەر ئەکەین ناهەموار دەرئەچن جا کە ناهەموار دەرچوون ئەبێ ژمارەی سەرەکانی دابەزێنین بۆ خوار بەشەکانیان ئەمجار تەماشای ژمارە دابەزیوەکان ئەکەین لەگەڵ یەکتر ناهەموارن ئەیاندەین لەیەك بەرهەمی ئەو لەیەکدانە ئەدەین لەسێ بڵی دوو کە ژمارەی سەرەکانە بیدە لەسێ کە هەر ژمارەی سەرەکانە ئەبێت بەشەش شەش بدە لەسێ ئەبێت بەهەژدە وەکو ئەم ریزە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| | کچی کچێك | دوو کچی کچی تر | سێ کچی کچی تر |
| بەش | ١ | ١ | ١ |
| | ١ | ٢ | ٣ |

٢×٣=٦×٣=١٨

هەوەڵ خوشکی دایکی و باوکییە بۆ مردوو نیوەی میراتی لێ ئەگرێت دایکی کچی دووەم خوشکی باوکییە کە لەگەڵ خوشکی باوکی و دایکی دابێت شەشیەك ئەگرێت دایکی کچی سێیەم هەر شەش یەك ئەگرێت.

ژمارەی نیو دووە ژمارەی شەش یەك هەر شەشە ئەو دوو ژمارە چوونەناویەکن ئەم کچانەش لەجێ دایکیان دائەنرێن هەوەڵ سێ بەش ئەگرێ دووەم و سێیەم یەکی یەك ئەگرن لەشەش یەك ئەمێنێتەوە لەو شەشە، بەڵام چونکە بەشەکانیان ئەکاتە پێنج و ئەو یەکەش بۆ ئەوان ئەگەڕێتەوە مەسەلەکەیان بۆ کورت ئەکەینەوە بۆ سەر ژمارە پێنج جا لەو پێنجە هەوەڵ سێ ئەگرێت و ئەوانیتر یەکی یەك ئەگرن.

شەشەم: کەسێك مرد لەدوای بەجێما: ٣پور یەك خوشکی باوکی و دایکی دایك یەك خوشکی باوکی دایك یەك خوشکی دایکی دایك ئەم وێنەیەش کتومت وەکو وێنەی پێش خۆیەوە وەهایە، چونکە وەهای دائەنێین کە دایکی ئەو مردووە میراتی لێبگرێت و بمرێت ئەو سێ خوشکانەی لەدوای بەجێ ئەمێنێت مەسەلەیان ئەچێت بۆ شەش یەکێك لەو پورانە سێ ئەگرێت ئەوانی تر یەکی یەك ئەگرن یەك هەر ئەمێنێتەوە لەشەش، بەڵام چونکە ئەو یەکەش بۆ ئەوان ئەگەڕێتەوە مەسەلەکەیان کورت ئەکرێتەوە بۆ سەر پێنج سێ بۆ پورە باوکی و دایکییەکەیە ئەوانی تریش یەکی یەك ئەگرن.

حەوتەم: کەسێك مرد لەدوای بەجێما: ٣خاڵ یەك برای باوکی و دایکی دایك یەك برای باوکی یەك برای دایکی، دایك شەشیەك ئەگرێت، چونکە



لەجێی دایك دائەنرێت مەسەلە لەشەشە ئەو شەش ئەگرێت هەرچی مایەوە ئەدرێ بەخاڵی باوکی و دایکی دایك خاڵی باوکی بێبەش ئەبێت.

هەشتەم: کەسێك مرد لەدوای بەجێما: ٣پور واتە یەك خوشکی باوکی و دایکی باوك یەك خوشکی باوکی و باوك یەك خوشکی دایکی دایك و سێ پوری تر، ئەویش یەك خوشکی باوکی و دایکی دایك یەك خوشکی باوکی دایك یەك خوشکی دایکی دایك هەرچی پوری خوشکی باوکی مردووە لەجێی باوك دائەنرێت هەرچی خوشکی دایکی مردووەکەیە لەجێگەی دایکی دائەنرێت، جا لەبەرئەوە مەسەلەکەیان لەسێیە، چونکە مردووەکە تەنیا دایك و باوکی لەدوا بەجێبمایە مەسەلە لەسێ ئەبوو باوك دوو هێندەی دایکی ئەبوایە دەستی بکەوتابایە جا لەسێ دووبەش بەو پورانە کە خوشکی باوکی مردووەکەن بەشێکیش ئەدرێت بەو پورانەی کە خوشکی دایکی مردووەکەن جا ئێستا نەبەشێك بەسەر سێ پوردا بەش ئەکرێت نەدوو بەش بەسەر سێ پورەکەی تردا بەش ئەکرێت جا ئەبێت رێگەی لێبەشکردنەکەیان بدۆزینەوەو لێیان بەشبکەین ئەوترێت مەسەلەی هەردوو ریزە پورەکە ئەچێت بۆشەش، بەڵام بەگەڕانەوەو بەکورتکردنەوەی مەسەلەکەیان مەسەلەی هەردوو ریزەکە دێتەوە سەر پێنج.

یەکەم: پورانی خوشکی باوك لەجێگەی باوکی مردوو دائەنرێت، بەڵام خوشکە باوکی و دایکییەکەی نیوەی ماڵ ئەگرێت لەباوك کە بمرێت دووەکانی تر شەشیەك ئەگرن جا مەسەلەکەیان لەهەوەڵەوە لەشەشە سێ بۆ پوورە دایکی و باوکییەکە ئەوانی تر یەکی یەکیان پێ ئەدرێت هەموو بەشەکەیان ئەکاتە پێنج ئەویەکەش کە لەشەش مابۆوە هەر بۆ ئەوان

ئەگەڕێتەوە کەوابوو لەپێنج سیٚ بۆ پووره باوکیی و دایکییەکە ئەوەکانی تر یەکی یەکیان وەبەرئەکەوێت ریزی پورە دایکییەکانیش هەر بەو پێیە بەشەکەی خۆیان بەسەرا بەشبکە.

**باسی بەشکردنی میرات بەتایبەتی لەسەر ڕێبازی کۆمەڵی سێیەم کە پێیان ئەڵێن ئەهلی قەرابەت:**

جارێکی کە وتومانە کە ئەو کۆمەڵە بۆ خزمی سك چەند لایەنێك دائەنێن، بەڵام دووبارە پێویست بەژماردنەوەی ئەو لایەنانە ئەکاتەوە، چونکە لەسەر ڕێبازی ئەهلی قەرابەت بۆ هەر لایەنێك بەشکردنێکی تایبەتی خۆی هەیە جا ئەم کۆمەڵی ئەهلی قەرابەت پێکهاتوون لەحەنبەڵییەکان زانا دواییەکانی ڕێبازی شافعی لەگەڵ مالکییەکان و بێجگە لەوان چەند کەسێکی تریشن.

لایەنەکان لەسەر مەزهەبی ئەهلی قەرابەت ئەمانەن

یەکەم: لایەنی بەچکەو وەچەی مردووەکە وەکو منالی کچی مردووەکە بەگشتی نێربن یان مێ بن و وەکو منداڵی کچی کوڕ ئەوانیش نێربن یان مێ بن و هەم منداڵی ئەو منداڵانەش هەرچەند بەرەو خوار بڕوات.

دووەم: لایەنی بنچینەو بنەچەکەی مردووەکە کە نەنك و باپیرەی مردووەکەن نەنك و باپیرە یەك کە بەشی دیاریکراویان بۆ دانەنراوە وەکو باوکی دایك یان باوکی باوکی دایك یان دایکی باوکی دایکی مردووەکە.

سێیەم: ئەو لایەنەیە کە لەدایك و باوکی مردووەکە کەوتوونەتەوەو پەیابوون واتە ئەگەر بیانخەیتە سەربنچینەی خۆیان پاڵ ئەدەنەوە بەباوك و دایکی مردووەکە وەکو منداڵی خۆشکان هەر جۆرە خوشکێك بن و وەکو



کچانی برا هەر برایەك بن بۆ ئەو مردووەو وەکو کوڕانی برای دایکی بۆ مردوو و وەکو منداڵی ئەمانەش هەر چەندە بەرەو خوار بڕوات.

چوارەم: ئەو لایەنەیە کە لەباپیرەو نەنکی مردووەکە کەوتوونەتەوەو پەیابوون واتە ئەگەر سەریەکیان بخەیتەوە ئەچنەوە سەر بناغەیەك کە باپیرەو نەنکی مردووەکەن وەکو مامی دایکی بۆ مردووەکە واتە برای دایکییە بۆ باوکی مردوو، وەکو پور واتە خوشکی باوکی مردووەکە هەر جۆرە خوشکێك بێت و وەکو کچی مام هەر مامێك بێت برای باوکی و دایکییە یان هەر باوکییە یان هەر برای دایکیە بۆ باوکی مردووەکەو منداڵی ئەمانەش هەرچەند بەرەو خوار بڕوات جا ئەم کۆمەڵی زانایانی ئەهلی قەرابەتە ئەم چوار لایەنە وەکو ریزی خزمە پشتەکان تەماشایان ئەکەن و ئەڵێن وەکو لەخزمە پشتەکاندا ریزی پێشتر ریزی دوایتر بێبەش ئەکات واتە ئەڵێن کە لەلایەنی وەچەو منداڵدا یەکێك بەجێما وەکو کچی کچ و لەلایەنی باپیرەشدا یەکێك بەجێما وەکو پور خوشکی باوك یان خوشکی دایك میراتەکە ئەدرێت بەو کەسەی کە لەلایەنی وەچەو منداڵایە پور هیچی پیٚ نادرێت کە لەلایەنی دواییتردایە، چونکە بەلای ئەوانەوە لایەنی باپیرە لەدوای لایەنی وەچەو منداڵانەوەیە هەتاکو لایەنی لەپێشتر وەستابێت لایەنی دواییتر نایگرێت.

وەهەم: ئەگەر ئەو خزمە سکیانە هەر لەلایەنێکەوە بوون و بەس تەماشای پلەی دووری و نزیکیان ئەکرێت لەمردوو هەرچیان پلە یەك نێزیکتر بێت دوورتر بێبەش ئەکات و ئەگەر هەر لەو لایەنەوە چەند خزمە سکییەك هەبوون پلەی دووری و نزیکیان لەمردووەکە وەکو یەك بوو، بەڵام

یەکێکیان بەمیراتگر ئەگەیشتەوە بەمردوو یەکێکیان بەخزمی سکی ئەوەی بەمیراتگر ئەگاتەوە مافی میراتگرتنی هەیە ئەویتر نییەتی وەکو منداڵی کچی کوڕ لەگەڵ کوڕی کچی کچدا هەوەڵ، چونکە بەکچی کوڕ ئەگاتەوە بەمردوو کچی کوڕیش لەزۆر شوێندا خاوەن بەشە هەر ئەو میراتەکە ئەگرێت دووەم بەکچی کچ ئەگاتەوە بەمردوو کچی کچ هەر خزمی سکیە کە وابوو ئەمیان نایگرێت ئەمجارە کە هەر لەیەك لایەنەوە خزمی سکی پلەی دوورو نزیکیان لەمردوو وەکو یەك بوو هەمووشیان بەخزمی سکی ئەگەیشتنەوە یان هەموویان بەمیراتگر ئەگەیشتنەوە بەمردوو وەکو کچی کوڕی کچ و کوڕی کچی کچ ئەوانە بەخزمی سکی پێی ئەگەنەوە یان وەکو کوڕی کچ و کچی کچ ئەوانە بەمیراتگر ئەگەنەوە بەمردوو لێرەدا میراتی مردووەکە بەشی ئەو دوو ریزە ئەدرێت لەخزمی سکی کە پلەیان وەکو یەکەو لەیەك جۆرن واتە هەردوو ریزەکەیان هەر بەمیراتگریان هەر بەخزمی سکی ئەگەنەوە بە مردوو جا ئەو دوو ریزە کە هەردووکیان مێ بوون یان هەردووکیان نێر بوون میراتەکەیان وەکو یەك لێ بەش ئەکرێت، بەڵام ئەگەر ریزێك نێر بوون و ریزێك مێ بوون نێر دووهێندەی مێی بۆدائەنرێت، وەکو ئەو وێنەی کە ئێستا وتمان واتە کەسێك بمرێت لەدوای بەجێ بمێنێت: کوڕی کچ لەگەڵ کچی کچ هەردووکیان پلەی دوور و نزیکیان بۆ مردوو وەکو یەکە هەردووکیان بەمیراتگر ئەگەنەوە بەمردوو، بەڵام بۆ کوڕی کچ دوو هێندەی کچی کچی بۆ دائەنرێت هەروەها لەهەر وێنەیەکدا کە ئەوەها بوو ئاوەها میراتەکەیان بەسەردا بەش ئەکرێت جالێرەدا بۆ میرات بەشکردن لەنێوان لایەن چینی هەوەڵدا پێویستمان بەچەند وێنە هانینەوەیەك هەیە:



یەکەم: پیاوێك مرد لەدوای بەجێما:

کوڕی کچی کچ و کچی کچ و سێ ژن

بەش ٣     ١

بەش٩     ٣

مەسەلە لەچوارە، چونکە لێرەدا هەر ژن خاوەن بەشە بەشەکەشی چواریەکە یەك وەبەر سێ ژن ئەکەوێت سێ وەبەر کچی کچ ئەکەوێت ژمارەی بەشەکەیان لەژێر ناوەکەیاندا نووسراوە کوڕی کچی کچ بێبەشە بەکچی کچ، چونکە بەپلەیەك لەو نیزیکترە لەمردووەکەو ئەمجارە، چونکە بەساغی یەك بەسەر سێ ژندا بەشناکرێت بەیاسای دروستکردنی مەسەلە، مەلەسە ئەچێت بۆ دوازدە سێ بۆ سێ ژنەکە یەکی یەك، نۆ بۆ کچی کچ.

دووەم: پیاوێك مرد لەدوای بەجێما: دوو ژن چوار کچی کچی کوڕ سێ کوڕی کچی کوڕی کوڕ، مەسەلە لەچوارە لەبەرئەوە هەر ژن خاوەن بەشە بەشەکەشیان چواریەکە یەك بۆ دوو ژن سێ بۆ کوڕانی کچی کوڕی کوڕو لێرەدا بەشی ژنەکان یەکە بەساغی بەشناکرێت بەسەر دوو ژندا ژمارەی سەری ژنەکان ئەدرێت لەمەسەلەکە ٢×٤=٨ ئەمجارە دوو بۆ ژنەکان یەکی یەك شەش بۆ ئەو سێ کوڕانە یەکی دوو چوار کچی کچی کچی کوڕ بێبەش ئەبن بەکوڕەکان، چونکە هەرچەند پلەی گەیشتنەوەیان بەمردوو وەکو یەکە، بەڵام چوار کچەکان بەخزمی سکی ئەگەنەوە بەمردوو کە کچی کوڕی کوڕە.

چۆنیەتی بەشکردنی میرات لەناو لایەن چینی دووەما لەم چین و لایەنەشدا هەرچی پلەی نیزیکتر بێت لەمردووەکە هی پلە دوورتر بێبەش ئەکات کەوابوو باوکی دایك لەپێشترە بۆ میراتگرتن لەباوکی دایکی دایك

تاكو ئەو وەستابێت ئەم نایگرێت و ئەگەر خزمی سكی لەو لایەوە پلەی دوورو نزیكییان لەمردووەكە هەروەكو یەك بوو، بەڵام هەندێكیان بەمیراتگر ئەگەیشتنەوە بۆ مردووە هەندێكیان بەخزمی سكی ئەوانەی بەمیراتگر ئەگەنەوە بەمردوو میراتەكە ئەگرن ئەوانەی بەخزمی سكی پێی ئەگەنەوە نایگرن كەوابوو هەرچەند باوكی دایكی دایك و باوكی باوكی دایك لەپلەدا وەكو یەكن بەڵام هەوەڵ، چونكە بەدایكی دایك كە میراتگرە ئەگاتەوە بە مردوو لەپێشترە بۆ میراتگرتن لەدووهەم، چونكە دووهەم بەخزمی سكی ئەگاتەوە بەمردووكە باوكی دایكە.

ئەگەر هەموویان بەخزمی سكی ئەگەیشتنەوە بەمردوو وەكو باوكی باوكی دایكی باوك لەگەڵ دایكی باوكی دایكی باوك یان هەموویان بەمیراتگر ئەگەیشتنەوە بەمردوو وەكو باوكی دایكی باوكی باوك لەگەڵ باوكی دایكی دایكی باوك و لەگەڵ ئەوەشدا كە هەموویان بەخزمی سكی یان هەموویان بەمیراتگر ئەگەنەوە بەمردوو تەماشایان ئەكرێت ئاخۆ هەموویان بەباوك ئەگەنەوە بەمردوو یان بەدایك ئەگەنەوە بەمردوو یان هەندێكیان بەباوك و هەندێكیشیان بەدایك ئەگەنەوە بەمردوو، جا ئەگەر هەموویان هەر بەباوك ئەگەیشتنەوە بەمردوو یان هەر بەدایك و هەمووشیان نێر بوون یان هەموویان مێ بوون وەكو یەك بەشی ئەكەن، بەڵام ئەو خزمە سكیانە نێرو مێ بن بەیەكەوە واتە نەنك و باپیرەن ئەوە ئەو میراتەیان بەسێ یەك بەسەرا بەشئەكرێت واتە دوو سێیەك بۆ باپیرە و سێیەك بۆ نەنك لەوێنەی هەوەڵا باوكی باوكی دایكی باوك دوو بەش ئەگرێت دایكی باوكی دایكی باوك یەك بەش ئەگرێت، بەڵام ئەگەر هەندێك



بەباوك و هەندێك بەدایك ئەگەنەوە بەمردوو ئەوانەی بەباوك ئەگەنەوە بەمردوو دووبەشیان پێدەدرێت ئەوانەی بەدایك دەگەنەوە بەمردوو بەشێكیان پێ ئەدرێت جا ئەوانەی كە بەباوك گەیشتوونەتەوە بەمردوو و دووبەشیان بۆ دانرابوو، ئەگەر لەناو خۆیاندا ئەوانیش نێو مێ بوون بەیەكەوە ئەو دوو بەشەی بەریان كەوتبوو دووبارە بەشی ئەكەنەوە لەناو خۆیاندا بۆ نێر دووهێندەی مێ دائەنرێت ئەوانەی كە بەدایكیش گەیشتبوونەوە بەمردوو وەبەشێكیان وەبەركەوتبوو ئەگەر لەناو خۆیاندا ئەوانیش نێرو مێ بوون بەیەكەوە ئەو بەشەی كە بەریان كەوتبوو بەشی ئەكەنەوە بۆ نێر دوو هێندەی مێ، جا ئێمە لێرەدا چەند وێنەیەك ئەهێنینەوە:

یەكەم: پیاوێك مرد لەدوای بەجێما: ٤ژن و دایكی باوكی دایكی دایك و باوكی دایكی باوكی دایكی و باوكی باوكی دایكی باوكی و داك باوكی دایكی باوكی، مەسەلە لەچوارە یەك بۆ چوار ژن سێ بۆ هەموو باپیرەو نەنكەكانی كە بەجێ ماون لەدوای مردوو لەو سێیە یەكێك بۆ باپیرەو نەنكێك كە بەدایك ئەگەنەوە بەمردوو و دووش بۆ باپیرەو نەنكێك كە بەباوك ئەگەنەوە بەمردوو جالێرەدا كە بەیاسای دروستكردنی مەسەلە ئەم میراتە بەڕێكوپێكی بەش بكەین ئەڵێین ئەو باپیرەو نەنكانەی بەدایك ئەگەنەوە بەمردوو بەسێ سەر دایان ئەنێین و بەو سێ سەرە بەشێكیان لەسێ بەش وەبەركەوتووە یەك بەشناكرێت بەسەر سێ سەرا هەروەها نەنك و باپیرە كە بەباوك ئەگەنەوە بەمردوو دوو بەشیان لەسێ بەش بۆ دانراوە ئەوانیش دائەنرێن بەسێ سەر دووش بەسەر سێ سەردا بەساغی بەشناكرێت

هەروەها چوار ژنیش یەك بەشیان بەركەوتووە ئەویش بەساغی بەسەر چوار ژندا بەشناكرێت جا بەیاسای دروستكردنی مەسەلە لەیەك ریزا لەپشتی هێڵێكی درێـژەوە ژمـارەی سـەرەكان ئەنووسـین هـەر ژمارەیـەك لەگـەڵ بەشـەكەی خۆیـدا بەرامبـەری یـەكتر رایـان ئـەگرین ئەگـەر هـەر بەشـێك لـەو بەشانە لەگەڵ ژمارەی سەرەكاندا ناهەموار بوو هێڵێكی تر رائەكێشین لـەژێر هێڵی هەوەڵەو ژمارەی سەرەكان ئەگوێزینەوە بۆ خواری ئەو هێڵە وەكو ئـەو وێنە ٤ژن ٣ سەر باپیرەو نەنك ٣سەر باپیرەو نەنك

بەش ٤؟٨    ١    ٢

٤    ٣    ٣

واتـە لێـرەدا ژمـارەی سـەرەكانمان دابەزانـد بـۆ خـوار هێڵـی دووەم دوو ژمارە سێیەكە هاوێنـەی یـەكترن یـەكیان فڕێئـەدرێت چوارەكە لەگـەڵ سـێ ناهـەموارن لەیـەكیان ئـەدەین ئـەبێت بـە(١٢) دوازدە ئـەدەین لەمەسـەلەكە ١٢×٤=٤٨ دوانزە وەبەر ژنەكان ئەكەوێت یـەكی سـێ بـاپیرەو نـەنكێك كـە بەدایك ئەگەیشتنەوە بەمردوو بیست و چواریان وەبەرئەكەوێت شانزە بۆ باپیرەو هەشت بۆ نەنكە.

وێنەیەكی كە: پیاوێك مرد لەدوای بەجێما: ژن داكە باوكی باوكی دایك باوكی دایكی دایك باوكی باوكی باوك دایكی باوكی دایكی باوك، مەسەلە لەچوارە یەك بۆ ژن ئەوەی مایەوە هەمووی ئەدرێت بەباوكی دایكی دایكی دایـك، چـونكە ئـەم بـاپیرە ئەگاتـەوە بـەمردوو بـەهۆی نـەنكێك كـە میراتگرە دایكی دایكی مـردوو شەشـیەك ئـەگرێت بـاپیرەو نەنكـەكانی كـە هەموو بێبەشن، چونكە ئەوان بەخزمی سكی ئەگەنەوە بەمردوو.



**چۆنیەتی میراتگرتنی لایەنی چینی سێیەم**

كە ئەوانیش بریتین لـە: منداڵی خوشكانی كچانی برا هـەر برایـەك بێت وەكـو بـرای دایكـی ئەگـەر كەسـێك لەچـینی یەكـەم و دووەم لەگـەڵ چـینی سـێیەم مـابوو چینی سـێیەم بێبـەش ئـەبێت و ئەگـەر كەسـێك لـەو چینانە لەگەڵدا نەبوو وە تەنیایەك كەس بوو هـەموو میراتـی ئـەو مردووە ئەگرێت و ئەگـەر هـەر لـەو لایەنـە خزمـی سـكی زۆر بـوون تەماشـای پلـەی دووری و نزیكیـان ئـەكرێت، هەرچی پلەیـەك نیـزیكتر بـوو لـەمردوو هـی دوور بێبـەش ئـەكات كـە وابـوو كچی خوشكی مـردوو كـوڕی كچی بـرای مـردوو بێبـەش ئەكات، چونكە بەپلەیـەك لەپێشترەو ئەگـەر پلـەی دووری و نزیكیـان وەكـو یەك وابوو، بەڵام یەكێكیان بەمیراتگری پشت ئەگەیشتەوە بەمردوو یـەكیان بـەخزمی سكی میراتەكـە ئـەدرێت بـەو خزمـە سكەی كـە بـەمیراتگری پـشت ئەگاتەوە بەمردوو وەكو ئەوە كەسێك مرد لەدوای خۆی بەجێ هێشت: كچی كوڕی برای باوكی و دایكی لەگەڵ كوڕی كچی خوشكی باوكی و دایكی، ئەمانە لەپلەدا وەكو یەك دوورن لەمردوو، بەڵام میراتەكە ئەدەرێت بەكچی كوڕی برا، چونكە بەكوڕی براكە پشتە بۆ مردوو، ئەگاتـەوە بـەمردوو، بەڵام كوڕی كچی خوشك بەكچی خوشك كە خزمی سكییە ئەگاتـەوە بەمردوو، بەڵام هـەر ئـەو وێنەیـە كـە بیگـوڕی بەبارێكی تـردا واتـە كـچی كـوڕی بـرای دایكی كۆببێتـەوە لەگـەڵ كوڕی كچی خوشكی دایكیدا كە پلـەی دووریـان وەكو یەكە بـەلای زانایانی بـەناوبانگ ئـەبی یوسف هیچیان ئـەویتر بێبـەش ناكات، بەڵام بۆ نێر دوو هێندەی مێی بۆ دائـەنرێت، بـەڵام بـەلای هاوشـانی ئەو زانا بەناوبانگە كە محەمـەدی پـێ ئـەڵێن ئەفەرمووێ بۆ نێـر و مـێ وەكو

یەك بەشی ئەكەین لەنێوانیاندا، چونكە كەخوشك و برای دایكی لەدوای كەسێك بەجێبمێنن وەكو یەك لەو مردووە میرات ئەگرن كەوابوو منداڵی ئەوانیش هەروەها ئەیگرن جا هەركەسێك وتەی كامیانی پەسندكرد بادوای ئەو بكەوێت لەسەر بڕیاری ئەو میراتەكەیان لێ بەشبكات و ئەگەر ئەو خزمە سكیانە پلەی دووری و نزیكیان لەمردوو وەكو یەك وەها بوو جا هەموویان وەكو یەك بەمیراتگر ئەگەیشتنەوە بەمردوو یان هەموویان بەخزمی سكی ئەگەیشتنەوە بەمردوو لەو شوێنانەدا تەماشای هێزو توانای و پتەوی خزمایەتی لەگەڵ مردووەكەدا ئەكرێت هەرچیان خزمایەتییەكەی پتەوترو بەهێزتر بوو میراتەكە ئەدرێت بەو ئەویتر بێبەش ئەبێت.

وێنەیەك: بۆ ئەوە كە هەموویان بەخزمی سكی بگەنەوە بەمردوو وەكو ئەوەكەسێك مرد لەدوای بەجێما: كچی كچی برای باوكی و دایكی لەگەڵ كچی كچی برای باوكی، میراتەكە ئەدرێت بەهەوەڵێنەكەیان، چونكە ئەو منداڵی برای دایكی و باوكی مردووەكەیەو خزمایەتییەكەی بەهێزترە لەدووهەم كەمنداڵی برای باوكییەو بەس.

وێنەیەكی كە: پیاوێك مرد لەدوای بەجێما: كچی كچی برای باوكی و كچی كچی برای دایكی، هەر منداڵی برا باوكییەكە میراتەكە ئەگرێت منداڵی برا دایكییەكە نایگرێت، چونكە خزمایەتی هەوەڵ بۆ مردووەكە بەبرای باوكییە، بەڵام خزمایەتی منداڵی دووەم بۆ مردوو بەبرای دایكییە تاكو برای باوكی ببێت برای دایكی هیچی نییە منداڵەكانیشیان هەروەهایە.

وێنەیەكی كە: ئەهێنینەوە بۆ ئەوانەی كە پلەی دووری و نزیكیان لەمردوو وەكویەكە، بەڵام هەموویان بەمیراتگرێك كە پشتە ئەگەنەوە



بەمردوو وەكو ئەوە كەسێك مرد لەدوای بەجێما: كچی كوڕی برای دایكی و باوكی كچی كوڕی برای باوكی كچی كوڕی برای دایكی، لێرەدا هەموویان بەمیراتگری پشت كە كوڕی براكانە ئەگەنەوە بەمردوو، بەڵام هەر كچی كوڕی برای دایكی و باوكی میراتەكە ئەگرێت ئەوانیتر نایگرن بێبەشن، بەڵام خزمایەتی ئەمەیان بۆ مردووەكە بەبرای باوكی و دایكییە و بەهێزترە لەخزمایەتی ئەوەكانی تر.

دوای ئەو هەموو درێژە پێدانە لەناو ئەم باسەدا وردبونەوەیەك هەیە ئەبێ سەرنجی بدرێت:

ئەویش ئەوەیە: ئەو خزمە سكییە زۆرانەی كە پلەی دووری و نزیكیان لەمردووكە وەكو یەكەو هێزو توانایی خزمایەتییەكەشیان لەگەڵ مردوودا هەر وەكو یەكە جا تەماشایان ئەكرێت یان هەموویان نێرن یان هەموویان مێن جا ئەگەر هەموویان نێر بن یان هەموویان مێ بن میراتەكە لەنێوانیاندا بەشئەكرێت وەكو یەك هیچیان لەهیچیان زیاتر میرات ناگرن، بەڵام ئەگەر نێرو مێ بوون بەیەكەوە بۆ نێر دوو هێندەی مێی بۆ دائەنرێت وەكو ئەوە كەسێك مرد لەدوای بەجێما: كچی كچی برای باوكی و دایكی كوڕی كچی خوشكی باوكی و دایكی، میراتەكە ئەكرێت بەسێ بەش بەشێك بۆ هەوەڵیان دوو بەش بۆ دووهەمیان هەتاكو ئەگەر ئەو خزمە سكیانە منداڵی خوشك و برای دایكش بن بۆ مردووەكە بەلای زانای بەناوبانگ ئیبن یوسف–ەوە هەروەها بۆ نێر دوو هێندەی مێی بۆ دائەنرێت، وەكو ئەوە كەسێك مرد لەدوای بەجێما: كچی كچی برای دایكی كوڕی كچی خوشكی دایكی، هەر میراتەكە ئەكرێت بەسێ بەش بەشێك بۆ هەوەڵەكەیان دوو بەش بۆ دوو

هەمەکەیان هەرچەند لەباسی میراتی خاوەن بەشەکاندا وتمان براو خوشکی دایکی مردووەکە سێیەکیان بۆ دابنرێت وەکو یەك بەشی ئەکەن جیاوازی لەنێوان نێرو مێ ناکرێت و لێرەدا بەلای زۆربەی زانایانەوە بەتایبەت بەلای ئەبی یوسف–ەوە منداڵی ئەو خوشك و برایە کە ئەبێت بەخزمی سکی جیاوازیان هەیە بۆ نێر دوو هێندەی مێی بۆ دائەنرێت.

## چۆنیەتی میراتگرتنی لایەن و چینی چوارەم

واتە ئەو چینەی کە بڵاوبوونەتەوە لەنێوان باپیرەو نەنك تائەگاتە باوك و دایکی مردووەکە ئەگەر بڵێت ئەوانە ئەبن بەچی بۆ مردوو تۆ ئەڵێیت ئەبن بەمنداڵی باپیرەو نەنکی مردوو وەکو مامی دایکی واتە برای دایکی باوکی مردوو یان خاڵ برای باوکی و دایکی مردووەکە ئەوانە ئەدرێنەپاڵ نەنکی مردوو ئەڵێین لەنەنکی مردوو پەیابوون یان کچی مامی باوکی و دایکی باوکی مردوو کە ئەویش ئەچێتەوە سەر باپیرەی مردوو و ئەدرێتەپاڵ ئەو هەروەها لایەن و چینی چوارەم هەموویان ئەدرێنەوەپاڵ باپیرەو نەنکی مردوو جالێرەدا ئەگەر لەگەڵ ئەم لایەن و چینەدا بێجگە لەمیراتگری وەکو ژن و مێرد میراتگرێکی کە هەبوو ئەم لایەنە هیچ میراتیان بەرناکەوێت هەروەها ئەگەر زەلامی لایەنەکانی پێشتر لەگەڵ ئەم لایەنەدا بێت ئەم لایەنی چوارەمە هەر میرات ناگرێت ئەگەر کەسێك مرد لەدوای بەجێما: کچی خوشکی کچی مامی کوڕی خاڵی، میراتەکە هەمووی ئەدرێت بەکچی خوشکی، چونکە لەلایەن و چینی دوو هەمدایە ئەوانیتر هەموویان لەلایەن و چینی سێهەمدان وە کچی خوشکی ئەدرێتەوەپاڵ باوکی مردوو ئەوانیتر



ئەدرێنەپاڵ باپیرەی مردوو و هەرکات تەنیا زەلامێك لەولایەنە لەدوای مردووەکە بەجێما هەموو میراتەکەی ئەگرێت.

بەڵام مەبەستی ئێمە ئەوەیە کە هەر لەم لایەن و چینەدا زۆر لەخزمی سکی لەدوای مردووەکە بەجێ بمێنێت و ئەگەر وەها هەڵکەوت زۆر لەو خزمە سکیانە بەجێمان و تێکەڵ بوون لەنێرو مێی وەهەمووشیان هەر لەلای باوکەوە ئەگەیشتنەوە بەمردوو یان هەر لەلای دایکەوە ئەوە تەماشای هێزو پتەوی خزمایەتییەکە ئەکرێت کامیان خزمایەتییەکەی بۆ مردووەکە بەهێزتر بوو لەیەکێکی تر بەهێز بێهێز بێبەش ئەکات وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: پور خوشکی باوکی و دایکی باوك لەگەڵ پور خوشکی دایکی باوك لەگەڵ مام برای دایکی باوك، ئەمانە هەموو لەلای باوکەوە ئەگەنەوە بەمردوو، بەڵام بابزانین کامیان خزمایەتییەکەی بەهێزترە تۆبڵی پور کە خوشکی دایکی و باوکی باوکی مردووەکەیە خزمایەتییەکەی بەهێزترەو میراتەکەش هەر ئەو ئەیگری.

وێنەیەکی کە: ئەگەر کەسێك مرد لەدوای بەجێما: پور خوشکی باوکی باوك لەگەڵ پورێك کە خوشکی دایکییە بۆ باوك لەگەڵ مامێك کە برای دایکییە بۆ باوك، ئەمانەش هەموو بەباوك ئەگەنەوە بەمردوو، لێرەدا پور خوشکی باوکی باوك میراتەکە ئەگرێت، چونکە خزمایەتی بەباوك بەهێزترە لەخزمایەتی بەدایك.

وێنەیەك: کە هەموویان بەدایك بگەنەوە بەمردوو وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: خاڵ یان پورێك کە خوشك و برای باوکی و دایکی بن بۆ دایکی مردوو لەگەڵ خاڵ و پوورێك کە هەر خوشك و برای باوکی بن، لێرەدا

خاڵ و پوری دایكی و باوكی میراتەكە ئەگرن لەخۆیانی بەش ئەكەن بۆ نێر دوو هێندەی مێ ئەوانیتر بێبەشن، چونكە خزمایەتی ئەمانە بەهێز ترە.

وێنەیەكی كە: پیاوێك مرد لەدوای بەجێما: خاڵ و پورێكی دایكی لەگەڵ پورێكی باوكی، پورە باوكییەكە كە میراتەكە ئەگرێت خاڵ و پورە دایكییەكە بێبەشن، چونكە خزمایەتی بەباوك بەهێزترە لەخزمایەتی بەدایك و ئەگەر خزمی سكی نێرو مێ بەیەكەوە كۆبوونەوە هەموویان یان لەباوكەوە یان لەدایكەوە بەمردوو ئەگەیشتنەوە و پلەی هێزی خزمایەتییەكەیان بۆ مردوو وەك یەك وەهابوو واتە هەموویان یان بەباوك و دایك یان هەر بەباوك یان هەموویان هەر بەدایك ئەگەنەوە بەمردوو ئەوە هیچیان هیچیان بێبەش ناكەن، بەڵام نێر دوو هێندەی مێی بۆ دائەنرێت وەكو ئەوە كەسێك مرد لەدوای بەجێما: مامێك و پورێكی دایكی، واتە ئەو برای دایكی بوو بۆ باوكی مردوو ئەمیش خوشكی دایكی بوو بۆ باوكی مردوو هەردووكیان میراتەكە ئەگرن، بەڵام مام دووهێندەی پوورەكە میرات ئەگرێت هەروەها خاڵ و پوریش جا هەردووكیان باوكی و دایكی بن بۆ مردوو یان هەر خاڵ و پوری دایكی بن هەر بۆ نێر دوو هێندەی مێ میراتی مردووەكە بەش ئەكەن لەخۆیان.

ئەگەر خزمی سكی لەنێرو مێ تێكەڵ بوون و بەجێمان لەدوای مردووەكە ئەوە ئەگەر هەندێكیان لەلای باوكییەوە ئەبوون بەخزمی هەندێكیان لەلای دایكییەوە ئەوە لەو جێگەدا گوێ نادرێتە هێزو پتەوی خزمایەتییەكە واتە یەكێك بەدایك و باوك خزم بێت بۆ مردووەكە یەكێك بەس بەباوك یەكێك بەس بەدایك یان یەكێك بەباوك ئەگات بەمردوو یەكێك بەدایك پێی ئەگاتەوە



ئەوە خاوەن هێز بێ هێز بێبەشناكات، بەڵام لەبەش وەرگرتندا خزمە بەهێزەكە قازانجی زیاتر ئەكات لەخزمە بێهێزەكە واتە ماڵی میراتەكە لەنێوانیاندا ئەكرێت بەسێ كوت دوو كوتی ئەو خزمە بەهێزانە وەری ئەگرن كوتێكی بۆ خزمە بێهێزەكان دائەنرێت وەكو پوری خوشكی باوكی و دایكی و پورێك كە خوشكی دایكی دایك بێت لێرەدا دوو كوت بۆ پوری هەوەڵ دائەنرێت كوتێك بۆ پوری دووەم دائەنرێت یان خاڵ برای باوكی ودایكی دایكی مردوو لەگەڵ پورێك كە خوشكی دایكییە بۆ باوكی مردوو خاڵ دوو كوتی بۆ دائەنرێت پور كوتێك.

یەكێك مرد لەدوای بەجێما: پور خوشكی باوكی و دایكی باوك پور خوشكی باوكی باوك پور خوشكی دایكی باوك سێ پوری تر خوشكی باوكی و دایكی دایك خوشكی باوكی دایك خوشكی دایكی دایك، میراتەكەیان بۆ ئەكرێت بەسێ كوت هەرچیان لەلای باوكەوە ئەگەنەوە بەمردوو دوو كوت بۆ خۆیان هەڵئەگرن هەرچیان لەلای دایكەوە ئەگەنەوە بەمردوو كوتێك هەڵئەگرن، لێرەدا دوو كوت ئەدرێت بەو پورانەی كە خوشكی باوكی مردووەكەن جا هەرچی چۆن خوشكێك بن كوتێكیش ئەدرێت بەو پورانەی كە خوشكی دایكی مردووەكەن ئەوانیش هەرچی چۆن خوشكێك بن، بەڵام لەكاتی بەشكردنەوەی ئەم بەشانە لەناو یەكە یەكەی ئەو دووچینە پورانەدا تەماشای بەهێزی و بێهێزی ئەكرێت لێرەشدا ئەو دوو كوتەی كە بۆچینێك لەو دوو پورانە دانراوە ئەكرێتەوە بەسێ بەش دوو بەش ئەدرێت بەو پورانەی كە خوشكی باوكی و دایكی باوكی مردووەكەن بەشێكیش ئەدرێت بەو پورانەی كە هەر خوشكی باوكی یان هەر خوشكی

دایکین بۆ باوکی مردووەکە ئەو پورانەی کە خوشکی دایکی مردووەکەن کە بەهەموویان یەك کوتیان دەست کەوتبوو لەسێ کوت ئەو کوتەش دووبارە ئەکەنەوە بەسێ کوت هەر پورێك خوشکی دایکی و باوکی دایکی مردووەکەیە دوو کوتی بەرئەکەوێت هەرچی پورێکی خوشکی باوکییە یان خوشکی دایکییە بۆ دایکی مردوو بەشێکی بەرئەکەوێت ئەگەر کەسێك مرد لەدوای بەجێما: پورێك کە خوشکی باوکی و داکییە بۆ باوکی مردوو پورێکیتر کە خوشکی دایکییە بۆ دایکی مردوو، لێرەدا کەس کەسی تر بێبەش ناکات میراتەکە ئەکرێت بەسێ بەش دوو بەشی بۆ پوری باوکی و دایکی بۆ باوکی مردوو، چونکە لەجێگەی باوك دائەنیشێت پوری خوشکی دایکی بۆ دایکی مردوو بەشێکی بەرئەکەوێت، چونکە لەجێگەی دایك دائەنیشێت خۆ ئەگەر کەسێك مرد باوك و دایکی لەدوا بەجێما کە خزمی پشتن بۆ مردووەکە باوك دوو هێندەی دایکی ئەبێ بەربکەوێت.

**باسی میراتگرتنی منداڵی لایەن چینی چوارەم**

جا بڕیاری شەرعی بۆ منداڵی لایەنی چوارەم وەکو بڕیاری شەرعی وەهایە بۆ منداڵی لایەنی هەوەڵ واتە کە ئەو منداڵانە کۆبوونەوە بەیەکەوە هەرچیان بەپلەیەك نێزیکتر بوو لەمردووەکە ئەو میراتەکە ئەگرێت ئەویتر بێبەشە جا کەیفی خۆیانە ئەو منداڵانە کە یەکییان نیزیکە لەمردوو یەکیان دوورە هەردووکیان لایەنیان یەکێکە بۆ مردووەکە یان لایەنیان جیایە واتە دوورەکە نیزیکە کە هەر لەڕیزی منداڵی پوری خوشکی باوکی دان یان لەڕیزی منداڵی پوری خوشکی باوکی و لەڕیزی منداڵی پوری خوشکی دایکی مردووەکە دان نیزیکەکە لەهەر ریزێك دابێت هەر ئەو میراتە کە



ئەگرێت کە وا بۆ کچ یان کوڕی پوری خوشکی باوك نزیکترە لەکچی کچی یان لەکوڕی کچی هەر ئەو پورە ئەمە وێنەی ئەوەبوو کە ئەو خزمە سکیانە بۆ مردووەکە هەر لەلایەنی پوری خوشکی باوکیەوە بوون و ئەگەر لایەنیان جیا بێت و نزیکەکە بیگرێت دوورەکە بێبەش بێت وەکو منداڵی پوری خوشکی باوکی و منداڵی منداڵی پوری خوشکی دایکی لێرەدا لایەنی ئەو خزمە سکیانە بۆ مردوو جیاوازن لەیەکەوە هەر نزیکەکە ئەیگرێت کە منداڵی پوری خوشکی باوکییەتی ئەم جارە وای دائەنێین کە هەموو خزمە سکییەکان پلەی دووری و نزیکیان بۆ مردوو وەکو یەکەو لایەنی خزمایەتییەکەشیان بۆ مردوو هەر یەك لایەنە واتە هەموویان منداڵی خوشکی باوکی یان منداڵی خوشکی دایکی مردووەکەن، لێرەدا پێویستە تەماشای هێزو توانای خزمایەتییەکە بکەین هەرچییان بۆ ئەو مردووە خزمایەتییەکەی پتەوترو بەهێزتر بوو میرات ئەدرێت بەئەو وەکو سێ منداڵی سێ پوری جۆراوجۆر واتە پورێکیان خوشکی باوکییە بۆ باوکی مردووەکە یەکیان خوشکی دایکیە بۆ باوکی مردوو یەکیان خوشکی باوکی و دایکیە بۆ باوکی مردوو منداڵەکانیان هەموویان لەیەك لایەنەوە ئەگەنەوە بەمردوو و پلەی دوورو نزیکیشیان هەروەکو یەکە بۆ مردووەکە، بەڵام منداڵی ئەو پوورەی کە خوشکی باوکی و دایکییە بۆ مردوو خزمایەتییەکەی بۆ مردوو لەهەمووان بەهێزترە میراتەکە هەمووی ئەدرێت بەو ئەوانیتر بێبەشن ئەگەر ئەو منداڵە لەکایەدانە بوو منداڵی خوشکی باوکی ئەیگرێت خزمایەتی ئەو بەهێزترە لەمنداڵی خوشکی دایکی و باوکی

مردووەکە هەروەها منداڵی خوشکی دایکی مردووەکە هەر ئەو بڕیارەیان بۆ ئەدرێت.

بەڵام ئەگەر خزمە سکییەکان هەمووشیان لەیەك لایەنەوە بگەنەوە بەمردوو و پلەی دووری و نزیکیان بۆ مردووەکە وەکو یەك بێت و هێزیشیان وەکو یەك بێت، بەڵام یەکێکیان بەخزمی پشت ئەگاتەوە بەمردووەکە لێرەدا وەکو یەك میراتەکەیان لێبەشناکرێت، بەڵکو ئەوەی بەپشت ئەگاتەوە لەپێشترە وەکو ئەوە کەسێك مرد لەدوای بەجێما: کچی مامی کە برای باوکی و دایکی باوکییەتی لەگەڵ کچی پوری کە خوشکی باوکی و دایکی باوکییەتی، کچی مام میراتەکە ئەگرێت، چونکە باوکی خزمە پشتە بۆ مردووەکە، بەڵام کچی پور دایکی خزمی سکییە بۆ مردووەکە، بەڵام لێرەشدا هەندێك لەزانایان بەرپەرچی ئەم بڕیارە ئەدەنەوە ئەڵێن لەجێگەیەکدا کە یەکێك لەخزمە سکییەکان زۆر بەهێز بوو یەکێکیش لەو جێگەیەدا بەپشت ئەگەیشتەوە بەمردووەکە خزمە بەهێزەکە پێش ئەخرێت لەو خزمەی کە بەپشت ئەگاتەوە بەمردووەکە ئەڵێن لەو وێنەدا کە ئێستا هێنامانەوە ئەگەر کچی پور کچی پوری خوشکی باوکی و دایکی بێت کچی مام هەرکچی برای باوکی بێت بۆ مردووەکە کچی پورەکە لەپێشتر ئەبێت، چونکە دایکی بەباوك و دایك ئەگاتەوە بەمردوو کچی مام باوکی تەنها بەباوك ئەگاتەوە بەمردوو کە وابو کچی پور خزمایەتییەکەی بەهێزترە بۆ مردووەکە جا ئەم زانایانە ئەڵێن هەروەکو چۆن پور خوشکی دایکی مردووەکە کە هەر خوشکی باوکی بێت بۆ دایکی مردوو، چونکە خزمایەتی بەباوك بەهێزترە لەخزمایەتی بەدایك پێش ئەکەوێت لەپوری خوشکی



دایکی بۆ دایکی مردووەکە هەرچەندە ئە وپورە کە خوشکی باوکییە بۆ مردوو بەخزمی سکی ئەگاتەوە بەمردوو، چونکە باوکی ئەو باپیرەیە کە خزمی سکییە بۆ مردوو ئەو پورەش کە خوشکی دایکییە بۆ دایکی مردوو بەمیراتگر ئەگاتەوە بەمردوو، چونکە دایکی ئەو پورە نەنکی مردووەکەیە نەنك میراتگرە، بەڵام ئەگەر ئەو منداڵی خزمی سکییە پلەی نێزیکیان لەمردووەکە وەکو یەك بوو، بەڵام لایەنی گەیشتنەوەیان بەمردووەکە وەکو یەك نەبوو وەکو منداڵی پورێك کە خوشکی باوکی و دایکی بێت بۆ باوکی مردوو لەگەڵ منداڵی خاڵێك کە برای باوکی و دایکی بێت بۆ دایکی مردووەکە وەکو منداڵی پورەکە خزمایەتییەکەی بەهێزترە لەمنداڵی خاڵەکە، چونکە ئەو لەلایەنی باوکەوە ئەگاتەوە بەمردوو منداڵی خاڵ لەلایەنی دایکەوە ئەگاتەوە بەمردوو گویٚ نادرێتە هێزو پتەوی ئەو خزمایەتییە یان کچی مامی باوکی و  دایکی کۆببێتەوە لەگەڵ کچی خاڵی باوکی و دایکیدا گویٚ نادرێتە ئەوە کە کچی مامەکە بەخزمی پشت ئەگاتەوە بەمردوو لەپێشترە لەکچی خاڵ کە بەخزمی سکی ئەگاتەوە بەمردوو ئەو دوو کۆمەڵە خزمی سکییە لەناو خۆیاندا هیچیان لەپێش هیچیانەوە نین هیچیان بێهێزتر لەخۆی بێبەشناکات، بەڵکو ماڵە میراتییەکەیان بۆ ئەکرێت بەسیٚ بەش دوو بەش بەبیٚ منەت ئەدرێت بەو خزمە سکیانەی کە بەباوك ئەگەنەوە بەمردوو وەبەشێکیش ئەدرێت بەئەوانەی کە بەلایەنی دایکەوە ئەگەنەوە بەمردوو یان دووبەش ئەدرێت بەو خزمە سکیانەی کە منداڵی خزمی پشتی مردووەکەن بەشێکیش ئەدرێت بەو خزمە سکیانەی کە منداڵی خزمی سکی مردووەکەن هەرچەند کە پلەی نزیکیشیان بۆ مردووەکە هەروەکو یەکە

ئەمجارە ئەو کومەڵەی کە دوو بەشیان وەبەرکەوتووە کە هەر لەو ریزەدا نێرو مێ یان لەناودا هەبوو بۆ نێر دوو هێندەی مێ دائەنرێت ئەوانەی کە لەسێ بەش بەشێکیان وە بەرکەوتووە ئەوانیش هەروەها جا ئەگەر ئەو مردووە منداڵی خزمی سکی لەناو خاڵ و پورو مامی خۆیدا نەبوون، بەڵکو لەناو خاڵ و پوری مامی باوك و دایکیدا هەبوون ئەوانیش هەروەها رەفتاریان لەگەڵدا ئەکرێت هەروەها ئەگەر لەخاڵ و پوری باوکی و دایکیدا نەبوو لەخاڵ و پوری باپیرەو نەنکیا بوون هەروەهایە.

سوپاس بۆ خوا لێبوومەوە لەنووسینەوەو رێکوپێککردنی ئەم کتێبە بچکۆلە لەباسی میرات بەشکردن لەناو منداڵ و خزمە بەجێماوەکانی خوالێخۆشبوو و کەسانی تر، پێش لەڕۆژی یەکشەممەی مانگی شەشی ١٩٨٩ی زانینی بەرامبەر بە ١٥ی ذولقەعدەی ١٤١٠ی کۆچی لەمجمع ـی کۆمەڵکراوی عربت.

ملا صالح روستم صالح

ئیمامی پێشووی دێی یخی ماڵی.



فەهرەست و لاپەڕەی باسەکانی ئەم کتێبە


| لاپەڕە | باسی ئەو مافانەی کە بەسەر مردووەکەیەوە هەیەو پێش خستنیان |
|---|---|
| ٩ | هۆیەکانی میراتگرتن لەمردووەکە یەکەمیان خزمایەتییە |
| ١١ | مەرجەکانی میراتگرتن |
| ١٤ | کۆسپەکانی میراتگرتن |
| ١٥ | ئەوانەی کە بەهەر شێوەیەك بێت میرات ئەگرن لەپیاواندا ئەوانەن |
| ١٥ | ئەوانەش کە میرات لەمردوو ئەگرن لەژناندا |
| ١٧ | باسی ئەو بەشانەی لەقورئاندا ناویان وتراوەو دیاریکراوە |
| ١٧ | باسی نیوە بەش کەئەدرێت بە چ کەسانێك |
| ١٩ | باسی چواریەکە بەش کە ئەدرێت بەچ کەسانێك |
| ١٩ | باسی هەشت یەکە بەش ئەدرێت بەچ کەسێك |
| ١٩ | باسی دوو سێ یەك |
| ٢٠ | باسی سێیەکە بەش |
| ٢١ | باسی سێیەکی پاشماوە |
| ٢١ | باسی شەشیەك |
| ٢٣ | باسی خزمی پشت و عەصەبە |
| ٢٤ | باسی پشتی بەهۆی کەسانیترەوە |
| ٢٥ | باسی ئەو خزمە پشتیانەی کە لەگەڵ خەڵکی تردا ئەبن بەپشت |
| ٢٧ | باسی پشتی سەربەخۆ |

| | |
|---|---|
| ٣٠ | باسی بێبەشکردن |
| ٣٩ | باسی جێگەی بەشداریکراوەکان |
| ٤٠ | باسی نێوان جێگە بەشەکان کە بەیەکەوە کۆببنەوە لەمەسەلەیەکدا |
| ٤١ | باسی هاوێنە |
| ٤٢ | باسی چوونەناویەك |
| ٤٣ | باسی ناهەموار |
| ٤٣ | باسی هاوتا |
| ٤٥ | باسی بنەچەی مەسەلە |
| ٤٥ | باسی جۆری میراتگرەکان بەتایبەت باسی میراتگرێك کە هەر پشتن خاوەن بەشیان تێیانییە |
| ٤٦ | باسی جۆری دووەم کە میراتگرەکان لەمەسەلەکەدا هەن و هەموویان خاوە نبەشن پشتیان لەگەڵدا نییە |
| ٤٧ | باسی ئەوە کە خزمی پشت و خاوە نبەش بەیەکەوە بن |
| ٤٩ | باسی بنەچەی مەسەلەکە کە ئایا چەندێکن |
| ٥٠ | باسی عول واتە لێزیادکردن |
| ٥٢ | باسی چۆنیەتی لێزیادکردن و مەسەلەکانی |
| ٥٣ | باسی ڕێکوپێککردنی مەسەلەکانی عول و لێزیادکردن |
| ٥٧ | باسی بنەچە مەسەلەی تەواو |
| ٥٧ | بنەچە مەسەلەی ناتەواو |
| ٥٧ | باسی دروستکردنی مەسەلە |





| | |
|---|---|
| ٦٤ | باسی ئەوە کە دوو پێڕ یان زیاتر لەدوو پێڕ بوون لەناو مەسەلەیەکدا بەشی هیچیان بەساغی بەشنەئەکرا بەسەر ژمارەی سەرەکانیاندا |
| ٧٢ | باسی گەڕانەوەی میرات بۆ میراتگرەکان |
| ٨٨ | باسی میراتگرتنی باوك |
| ٨٩ | باسی میراتگرتنی باپیرە لەهەندێك شوێندا |
| ٩١ | باسی بەشکردنی میرات لەنێوان باپیرەو براو خوشکدا |
| ١٠٨ | باسێکی تایبەتی کە دوو توخم لەخوشك و برا لەگەڵ باپیرەدا کۆببنەوە |
| ١١٩ | باسی نەنك |
| ١٢٠ | باسی میراتگرتنی منداڵ لەگەڵ منداڵی کوڕی مردوودا |
| ١٢٥ | باسی میراتگرتنی دەوروبەر یان دەوروپشت |
| ١٢٥ | باسی خوشك و برای مردوو و چۆنیەتی میرات وەرگرتنیان |
| ١٢٩ | باسی تێکەڵبوونی خوشك و برای باوکی و دایکی لەگەڵ خوشك و برای باوکی مردووەکەدا |
| ١٣١ | باسی کۆبوونەوەی تەنیا خوشکانی باوکی و دایکی یان خوشکانی باوکی لەگەڵ کچی مردوو یان لەگەڵ کچی کوڕیدا |
| ١٣٣ | باسی چۆنیەتی میراتگرتنی کوڕانی برای باوکی و دایکی وە کوڕانی برای باوکی لەو دوو چینەدا |
| ١٣٤ | باسی مام |
| ١٣٥ | باسی ئامۆزا |

| | |
|---|---|
| ١٣٥ | باسی کۆبوونەوەی دوو لایەن بەبەش و بەپشت لەیەك كەسدا |
| ١٣٥ | باسی کۆبوونەوەی دوو کەس لەسەر میرات هەردووکیان پشتن بەڵام یەکێکیان بەشیشی هەیە |
| ١٣٦ | باسی کۆبوونەوەی دوو بەشە میرات لەیەك كەسدا |
| ١٣٨ | باسی ونبوو |
| ١٤٠ | باسی بەشکردنی میراتەکە لەم جێگەیەدا کە مردووەکە بێجگە لەونبوو میراتگری تریش هەیە |
| ١٤٩ | باسی میراتگرتنی ئەو منداڵەی کە لەدوای مردنی میرات لێگیراوەکەدا لەناو سکی دایکیدا ماوەتەوە |
| ١٦٠ | باسی نێرەموك |
| ١٧٩ | باسی مناسخات واتە شۆڕینەوەی میراتی مردویەك لەمردویەکی کە لەپێش ئەوەی میراتی مردووی هەوەڵ بەشبکرێت |
| ١٩٨ | باسی میراتی ذوي الارحام کە بەکوردی پێیان ئەوترێ خزمی سکی |
| ١٩٩ | باسی میرات بەشکردن لەسەر رێبازی کۆمەڵی ئەهلی رەحەم |
| ٢٠٠ | باسی کۆمەڵی ئەهلی تەنزیل کە چۆن میرات بەش ئەکەن لەنێوان خزمی سکیدا |
| ٢١٣ | باسی بەشکردنی میرات لەسەر رێبازی کۆمەڵی سێیەم کە پێیان ئەڵێن ئەهلی قەرابەت |




**هەندێك لەو وشانەی کە وەرگێڕاوەی وشەی عەرەبییەکانن**

| | |
|---|---|
| **خاوەن بەشەکان** | ذوزي الفروض |
| **کۆسپ** | المانع من الارث |
| **بێبەشکردن** | حجب |
| **بێبەشکەر** | حاجب |
| **بێبەشکراو** | محجوب |
| **بەندە** | المولي |
| **بنەچەی مەسەلە** | اصل المسئلة |
| **پشت** | العصبة |
| **پشتی سەربەخۆ** | العصبة نبعسة |
| **پشتی لەگەڵ کەسانی تر** | العصبة مع الغير |
| **پشتی بەهۆی کەسانی تر** | العصبة بالغير |
| **چوونەناویەك** | التداخل |
| **هاووێنە** | التماثل |
| **هاوتا** | الموافق بالنصف او بالثلث و عيره |
| **ناهەموار** | المتباين |

| بەشە دیاریکراوەکان | مخارج الفروض |
|---|---|
| **مەرج** | شرط |
| **هۆ** | السبب |
| **نیوە** | النصف |
| **چواریەك** | الربع |
| **سێیەك** | الثلث |
| **دووسێیەك** | الثلثان |
| **شەشیەك** | السدس |
| **دروستكردنی مەسەلە** | تصحیح المسائل |
| **شۆڕینەوەی مەسەلە** | مناسخات |
| **سەركەوتنی میرات** | عول |
| **لەت و پارچە** | الكسور |
| **گەڕانەوەی میرات** | الرد |
| **مەسەلەی بەشداری** | المسئلة المشتركة |
| **نێرەموك** | خنثي |
| **سكی ژن** | حمل |
| **گومبو** | مفقود |
| **نێوان** | النسبة بین الاعداد |



**سەرچاوەكان و زانیاری لێوەرگیراوەكانی ئەم كتێبە**


١. شرح الرجیە.

٢. شرح المنهج لزكریا الانصاري، حاشیة البجر می علي شرح المنهج.

٣. المغني المتاح الخطیب الشربین.

٤. حكم المرات في الشریعة الاسلامیة لابي البقظان عطیة.

٥. شریعة ئیسلام **مامۆستا** ملا عبدالكریم.

٦. شرح السراجیة للسید الشریف.

٧. الاعانة و فتح المعني.

٨. تقسیم ما ترك دانراوی **مامۆستا** عبدالله مهابادي.

٩. فتح الوامص **هی مامۆستا شێخ عمر قەرەداغی**.